گۆڤاری فەرهەنگی ، هونەری ، ئەدەبی

بەرهەم

ساڵی ١٢ ژمارە ١٤ بەهاری ١٤٠٠ی هەتاوی



بنکەی فەرهەنگی هونەری موکریانی مەهاباد (ئەنجومەن ئەدەبی)

هەواڵنامەی کتێب

بەرهەم

خاوەن ئیمتیاز : بنکەی فەرهەنگی هونەری موکریانی مەهاباد (ئەنجومەنی ئەدەبی)


مودیر مەسئوول : جەلال پوورحەسەن

دەستەی نووسەران : قادر نیازی، سالار پوورمەند

تەڕاحی و گڕافیک : ڕۆیا ئەفشار

هاوکاری ئەم ژمارەیە: شەویار گولابی ئازەر

* هەرچی لەم گۆڤارەدا چاپ کراوە حوکم نییە ئاوێنەی بیروڕای بەڕێوەبەرانی بێ.



سالوادۆر دالی (حافزە)

هەواڵنامەی کتێب



بەناوی خودا

گۆڤاری فەرهەنگی،
هونـــەری، ئەدەبی
ساڵی ۱۲ ژمارە ۱۴ای
بەهاری ۱۴۰۰ای هەتاوی

«پێرست»

* سەروەتار: ڕەخنەی نوێ و ئەدەبیاتی کوردی ؛ دوکتور خالەق جەلیل‌نژاد ۶
* ئۆبژە لە نێوان سووژە و شت‌دا ؛ جەلال پوورحەسەن ۹
* کاریگەری دەروون‌ناسیی لە سەر چیرۆک ؛ سۆران محەممەدی ۱۶
* چەمکی مەرگ و ئالّێرناتیوی بووژانەوە لای هێگڵ و بارت ؛ سەلاحەددین خزرنژاد ۲۶
* شێعری شار: ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵ ئۆتیسمی دیالێکتیک و .... ؛ قادر نیازی ۳۴
* " ئاوانگاردیسم لە شێعری هاوچەرخی کوردی‌دا"؛ حەمەی کەریمی ۳۹
* خوێندنەوەیەکی ئێگزیستانسیالیستی لە مەڕ بەشێک لە شێعرەکانی هێمنی موکریانی‌دا؛ چنوور سەعیدی ۴۷
* خوێندنەوەی ڕۆمانی "ژیانەوە بە کاتی سیروان"؛ ڕەزا عەلی‌پوور ۵۹
* گوێچکە بە نفلە! (لاپەڕەی تەوسی گۆڤاری ئەدەبیی "شی" ژمارەی ۶) ؛ شێخ‌شیکار ۷۱
* بەربەستەکانی بەردەم بیری ڕەخنەیی؛ عادڵ قادری ۷۸
* ڕاڤەی چەند دیاردەیەکی نێوان‌دەقی بەشێك لە شێعرەکانی مارف کۆکەیی؛ عومەر محەممەدی..... ۸۳
* شەپۆلی نوێ، شۆڕشێک لە فۆرم و ناوەرۆک‌دا؛ عەتا میرەکی ۹۰
* دیسکۆرسی «شار» لە شێعری بەرەی چواردا؛ هوشیار بابایی ۹۵
* نگاهی به برخی از ویژگی‌های زبانی هورامی کرمانشاهی؛ زانیار نقشبندی ۹۸
* شێعر ۱۱۱
* پەخشان؛ سولەیمان پیرۆتی..... ۱۱۳
* چیرۆک ۱۱۴
* دیمانە ۱۱۸
* خزمایەتی زمان و پێناسە؛ حەسەن محەممەدی(پیرمام) ۱۲۴

◆ سەروتار

ڕەخنەی نوێ و ئەدەبیاتی کوردی
دوکتور خالەق جەلیل نژاد



ڕەخنەی نوێ، ڕێک ئاماژە بە بزاڤێکی فکری و فەلسەفی نوێیە کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستی زایینی لە ڕۆژئاوا سەری هەڵدا. ئەم بزاڤە فکرێ نوێیە، لە تێگە و بنەماکانی ڕوانینی ڕەخنەی کلاسیک کە بریتی بوو لە دۆزینەوە و تێگەییشتن لە قەست و نییەتی نووسەر بەتەواوی خۆ دەبوێرێ.

لە بنەماکانی ڕەخنەی کلاسیکدا، قەست و نییەتی نووسەر نەک ڕێک دەگەڵ مانا و حەقیقەتی دەقی بەردەست یەک شت بوون، بەڵکوو تاکە سەرچاوەی دەرخەری ڕاستەقینەی مانای دەقیش دیسان هەر نییەت و ئاکارگەلی نووسەر بوو. لەو چوارچێوە فکرییەدا، بە جۆرێک دەق و جەوهەری دەق دەکەونە پەراوێزێکی قوواڵەوە. ئەم پەراوێزە تا ئاست و ڕادەیەک بەربڵاوە کە فامی دەق و پڕۆسەی لە دایکبوونی دەق لە بنەماکانی فکری کۆندا، بە جورێک دەبن بە ئۆبژەیەکی بێکردار لە ڕاست ئێلمانێکی دەرەوەی دەقی بە نێوی «نووسەر» و قەست و ئاکار و ئامانج و دۆخی مێژوویی و کۆمەڵایەتی ئەو.

پێویست بە ئاماژەیە دەربازبوون لە پلە و پێگەی تاق و تایبەتی نووسەر لە بنەماکانی فەلسەفی کۆندا، ڕیشە و بنچینەکەی دەگەڕێتەوە سەر دەرئەنجامی پڕۆسەیەکی چەند قۆناغی لە مێژوویی فکردا کە دەکرێ لە چەند خاڵی گشتیدا، بەشێوەی خوارەوە دەست نیشانیان بکەین :

◆ **١.** لە کۆتای سەدەکانی نێوەراست ئەم بزاڤە فکری و فەلسەفییە کە بە «ڕەوشەنگەری» بە نێو بانگە بەستێنێکی فکری و کۆمەڵایەتی نوێ بە نیسبەت پێگە و پلەی مرۆڤ لە هەموو باڕێک ڕێکخست کە مرۆڤ و توانستی فکری و ئەندیشەیی مرۆڤی نەکردە سەرچاوەی دەروست بوونی «حەقیقەت » بەڵکە مرۆڤ بوو بە ناوەندی هەستی. بە واتایەکی تر هەموو شت دەبەستراوە بە توانست و بیر «سووژە» و هەر شتێک لە دەرەوەی مەیل و ویستی ئەو «سووژە خۆسەرە»بەجۆرێک بێبەها بوو. ئەو بزاڤە، مرۆڤی لە ئۆبژەیی و ملکەچی نەزم و نیزامەکانی نەریتی و ئامالّپیرۆزی جیهان و دیسکۆرسی کلیسایی و فیئۆدالیستی و هەموو مژار و پرسەباوەکانی شکۆداری بڤەی پێشوو دەرباز کرد. مرۆڤ بەپێی ئەو بزاڤە فەلسەفێ نوێیە، لە بەند و بەستی فکرەی ئەسیکۆلاستیکی ڕزگار دەبێت. پێش دەستپێکی ئەو جەریانە فکرێ نوێیە، مرۆڤ، بوونی لە سەر شۆناسێکی دینی و نەریتی پێناسە دەکرا و لە دەرەوەی مانا دینی و نەریتییەکان، مرۆڤ پێناسە و شۆناسی تری نەبوو. پاش ئەو بزووتنەوە تازە، مرۆڤ لە ئۆبژەیەکی نەریتی و دینی کە ملکەچ و جێبەجێکارێکی پەسیوی پەیام و بەها پیرۆزەکان زیاتر نەبوو. ئەمجار دەبێتە خاوەن هێز و ئۆتۆریتەیەک کە سەرچاوەکەی نە نەزم و نیزامی فیئۆدالیە و نە بەها و ماڤی تیئۆلۆژیک و کلیسایی. بەڵکوو سەرچاوەکەی «زانست» و توانستی فکری خودی مرۆڤ بوو. ئەو بزووتنەوە نوێیە بێجگە لە ئەوەی نەزم و نیزامی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆنی سەدەکانی نێوەڕاستی ڕووخاند و کۆتایی پێهێنا، بوو بە بەستێنی دروستبوونی جیهانێکی تازە لەسەر بنەما و پێکهاتە و موناسباتێکی تازە کە سەرچاوەکانی بریتی بوون لە ئۆمانیسم، بیر و ئیرادەی ئازادی مرۆڤ، پێکهاتن و دروستبوونی دامەزراوە و سازمانی سیاسی بۆ حکوومەتکردنی، کە بنەما و بناغەکەی «کۆنتراکتی» مابەینی ئیرادەی ئازادی مرۆڤ یا هەمان سووژەی مۆدێرنە، نە وەک پێشوو، حووکمی کلیسا یا نۆرم و فۆرمی نەریتەکانی سیستمی فیئۆدالیستی بێت.

◆ **٢.** ئەو بزووتنەوەی فکری و فەلسەفی کە لە سەدەی حەفدەی زایینی بەنێوی «تەجروبەگەرایی« لەسەر دەستی بیرمەندانێکی وەک جۆرج بارکلی، جان لاک، هیوم و بێکین سەری هەڵ دا، ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ ئەوەی مرۆڤ ببێت بە حاکم و فەرمانڕەوای سروشت کە پێش لە دروستبوونی ئەو بزووتنەوە فکرییە، مرۆڤ مەحکووم بوو بە ڕەچاوکردنی پێملی لە ئاست هێزەکانی سروشت وەک چەشنێک بەها و مۆرالیتەی پیرۆز. بە واتایەکی تر، ئەمجار بەپێچەوانەی سوونەتی فکری کۆن و باو، مرۆڤ بەشێک لە سروشت نێ بەڵکوو نە هەر جوودا و جیاوازە، بگرە سەروتر لە سروشتیشە. بەپێی بنچینەکانی فکری ئەو ڕەوتە،

هەواڵنامەی کێبڕکێ

تـەواوی مەعریفـە و ناسـین، سـەرچاوەکەی دەگەڕێتـەوە بـۆ « تەجرووبـە «. بـەڵام لـە ڕوانگـەی فکـری باوەڕمەنـدان بـە تەجرووبـە لـە سـەدەی حەفدەهەمـی زایینـی، بـۆ گەییشـتن بـە تەجرووبەیـەک کـە زەمینـەی ناسـین و فامـی مەعریفەتـەوەری لـە جیهـان و پرسـەکانی بەدەسـتەوە بـدات، پێویسـتە «سـووژە» واتـە بکـەری تەجرووبـە بـە سـەر سروشـتدا زاڵ بێـت. ئـەم زاڵبوونـە نـەک سـەرەتای گەییشـتن بـە ناسـین و فـام کردنـە، بەڵکـوو بناغـە و بنچینـەی وەدەسـت خسـتنی ناسـینە. کەوابـوو ئـەو تێگـە فکرییـە، داڕێـژەر و دروسـتکەری پێوەندییەکـی سـەر لەبـەر نـوێ بـوو بـۆ دووبـارە جەمسـەربەندی کردنـی ڕێکەوەنـد و مووناسـباتی نـەزم و نیزامـی هەسـتی کـە دەکـرێ بڵێیـن مـرۆڤ ـ سـەنتەری و مـرۆڤ ـ سـەروەری وەک دوو دیـاردەی گرینـگ لەگـەڵ خـۆی جێگیـر کـرد.

◆ **٣** • ڕێفۆرماسـیونی دینـی، بزووتنەوەیەکـی فکـری نـوێ بـووە کـە لـە سـەدەی شـازدەی زایینـی لـە دڕی فەسـاد و سـەرەڕۆیی کلیسـا و دەسـەڵاتی دینـی دەسـتی پێکـرد. ئـەو بزووتنـەوە فکرییـە، لـە کۆتایـی سـەدەکانی نێوەڕاست و سـەرەتاکانی دەسـتپێکی ڕێنسـانس سـەری هـەڵدا. بزاڤـی فکـری ڕێفۆرمیسـتەکانی مەسـیحی، شۆڕشـێکی مەعریفـی ڕادیـکاڵ لـە دڕی نۆڕمـی فکـری کۆنـی کلیسـای ئۆرتۆدۆکس بـوو کـە دەکـرێ بڵێیـن گووتارێکـی تێئۆڵۆژیکـی سیاسـی ـ کۆمەڵایەتـی نوێـی لـێ بەرهـەم هـات. ئـەو دیسکۆرسـە تـازە و ڕادیکاڵـە، بەشـێکی زۆر لـە بنەماکانـی فکـری و تێئۆڵۆژیکـی کاتۆلیسیسـم کـە دەسـەڵاتی پاوانخـوازی باوەڕمەنـدان بـە کلسـیا لـە سـەری دامەزرابـوو، بردییـە ژێـر پرسـیاری تونـد و جەوهـەری. لـە چوارچێـوەی گوتـاری نوێـی تێئۆڵۆژیکـی سیاسـی ـ کۆمەڵایەتـی بزووتنـەوەی پڕۆتێستانتیسـمدا «ماڤـی نوێنەرایەتیکردنـی خـودا لـە سـەر زەوی» لـە پـاپ و کلیسـا بەتـەواوی ڕەت کرایـەوە. بەڕاشـکاوی لـە هەنـاوی فکـری ئـەو بزووتنـەوە تـازەدا، ئـەو باسـە نوێیـە هاتـە ئـاراوە کـە کلیسـا و پـاپ و دەسـت و پێوەندییەکانـی کـە خۆیـان پـێ نوێنـەری بەینـی خـودا و خەڵکـە، نـە تەنیـا ناڕاسـت و درۆیـە تەنانـەت ئـەوان پـەردە و لەمپەرێکـی نابەجێـن بـۆ دروسـتبوونی بـاوەڕ و ئیمانـی قایـم و ڕاسـتەقینەی خەڵـک. بابەتێکـی گرینگـی تـر کـە ئـەو گووتـارە تێئۆڵۆژیکـە نوێیـە هێنایـە ئـاراوە و کاریگەرییەکـی کۆمەڵایەتـی و کلتـوری بەربەرینـی لـە پانتـا و دووڕەیمەنـی ئەمـری دینـی و ئەمـری سیاسـی لێکەوتـەوە، هێنانـە گـۆڕی ئـەو باسـە بـوو کـە هـەر تاکێکـی مەسـیحی خـۆی خاوەنـی توانسـت و هێـزی دەرک و فامـی کەلامـی خـودا و کتێبـی پیـرۆزە و پێویسـت بـە هیـچ دەڕاسـت و چاوسـاغێک نییـە کـە حەقیقـەت و نێوەرۆکـی ڕاسـتەقینەی بـۆ ئاشـکرا بـکات. تەنانـەت لۆتێـر، وەک یـەک لـە پێشـڕەوانی فکـری ئـەو بزووتنـەوە، ڕاشـکاوانە دەڵێـت بـڕواداری ڕاسـتەقینە پێویسـتی بـە ئۆتۆریتـەی سـازمانی کلیسـا نییـە. هـەر تاکێـک خـۆی بەرپرسـی ئیمانـی خۆیەتـی و بڕوامەنـدی هـەر تاکێـک تەنهـا لـە گـرەوی بیـر و ویژدانـی تاکـە کەسـی خـۆی سـەرچاوە دەگرێـت. بـەو پێودانگـە، تـاک لـە چوارچێـوەی ئـەو بزووتنـەوە فکـرە نوێیـەدا، خـۆی دەبێتـە سـەرچاوەی فـام و دۆزینـەوەی ڕاسـتەقینەی ئەمـری دینـی و پیـرۆز. واتـە؛ پـرس و مەسـەلەی «ڕەسـتگاربوون» کـە یـەک لـە بابەتـە جەوهەرییەکانـی گوتـاری کـۆن بـوو لـە دەسـتگا و سـازمانی کلیسـا دەسـتێندرێت و دەسـپێردرێت بـە ویسـت و مەیلـی تـاک. ئـەو تێگـە فکـرێ تێئۆڵۆژیکـە نوێیـە، مـرۆڤ لـە ژێـر سـەیتەرە و هێژمۆنـی نـەزم و نیزامـی داخـراو و دۆگماتیکـی گوتـاری دینـی ئۆرتۆدۆکـس دەربـاز دەکات. بـەو شـێوە پێگـە و شـکۆیەکی نـوێ دەگەڕێتـەوە بـۆ مـرۆڤ وەک سـووژەیەکی «خۆسـەر» و «خۆئاییـن» کـە سـەرەتای شۆڕشـێکی مـەزن بـووە لـە مێژوویـی فەلسـەفەدا.

◆ **٤** ▪ بابەتێکـی تـر کـە دەکـرێ ئامـاژەی پێبکەیـن بـۆ پاشەکشـە پێکـردن و ڕووخانـی فەرمانڕەوایـی تێگـە کۆنەکانـی ڕەخنـە و بـەرەو پێشچـوون و خـۆ قاییمکردنـی بزاڤـی فکـری و مێتۆدیکـی ڕەخنـەی نـوێ، پەرەگرتـن و پەیدابوونـی پـەل و لقەکانـی « زانسـتی مرۆیـی» نـوێ بـوو. یەکگرتنـەوە و هاوپشـتی مێتۆدیـک و تێئۆریکـی زانسـتە مرۆییـەکان، بەسـتێن و ئیمکانـی لێکۆڵینەوەکانـی نـەک هـەر بەرفراوانتـر کـرد بگـرە فـام و گۆشـەنیگای ڕوانینـی جیـاواز و فرەڕەهەنـدی نوێـی جێگیـر کـرد.

بەپێـی ئـەو چەنـد قۆناغـە گرینگـە کـە بەکورتـی باس کـرا، بۆمـان دەردەکـەوێ «ڕەخنـەی نـوێ» پێوەندییەکـی ڕاسـتەوخۆیی بـە بزاڤـی فکـری مۆدێرنیسـم هەیـە. ئـەو شۆڕشـە فکرییـە دەگـەڵ خـۆی مەیدانێکـی تـازە بـۆ ئافراندنـی بیرمەندانـە دروسـت دەکا. لـە چوارچێـوەی ئـەو بزاڤـە فکـرێ نوێیـەدا، خوێنـەر شۆناسـێکی نـوێ پەیـدا دەکات وەک ڕەوتەکانـی پێشـوو، خوێنـەر بەردەنگێکـی پاسـیو و بێدەسـەڵات نییـە. خوێنـەر خـاوەن پێگەیەکـی بیرمەندانەیـە، هێـزی دەنگەهەڵبژینـی هەیـە. خوێنـەر

و دەق وەک دوو سووژەی سەربەخۆ دیالۆگی ئازاد و بیرمەندانە دەکەن. خوێنەر بەشێکە لە جیهانفکری دەق. پێوەندییەکی دیالێکتیک لە مابەینی جیهانی فکری دەق و خوێنەر پێک دێ کە دەبێتە سەرچاوەی نوێ بیرکردنەوە. ڕەخنەی نوێ هەتا کۆتایی‌یەکانی نیوەی هەوەڵی سەدەی بیستەم، نە تەنیا توانی خۆی لە ژێر بار و هێژمۆنی ڕەوتە کۆنەکان بێنێتە دەر، بگرە کۆمەڵێک ڕەوت و جەریانی فکری نوێی هەم لە ڕووی مێتۆدیک، وە هەم لە ڕووی ئیپیستمیک لێکەوتەوە. کە دەکرێ وەک نموونە ئاماژە بکەین بە ڕەوتگەلی وەک؛ فۆرمالیسمی، پێکهاتەخوازی، پاشپێکهاتەخوازی، ڕەخنەی ماڕکسیستی، هێرمێنۆتیک، ڕەخنەی فێمێنیستی، ڕەخنەی ڕەواننناسی، پەدیدارناسی و ....

ڕەخنەی نوێ شۆڕشێکی بەرفراوانی لە چۆنییەتی فامکردنی دەق و ڕووبەڕووبوونەوەی دەگەڵ دەق دروست کرد. دەق لە چوارچێوەی ڕەخنەی نوێدا، سەربەخۆیی لە نووسەر پەیدا دەکات و دەبێتە خاوەن هەستی و بوونێک بەمێژوو و تایبەتمەندی خۆیی کە وەک بارت دەڵێ: هەستی و بوونی دەق سەر بە هەر سێ زەمانی ڕابردوو، ئێستا و داهاتوویە و هیچ کات مانای کۆتایی دەق خۆ بە دەستەوە نادات و هەر کات دەکرێ دەگەڵ دەق، دواندن و گوفتوگۆ دەست پێبکرێت. ئەوە ڕێک ئەو واتایە دەگەیەنێ؛ لە چواچێوەی نیزامی مانایی ڕەخنەی نوێدا، دەق لە بەند و داوی نووسەر ڕزگار بووە و خۆی ڕێکخەر و دروستکەری پێوەندگەلی تازەی خۆیەتی.

ڕەچاوکردنی پڕەنسیپەکانی مێتۆدیک و ئیپیستمیکی ڕەخنەی نوێ لە چوارچێوەی خوێندنەوەی دەق لە کوردستاندا، پێویستێکە کە دەکرێ بڵێین تا ڕادەیەکی زۆریش وەپاش کەوتووە. هەر چەند ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە ژێرخانەکانی کۆمەڵایەتی، کلتووری، سیاسی و ئابووری، جێگیربوونی زەین و زمانی مەعریفی ڕەخنەی نوێ لە کوردستان بەتەواوی پێک نەهاتووە و تا ئێستاشی دەگەڵ بێت بنەماکانی کۆنسێروات و نەریتپارێز داکۆکیکاری ئێلەمانەکانی ڕەخنەی کلاسیکن. بەڵام پرسە نوێیەکانی کە ئێستا مەسەلەی فکر لە کوردستان دەگەڵی ڕووبەڕوونە، وای کردووە بڕەو و بەهایەکی ئەوتۆ بە جێگیرکردنی ئەو بزاڤە فەلسەفییە بدرێ تا لە سۆنگەی جێگیرکردنی ئەو دیسکۆرسە نوێیە، پانتای فکری و ئەندیشەیی نووسین و بیرکردنەوە بە قەوارەی پرسەکانی ئێستای مێژووی ئینسانی کورد پەرە بستێنێ و لە هەمان کاتدا سوونەتی لێکۆڵینەوە لە کوردستاندا، چ لە ڕووی مێتودناسی و چ لە ڕووی دەکارکردنی بنەماکانی تێئۆریک، لە قۆناغی کۆن کە زۆرتر خۆی لە قەوارەی وەسف، یان خوێندنەوەیەکی نۆستالۆژیکدا قەتیس دەکرد خۆی بگوێزێتەوە بۆ چوارچێوەیەکی نوێ.

بە هەر هۆکارێک، سڵبوون و وەپاش خستنی ڕەچاوکردن و دەکارکردنی بنەماکانی ئەندیشەیی ڕەخنەی نوێ لە کوردستاندا درێژە بکێشێ، خەسارەکانی بەربڵاوتر و ئاستی نووسین و بەرهەم، نزمتر و شێرزەتر دەبێت.




جەلال پوورحەسەن



ئۆبژە

لە نێوان سووژە و شت دا




ئۆبژە چییە؟ ئۆبژە ئەو وەجھە یا ئەو ڕوالّەتە لە شتە کە دەدرێتە بەر لێکدانەوە و لە ئاکامدا دەناسرێت یا ئەوەی کە لە ڕێی کارەوە گۆڕانی بە سەردا دێت.

لە سەرەتادا دەمھەوێ باسی سێ قۆناغ بکەم و دەری بخەم کە بۆ لە نێوان ئۆبژە و شتدا کەلێن هەیە و ئەو کەلێنە لە چییەوە سەرچاوە دەگرێ؟

دواتر ڕەوتی مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا لەو سێ قۆناغەدا لێک بدەمەوە و وەک سێ قۆناغ لێی بڕوانم، هەڵبەت قۆناغی سێهەم پێویست بە شیکردنەوەیەکی زیاترە و تێدەکۆشم ئەو بەشە لە فەلسەفەی ڕۆژئاوا بە چەندین لایەن دابەش بکەم کە سێ لایەنیان بۆ لێکدانەوەی مۆدێرنیتە و ڕەوشەنگەرین و یەک لایەنیش تایبەت دەبێ بە پۆستمۆدێرنیسم و شێوەی ڕوانینی ئەوان بە نیسبەت ئۆبژە و شتەوە.

◆ ١ . سەرەتا تاریفی ئۆبژە:

ئۆبژە چییە؟ ئۆبژە ئەو وەجھە یا ئەو ڕوالّەتە لە شتە کە دەدرێتە بەر لێکدانەوە و لە ئاکامدا دەناسرێت یا ئەوەی کە لە ڕێی کارەوە گۆڕانی بە سەردا دێت. هەر بۆیە ئەو وەجھە لە شت یا ئەو ڕوالّەتە تەواوی شتەکە نییە، تا هەمیشە شت بەشێکی لە ئێمە شاراوە دەمێنێتەوە کە بەردەوام قەوامی ناسینی ئێمە گرێ دەدرێتەوە بەو هەر جارە ناسینەی بەشێک لە شت و ئەوەش ئێپێستمۆلۆژیای ئێمە تاریف دەکات کە مەبەست لە هەر جارەی ناسینی شت کام وەجھە. با چەند نموونە بێنمەوە بۆ ئەوەی ڕۆچنەی باسەکە زیاتر بکرێتەوە. بینایەک ساز دەکرێت، موهەندیسی مێعمار گرینگی بە ڕوالّەتی بیناکە، ئاڕایش و دێکۆڕاسیۆنی نێو مالّەکە دەدات، موهەندیسی نازری عومڕان، گرینگی بە سازە و کەرەستەکانی دەدات بۆ ئەوەی ئەو بینایە بە ڕێژەی پێویست موحکەم و لە سەر لاق بێت. موهەندیسی تەئسیسات گرینگی بە شێوەی کەرەستەگەلێک دەدات کە گەرما و سەرما، کارەبا و هەرواتر چۆنایەتی دەرکردنی ئاوەڕۆ و شتەکانی پەیوەست دەدات. لێرەدا بینایەکە شتە، بەڵام بۆ هەر وەجھەی کە چاوی لێدەکرێ و دەدرێتە بەر لێکدانەوەی جیاوازە و هەر جارەی ڕووی ئەو زانستانە لە ڕوالّەتێکی ئەو بینایەیە وەک ئۆبژەیەکی لێکدانەوەیی.



◆ ٢. ڕەوتی میژوویی شت . ئۆبژە وەک سێ قوناغ

ئەو سێ قۆناغەی لە سەروو ئاماژەمان پێدا، بریتین لە ١ـ سەردەمی پێش چاخی بەردین و سەردەمی پێش مرۆڤی هێمۆساپیەن و نیاندرتاڵ،٢ ـ سەردەمی یونانی باستان تا پێش فەلسەفەی ڕەوشەنگەری، تا بزانین چۆن گرینگی بە ئۆبژەیەک دەدات کە قەوام و مانەوەکەی گرێ بداتەوە بە شت (سروشت)ەوە؟٣ ـ لە سەردەمی مۆدێرنیتە و ڕەوشەنگەری، فەلسەفە چۆن ئیهتمام و گرینگی دەدات بە ئۆبژە کە قەوام و مانەوەکەی بۆ سووژە دەگەڕێتەوە؟ پۆستمۆدێرنەکانیش چۆن دێن حەولی هەڵوەشاندنەوەی قەوامی ئۆبژە دەدەن کە پێیان وایە ئۆبژە تەواو بە ئیستعلایی کراوە؟ بۆیە لە وەزعییەت و دۆخێک کەڵک وەردەگرن تا قەوامی ئۆبژەی ئیستعلایی لە نێو ببەن و لە دڵی نواندنەوە، سووژە بە شت (سروشت) گرێ بدەنەوە. (هەڵبەت ئەو بەشە بە جێ دەهێڵم بۆ دواتر و لەو نووسراوەدا ئیتر بۆی ناگەڕێمەوە).

◆ ٢.١. قۆناغی یەکەم

با بزانین لە کەیەوە کەلێن کەوتە نێوان سووژە و سروشت، هەڵبەت لەو بەشەدا، بە تەواوی واتای وشە، ناتوانین بڵێین سووژە. چوونکە بە خۆ ئاگایی نەگەیشتووە، بە سرنج بە ئەوەی سووژە بکەری ناسکار (فاعل شناسا)یە، بۆ ئەوەی ئەو تێکەڵبوونە ڕوو نەدات، لەو بەشەدا سووژە بە حەیوان ـ سروشت

هەواڵنامەی کێڵ

ناوزەد دەکەین. حەیوان ـ سروشت دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی ئەجدادی ئینسانی ئێمە لە دار و درەختەکان دابەزیون و پێداویستی مانەوەیان ئەوەی خواستووە لە سەر لاق بوەستن. حەیوان ـ سروشت بەپێی غەریزەی خۆی بەهرەی لە سروشت وەرگرتووە و ژیان و مانەوەی پەیوەست بووە بە سروشتەوە. لەو وەزعەدا، حەیوان ـ سروشت بەشێک بووە لە خودی سروشت، دیسان هیچ خۆئاگایییەک لە گۆڕێ نەبووە بۆ ئەو بوونەوەرە تا بەپێی ئەو دۆخە خۆی و جیهانی دەوروبەری دەستنیشان بکات و بیناسێ، تەنیا جۆرێک لە ئاگایی هەبووە وەک ئەوەی ئێستا حەیوان و بوونەوەرەکانی دیکە هەیانە و بۆ بەقا و مانەوەی خۆیان پێویستیانە. بەڵام دەشکرێ لێرە لە جێی حەیوان ـ سروشت بە گێڕانەوەی هێگێلی، تەنیا لە ئاگایی کەڵک وەرگرین. لەو دەورەیەدا ئاگایی نە مێژووی هەیە و نە ئۆبژەیەکیش هەیە، بۆیە لەو بەشەدا هیچ ئاوڕدانەوەیەکمان بۆ ئۆبژە نەبوو و دۆخی ئەو بوونەوەرە ئیزنی ئەوەمان پێ نادات ئۆبژە تاریف بکەین.


◆ ٢.٢. قۆناغی دووهەم

دوای ئەوەی حەیوان ـ سروشت بە خۆئاگایی دەگات، چی ڕوو دەدات و ئەو خۆ ئاگاییە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟ مرۆڤی چاخی سەرەتایی و سەردەمی بەردین لە دوو شێوەوە بە خۆ ئاگایی دەگات، یەک؛ ئەوەی کە شتەکان دەکاتە بابەتی لێکدانەوە و دەیانناسێ، دوو؛ لە ڕێگەی کارەوە ئامراز دروست دەکات و دەتوانێ شتەکانی نێو سروشت بگۆڕی بۆ ئەوەی بتوانێ بەرژەوەندی زیاتریان بۆی ببێت. لەو قۆناغە دایە، ئۆبژە شکڵ دەگرێ. ئیتر ئۆبژە دەبێتە هەمان شت کە لە تاریفی ئەودا باسمان کرد کە لە ڕێگەی لێکدانەوە و گۆڕینەوە بە دەست دێت. لە شێوەی یەکەمدا، شتەکان لە یەکتری جیاواز دەکرێنەوە وەک وێنەی گا، بزنە کێوی، فیل، ئەوانەی لە دڵی ئەشکەوتەکان مرۆڤی هێمۆساپیەن و نیاندرتاڵ نەقشیان کردوون و دواتر هەر کام لەوانە نێوێکیان بۆ دیاری کراوە و لە زمانیشدا جیاواز کراونەوە، لێرە دایە کە حەیوانەکانی نێو سروشت، بوون بە ئۆبژەی مرۆڤ. هەر چەند ئەو سەبت و زەبتە سەرەتا بۆ بەرژەوەندی مرۆڤ بووە بەڵام ئەو نەقشانە وەک ئادگارێکی هونەری تا ئێستاش خۆیان بە ئێمە نمایش دەدەن، کەواتە هەر لە گەڵ گەیشتن بە خۆئاگایی، سووژە لە دایک دەبێ کە قاییلە بە ئەوەی هەم بۆ بەرژەوەندی، شتەکان لە یەک جیا بکاتەوە هەمیش لە ڕێی نەقش کردنەوە، هونەری خۆی نیشان بدات. کەوایە مێژوویی هونەر دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی بە خۆئاگایی گەیشتنی سووژە، واتە مرۆڤ.

لە دووهەم بابەتیشدا، مرۆڤ بە گۆڕین لە شتەکاندا و سازکردنی کەرەستەی ڕاو، کەرەستەی وردکردن و کەرەستەی شت کۆکردنەوە، توانی بەو خۆئاگاییە بگات کە دەتوانێ جیهانی دەوروبەر بۆ بەرژەوەندی خۆی بگۆڕێت، هەر ئەوەشە کە هێگل پێی دەڵێت: کار، بەڵام با بزانین ئەو ئۆبژەیەی لە هەر دوو بابەتدا دەخوڵقێ هەمان شت (سروشت)ە؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر. لێرەدا خۆئاگا هەم بابەتی لێکدانەوەیی هەیە و هەم دەتوانێ لە ڕێگەی کارەوە، گۆڕین بە سەر شتەکان بهێنێت و بیانکات بە شتێکی نوێ، کە هەمان شتی سەرەتایی نین. بۆ نموونە: لە لایەنی زمانییەوە بۆ هەموو دارەکانی نێو سروشت، بە هەموو جیاوازییەکانەوە، وشەی داری داناوە. بەڵام ئەو وشەی داره لە چوارچێوەی چەمکدا ئاماژە نە بە جیاوازییەکان دەکات و نە هەموو تایبەتمەندی دارەکان دەگرێتە خۆی. ئەگەر ئەوە درێژە بدەین کەڵافێکی دوور و درێژ، ئەو چەمکانە دیاری دەکات کە لە زمانداتەنیا بە یەک وشە دیاری کراون و جیاوازی و تایبەتمەندی هەمە لایەنەی شتەکان لە خۆ ناگرێت و تەنیا ئەو چەمکانە بوونەتە بابەتێکی گشتی و جیهانشمووڵ.

لەو سەردەمە دایە کە لە نێوان مرۆڤ و سروشت کەلێنێک ساز دەبێت بە نێوی ئۆبژە. ئۆبژەیەک کە هەموو تایبەتمەندی شتەکان لەخۆ ناگرێت، بەڵکوو ئاستی ئەو ئۆبژەیە گرێدراوی سووژە و شتە. هەر وەک لە نموونەی بیناکەدا باسمان کرد. لە لایەکی دیکەوە مرۆڤ لە ڕێی گۆڕین، لە شتەکانی نێو سروشت توانای ئەوەی وەدەست خست تا بتوانێ ژیار پێک بهێنێ. مرۆڤ بە دەستەمۆکردنی بەشێک لەو شتانەی سروشت بۆی پێک هێنابوو، توانی ترسی بەردەوامی لە سروشت داپۆشێ، ئیتر خەریک بوو زانستەکان لە ڕێی کارەوە پێک دەهاتن و کارەکانیش لە ڕێی بە تەخەسووسی کردنەوە، سەرچەشنەکانی خۆیان دیاری دەکرد و بۆ هەر کارەی کارزانێک پەیکەرەی سروشتی بە قازانجی کۆی مرۆڤ دەگۆڕێ.

بەڵام لەو ڕەوەندە بە دواوە تا سەردەمی مرۆڤی نوێی



ڕۆژئـاوا، قـەوام و مانـەوەی ئۆبـژە گـرێدراوی سـتەکانە، ئـەوەش دەتوانیـن لـە دڵـی ئۆسـتووەرەکان، فەلسـەفەی یونانـی باسـتان و مەسـیحییەتیشدا، هـەر بـەو شـێوەیە ناوزەد بکەیـن. یانـی ئۆبـژە بـە شـتەوە گـرێ دەدرێتـەوە. ئـەو ڕەوەنـدە سـووژەیە، سـووژەیەکی ئیسـتێعلایی نییـە. لـە ئۆسـتووەرەکان‌دا، هـەر وەک زیاتـری شـرۆڤە و لێکدانـەوەکان نیشـانی دەدەن، پێوەنـدی نێـوان مرۆڤ و سروشـت ئەوەنـدە بەهێـز بـووە کـە ناتوانیـن بـە باشـی لـە نێـوان سروشـت و کردەوەکانـی مـرۆڤ جیاوازییەکـی ئەوتـۆ ببینیـن، بـۆ نموونـە: خوداکانـی کێـوی ئۆلەمـپ، زیاتریـن مۆڕکـی مرۆڤـی یونانیـان پێوەیـە و زیاتـر لـەوەی ماوەڕایـی بـن، مرۆڤێکـی بەهێزتـرن لـە ئاسـت مرۆڤێکـی ئاسـایی، دیسـان چـوون سـەرچاوەی زۆرتـری هێزەکانـی نێـو سروشـت بـۆ مـرۆڤ دیـار و ڕەوشـەن نەبـوون ئـەو خوداوەندانـە تەمسـیلی هـەر یـەک لـە هێزەکانـی سروشـت بـوون یـا یارمەتـیدەری کردەیەکـی خـودی مـرۆڤ.

لـە سـەردەمی ئەفلاتـوون و ئەرەسـتوو جۆرێکـی دیکـە لـە فەلسـەفە هاتـە ئـاراوە، کـە بـە فەلسـەفەی مێتافیزیـک ناسـراوە. عالەمـی مۆسـۆلی ئەفلاتـوون نموونـەی بەرچـاوی ئـەو دەورەیەیـە، لـەو سـەردەمەشدا ئیعتبـار و مانـەوەی ئۆبـژە بـۆ شت (سروشـت) دەگەڕێتـەوە، بـە سـرنج بـە ئـەوەی مێتافیزیـا هەمـان بەشـی سروشـتە، کـە مـرۆڤ یـا بـە هـۆی ئـەو ترسـەی لـە سروشـت بوویەتـی یـا ئەوەی ئـەو هێزانـەی کـە نەیناسـیون تێـیدا پێناسـە دەکـرێ، ئەوپـەڕ سروشـت هەمـان ڕواڵەتـی دیکـەی سروشـتە کـە نەکەوتوونـە بـەر تیشـکی شناسـینی مـرۆڤ، بۆیـە تاریـک و مـات دەمێنێتـەوە. جیهانێـک لـە نیسـێی ئـەو جیهانـەی ئێسـتادا کـە ئیعتبارەکـەی نـەک لـە مرۆڤـەوە، بەڵکـوو لـە خـودی شتەوە بـە دەسـت دێـت. ئەوپـەڕ سروشـت هەمـان لایەنـی ناسنەکـراو و نادەسـتەمۆکراوی سروشـتە کـە نـە لـە ڕێـی لێکدانـەوەی مرۆڤـەوە و نـە لـە ڕێـی کارەوە، مـرۆڤ نەیتوانیـوە پـەی پـێ ببـات.

لـە بەشـی ئایینـی مەسـیحییەتیشدا، باشـە ئاماژەکـەم بـەو گـوزارەوە دەسـت پێبکـەم. لـە ئایینـی مەسـیحییەت مـرۆڤ بـە گوناهـەوە لـە دایک دەبێ، بـەڵام بۆ؟ سـەرچاوەی ئـەو گوناهـە چییـە؟ ئەرکـی مرۆڤـی ئیمانـداری مەسـیحی چییـە بـۆ شووشـتنەوەی ئـەو گوناهـە؟ ئاکامـی ئـەو مرۆڤـە بـە کـوێ دەگـات ئەگـەر بەرپرسـیارییەتی ئـەو ئایینـەی هەڵگـرت و ئەخـلاق و فەزیلەتەکانـی ڕەچـاو کـرد؟

گوناهـی یەکـەم یـا هەمـان بـە گوناهـەوە لـە دایکبـوون دەگەڕێتـەوە بـۆ چیرۆکـی ئـادەم و حـەوا کـە لـە میـوەی قەدەغەکراویـان خـوارد و بـە خواردنـی ئـەو میوەیـە، مـرۆڤ بـە زانایـی گەیـی، کـە هەمـان خۆئاگایییـە. بـەڕەی ئـادەم و حـەوا بـەو گوناهـەوە لـە دایک دەبـن کـە یەکـەم مـرۆڤ ئەنجامیـان داوە و ئێمـەش لـە ڕێـی گوناهـی ئەوانـەوە، بـە زانایـی گەیشـتووین و هەمـووی تەمـەن دەبـێ حەولـی ئـەوە بدەیـن ئـەو گوناهـە لـە خۆمـان پـاک بکەینـەوە. ئەرکـی هـەر مەسـیحییەک لـە تـەواوی تەمەنـیدا، حەولدانـە بـۆ پـاک و کەمڕەنگکردنـەوەی ئـەو گوناهـە، ئـەو حەولـە کـە لـە ڕێـی زانایـیەوە ئیمکانـی ئـەوە بـۆ مـرۆڤ چـێ دەکات تـا لـە شـتەکان بـگات. مرۆڤـی ئیمانـدار بـە شـەریعەتی موبیـن دەبـێ لـە ڕێگای پاریـزگاری، پاکداوێنی و ئیخلاسـەوە حـەول بـدات کـە ئـەو گوناهـە بشـواتەوە، بۆیـە لە سـەرەتای ژیانـەوە غوسـڵی تەعمیـد دەکـرێ. ئـەو حەولەیـە کـە گۆڕینـی بەردەوامـی ئۆبـژەی گوناهـی لێدەکەوێتـەوە کـە ئاکامـی پاکبوونـەوە لـەو گوناهـە، گەیشـتنەوەیە بـە وجـودی خوداوەنـدی، کـە تەجەلییەکـەی لـە جەسـتەی عیسـا مەسـیحدا دەرکەوتـووە. مەسـیح هەمـان ئۆبـژەی ئایینـی مەسـیحییەتە کـە ئیعتبارەکـەی بـۆ وجـودی خوداوەنـد دەگەڕێتـەوە، یانـی ئینسـان هـەر چەنـدە لـە ڕێـی شـەریعەتی موبینـەوە مەسـیح بناسـێ، بـە هەمـان ئەنـدازە خـودا دەناسـێ. لێـرەدا ئیعتبـار و خاوەندارییەتـی

هەولێر بۆ کتێب


مەسیح نەک بۆ لایەنی مرۆڤ بوونەکەی بەڵکوو وەک بەشێک لە ڕوحی خودا لە جیسمی ئەودا دەگەڕێتەوە. کەوابوو مەسیح نمایشی سووژەی ئینسانی نییە بەڵکوو تەنیا جیسمی ئەوە، کە خوداوەند خۆی تێدا تەجەلی دەکات.

◆ ٣. قۆناغی سێهەم

سەردەمی ڕەوشەنگەری و مۆدێرنیتە

لە سەردەمی ڕەوشەنگەری و مۆدێرنیتەدا، نیشانی دەدەین چلۆن گۆڕینی بنەڕەتی لە ئۆبژەدا ڕوو دەدات و لە جێی ئەوەی ئیعتباری گەڕانەوەی ئۆبژە بۆ شت بێت بەڵکوو بۆ سووژە دەگەڕێتەوە. بە واتایەک قەوام و دەوامی ئۆبژە گرێ دەدرێتەوە بە سووژەوە، ئەو گۆڕان و وەرچەرخانە لە سێ لایەندا ڕوو دەدات، لە فەلسەفەی زانست، فەلسەفەی پۆزێتیویستی و فەلسەفەی ئێگزیستانسیالیزم.

بە فەلسەفەی دێکارت و کۆگیتۆ (من بیر دەکەمەوە کەواتە هەم) ئەو گۆڕانە دەست پێدەکات. کۆگیتۆ یا هەمان منی ئێستێعلایی کە دەبێ بە بەردی بناغەی هەموو ناسینەکان و بە واتایەک ئەوەی ئەو نەیناسێ لە بایخ و ئیعتبار خاریج دەبێ. مرۆڤ لەو سەردەمەدا دەست دەکات بە جیاکردنەوەی حەوزەکانی شناسینی خۆی و ئیپیستمۆلۆژیا لە حەوزەکانی زانستدا پێ دەگرێ، ئیتر حەکیمێک یا زانستوانێک دەست ناکەوێ وەک لێکدەرەوەی تەواوی زانستە مرۆیی و سرووشتییەکان. زەینییەت یا سۆبژێکتیویتە دەبێ بە سەنگی محەکی ئیعتباربەخشی بۆ هەبوون.



نموونەییکردن، لە هەندەسە. بەڵام ڕوالەتیکردن لە ڕێی ڕیازییەوە چۆن ئەنجام دەدرێت؟ ئەو کارە بە سازکردنی ئەلگۆریتم چێ دەکرێت، لە ئەلگۆریتمدا، هەمیشە لە گەڵ دوو بەش بەرەوڕوویەن؛ لایەکی قەزییەکە هەمیشە سابیت و پابەرجایە و لایەکی دیکەشی بەرەو بێنەهایەت دەگۆڕدرێ. بۆ نموونە: لە سەبتکردنی جوولّەدا، شتاب و تووندییەکەی سەرەتا هەمیشە سابیتە و دوایە دەکرێ هەر ئەو تووندییە تا بێنەهایەت ئەندازە بگیرێت.

لەو شێوەیەدا، ئۆبژە هەمیشە بۆ ئەو ئەلگۆریتمە دەگەڕێتەوە کە دەبێتە ماکی پێوانە و ئەو ئەلگۆریتمەش تەواو ئینتزاعی و بەرهەمی زەینییە. هیچ پێوانەیەک لە مابەینی ئۆبژە و شت لە ئارادا نامێنێ. لە بەشی بە نموونەیی کردندا کە لە هەندەسە کەڵک وەردەگیرێ، شێوە و ئەشکالی هەندەسی هەمیشە دوو بۆعدی و سێ بۆعدی لە ڕێگەی پێوانەی ڕیازییەوە ڕەسم دەکرێن کە تەقریبی ئەوانە وابەستە بەو پێوانەیە کە کەڵک وەردەگیرێ، هەرچی ئەو پێوانەیە زەرافەت و دیقەتی باشتر و زیاتری ببێت، تەقریبەکە لە واقع نزیکتر

ئەلف:

لە بەشی فەلسەفەی زانستدا کە وەک نوێ ئایینیەک وایە، هەر چییەک لە ڕێی زانستەوە پێی دەگەین، تەواو جێی ئیعتبارە، بەڵام چۆن بوو زانست توانی ببێت بە نوێترین ئایینی مرۆڤ؟

زانست چۆن ئۆبژەی خۆی دەستنیشان دەکات؟ زانست لە دوو ڕێگەی ڕوالەتی کردن (×وری کردن)و بە نموونەیی کردن (مثالی کردن) ئۆبژەی خۆی دیاری دەکات.


بۆ ڕوالەتیکردن، لە ڕیازی کەڵک وەردەگرێ و بۆ

دەبێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش زیاتر لە تێکنۆلۆژیا کەڵک وەردەگیرێ کە کەمترین ڕادەی پێوانەی هەڵەی هەیە.

بەڵام با بزانین لە بە نموونەیی کردندا، ئۆبژە چی بەسەر دێت؟ لە نموونەیی کردندا شتەکانی جیهانی واقع کە نزیکترین وێچوونیان هەیە لە گەڵ شکڵ و شێوەی هەندەسی، بەستەرێک ساز دەکەین بۆ ئەوەی ئەو شکڵە ئینتزاعیانەی پێ پێوانە بکرێت، بۆ ئەوەش حەوڵ دەدەین لە ڕێگەی چێکردنی شکڵەکانی هەندەسی، فۆرمووڵی بە کار هاتوو بپێوین. بۆ نموونە: لە سروشتدا، هیچ شکڵێک بەتەواوی واتای پێوانەیی لوولەک (استوانە) نییە، بۆیە حەول دەدەین تا نزیکترین شکڵ لە سروشت یا هەمان شت بۆ ئەو پێوانەیە، بەر دەست بخەین، بۆ ئەوەش هەمیشە تێکنۆلۆژیا

بونیادی پۆزیتیویسم ئەگەرچی لە سەر ئەزموون خوازییە، بەڵام دەبێ بۆ ئیسباتی هەر قەزییەکی زانستی لە ئیستقرا کەڵک وەرگیرێ، واتە ئەزموونخوازەکان، قەزییە گشتی و عامەکان وەلا دەنێن. ئەزموونخوازەکان پێیان وایە ئەوەی لە دەرەوەی ئەزموونی هەست (تجربه حسی) بێت و نەتوانی بە پێی زانستی ریازی و ئیستقرا حەلی بکەی و وڵامی بدەیەوە دەبێ بخرێتە لایەکەوە. ئەوان تەواوی مەفرووزاتی ئەوپەڕسرووشتیان وەلایەک نا و لە جەغزی لێکدانەوەی خۆیان دووریان خستەوە.

ئیستقرا چییە؟ ئیستقرا شێوەیەکی مەنتقی وڵامدانەوە و حەلکردنی قەزییەکانە کە لەودا زەین لە قەزییە چکۆلە و پاژەکانەوە بە یەک دەرئەنجامی گشتی دەگات. ئیستقرا ئەو ئیمکانە ساز دەکات تا لە ڕێی



باشترین شتە بۆ ئەوەی کە ئۆبژە نزیکترین خزمایەتی لە گەڵ شکڵەکانی ئینتزاعی سێ بۆعدی وەک لوولەک پەیدا بکات.

بێ:

لە بەشی فەلسەفەی پۆزێتویستیدا، بە یارمەتی وەرگرتن لە زانستی ڕیازی، ئەوەی سووژە توانیبووایەی ئیسباتی بکات، ئەسڵ بوو. ئەوەی لە دەرەوەی ئەو ئیسباتە بووایە، مۆرکی غەیرە مەنتقی دەخوارد و دەخرایە لایەکەوە و جێی ئیعتبار نەبوو، بۆیە ئەوان پەیڕەویان لە مەنتق دەکرد بۆ ئیسبات یا ڕەدی گوزارەکان. لە بەشی زمانیش هەر بەو شێوەیە چاو لێدەکرا و گوزارەی مەنتقی ئەو گوزارەیە بوو کە توانیبووایەی لە ڕێگەی ئۆبژەیەکەوە کە ئەسڵ و قەوام پێدراو بوو، لێکدانەوەی بۆ کرابووایە.

ئەزموونێکی دیاریکراو بگەینە یاسایەکی گشتی. پۆزیتیویسم چۆن ئۆبژە دەناسێ و پێناسەی دەکات؟ لە هەر دوو شێوەی قەوامی ئیسباتکردنی شتەکان لە ڕێی ئەزموونی هەستی و هەرواتر ئیستقرا، ئەوە زەین و ئاوزە کە ڕۆچنەی وەرگری شتەکانە. بۆیە لە ئەزموونخوازیدا بە سرنج بە دەرئەنجامی قەزییەکان کە لە ڕێی لێکدانەوەی پاژەکان بە گشتییەتێک دەگەین، ئەوە زەینە بەردەوام خەریکە ئۆبژەکان دیاری دەکات. هەر ئۆبژەیەکی گشتی لە ڕێی ئیستقرا بە دەست دێت کە کردەیەکی تەواو زەینییە و بە شێوەی مەنتق بە دەست دێت. ئۆبژە نەک لە دەرەوەی ئەزموونی هەستی بە دەست ناکەوێ بەڵکوو دەقیق ئۆبژە خواستی بۆ لای زەین و سووژەیە، ئەزموونخوازەکان نیسبەتی ئۆبژە بۆ فێنۆمێن ناگەڕێننەوە، بەڵکوو ئەسڵ و بابەتی لێکدانەوە دەخاتە گەوهەری ئەزموونی هەستی و وەک

قەزییە دەیانناسێنێ و لە دەرەوەی قەزییەکان ئیعتبارێک بۆ شتەکان قایل نییە. لە پۆزێتیویسمی مەنتقی کە سەر بە حەڵقەی ویەنە فیلسووفەکانی ئەو بەشە دەیانهەوێ ڕاستی هەستی و زمان تەنیا لە گوزارەکاندا لێک بدەنەوە و بزانن کام قەزییەی زمانی سادق و کامیان کازبە و مێتۆدی لێکدانەوەیی خۆیان بەو شێوەیە لە سەر گوزارەکان دادەڕێژن و توێژینەوەی ئەوە دەکەن تا نیسبەتێک لە مابەینی گوزارە زمانییەکان و زانستی مەنتق پێک بهێنن. بۆیە ئەوان دەیان قەزییە کە ئیمکانی ئیسباتکردنیان نەبێ، دەخەنە لایەکەوە و چوون لایان وایە ئەوانە بە هەڵە هاتوونە نێو زانستی مەنتق. بۆ نموونە کۆی فەلسەفەی ئەوپەڕسرووشتی لە جەغزی لێکدانەوە دەردەنێن چوونکە باوەڕیان وایە ئەو قەزیانە نە سادقن و نە کازب، دیسان لە ڕێی ئەزموونی هەستیشەوە بە دەست نایەن. ئەزموونخوازەکان بە هۆی گرینگییەکی زیادە لە حەد کە بە زانستی دەدەن، دەکەونە بەر ڕەخنەی کەسانێک کە پێیان وایە ئەگەرچی پێوانەی زانستی یارمەتییەکی زۆری بە پێشکەوتی مرۆڤ داوە، بەڵام وەلانانی هەموو بابەتەکان بە قازانجی زانست، بەرهەمی دوو گەورە شەڕی جیهانی لێکەوتۆتەوە، دەقیق ئەو کاتەی ڕۆژئاواییەکان دەرکیان کردووە لە زانستدا پێشکەوتی گەورەیان بە دەست هێناوە.

جێ: فەلسەفەی ئێگزیستانسیالیزم

ئێگزیستانسیالیزم ڕەوەندێکی فکری بوو بۆ دژایەتی لە گەڵ فەلسەفەی نەریتی کە مرۆڤی وەک دی تر شتەکان ئەژمار دەکرد، کەچی ئێگزیستانسیالیستەکان باوەڕیان وابوو جیهان و هەبوون بە مرۆڤەوەیە کە دەناسرێت. هەر ئەو مرۆڤە دەبێتە بابەتی سەرەکی ئەو فەلسەفەیە. ئەوان تەواو دژی بە ئۆبژەکردن و بۆ ئۆبژەدیتنی مرۆڤەکان بوون وەک دی تری شتەکان. ئێگزیستانسیالیستەکان خۆیان بە دەرهاویشتەکانی سروشتەوە بەند نەدەکرد، بەڵکوو خولیای ئەوان ئەو چەمک و ئۆبژانە بوون کە مەقامی مرۆڤیان دەهێنایە ئاستی شناسێنەری هەبوون. ئەو چەمکانە بریتی بوون لە عەدالەتخوازی، بەرابەرخوازی، ئازادی و ڕەهایی. هەر ئەوانەش بوون بە ئۆبژەی لێکدانەوەی ئەوان.


هەر وەک دیارە، تەواوی ئەو ئۆبژانە دەرهاویشتەی کۆمەڵایەتین نەک پەیوەستبوونیان بە شت - سروشتەوە.

پایەی نەزەری بیری ئێگزیستانسیالیستەکان «مرۆڤ هەموو شتێکە»یە، ئەو گوتەیە دەیهەوێ ئیعتباری بوون تەنیا بۆ مرۆڤ بگەڕێنێتەوە. ئەوان لە ڕێی هەبوونناسییەوە پایەی بۆچوونەکانی خۆیان پێناسە دەکەن و باسەکانیان سەبارەت بە هەبوون و هەستی سامان دەدەن. بەڵام نەبوون و مەرگیش ئاوێتەی ئەو فەلسەفەیە دەبێ، ئەوەش لە دڵی لە خۆ بێگانەبوونی مرۆڤی سەردەمەوە هەڵدەقوڵێ. مرۆڤ بە هۆی پەیبردن بە جۆری هەڵکەوتەیی خۆی لە نێو جیهان، ئاگاداری کۆتایی ژیانی خۆی و ناسکی دۆخی مانی خۆی دەبێ و بەو شێوەیە دەرک بە مەرگ و نەبوون دەکات. بۆ ئێگزیستانسیالیستەکان ئەوەی ڕاستەقینەیە، نە لە ڕێگەی عەقڵ بەڵکوو لە ڕێی ئەزموونی ژیندراوەوە بە دەست دێت. ئەو ئەزموونەش بۆ مرۆڤ دایمە نسێی مەرگ و نەبوونی بە سەرەوەیە.

ئێگزیستانسیالیستەکان بە جەخت لە سەر ماڤی «هەبوون» و «هەڵبژاردنی» کەسەکان، دژایەتی لە گەڵ زانستخوازی، خۆمەداری و عەینیەتخوازی فەلسەفەی نەریتی دەکەن. ئەوان باوەڕیان وایە جگە لە مرۆڤ کۆی هەبوون هیچە، ئەوە مرۆڤە کە بایخ هەم بە خۆی و هەم بە بوونیش دەدات. بە بێ مرۆڤ هەبوون بۆشاییەکە، بە هیچ شێوەیەک ئیمکانی شناسینی نییە. بۆیە ناتوانێ هیچ ئۆبژەیەک لە دەرەوەی زەین و ئیعتباری مرۆڤ بوونی هەبێ. ئەگەرچی جیهانی ڕاستەقینە هەیە بەڵام تەنیا بە هۆی سوبژێکتیویتەی مرۆڤەوە بایخی ناسین پەیدا دەکات. کەواتە کۆی هەبوون و جیهانی ڕاستەقینە تا کاتێک هەیە کە زەین و ڕوح هەیە. بۆیە ناکرێ لەو فەلسەفەیەدا ئیعتبار و بوونی ئۆبژە بۆ دەرەوەی زەینی سووژە بگەڕێنینەوە، چوون ئەوە سووژەیە کە کۆی ئیعتباری «هەبوون» دیاری دەکات.



سۆران محەممەدی



کاریگەری دەروون‌ناسیی لە سەر چیرۆک

لێکۆڵینەوەی تایبەت: چیرۆکی کوردی



دەروونناسیی[2] یەکێ لە زانستە مرۆڤیەکانە کە سالّی ١٨٧٩ بە فەرمی لە دیکەی زانستەکان، جوودا بوویەوە و سەربەخۆیی ڕاگەیاند. یەکەم کەسێ کە بە پالّپشتی زانست و هزری تایبەتی خۆی دا لە قەرەی شیکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان، زیگمۆند فرۆید[3] بوو.

سۆران محەممەدی[1]

باسی زانست و چۆنییەتی پێوەندی زانست لەگەڵ هونەر، ئەدەبیات و سەرچەشنی بەشەکانی دیکەی زانستە مرۆڤییەکان، بەردەوام هۆگرانی خۆی هەبووە. لەم لێکۆڵینەوەدا پێوەندی زانستی دەروونناسیی لەگەڵ چیرۆک تاوتوێ دەکرێ و وا پیشان دەدات ئەم پێوەندییە لە چوار بەشدا خۆی دەگرێتەوە، یەکەم؛ ڕەخنەی دەروونناسانەی چیرۆک، دووهەم؛ کەڵکوەرگرتن لە چەمکی دەروونناسیی وەکوو بابەتی چیرۆک، سێهەم بەش؛ کەڵکوەرگرتن لە تکنیکگەلی دەروونناسیی بۆ شێوەی داڕشتن وەکوو فۆرمی چیرۆک و دواییین بەش حەکایەت دەرمانی. کە بە وردی لە خوارەوە پێشکەش دەکرێ.

وشە سەرەکییەکان: دەروونناسیی، چیرۆک، بابەتی چیرۆک، شەپۆلی لێشاوی زەین، حەکایەت.

پێشەکی:

دەروونناسیی[2] یەکێ لە زانستە مرۆڤیەکانە کە سالّی ١٨٧٩ بە فەرمی لە دیکەی زانستەکان، جوودا بوویەوە و سەربەخۆیی ڕاگەیاند. یەکەم کەسێ کە بە پالّپشتی زانست و هزری تایبەتی خۆی دا لە قەرەی شیکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان، زیگمۆند فرۆید[3] بوو. ئەو بە بۆنەی تێهەڵچوون لە گەڵ نەخۆشە هیستێریەکان[4] بۆی دەرکەوت دوو زەین و دوو بەشی جووداخواز لە ناو یەک زەیندا هەن، یەکیان مرۆڤ پێی ئاگادار بوو، هەر ئەو ئاگاهییە فەلسەفییە کە لە زەمەنی دێکارت دا[5] وەکوو ڕاژەیەکی حاشاهەڵنەگر پەسەند کرابوو، بەشەکەی دیکەش کە زەینی تاک – واتە خاوەنی ئەو – لە ناوەڕۆکی بێئاگا بوو، مەکۆیەکی شاردراوە لە یادی فەرامۆشکراو و کۆمابەستوو کە وەبیر نەدەهاتنەوە و ناوی نابوو «ناهوشیار» یان خودی نابەئاگا.

بەرەنگاریی کۆمەڵگای سەدەی بیستەم لە هەمبەر دەروونشیکاری، نەک لەبەر جەختی فرۆید لە سەر جنسییەت یان گرێی ئۆدیپ ، بەڵکوو زێدە بەرەنگاریی لە ئاست پەسەندکردنی نەست و خودی نابەئاگا بوو. لە ئامادەبوونی ئاگاهی دا، عەقڵی هاوتەرازبوونی هەیە. بۆ خەڵکی ئاسایی بەم شێوە بوو کە ناهوشیاریان بە مانای نەزانبوون دادەنا، یا وەکوو بە شێتیان دەزانی، ـ دەنا کەسێک کە باڵق و عاقڵ بێت نەدەکرا نائاگا بێ ـ خودی نابەئاگا بە مانای نەزانیی بوو.

بنەما تیۆرییەکان و لێکدانەوە:

خودیئاگا زمانێکی هەیە بە پێکهاتە و وشە و مانایەک کە زمانی ڕۆژانەی ئێمەیە. بەڵام خودی نابەئاگا زمانێکی جیاوازی هەیە، زمانی وێنە و پێگەی خوازە و هێماکان ـ کەوایە دوو زمان هەیە و دوو شێوە خوێندنەوەش دەبێ ببێ ـ یەکیان بۆ وەرگرتنی ماناگەلی ڕواڵەتی کە لە نێو ئاگاهیدان و ئەوی دیکە بۆ وەرگرتنی واتاگەلی قووڵ و حەشاردراو کە لە نیشانەکانی خودی نابەئاگادا هەن.



١- ماستەری دەروونناسیی – بەڕپرسی دایرەی توێژینەوەی زانکۆی ئازادی سەقز

٢. Psychology
٤. Sigmund Freud
٥. Hysteria
٦. Descartes
٧. Unconscious
٨. sexuality
٩. Oedipus complex

لەبەر ئەوەی کاری نووسین لە خۆیدا، چەشنێ لە ڕەفتار و ڕەوشتە، کەوابوو داهێنانی ئەدەبیش شتێکی تایبەت و جێگەی شیکردنەوە وەکوو دیکەی ئاقارەکانی مرۆڤە. خەون هەڵگری دوو پاژی «ناوەرۆکی ئاشکرا»[9] و «ناوەرۆکی حەشاردراو»[10] ە و بەرهەمی ئەدەبیش بە





ڕۆمانی«ژنە قژسوورەکە»



چیرۆکی «حەسار و سەگەکانی باوکم»

چەشنێ ڕەنگدانەوەی بەستێنی دەروونی نووسەرە؛ نووسەر لە کاتی تەدارەکی بەرهەم لە دنەدانی هەناوی خۆی بێخەبەرە و دەتوانین بڵێین هەر وەک زمانی خەون هەڵگری دوو مێکانیزمی کەڵەکەبوون[11] و جێگۆڕکێ[12] یە. کەواتە ئەوەی کە لە قسەی فرۆیددا سرنجی ڕادەکێشا، زمان بوو. نەک تەنیا مانای تازە، بەڵکوو زمانێکی تازە کە دەیتوانی زمانی یەکەم، شیکاری و شرۆڤە بکات. (محەممەدی، ١٣٩٣)

فرۆید یەکەم لێکدانەوەی تەسەلی لەسەر چیرۆکی گرادیوای[13] ویلهێڵم جێنسێن[14] ئەنجام دا و جگە لە ناوەرۆکی چێرۆک، وڕینە و خەونەکانی کەسایەتی چیرۆکیشی شرۆڤە کرد. بە شوێن ئەوەدا فرۆید لە گەڵ نووسەری چیرۆک پێوەندی گرت و داواکاری ئەوە بوو کە هەنێ لەو گریمانانەی کە پێی وابوو لە ژیانی ناو بنەماڵە و قۆناغی منداڵی نووسەردا ڕووی داوە، پێی لێبنێت کە هەڵبەت جێنسێن ڕەفزی کردەوە، بەڵام فرۆید کۆڵی نەدا و دەستی دایە شیکاریی بەرهەمەکانی شێکسپیێر[15] و داستایۆڤسکی[16] بەتایبەت برایانی کارامازۆف و لە وتارێک بە ناوی داستایۆڤسکی و باوککوژیدا، ڕایگەیاند کە نیشانەکانی فێی (×رع) کەسایەتی ناو ڕۆمان، دەرکەوتەی ترسی نووسەر لە کوشتنی باوکە (ئیدل، ١٣٧٤). هەروەها شاگردێکی فرۆید بە ناوی مەری بۆناپارت[17] کتێبێکی تێر و تەسەلی لە سەر ئێدگار ئالێن پۆ، شاعیر و چیرۆکنووسی ئەمریکی، نووسی و داهێنانی ئەدەبیی پۆی گرێ دا بە مەرگی دایکی لە منداڵیدا (پایەندە، ١٣٩٠).

بەم چەشنە فرۆید «یەکەم هەنگاوی» بەرەو ڕەخنەی دەروونشیکارانەی ئەدەبیات هەڵگرت کە هەڵبەت لە خۆیدا ڕەخنەی لە سەر بوو، لە بەر ئەوەی لەم چەشنە شیکردنەوەدا بە بۆنەی دەقەوە لایەنە شاردراوەکانی داهێنەری دەق دیاری دەکرا کە زۆر جار کێشەی لێ ساز دەبوو و دەبووە هۆی ئەوەی نووسەر لە حەژمەت دانەپاڵی[18] ڕاڤەی کەسایەتییەکەی بە ترسەوە قەڵەم هەڵبگرێ. تەنانەت شارێل مۆرۆن، بە شێوەی دیاریکردنی تەداعییە دووپات کراوەکانی بەرهەمی نووسەر کە دەبنە ئۆستووری تاکەکەسیی ئەو و لە دوایی‌دا، بەرواردکردنی ئەم ئۆستووره تاکەکەسییەی

٩. Manifest content
١٠. Latent content
١١. condensation
١٢. displacement
١٣. Gradiva
١٤. Wilhelm Jensen
١٥. William Shakespeare
١٦. Fyodor Dostoyevsky
١٧. Marie Bonaparte
١٨. Projection

هەوالنامەی کتێب

نووسەر لە گەڵ واقیعی ژیانیدا، هەندێ گۆڕانکاریی بە ڕەخنەی دەروونشیکارانەدا بەڵام دیسان هەر ئەو کێشەی سەرەوەی لە سەر بوو.

وەکوو «دووهەم قۆناغ» شرۆڤەی دەروونشیکاری دەق، ڕەوتێ تازە بوو کە ژان بێلمەن نۆئێل[19] لە ساڵی ١٩٦٠ پەرەی پێ دا و وتی دەتوانین دەقشیکاریشی[20] پێ بڵێین، نۆئێل بەردی بناغەی کاری خۆی بە جێی نووسەر لە سەر دەق دامەزراند، ئەو هەر لە سەرەتاوە وتی: «شرۆڤەی دەروونناسانەی دەق واتە ڕەوتێک بۆ خوێندنەوەی شیکارانەی دەق. واتا دەق ساز بووە بۆ ئەوەی بە شێوازێکی سەربەخۆ لە هەر دەقێکی دیکە بخوێندرێتەوە، نۆژەنکردنەوەی دیسکۆرسی حەزی دەروونیی بە بێ هیچ گەڕانەوە بەو شتانەی کە لە ڕابردووی داهێنەر دەیزانین، بە بێ کارتێکردنی دیکەی بەرهەمانەکانی کە دێتە بەرچاومان و تەنانەت بە بێ ڕچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی تاکی خوێنەر...». (نۆئێل، ١٣٩٣)

دیارە لە سەر ئەم قۆناغە دووهەمە لە ئەدەبیی کوردیدا چەند ڕەخنەگر کاریان کردووە، بۆ نموونە یەعقووب خزری کە بەتایبەت لە سەر ئەدەبیاتی منداڵان چەندین وتاری نووسیوە و ساڵح سووزەنی کە لەسەر ڕۆمانی کوردی وتاری بڵاو کردووەتەوە. بۆ نموونە ساڵح سووزەنی ڕۆمانی تەمی سەر خەرەندی شێرزاد حەسەنی جگە لە شرۆڤەی دەروونناسیی دەق، بە ڕوانگەی ڕەخنەی یۆنگی[21] و بەپێی ئارکیتیپ[22] و سێبەر و... شرۆڤە کردووە. لێرەدا بەشێکی کورت لە دەقی ساڵح سووزەنی وەکوو نموونەیەک لە شرۆڤەی دەروونشیکاری دەق ئەهێنمەوە:

«...شێرزاد حەسەن لە ڕۆمانی تەمی سەر خەرەندا دیسان لە ناو بازنەی بەستراوی تۆتێم و تابۆ[23] و دەسەڵاتی زاڵی باوک لە ڕوانگەی فرۆیدەوە دەخولێتەوە، نووسەر ڕاستەوخۆ بابەتی ئەم ڕۆمانە لە حیکایەتەکانی «نەنێ» دەئاڵۆزکێنێ کە هێمای زمانی حیکایەتەکانە و ڕۆڵی ئارکیتیپ دەگێڕێ، «فەرهاد» کەسایەتی سەرەکی چیرۆک کە لە هەناوی تەمی سەر خەرەندەوە گەڕاوەتەوە و «بزنە شێت» کە سەمبۆلی ڕۆحی یاخی مرۆڤایەتی و نوێنەری خودی نابەئاگایە، ڕوحێک کە نایەوێ هەمبەری یاساکانی تابۆ ملکەچ بێ و چۆک دابدات و بەرەنگاری «نەنێ دەبێت. بێگومان ئەنجامی شیرین و فەرهادەکان لە «شوێن و ناشوێن«دا بە مەرجێک کە لە سەر کەشی دەسەڵاتی باوکدا بژین، هەر ئەم دۆخەیە: ون بوون لە تەمی سەر خەرەند و بزنە شێتیش لە خەرەند هەڵدەدێرێ. ترس، دڵەڕاوکێ، مەرگ و ئازاری بیرەوەرییەکان، کەشی سەرەکی ئەم چەشنە چیرۆکانەیە و هیچ مەودایەک بۆ دوور کەوتنەوە و نووسین بە جۆرێکی دیکە بە دەستەوە نادات...». (سووزەنی، ١٣٨٢).

«قۆناغی سێهەمی» ڕەخنەی دەروونشیکاری نۆرمەن هالڤەند[24] دایمەزراند. ئەم ڕەوتە تێکەڵێکە لە «ڕەخنەی لە سەر بنەمای پەرچەکرداری خوێنەر»[25] و دەروونشیکاریی، سرنجی ڕەخنەگر نە بە نووسەر ڕاکێشراوە نە بە کەسایەتییەکانی چیرۆک، بەڵکوو ڕەخنەگر لە خوێنەر دەڕوانێ. لەم پێوەندییە دوولایەنەدا تەنیا دەق نییە کە شی دەکرێتەوە بەڵکوو خوێنەریش لێکدەدرێتەوە؛ کەواتە مانا تەنیا لە دەق سەرچاوە ناگرێ بەڵکوو دەسکەوتی تێکەڵبوونی دەق و خوێنەرە. هەڵبەت ئەم ڕەوتە جیاوازە لە ڕەخنەی «لە سەر بنەمای پەرچەکرداری خوێنەر»، کە لەم ڕەخنەدا، دەق بایەخ و ڕەسەنایەتییەکی نییە و ئەو ڕەخنەیەی کە خوێنەر ئاراستەی دەکا ڕەسەن و بایەخدارە. لەم ڕەوتەدا دەمانەوێ بڵێین کە بۆ چی خوێنەرە جۆراوجۆرەکان لە چیرۆکێکی یەکسان، چەندین شرۆڤەی جیاواز بەدەستەوە دەدەن. بەڵام لە ڕەخنەی قۆناغی سێهەمدا، هەم دەق گرینگە و هەم خوێنەر. لەم شێوە ڕەخنەدا دەڵێین کە ڕاڤەی ئەدەبیی چەشنێ فامکردنە و لەبەر ئەوەی ئەم تێگەییشتنە ڕاستەوخۆ لە گەڵ شوناسی مرۆڤدا پێوەندی هەیە، کەوایە چەشنێ ڕەوشتە. هەر بەم پێیە بۆ ئەوەی هۆکاری خوێندنەوەی تایبەتی خوێنەر لە سەر بەرهەمی ئەدەبیمان بۆ دەرکەوێ، دەبێ شوناسی خوێنەر تاوتوێ بکەین. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر دەبێ بڵێین کە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی دەقێکی ئەدەبی ئەو بەشانەی لێ گوڵبژێر دەکات کە لە بەرژەوندی مەبەستی ئەو دایە. ئەو مەبەستەی کە لە ژێر کاریگەری کەسایەتیی و شوناسی دان. شوناسی هەر تاکێک وەکوو کۆژەرێیەک وایە کە بۆ بەرەنگاریی دەروونیی لە خۆی بەکاری دەهێنێ. کەوایە «ناوەرۆکی شوناس»[26] ی هەر

٢٣- نقد مبتنی بر واکنش خواننده

١٩. ean-Belman Neueil
٢٠. Textanalyse
٢١. Carl Gustav Jung
٢٢. Archetype
٢٣. Totem and Taboo
٢٤. Norman Holland
٢٦. Identity theme

خوێنەرێک دەبێتە هۆی سڕینەوەی هەندێ لە ماک و پاژەکانی دەق یان زیادکردنی بابەتێکی تایبەت و ئەم دوو کردەوە (سڕینەوە و زیادکردن) لە تێگەییشتنی هەڵبژاردەی خوێنەرەوە سەرچاوە دەگرن. هاڵەند پێی وایە شێوە خوێندنەوی هەر خوێنەرێک، پیشاندەری کەسایەتی هەر ئەو خوێنەرەیە و جیاوازی خوێندنەوەکان بە هۆی جیاوازیی شوناسی خوێنەرەکانەوەیە. هەر بۆیە دەڵێ هیچ پاڤەیەکی تاقانەی دروست، بوونی نییە و کاری ئێمە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا سەلماندنی دروست یان هەڵەبوونی شیکردنەوەکە نییە، بەڵکوو دەبێ دیاری بکرێ کە خوێندنەوەی هەر خوێنەرێک لە دەق، چۆن لە گەڵ شوناسی ئەودا دەگونجێ یان لە واقیعدا چۆن لەو شوناسەوە سەرچاوە دەگرێ. (پایەندە،۱۳۹۰)



بەم پێیە یەکەم پردی پێوەندی نێوان دەروونناسیی و چیرۆک، لە ڕەخنەی دەروونناسییدا خۆی دەبینێتەوە. کە لە قۆناغی یەکەمدا جەخت ئەکاتە سەر نووسەر، قۆناغی دووهەم لە سەر دەق و لە دواییین بەشدا، جەخت ئەکرێتە سەر خوێنەر.[۲۷]

بابەتی[۲۸] هەر چیرۆکێک واتایەکە کە چیرۆک لە سەری دەنووسرێ. ئەگەر وەک پێکهاتە چاوی لێبکەین؛ بابەت پەیکەرێکە، پێوەندی نێوان ئەندامەکانی دیکەی چیرۆک ساز دەکا و ڕووداوەکان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ بە چەشنێ لە گەڵ بابەتی چیرۆک لە پێوەندی دان. ئەم واتایە زۆرجار ولامێکە بەو پرسیارەی کە چیرۆک باسی چی دەکات؟

کەوایە هەر چیرۆکێ بابەت یان بابەتگەلێکی لەخۆ گرتووە، ئەم بابەتگەلە دەتوانن واتایەکی سەرەکی و چەندین ژێرکۆمایان هەبێت. (مەستوور،۱۳۷۹)

دووهەم پردی پێوەندی نێوان دەروونناسیی و چیرۆک، کەڵکوەگرتن لە چەمکی دەروونناسیی وەکوو بابەتی چیرۆکە. فرۆید لە کتێبی تۆتێم و تابۆدا، باس لەوە دەکات کە سەرەتا مرۆڤەکان لە تاقم و مێگەلی بچووکدا دەژیان کە بریتی بوون لە چەند مێ و یەک نێری بەهێز یان سەرۆک کە ڕێگە بە جووتبوونی دیکەی نێرەکان لە گەڵ مێیەکان نەدەدا و لە ڕانی دوور دەخستنەوە. ڕۆژێک برا دەرکراوەکان کۆ دەبنەوە و باوکیان دەکوژن و دەیخۆن و بەم کارە مێگەلی باوکییان لە ناو برد و ئەو تەکووزییە ڕووخا، بێگومان ئەو باوکە تووشەی سەرەتا، بوو بە سەرمەشق بۆ تەواوی براکان کە هەم لێی دەترسان و هەم ئێرەییان پێ دەبرد، ئەوان بە خواردنی باوک توانیان خۆیان وەک ئەو لێ بکەن و هەر کامیان بەشێک لە دەسەڵاتی ئەویان بەدەس هێنا، بە شوێن کوشتن و خواردنی باوک و دەس تێکەڵکردن لە گەڵ ژنەکانی، کوڕەکانی تووشی پەشیمانیی و پەشۆکان بوون، بەم بۆنەوە بە قەدەغەکردنی کوشتنی ئاژەڵی تۆتێم کە جێنشینی باوکییان کردبوو و قەدەغەکردنی جووتبوون لە گەڵ دایکان و خوشکان وەکوو تابۆیەک، وەستیان بۆ هەمیشە ئەم شۆڕشە نەگریسە و هەستی یاشگەڕ بوونەوەیان تاهەتایە لە یاددا بمێنێ، بە وتەی فرۆید ئەم دوو تابۆیە چاوگی ئاکاری مرۆڤایەتین. (ئیدل، ۱۳۹۳)

دەکرێ وەکوو نموونە بۆ ئەم چەشنە نووسینە شانۆنامەی «هاملێت»ی[۲۹] شێکسپییر یان «کافکا لە ڕۆخدا»[۳۰] لە نووسینی هارۆکی مۆراکامی[۳۱] ناو بەرین، هەڵبەت ڕۆمانی «ژنە قژسوورەکە»[۳۲] نووسراوەی ئۆرهان پامۆکیش[۳۳] زۆر بە ڕوونی لەم شێوە کەڵکی وەرگرتووە، لە ئەدەبیی کوردیدا دەتوانین چیرۆکی «حەسار و سەگەکانی باوکم» وەکوو نوێنەرێکی باش بۆ ئەم قۆناغە هەڵبژێرین، لە خوارەوە چەن نموونە لە دەقی چیرۆکەکەی شێرزاد حەسەن دەهێنمەوە کە دالّغەکانی کەسایەتی ناو چیرۆک و هەستی پەشیمانی وەکوو ئەفسانەکەی تۆتێم و تابۆ بە جوانی پێشان دەدات:

{لە زمانی باوکەوە: «لە دەرەوەی ئەم حەسارە و دوور لە چاوانی من، کەستان ناژین، ئەو کوڕەشی کە لە من

۲۷ - هەڵبەت بە شوێن ئەمانەدا ڕەخنەی لاکانیش هەیە کە ژاک لاکان دایمەزراند و ناساندنی لەم وتارەدا ناگونجێ.

۲۸. Subject
۲۹. Hamlet
۳۰. Kafka on the shore
۳۱. -Haruki Murakami
۳۲. The Red-Haired Woman
۳۳. Orhan Pamuk

هەڵدەگەڕێتەوە موستەحەقی سەربڕین و خەساندنە، ئەو کچانەشی کە ویستیان سەرم شۆڕ بکەن و ڕەدوو کەوتن کردمنە خۆراکی قەل و دالّ، دەستی من ئەوەندە درێژە دەگاتە بنی دونیا...»

لە زمانی کوڕەی بکوژی باوکەوە: «من وتم دەیکوژم و ئیدی ئازاد دەبم، سەربەست و بەڕەڵا، تف لە ڕابردوو، وەی لە داهاتوو، ئیتر کەس نامێنێ بە سەرمدا بنەڕێنێ، تفم لێ بکات، دارم لە سەردا بشکێنێ و قامچی ڕابوەشێنێ، جگەرە لە نێو لەپمدا بکوژێنێتەوە، وتم دەیکوژم و لە فەرمایشتەکانی قوتارم دەبێ، لە قرچۆکی و دەستە نووقاوەکانی، تۆ بڵێی جگە لە من، لەم دونیایەدا کوڕێک نەبووبێ باوکی خۆی کوشتبێ؟ من دەستەپاچە بە چی بم؟ ئەمەیان گۆمەزی سەر گۆڕی باوکمە یان شاری سەگە بەوەفاکانی، دەنێو گۆڕی ناو گومبەتێکی ساردوسڕ هاوار دەکەم: خوشکانی بێ مروەتم... دایکانی سپڵە و فریودەرم ڕزگارم کەن، ئەوەتام لێرە، سەگەکانی باوکم هەراسانیان کردم..... تا ماوم ناحەسێمەوە لە مەزاری باوک کوشتە و کولانەی سەگەکانی، من خۆم بوومەتە گۆڕستانێک کە جگە لە نالّینی ئافرەتە ڕەشپۆشەکان و سەگوەڕی سەگە هەوەسبازەکان هیچی دیکە نابینم و نابیستم...»}. (شێرزاد حەسەن،٢٠٠١)

سێهەمین پردی پێوەندی نێوان دەروونناسیی و چیرۆک، کەڵکوەرگرتن لە تکنیک[٣٤] گەلی دەروونناسییە بۆ شێوەی دارشتن وەکوو فۆرمی چیرۆک؛ کە «شەپۆلی لێشاوی زەین»[٣٥] گرینگترینیانە.

دەروونناسیی ئەمریکی ویلیام جەیمز[٣٦] لە ساڵی١٨٩٠ وتی کە ئاگاهیی مرۆڤ تێکەڵێکە لە تەواوی ئەزموونەکانی ڕابردوو و هەنووکە و ئەم ئەزموونانە لە زەینی مرۆڤدا بەردەوام لە حاڵی گۆڕان و شڵەژان دان و قەت قەتیس نامێننەوە، جەیمز بۆ ڕەنگدانەوەی پڕ بە پێستی ئەم واتایە وتی: «دەبێ لە خوازەی چۆم یارمەتی وەربگرم، دەبێ کاتی قسەکردن لەسەر ئەم ڕەوتە بە شەپۆلی لێشاوی زەین ناوی بەرین.» (بەیات، ١٣٨٧)


لە ئەدەبی جیهانیدا «هەرا و تووڕەیی» فاکنێر[٣٧] یان «خاتوو دەلۆیی» لە نووسینی ویرجینیا ڤۆلّف[٣٨] بەم شێوە نووسراون، زۆربەی چیرۆکەکانی هووشەنگ گوڵشیری و عەباس مەعرووفی لە زمانی فارسیدا هەروەتر.

تایبەتمەندییەکانی چیرۆکی سێڵاوی زەین زۆرن کە بەپێی مژاری ئەم وتارە هەندێکیان بریتین لە:

◆ ١- «مۆنۆلۆگی دەروونی» :[٣٩]

چەشنێ لە گێڕانەوەیە کە تێیدا ئەزموونەکانی خواست و عاتیفەی دەروونی کەسایەتییەکانی چیرۆک لە پاژەکانی جۆربەجۆری زەینی و لە قۆناغی «پێش لە گفت»دا دێنە گۆ.

قۆناغی پێش لە گفت[٤٠] ئەو توێیە لە ئاگاهییە کە ناگەنە پێوەندی (چ ئاخافتن، چ نڤیسار)، لە لایەنی گفتدا تەکووزی ئاوەز و لۆژیک و شوێن و یەککەوتنی ڕووداوەکان بەپێێ کات بەرچاوە و زۆر جار ناوئاخنی زەینی تێدا سانسۆڕ دەکرێ، بەڵام لە توێی پێش لە گفتدا، ڕابردوو و هەنووکە و داهاتوو یەکپارچەن، نە گوزارەی قووڵ و بنەمای پێوەندیدارانەی تێدایە، نە تەکووزی لۆژیکی و نە سانسۆڕی تێدا بەدی دەکرێ و پڕن لەو هەست و سۆزانەی کە بە زاردا نایەن و لێوانلێون لە




ڕەستەی ناڕێزمانی، ڕچاونەکردنی ڕێسای سینتاکس و خۆپارێزی لە دانانی هێمای ڕەستەکان، واتە لە ڕواڵەتدا وا دەردەکەوێ بە شوێن زانیاریدان بە خوێنەردا نیین. (بەیات، ١٣٨٧)

مۆنۆلۆگی دەروونی خۆی دەکرێ بە دوو بەشەوە، یەکەمیان، مۆنۆلۆگی دەروونی ڕاستەوخۆ کە تێیدا نووسەر، بوونی نییە و ئەزموونەکانی دەروونی کەسایەتی چیرۆک بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە مێشکی کەسایەتییەوە دێتە ئاراوە. دووهەمیان، مۆنۆلۆگی دەروونی

٣٤- تەکنیک بە کۆمەڵە شێوازێک دەگوترێ کە بۆ دارشتنی چۆنیەتی گێڕانەوە کەڵکی لێوەردەگیرێ. بۆ جەخت کردنە سەر تەکنیک پێویستە بگوترێ کە:١- تەکنیک مێتۆدە ٢- ئەم مێتۆدە بەس لە فۆرمی گێڕانەوەدا بەکار دەهێنرێ نە وەکوو ناوەڕۆکی چیرۆک. واتە تەکنیک ئامرازە لە خزمەت چۆنیەتی گێڕانەوە نەک چی گوتن دا. (مەستوور،١٣٧٩)

٢٥. Stream of consciousness
٢٦. William James
٢٧. William Faulkner
٢٨. Virginia Wolfe
٢٩. Interior Monologue
٤٠. Pre-Speech Level



ناڕاستەخۆیە کە نووسەر لە چیرۆکدا بوونی هەیە و هاوڕێ لە گەڵ مۆنۆلۆگی دەروونی کەسایەتی پێگە دەبڕێ و زەینیاتی کەسایەتی بۆ خوێنەر دەگوێزێتەوە. (بەیات، ۱۳۸۷)

ئەم هۆکارە بەگشتی دبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر لە گەڵ ناوئاخنی زەینی کەسایەتییەکان ڕووبەڕو ببێتەوە و نووسەر نەتوانێ هزری کەسایەتییەکان لێک بداتەوە، کە زۆر جار ئەم سازبوونی لێڵی و ناڕوونییە وەکوو تایبەتمەندییەکی سەربەخۆ ناوبژێر دەکەن، دەتوانین بڵێین لێڵی و ناڕوونی دەق، هەوڵی نووسەرە بۆ نزیککردنەوەی زمان لە پێکهاتەی مێشکدا. وەکوو نموونە بەشێ لە چیرۆکی «پشیلە» نووسراوەی عەلی غوڵامعەلی دێنمەوە:

« ... ئەگەر مردم چی؟ بێیە سەر گۆڕەکەم و بە گۆڕم پێبکەنی! چ... پێت ناڵێم. تۆ ئاڵمانی نی؟ گەوواد! ئەو عالەمەتان بۆ کوشت؟ بۆ قسەت بۆ بکەم؟ ئەو لیباسە سپییە چییە لەبەرت دایە، نەکا دوکتور بی؟ حای... خێزانی منیش ئاڵمانییە، ئەو دەمەی حەزم لێدەکرد وام پێ دەکوت. قژی زەردە و چاوی شین.. ئای خودایە چەندە جوان پێدەکەنی. پێم دەکوت خودا بە دەستی خۆی پێکەنینی خستۆتە سەر زاری تۆ! ڕەنگیشە ئەو پێکەنینە جوانە، یادگاری ماچێکی خودا بێ! خودا عەبدی خۆش دەوێ. با ماچیشی بکا، بێ نییەتە! نا، نا، گوناح نییە. بۆ وا گوێت داومەتێ؟ نەکا بتەوێ تۆش ماچی بکەی؟ گەوواد! ... تۆ چاو ئەو قالۆنچەیە چەن گوناحە. دوو ڕۆژە لاقێکیم بڕیوەتەوە. نەمبڕیبایەوە، دەمرد. حاڵێ هەی، سەرەتانیەتی! نەکا بنەڕێنی. دەترسێ گوناحە!... خۆ من دەزانم سەرەتانم نییە و ناشمرم، بەڵام ئەو دوو کەرانە! هەر لە خۆوە دەڵێن وەڵاڵا سەرەتانتە! سوێندیشم بۆ دەخۆن، بۆیە باوەڕم پێکردوون. ئەرێ بانگی عەسری داوە؟ دەبێ دەسنوێژ هەڵگرمەوە. لەوەتی باسی ئەو نەخۆشییەیان لا کردووم. زوو بە زوو دەسنوێژم دەشکێ... ئەوە بۆ چاوت دەدرەوشێتەوە، وەرن ئەو بێشەرەفە لابەن، ئەوە تەماحی لە ناموسم کردووە! ئەو گەوادە بە تەمایە من بمرم و تێخزێ... ئەی هاوارر... «. (غوڵامعەلی، ۲۰۰۷)دوو کەرانە! هەر لە خۆوە دەڵێن وەڵاڵا سەرەتانتە! سوێندیشم بۆ دەخۆن، بۆیە باوەڕم پێکردوون. ئەرێ بانگی عەسری داوە؟ دەبێ دەسنوێژ هەڵگرمەوە. لەوەتی باسی ئەو نەخۆشییەیان لا کردووم. زوو بە زوو دەسنوێژم دەشکێ... ئەوە بۆ چاوت دەدرەوشێتەوە، وەرن ئەو بێشەرەفە لابەن، ئەوە تەماحی لە ناموسم کردووە! ئەو گەوادە بە تەمایە من بمرم و تێخزێ... ئەی هاوارر... «. (غوڵامعەلی، ۲۰۰۷)

◆ ۲- «لە مەڕ خۆ قسەکردن (حدیث نفس)» [۴۱]

کەسایەتی چیرۆک، بیر و هەستەکانی خۆی دەڕێبڕێ تا لە مەبەستی تێبگەن، دیارە ئەم شێوە دەربڕینە لە بنەڕەتدا هی شانۆنامە بووە، هەڵبەت جیاوازییەکەی بەو مەرجەیە کە لە شانۆدا، کەسایەتی چیرۆک بۆ وتەکانی خۆی بەردەنگی هەیە، بەڵام لە حەدیسی نەفسدا، کەسایەتی لە بوونی بەردەنگ خافڵ و بێخەبەرە، جیاوازیی لە گەڵ مۆنۆلۆگی دەروونییشدا ئەوەیە لە مۆنۆلۆگدا، ڕاگوێزانی شوناسی زەینی و ژیانی دەروونی لە مێشکی کەسایەتییەوە دێتە ئارا، بەڵام لە «لە مەڕ خۆ قسەکردن»دا ئەم ڕاگوێزانە لە گەڵ گەڵاڵەی چیرۆک پێوەندی هەیە و پتەوبوونی دەقی زیاتر پێوە دیارە و وێدەچێ بە دەنگی بەرز قسە ئەکات. (بەیات، ۱۳۸۷)

هەوالنامەی کتێب

وەکـوو نموونـە بەشـێ لـە چیرۆکـی «خەونـی پەپوولـە پاییـزە» نووسـراوەی عەزیـز مەحموودپـوور دێنمـەوە:

«...ڕۆژ بـەردەوام لـە هەڵکشـان بـوو و جـار لەگـەڵ جـار پتـری جـارڕ دەکـردم. هەسـتم دەکـرد خواردنـی ئیسـکانێک چـا لـە حاڵێـکدا هـاڵاوی شـیاکەت لـێ هەڵدەسـتێ، تەجرەبەیەکـی تاقانەیـە. هـەر بۆیـەش بڕیـارم دا هـەر ئەوەنـدەی دایکـم هـات، داوای لێبکـەم چادانێکـم چـا بـۆ بێنـێ. بـەڵام وام نەکـرد و لـە گەڵکـۆ دایکـم هـات، پرسـیم ئـەو منداڵـە منداڵـی کێیـە و ئـەو بێدەنگییەکـی بـێ هـۆی بـە سـەردا باراندم. وەختایەکیـش کوتـم کـوڕە یـان کـچ، ئـەو لەبـەر خۆیـەوە دەسـتی کـرد بـە پرتەوبۆلـە و لـە لێـواری حەوزەکـە دانیشـت، فرمێسـکی دادەبارێـن. دیـار بـوو قسـەیەکی لـە دڵ دایـە و نازانـێ چۆنـی بدرکێنـێ. پـاش تاوێـک وەک ئـەوەی جنـدی بووبـێ لـە قاقـای پێکەنینـی دا و ڕۆیشـت، پێکەنینێکـی هێنـدە بـە سـام و ژەنـگاوی کـە تـەواو دڵنیـای کـردم دایکـم لەونـی لـێ گۆڕاوە.» (مەحموودپـوور. ١٣٩٤)



◆ ٣- «زمان»:

زمـان شـیوەی ئاخافتنـی نووسـەرە لـە چیرۆکـدا. کـە دەکرێ هـەم لـە لایەنـی بگێـڕ و هـەم خـودی نووسـەری چیرۆکـەوە بـەکار بهێنـرێ و بـە کورتـی هەمـوو گۆشـە نیگاکانـی چیرۆک ئەگرێتـەوە. لـە چیرۆکـی لێشـاوی زەینـدا زمـان لـە لۆژیـک و ئـاوەز بێبەرییـە و چەشـنە ماکێکـی شـیعریی پێـوە دیـارە، بـە کەڵکـوەرگرتـن لـە گەمـەی زمانـی، بانگهێشـتنی دەنگیـی و واتایـی[٤٢] ، هێنانـە ئـارای خـوازە و نیشـانە و ئیماژ ئـەم چەشـنە چیرۆکـە دەچێتـە ئاسـتێکی شـیعریی، وەکـوو نموونـە بەشـێک لـە کورتـە چیرۆکـی «ئـەو دیـو دیـوار» نووسـینی فریـا یوونسـی دێنمـەوە:

« تەبـەق تەبـەق تاریکمـان دەکـەن و لـە جۆگەکانـا، ورد و پـرد، تەلیـس فرێمـان ئـەدەن کـە بیگێڕینـەوە:ـ مـن هـەر تەنهـا خـۆم باوەشـێک وێنـەی مەلعوونـم تـێدا زینـدووە و نـا، مەڵێـن چونکـە ڕەنگـی دەرگای عیمارەتێکـی وەهـا، ماوەیەکـە لـەو چڵکنییـە خـڵاس بـووە و ڕەنگـی جلەکانـی ئـەو سـەربازانە وەهـا ڕووە و هێـور بوونـەوە و زەیتوونـە، ئیتـر ئەتوانـن ڕەحـەت بکـەن، ڕەحـەت بخـۆن، ڕەحـەت بخـەون... و ڕەحەتیـش بمـرن. نـا. مـن بـەم نەختە گیانەوەمـە، بـە دەرگای ژوورێکـی ئـەو مەدرەسـەوە بـووم کـە کردبوویـان بـە زینـدان و لـەو زیندانـەدا، پێنووسـم بینیـوە کـە چـۆن بـە خاڵبـازی ملـی خاوەنەکـەی کـردووە بـە پەتـەوە و حەتتـا ڕەفیقـە ژەنگاوییەکانیشـم کـە لەوەتـای هـەن نـەردە بـوون، شاهیدن...» (یوونسـی، ١٣٩٤)

◆ ٤- «کات»:

«: هـەر چیرۆکـێ لـە شـوێنێک و سـنوورێکی کاتیـدا پێگەی خـۆی دیـاری دەکات کـە دواتـر جێـی خـۆی لـە چیرۆکـی مۆدێـرنـدا ئەداتـە کات/شـوێن. چیرۆکـی لێشـاوی زەیـن بـە بۆنـەی گرنگـیدان بـە کات زۆر جار بـە چیرۆکی «کاتیی»ش پێناسـە دەکـرێ، لـەم چەشـنە چیرۆکـەدا گێڕانـەوەی ڕووداوەکان نـەک بـە شـێوەی کرۆنۆلۆژیـک[٤٣] ، واتـە یـەک بـە دوای یـەکدا و بەپێـی کاتـی «کاتژمێـر»، بەڵکـوو ڕابـردوو و داهاتـووی کات وەلا دەنـدرێ، هەتـا داهێنـان و ئافرانـدن لـە هەنووکـەدا بێتـە گـۆڕێ، لـەم حاڵەتـەدا ڕیزبەنـدی کات، شـوێنی خـۆی ئەداتـە تێکەڵبوونـی چڕوپـڕی بیرەوەرییەکان، کـە لـە زەینـی کەسـایەتییەکانی چیـرۆکدا، نـە لەسـەر پـاش و پێـش‌کەوتنـی کات، بەڵکـوو لەسـەر ئەنـدازەی پانتـای ئەزموونـی کەسـایەتی دادەمەزرێـت و ڕابـردوو و هەنووکـە و داهاتـوو بەتەواوەتـی تێکـەڵ بـە یەکـدی دەبـن و جێگۆڕکێـی بەردەوامیـان پێدەکرێ (بەیـات، ١٣٨٧). لـە خـوارەوە وەک نموونـە بەشـێک لـە چیرۆکـی «هەشـتەمین ڕۆژی حەوتـوو» لـە نووسـینی محەممـەد ڕەمەزانـی دێنمـەوە:

٤٢. Semantic association
٤٣. Story therapy

«بە ڕێزێکی تەواوەوە، پاشەوپاش دەکشێمەوە. وردەوردە دادەگەڕێم. نازانم بۆ، بۆخۆشم لێم حاڵی نییە، کە ئایا دێمەوە ئەم شوێنە یان نا. نازانم چەند ڕۆژە بە ڕێوەم، شەو هێندەی پێوە نەماوە. لای بەیانی دەگەمە باغێکی چکۆڵە، لە هەموو چەشنە گوڵ دەبینم. دەچمە نێو باغەکە. گوڵێکی زەرد و گوڵێکی سوور لێدەکەمەوە. لە نێوەڕاستی باغەکەوە، دەنگی نەرمین و نەسرین دێ، کە ئاوازێکی ئاسمانیی بە دووقۆڵی دەڵێن. دەچمە پێشەوە. هەر دووکیان لە بەر پەنجەرەکە ڕاوەستاون، بەرماڵیان بە شانەوە نییە. نەسرین کەڵەشێرەکەی بە باوەشەوەیە. کەڵەشێرەکە دوو گوڵی بە دندووکەوەیە: یەکێ سوور و یەکێ زەرد. دەیدا بە نەسرینی خوشکم. دەچمە ژوورێ، شوکری خوا بە تۆپی کراس و دەرپێ نیم. پۆک و پۆشتەم. گوڵەکانی دەستم دەدەم بە نەرمین. بوومەتە کەڵەشێر وام لە باوەشی نەرمینا. نەرمین و نەسرین بە دوو قۆڵی ئاوازێکی ئاسمانیی. پاشان بێدەنگی. دوایی دەنگی خوێندنی دوو کەڵەشێر. پاشان بێدەنگی. ئاوازی ئاسمانیی نەرمین و نەسرین بە دووقۆڵی ـ ـ ـ

لە تەواوی ژیانیدا، هەر ئەو کارانەی دووپات دەکردەوە کە مریشکەکان دەیانکرد؛ چینەی دەکرد، هەڵدەکوورما و قرتەقرتی دەکرد!. سااڵنێک تێپەڕی و هەڵۆ پیر بوو. ڕۆژێک باڵندەیەکی پڕشکۆی بە تاقی ئاسمانەوە بینی لە شەقەی باڵان ئەدا و شابااڵی بەسەر هەورەکاندا ڕاکێشاوە. هەڵۆ بە سەرسوورمانەوە پرسی ئەوە کێیە؟ دراوسێی وتی: ئەوە پێی دەڵێن هەڵۆ، پادشای باڵندەکانە. ئەو بەشی ئاسمانە و ئێمەیش لە زەوی داین. هەڵۆ وەک مریشک ژیا و وەک مریشک مرد؛ لە بەر ئەوەی بیری دەکردەوە مریشکە!.»


کۆبەندی باسەکان:

لەم وتارەدا پێشان درا کە دەروونناسیی چۆن پێوەندی لەگەڵ چیرۆک دیاری ئەکات. پێشان درا کە ئەم پێوەندییە دەتوانێ هەم لە ڕەخنەی چیرۆک، هەم لە بابەت و فۆرمی چیرۆکدا خۆی ببینێتەوە. بەپێچەوانەشەوە دەکرێ ئەم کاریگەرییە هەڵگەڕێتەوە و کاریگەری چیرۆک لە سەر دەروونناسیی ببینین، کە بەم شێوە حەکایەتدەرمانی دێتە ئاراوە کە باسی لە سەر کرا. دیارە ئامانجی سەرەکی ئەم وتارە کردنەوەی کەلێنێکە بۆ بەرواردکردنی زانستی دەروونناسیی و ئەدەبیات بەگشتی و چیرۆک بەتایبەتی. بەرچاوە کە ئەدەبیاتی کوردی هیچی لە ئەدەبی گەلانی دەوروبەر کەم نییە و بۆ هەر شێوازێکی ئەدەبی چەندین نموونە «دەق» مان هەن کە بۆ ڕوونکردنەوەی وتار ئەکرێ کەڵکی لێ وەربگیرێ.

سەرچاوەکان


- حەسەن، شێرزاد(۲۰۰۱). حەسار و سەگەکانی باوکم، سلێمانی، تیشک.
- ڕەمەزانی، محەمەد(۱۳۷۷). مزگێنی، سەقز، چاپەمەنی محەمەدی.
- غوڵامعەلی، عەلی(۲۰۰۷). پادشای تەنیایی، سلێمانی، سەردەم.
- مەحموودپوور، عەزیز(۱۳۹٤). خەونی پەپوولە پاییزە، سەقز، گوتار.
- یوونسی. فریا(۱۳۹٤). درەنگان، تاران. ئاریوحان.
- اریکسون، میلتون(۱۳۹٤). قصه درمانی، ترجمه: قراچه داغی، مهدی، تهران: انتشارات دایره.
- ایدل، لیون(۱۳۷٤). قصه روان شناختی نو، ترجمه: سرمد، ناهید، تهران: شباویز.
- بیات، حسین (۱۳۸۷). داستان نویسی جریان سیال ذهن، تهران، انتشارات علمی فرهنگی.
- پاینده، حسین(۱۳۹۰). گفتمان نقد، تهران، انتشارات نیلوفر.
- سوزنی، محمدصالح(۱۳۸۲). مه بر فراز دره، نشریه گلستانه، شماره ۵۳. صص ۲۰-۲۳.
- محمدی، سوران(۱۳۹۳). سمینار «ارتباط ادبیات و روانکاوی»، دانشگاه آزاد اسلامی واحد علوم و تحقیقات کردستان. سنندج. چاپ نشده.
- مستور، مصطفی(۱۳۷۹). مبانی داستان کوتاه، تهران. مرکز.
- نوئل، ژان بلمن(۱۳۹۳). تحلیل روانکاوانه متون ادبی. ترجمه: نژادمحمد وحید، تهران:

سەلاحەددین خزرنژاد



چەمکی مەرگ و ئالّتێرناتیوی بووژانەوە

لای هێگڵ و بارت



بەر لە تاوتوێ کردنی خزمایەتی دوو چەمکی «مەرگی هونەر» و «مەرگی دانەر» لە جیهانی فەلسەفە و زمانەوانیدا پێویستە ڕوون بکرێتەوە ئەم دەقەی حازری، هەرگیز بەو جۆرەی کە پێویستە بە شێوازێکی سەربەخۆ خاوەنی پێکهاتەی دەقێکی وەک مەقالاتی عیلمی نییە واتە بەشە فەرمییەکانی مەقالەی عیلمی وەک پوختە، پێشەکی، بنەمای نەزەری و... لەخۆ ناگرێ و بەڵکوو بە ئاراستەی وتارێکەوە پێشکەش دەکرێ.


سەلاحەددین خزرنژاد[48]

خزمایەتی دوو چەمکی «مەرگی هونەر» و «مەرگی دانەر» لە هاوساحەتی و قایلبوونی باری ئەرزشی و مانایی وشەی «مەرگ» دایە. با هەر لێرە بوەستینە سەر شیکاری هاودەراوبوون و هاوکاتبوونی باری ئەرزشی واتە ئەرزشی جێگەوپێگەی زمانی وشەی «مەرگ» و باری مانای وشەی «مەرگ».

لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە هەم «مەرگی هونەر» و هەم «مەرگی دانەر» هەر دووکیان پێکهاتەیەکی زمانین کە وەک دوو ناوی لە پاڵخراو یان وەک لە زمانی فارسیدا لەگەڵی ئاشناین بە مضاف و مضافالیه دەناسرێن. دیارە ناویش هەم بەهۆی خەسڵەتی ناوەکی و ماهییەتی خۆی و هەم بەهۆی خەسڵەتی زمانەوانی خۆی کە دەتوانێ لە جێگای فاعیل بوەستێ، خاوەن توانای کردارییە.

یانی «مەرگ» هەم لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە وەک ناوێک کە لە ڕستەدا دەتوانێ لە جێگای فاعیل بوەستێ و هەم لە ڕوانگەی ماهییەتی ناوی خۆیەوە وەک مەرگ کە ئاماژەیە بە نەمان، قادرە «هونەر» و «دانەر» بسرێتەوە. ئێستا پرسیارێک دێتە ئاراوە؛ ئەویش ئەوەیە: کردەی سرینەوە بۆ؟ دوو وەڵام شک دەبەرێ، یەک؛ پەیدابوونەوە و خوێنواندنی ساحەتی سەرەتایی و لە پێشدایی شتێک (شئ فارسی) بە واتای هایدگێری [49]. دوو؛ نواندن و خوولقاندنی شتێکی (شئ) نوێ لە جێگای شتێکی کۆن و بەر لە خۆی. لە حاڵەتی یەکەمدا، گەردێک یان مانعێک لە سەر وجوودێک لادانە کە هەمان جەغزی ماناسرینەوەیە، بێ دەستکاری هەوێنی وجوودەکە. لە حاڵەتی دووهەمدا ماناسرینەوە، پاک کردنەوە و لە بنڕا هەڵقەندنی هەوێنی وجوودێکە بە مەبەستی دانانی وجوودی نوێ. لە حاڵەتی یەکەمدا هەوێنی سەرەتایی و لە پێشدای وجوودەکە وەک خۆی باقی دەمێنێ. بەڵام لە حاڵەتی دووهەمدا وجوودێکی نوێ بە هەوێنێکی نوێ پێکدێ. واتە لە حاڵەتی یەکەمدا هەوێنی وجوود ناگۆڕدرێ بەڵکوو جڵدی وجوودەکەیە ڕەنگ دەگۆڕێ بەڵام لە حاڵەتی دووهەمدا گۆڕانی ڕەنگی جڵدی وجوود بەهۆی گۆڕینی هەوێنی وجوودەکەیە. کەواتە ئەوە جێی سرنجە کە سرینەوە لە هەر حاڵدا دەبێتە هۆی گۆڕین و گۆڕینە سەرەکیەکانیش[50] بەو دوو شێوەن کە باسی کرا.

ئێستا بەرجەستەبوونەوەی چەمکی «مەرگ» و گرینگی ئەم چەمکە لەوە دایە کە بزانی چلۆن بە مێتۆدێکی وێکچوو لە پێشدا، هێگڵ و دواتر ڕۆڵان بارت باسەکانی مێحوەری ئەم چەمکە دەبەنەوە ئاقاری نەزەری تێز و ئانتیتێزەوە تا سەنتێزێکی فکری بخوولقێنن.



۴۸. سەلاحەددین خزرنژاد ماستەری پەژووهش هونەری داتشگاه هونەری تەورێز

۴۹. شت (شئ = فارسی): هایدگێر لە کتێبی «دەستپێکی کاری هونەری» دا بە چڕی لەو بابەتە دەدوێ کە بەڕاستی بەدەرە لە تاقەتی ئەم وتارەیە بۆیە بە کورتی بەو شێوە ئاماژەی پێدەدرێ کە هایدگێر دەڵێ وەدیهاتنی شئ لە ئاکامی شیئیت دایە. شیئیتیش خەسڵەتێکی حەقیقەتە. حەقیقەتیش لە نەهانڕا هاتنە پەیداییە (هایدگێر، ۱۳۹۲: ۵۲).

۵۰. ئاماژە بە گۆڕینی سەرەکی بە خاتری ئەوەیە کە جۆری دیکەش دەتوانێ ببێ وەک ئەوەی کە هەوێنی (بنمایە) وجوودێک بگۆڕێ بەڵام جڵدی نەگۆڕێ وەک گۆڕینی هەوێنی بەینامەتنییەتی کریستۆوا لە لایەن باڕتەوە بۆ ڕەمزی کولتووری.

بەشی یەکەم

لە ڕوانگەی هێگڵەوە ڕووحی موتڵەق ڕووحێکە توانا بە زاتی موتڵەق و بۆیە دەتوانین بڵێین کە ئەرکی ڕووحی موتڵەق، دەرکی موتڵەقە. جێی ئاماژەیە بە لای هێگڵەوە دوو وشەی موتڵەق و خودا هاوسەنگ و بە یەک مانان. دیسان جێی ئاماژەیە مانای خودا بەس نەبەستراوەتەوە بە مانای ئایینی و دینی ئەم وشەیەوە بەڵکوو ئەوە پتر خەسڵەتەکانی موتڵەق و خودایە کە هێگڵ ئەم دوو وشە لە خانەیەکی فکری فەلسەفیدا بەرابەر و هاوتای یەکدی دەزانێ کە ئەویش خەسڵەتی تەواوییەت، تەکامول، ئەزەلییەت و ئەبەدییەت و بێسنووری فیزیکی و مێتافیزیکی و...ن کە نەک شکڵی دەلالەتی خودا و موتڵەق بن بەڵکوو خودی خودا و خودی موتڵەقن بە واتایەکی دی ئەم خەسڵەتگەلە عەینی خودا و عەینی موتڵەقن بۆیەش بە لای هێگڵەوە دوو وشەی موتڵەق و خودا هاوسەنگ و بە یەک مانان.

باسەکە لێرەوە دەست پێدەکا کە هێگڵ پێی وایە دەرکی موتڵەق ڕەهەندێکی سێ ویستگەییە. ویستگەی یەکەم؛ هونەر، ویستگەی دووهەم؛ دین و ویستگەی سێیەم؛ فەلسەفەیە. هێگڵ بە خۆی ئاماژە دەکا سێ هێمانی مەعریفەتی موتڵەق لە جەوهەر و مایە یان هەوێنی ناوەکی وجوددا یەکسانن. بەو مانایە کە فەلسەفە تەنیا شکڵی تەواوی دەرکی زاتی موتڵەقە کە کیفایەتی مەعریفەتی مرۆڤی تێدا دەوەستێ. لە بەرامبەردا هونەر شکڵی نوقووستانی مەعریفەتی بۆ دەرکی زاتی موتڵەقە. لەو ناوەدا دین حاڵەتی مام-ناوەندی فەلسەفە و هونەرە (هەگل، ١٣٩٠: ٦١٥-٦١٦). بەگشتی هێگڵ دەڵێ مرۆڤ بۆ وەدەستهێنانی مەعریفەت سەبارەت بە موتڵەق لە پێشدا دەستەودامێنی هونەر دەبێ. لێرەدا پێویستە لە ناوبڕێکی دیکەدا ئاماژە بە پێوەندی و تەناسووبی نێوان زەین و قووەی مەعریفەتی موتڵەق بکرێ.

زەین بۆ مەعریفەتی موتڵەق ئەشێ لە حاڵەتێکی عەقڵی ئەوتۆدا بێت واتە چڵۆن باسمان کرد کە موتڵەق و خودا بەپێی بنەما ماهییەتی و ناوەرۆکییەکانی هەر دووکیان یەکسانن و بەبێ نێوبژیوانی هیچ وجوودێکی عەینی، ناوەرۆکی ماهییەتی خۆیانن، عەقڵ دەبێ لە ئاوەها حاڵەتێکی خالیسی تێگەیشتندا بێت تا بتوانێ لە موتڵەق تێبگا. کەواتە موتڵەق لە جڵدی بێ نێوبژیوانیدا، خۆی دەنوێنێ؛ ڕێک بە شکڵی هەر وجوودێکی دەرەکی کە لە ڕێی حەواسەوە هەستی پێدەکرێ. ئەمە لە حاڵێک دایە کە شۆقی موتڵەق (بە هەموو خەسڵەتەکانییەوە) لە پشت نیقابی جیهانی ئیحساسات و هەستدا واتای جوانییە و جوانیش لە ساحەتی نوقووستانی هونەردا، لە ڕوانگەی هێگڵەوە خاوەن دوو بەشە: بەشی یەکەم؛ کاکڵی ڕووحی یان مانا و بەشی دووهەم؛ تۆپکڵی مادده یان شکڵ. ئەم ناوبڕە تا ئێرە بۆ ئەوە بوو کە لە درێژەی باسەکە جوانتر تێبگەین.

بە باوەڕی هێگڵ هونەر لە هەڵکشان و داکشانی دوو بەشی کاکڵی ڕووح و تۆپکڵی شکڵدا، جیلوەگەلی جۆراوجۆری خۆی دەنوێنێ. واتە پێوەندییە جۆراوجۆرەکانی نێوان ئەم دوو حاڵەتەیە کە کەیفییەتی هونەر بە سەر سێ جۆردا، دابەش دەکا:

١ـ ئەگەر تۆپکڵی هونەر یان شکڵ بە سەر ڕووح و مانا واتە کاکڵی هونەردا زاڵ بێت جۆری سەمبولیکی هونەر دەخوولقێ.

٢ـ ئەگەر بە موعادیلەیەکی یەکسان واتە بە تەعادول و وەزنێکی یەکسانەوە شکڵ و ڕووح لەتەک یەکتریدا ئاوێتە بن ئەوە شاهیدی جۆری کلاسیکی هونەر دەبین.

٣ـ ئەگەر ڕووح واتە کاکڵ بە سەر شکڵ، واتە تۆپکڵدا زاڵ بێت ئەوە جۆری ڕۆمانتیکی هونەر سەر هەڵدەدا.

هێگڵ پێی وایە هەر کامێک لەو جۆرانەی هونەر، خۆیان لە ژانرێکی تایبەتدا دەبینەوە؛ بەو مانایە کە مێعماری بەوەجترین ژانرێکە نوێنەرایەتی جۆری هونەری سەمبولیک دەکا. هاوکات پەیکەرەسازی بەرچاوترین ژانرێکە، هونەری کلاسیک خۆی تێدا دەبینێتەوە و لە ئاکامدا، هونەری ڕۆمانتیک لە جڵدی شێوەکاری (نقاشی)، موسیقی و شێعردا خۆی دەنوێنێ. لەو پێوەندییەدا هێگڵ پێی وایە مرۆڤ خوازیاری شکڵی یەکسانی پێوەندییەکانی نێوان کاکڵ و تۆپکڵی هونەرن. واتە مرۆڤ جۆری کلاسیکی هونەر پەسند دەکا کە تێدا ڕووح و شکڵ دەقاودەق لەگەڵ یەکدیدا لە پێوەندی دان.

پێویستە ئاماژەی پێ بکرێ هێگڵ نیسبەت بەو سێ جۆرە دارشتنەی هونەر خاوەن ڕوانگەیەکی مێژوویییە. واتە بە بۆچوونی هێگڵ تەرتیبی جۆری هونەرەکان و لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکی دیکە، چوونی هونەرەکان ڕێک تابعی حاڵەتی یەک، دوو، سێیە یانی تەرتیبی هونەرەکان بەو جۆرەیە: سەمبولیک، کلاسیک و ڕۆمانتیک.

لەم دەقەدا بەپێی شرۆڤەی ئەو ناوبڕەی سەرەوە لە



ڕوانگەی هێگڵەوە کە هونەر لە جۆری سەمبولیکەوە سەر دەکەوێ بۆ جۆری کلاسیک و لە جۆری کلاسیکیشەوە هەڵدەکشێ بۆ جۆری ڕۆمانتیک. ئیتر لە جۆری ڕۆمانتیکدا، هونەر تووشی دژایەتێکی دەروونی دەبێت بەو مانایە کە موتڵەق چونکە ڕووحە، تەنیا بە شێوەی ڕووحیش قابیلی دەرکە و بۆیە هیچ جڵدێکی ئیحساس توانای هەڵگرتنی باری موتڵەقی نییە. ئەمە لە حاڵێک دایە کە زەروورەتی دەروونی چەمکی هونەر دەخوازێ. موتڵەق نەک بە شێوەی ڕووح بەڵکوو بە شێوەی شکڵ و تەبیعەتی فیزیکی دەرک بکرێ. دەی موتڵەق چونکە ڕووحە هەر ساحەتێک بەسترابێتەوە بە تۆپکڵ و تەبیعەتی فیزیکی هەستیار، بەشی ناکا. جا کە هونەر بۆ دەرکی موتڵەق پانتایەکی نوقوستان بێت پێویستی بە ساحەتێکی نوێ وەک زەروورەت هەڵدەتۆقێ کە مرۆڤ بەپێی مەنتیق «دین» وەک بواڕێکی گونجاو بۆ موتڵەق دەستەبەر دەکا چونکە موتڵەق لە دینداً، نە بە شێوەی تەبیعەتی فیزیکی هەستیار (هونەر) و نە بە شێوەی ئەندێشەی ئەوتۆ (فەلسەفە) خۆی دەنوێنێ بەڵکوو دین لە حاڵەتێکی مام-ناوەنددا وەک قاڵبێک بۆ موتڵەق دێتە ئاراوە کە نە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە هونەرەوە هەیە (چونکە خاوەن خەسڵەتی تەبیعەتی فیزیکی نییە)، نە پڕاوپڕیش لە سەر خەتی فەلسەفە، ڕووحی ئەوتۆ (بە مانای نابی فارسی)یە. یانی دین لە لایەکەوە چونکە خاوەن تەبیعەتی فیزیکی نییە؛ ماددەش نییە، لە لایەکی دیکەشەوە چونکە دین وەک ساحەتی ئەوتۆی ڕووح واتە فەلسەفە لە سەر بنەمای پرسیار و وەڵامی مەنتیقی دانەمەزراوە، ئەوە خۆی لە مەودایەکی مامناوەندی نێوان هونەر و فەلسەفەدا دەبینێتەوە (هگل، ١٣٩٠: ٦٧٦).

ئێستا ئەو جۆرەی لە شێوازەکانی دەرکی موتڵەقی هێگڵدا وێدەچێ ئەم باوەڕەیە کە لە ئاکامی مەرگی هونەردا، دین لە دایک دەبێت. لە درێژەدا هیچ پێویست بە شرۆڤەی پتر ناکا و هەر بەو شێوەیە لە ئاکامی مەرگی دیندا فەلسەفە لە دایک دەبێت چونکە لە ڕاستیدا، مایە و ناوەرۆکی مەسەلەکە هیچ نەگۆڕاوە. پێویستە وەبیرمان بێتەوە یەکەم؛ مەرگ لە چوارچێوەی فەلسەفەی هێگڵدا سرپنەوەی تەنکەیەک لە گەردی فەهم و دەرکی موتڵەقە لە ساحەتێکدا (بۆ وێنە هونەر) بۆ پیشاندانی ساحەتێکی دیکە (بۆ وێنە دین) بە پانتایەکی بەرینتر‌ەوە. دووهەم؛ ڕەوتی حاڵ بە حاڵی هەر کام لەو ساحەتانەی دەرکی موتڵەق (لە هونەرەوە بۆ دین و لە دینەوە بۆ فەلسەفە) ڕێک وەک ڕەوتی حاڵ بە حاڵی ناو حاڵەتەکانی بازنەی هونەر لە سەمبولیکەوە بۆ کلاسیک و ئینجا لە کلاسیکەوە بۆ ڕۆمانتیک، ڕەوتێکی مێژوویی‌یە. تا ئێرە وەک بەشی یەکەمی ئەم وتارە شرۆڤەی بنەمای فەلسەفی فکری هێگڵ کەوتە بەر باس بە مێحوەرییەتی «مەرگی هونەر»وە؛ بۆیە دی بنەما نەزەرییەکانی هێگڵ لەو بازنەدا، باس نەکرا. دوو ناوبڕەکەش یەکەمیان شیکاری کەیفییەتی «مەرگ» بوو،

دووهەمیانیش پێوەندی نێوان زەین و قووەی مەعریفەتی موتلّەق. لە درێژەدا بەشی دووەمی ئەم وتارە تایبەتە بە دەستەواژەی «مەرگی دانەر»ی بارت.

بەشی دووهەم

«مەرگی دانەر» نامیلکەیەکی دژە سەرمایەدارانەی رۆڵان بارت زمانەوانی فەرەنسییە لە کتێبی«غەوغای زمان»دا کە لە ساڵی ١٩٦٨ی زائینیدا بە دەوری چەند تەوەری تایبەتی نیشانەشناسیدا وەک دەق و پێوەندی دەق بە نیشانەگەلی پێکهێنەری دەق و خوێندنەوەی بەرهەمی ئەدەبی و... هتد دەگەڕێ. بارت دەڵێ «دانەر» لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا وەک ناوەندێکی هەڵسوکەوت لەگەڵدا دەکرێ کە کۆی دالە مەعناداراکانی دەق تەنیا و تەنیا لەوڕا سەرچاوە دەگرن. «دانەر» لەم حاڵەتەدا سەرچاوەی مانا و ماناگەلی دەقە و هەروەها دەبێتە مەرجەعێک، کە هەر چەشنە خوێندنەوەیەکی دەق و بەو پێیە هەر چەشنە مانایەک بەوەوە بەسترابێتەوە. کەواتە بۆ تەفسیری دەق ئەشێ وێڵی کەسێک بین کە نووسەری دەقەکەیە و دەیجا لەو حاڵەتەدا مانا لە جەغزی نووسەردا دەرناچێ (Howard، ١٩٨٦: ٥٠). لەو پێوەندییەدا بارت لە سەر ئەو باوەڕەیە کە ناشێ وابێت. بەڵکوو دەق ئەشێ بەپێی خوێنەر خاوەن مانا بێت و پێی وایە لەبۆ سازکردنی مانا لە دەقێکدا ئەشێ ئاوڕ لە خوێنەر بدرێتەوە. کەواتە باسی سەرەکی ئەم وتارە لێرەدا هەڵدەتۆقێ کە «مەرگی دانەر» دەقاودەق پێوەندی بە لە دایکبوونی خوێنەرەوە هەیە. بارت دەڵێ: «دەق کۆی نووسراوەگەلێکی زۆر و سەرچاوەگەلێکی زۆرە و لە کولتوورگەلێکی زۆر سەرچاوە دەگرێ بەڵام جێگەیەک هەیە کە خاڵی مەرکەزی ئەم چەند تووێیەی فەرهەنگ و سەرچاوەکانە؛ ئەو جێگەیە جێگەی خوێنەرە نەک وەکی تا ئێستە دانەر داگیری کردووە. خوێنەر فەزایەکە لە گشت ئەو نەقڵانەی نووسراوەیەکی لێ پێک دێت» (Barthes، ١٩٧٧: ١٤٨). کەواتە هەر چەشنە مانا و پێکهاتەی دەقێک ڕێک ئەو شتەیە، بەردەنگ سازی دەکا. ئەدەبیات و نووسراوەی چەند تۆێ، دەربەستی مانایەکی جەغزدار نییە بەڵکوو هێندەی خوێنەر خاوەن مانایە. بۆیە مەنعی مانای تاک و چەسپاو لە لایەن نووسەرەوە بەستراوەتەوە بە خوڵقاندنی فەزایەکی چەند لایەن، کە تێیدا هیچ لایەنێک مەرکەز نییە (کولیر، ١٣٩١: ١١٠ــ١١٣).



وێکچوونی دوو بەشی ئەم وتارە لێرە دایە کە هەم لە ڕوانگەی هێگڵەوە و هەم لە ڕوانگەی بارتەوە ئاڵتێرناتیوی بووژانەوە گرێ دراوە بە «مەرگ». مەبەست لە بووژانەوە بە لای هێگڵەوە گۆڕینی جڵدی موتلّەقە واتە موتلّەق بە مەرگی جڵدێک، جڵدێکی دی نوێ دەپۆشی کەواتە بەستێنی دەرکی موتلّەق دەگۆڕدرێ نەک موتلّەق، بەڵام بە لای بارتەوە مانا زەمانێک لە جەغزی چوارچێوەداری نووسەر دەچێتە دەرێ و بەربڵاوتر دەبێتەوە و فرەماناتر دەبێت کە پنج و بناوانی «دانەر» هەڵقەندرێ و لە بەرامبەردا خوێنەر ببێتە مەرکەزی مانا بەڵام نەک هەر بەو چەشنە کە دانەر بوو بەڵکوو لە ڕێی «کۆدگەلی ڕیوایەتی»یەوە.

بەر لە باس و تاریفی «کۆدگەلی ڕیوایەتی» باشە ئاماژەی پێبدرێ کە کۆد نیزامێکی نیشانەییە و پەیامێک بەرهەم دەهێنێ و کۆیەک لە نیشانە و یاسا و ڕێسای پەیوەند دانەوەی ئەو نیشانانە لەخۆ دەگرێ (مکاریک، ١٣٩٣: ١٣٦).

«کۆدگەلی ڕیوایەتی» بنەمایەکی نەزەری زمانەوانییە کە وەک ڕەوشتێک بۆ خوێندنەوەی دەق و گەیشتن

بـه فرەمانایـی لـه ئاکامـی خوێندنـەوەی چیرۆکـی «سـارازین»ی ئۆنـۆرە دۆ باڵـزاک[٥١] دا بـاڕت لـه سـاڵی ١٩٧٧ی زائینـیدا، پێـی گەیشت و لـه کتێبـی ئێس/زێد دا بـاڵاوی کـردەوە. «کۆدگەلـی ڕیوایەتـی» بریتیـن لـه پینـج کـۆدی هیرمێنۆتیکـی، مانایـی، سـەمبولیک، کـرداری و کولتـووری و بـەو جـۆرەی لـه درێـژەدا دێ تاریـف کـراون:

١ـ کـۆدی هێرمێنۆتیـک (Hermeneutic Code): ئـەم کۆدانـه بریتیـن لـەو کۆدانـەی لـه ڕێگـەی جیـاوازی خستن لـه نێـوان ڕستەکان، ڕەمزێـک ساز دەکـەن تـا لـه دواتـردا مانـا بکرێتەوە (بـارت، ١٣٩٤: ٣٢). ئـەم جـۆرە لـه کۆدگەلـی ڕیوایەتـی پتـر لـه ڕێـی تەفسـیری دەقـەوە دەیانهـەوێ بـه شـێوەیەکی گشـتی لـه پێکهاتـەی مەوزووعی دەق بگـەن و کـۆی دەقەکـه ڕوون بکەنـەوە کـه چییـه.

٢ـ کـۆدی مانایـی (Code of Semes): ئـەم کۆدگەلـه بـه کورتـی هەمـوو مانـا دوورەکانـی دەق لەخـۆ دەگرن (آلن، ١٣٩٢: ١٣٧).

٣ـ کۆدگەلـی سـەمبولیک (Symbolic Code): ئـەم کۆدگەلـه بوونـەوەر و ڕووداوە تایبەتـەکان پەیوەنـد دەدەنـەوە بـه چەمکگەلێکـی گشـتی (مکاریک، ١٣٩٣: ١٣٨). بـۆ وێنـه بوونـی بوونەوەرێکـی وەک «ئەسـپ» لـه ڕۆمانێـکدا دەتوانـێ ڕەمزێکـی سـەمبولیک بێـت کـه خاوەنـی مانـا نەجابـەت و وەفادارییـه، لـه هەمـان کاتدا بوونەوەرێکـی وەک «ڕێـوی» دەتوانـێ ڕەمزێـک بێـت خـاوەن مانـای فریـوکاری و حۆقەبـازی. ئەمـه لـه حاڵێـک دایـه کـه نـه ئەسـپ و نـه ڕێـوی وەک بوونەوەرێـک مـرۆڤ فێـری نەجابـەت و حۆقەبـازی ناکـەن بەڵکـوو مـرۆڤ لـه ڕێـی تەبیعەتـی سروشـتی ئـەو ئاژەڵانـەوە قەرادادێکـی فـەرزی بـۆ مانابەخشـین بـه بوونـەوەر و ڕووداوەکان دەکاتە دەسـتمایە. واتـه مـرۆڤ لـه ڕێـی خەیاڵـەوە سـیفەتی ئـەو ئاژەڵانـه پـەروەردە دەکا و وەک نیشـانه بەکاریـان دێنـێ. چونکه«هـەر دەم مـرۆڤ مەیلـی لێیـه وا بیـر بکاتـەوە سـەمبول ملکـی تایبەتـی خەیاڵـه و بەس» (بـارت، ١٣٨٥: ٦٥).

٤ـ کۆدگەلـی کرداری (Proairetice Code): کۆدگەلی کـرداری کۆدگەلێـک کـه لـه قاڵبـی کـۆی چەنـد سـێکانس[٥٢] دا دەلالەتـه ڕووتینەکانـی دەق ئاشـکرا دەکا و بـەو پێیـه نزیکتریـنی ئـەو مانایانـەی لـه یەکـەم وەخوێندنـی دەقدا بەبـێ تەفسـیر و گرینگـیدان بـه لایەنـی نمادیـن و کولتـووری و ... بـۆ بەردەنـگ دەسـتەبەر دەبێـت دەتوانیـن بڵێیـن لـه ڕێـی کۆدگەلـی کردارییـەوە حاسـڵ دەبـن.

٥ـ کۆدگەلـی کولتـووری (Cultural Code): ئـەم کۆدگەلـه وەک نیشـانه ئـەو مانایانـه لەخـۆ دەگـرن کـه لـه ڕێـی گلدانـەوەی خوێنـەر بـۆ سـەرچاوە فەرهەنگییـەکان حاسـڵ دەبێـت واتـه ئـەم کۆدگەلـه کۆیەکـن لـه دەلالەتـه کولتووریـەکان هـەر بۆیـه ئـەم ڕەمزانـه مانـای ئـەو بەسـتێنه لـه عیلـم لەخـۆ دەگـرن کـه دەق خوێنەریـان بەرەوپیـری دەنێرێ (آلـن، ١٣٨٩: ٢٥) بـۆ وێنـه لـه دەقێکـی ئەدەبـیدا ئەگـەر کەسـایەتێک بـه نـاوی «یەهـوودا» ڕۆڵ بگێـڕێ تەنانـەت ئەگـەر مەبەسـتی دەقەکـه لـه هێنانـەوەی ئـەو نـاوە هیـچ ئاماژەیەکیـش بـه یەهـوودای خائیـن بـه مەسـیح پێغەمبـەرەوە نەبـێ مانـای «خەیانەتـکار» بـه شـێوەیەکی زەینـی بـۆ خوێنـەر دەبووژێتـەوە. بـه واتایەکـی دیکـه و بـه کورتـی ئـەم کۆدگەلـی کولتووریـه ڕێـک دەقاودەقـی چەمکی «بەینامەتنی»یـه لـه ئەندێشـەی «ژوولیـا کریسـتۆوا»دا کـه دواتـر لەلایـەن «ژێـرار ژێنێت»ـەوە پـەرەی پـێدەدرێ و ئێسـتا لـه ئـەم وتـارەدا جێـگای نابێتـەوە. بـەس بـه کورتـی هـەر ئەوەنـدەی ئامـاژە پـێدەدرێ کـه «بەینامەتنییـەت» وەک ڕەهەندێـک بـوو لـه زمانەوانـی دەقدا کـه کریسـتۆوا وەک دەسـتەواژەیەک لـه کۆتاییەکانـی دەیـەی شەسـتی سـەدەی بیسـتەمی زائینـیدا، لـه ئاکامـی تێفکریـن لـه بنەمـا نەزەرییەکانـی باختیـنـدا هێنایـه بـواری ڕەخنـەی ئەدەبـی فەڕەنسـەدا. بەینامەتنییـەت بڵێندگۆیەکـه بـۆ بانگـەوازی ئـەم ئەندێشـەیه کـه دەق نیزامێکـی بەسـتە و سـەربەخۆ نییـه بەڵکـوو دەق پێوەندییەکـی چەنـد لایەنـەی لـه تـەک دی دەقـەکانـدا هەیه (مکاریـک، ١٣٩٣: ٧٢).

◆ کۆبەند و دەستکەوتەکانی ئەم وتارە

ئـەم وتـارە سـەرەتا هـات بـه دەقیقبوونـەوە لەسـەر چەمکی «مـەرگ» ئاراسـتەیەکی نوێـی لـه ئاکامـی ڕیشەشناسـیدا پێشـکەش کـرد تـا هـاوکات لـه جیاوازێکـی چەمکـی «مـەرگ» بـه لای هێـگڵ و بارتـەوە هەیەتـی لـه سـەر ئـەو خاڵـه هاوبەشـەیان بوەسـتێ کـه بـه جـووت لـه سـەری کـۆک بـوون؛ ئەویـش ئەوەیـه کـه مادامێـک باسـی «مـەرگ» دەکـەن وەک زەروورەت، ئاڵتێرناتیوێـک بـۆ سـازکردنەوە

٥١- ئۆنـۆرە دۆ باڵزاک (١٧٩٩تـا١٨٥٠ی زائیـن) نووسـەرێکی بـه ناوبیـەی فەڕەنسـییه کـه خاوەنـی ڕۆمانگەلێکـی زۆرە وەک: یاغییەکانـی باکـووری فەڕەنسـه، چەرمـی سـاغەری، سـەرهەنگ شـابێر، ژنـی سـی سـاڵە، بابەگۆریـۆ و کۆمێـدی ئینسـانی و... (خانلـری، ١٣٧٥: ١٨٢ـ ١٨٧)

٥٢-سـێکانس (Sequence): کـۆی چەنـد یەکەیەکـی ناوەڕۆکییـه کـه لـه ئـاکامدا کردارێکـی لـێ ساغ دەبێتـەوە. ئـەو کردارانەش هـەر کام لـه خۆیانـدا ماکێکـی مێحوەریان هەیـه کـه چەنـد وردەکردارەکـەی دیکـه بـه دەوری ئـەو ماکانـەدا دەگەڕێن (بـارت، ١٣٩٢: ٢٣).

پێشکەش بکەن. کەیفییەتی هەر دووک ئاراستەکان ڕیشەی لە تێڕوانینی هەڵقوڵاو لە ئەندێشەی ئەو دوو کەسایەتییەدا هەیە کە نیسبەت بە جیهان و وجوود هەیانە. ئاراستەی هێگڵ ڕیشەی لە بۆچوونە میژوویییەکانی دایە، دەیجا ئاڵتێرناتیوی دوای «مەرگ»یشی لە ئەساسدا بووژانەوەیەکی میژوویییە. واتە بە لای هێگڵەوە بونیادنانەوەی ساحەتێکی نوێی مەعریفەتی موتڵەق ئەشێ لە سەر هەر هەمان پنج و بناوان بێت کە لە ساحەتێکی بەر لە خۆیدا (n-۱)دا بووە. بەپێچەوانەوە بارت کە تێڕوانینێکی تەنانەت دژە میژوویشی هەیە پێی وایە بۆ بونیادنانەوەی ساحەتێکی نوێ لە مانا ئەشێ پنج و بناوانی ساحەتی پێشوو هەڵقەندرێ کەواتە ئەشێ (n) بسڕێتەوە و (m) جێی بگرێتەوە.

بە کورتی «مەرگ» وەک تێزێک بۆ دوو کەسایەتی بەر باسی ئەم وتارە بووەتە هۆی داڕشتنی دوو ئانتیتێز کە یەکیان تابعی ڕەوتی میژوویییە و ئەوی دیکەیان ڕێک بە فەهمی دژە میژووی داڕێژراوە تا لە ئاکامدا ببنە هۆی خوولقانی سەنتێزی دەرک و مانای نوێ. کەواتە بە دەقیقبوونەوە لە سەر ئەم دوو ڕەهەندە تێدەگەین چ ڕێکارێک دەبێ بگرینە بەر بۆ نۆژەنبوونەوە لە بواری عیلمێک یان ڕوانگەیەکی دیل لە جەغزی میژوودا و بەپێچەوانەوە چ ڕێکارێک بگرینە بەر بۆ بووژانەوە و نوێبوونەوە لە چوارچێوە و جەغزی ڕوانگەیەکی کە دەربەستی ڕەوتی میژوویی نییە.

لە کۆتایی تاوتوێی بابەت و تەوەری ئەم وتارە، ئەو حوکمانەی ژێرەوە وەک دەستکەوت دەستەبەر دەکرێن:

۱ـ چەمکی «مەرگ» ناتوانی بێتە ئاراوە مەگەر ئەوەی مەعریفەتی تەواو حاسڵ بێت سەبارەت بەو وجوودەی قایل بە سڕینەوەی هەین.

۲ـ تا ئاڵتێرناتیوێک بۆ بووژانەوە نەبێ چەمکی«مەرگ» ئەگەر بێتە ئاراشەوە، هیچ کارکردێکی لە چوارچێوەی ئیدراک و ماناکردنەوەی مەوزووعی ئیدراک نابێ.

۳ـ لەو بوارانەدا کە وجوودێک خاوەن توخمی میژوویییە (بوارگەلی چوارچێوەی ئیدراک) ئەوە چەمکی «مەرگ» بەس پاککردنەوەی ڕواڵەتی ئەو وجوودەیە و نۆژەنبوونەوەی لە چوارچێوەی گۆڕینی جڵد و توێکڵی ئەو وجووە بەدەر نییە.

٤ـ ئەو بوارانەی کە ئەرکی ماناکردنەوەی مەوزووعی ئیدراک و وجووە میژوویییەکانیان لە ئەستۆیە، هەرگیز پێڕەوی نیزامی خەتی نین و بۆیە ناشێ بە ئاراستەیەکی میژوویی ڕووبەڕوویان ببینەوە

۵ـ بۆ نۆژەنبوونەوە و بووژانەوەی ساحەتێکی نوێی مەعریفەت بەس لادانی گەردالە گەرد و جڵد و توێکڵی وجوودی مەعریفەت کیفایەتە. بەڵام بۆ نۆژەنبوونەوە و بووژانەوەی ساحەتێکی نوێی مەعریفەتی مانا ئەشێ لە ڕەگ و ڕیشەوە بونیادی ساحەتی پێشوو دەربێت. جێی ئاماژەیە لە حاڵەتی یەکەمدا مەوزوعی بووژانەوە خودی مەعریفەتە، کەچی لە حاڵەتی دووەمدا مەوزووعی بووژانەوە مەوزووعی مەعریفەتە.

لە کۆتاییدا جێی ئاماژەیە تێگەیشتنی لە دوو بەرەکایەتی و دەراوی تێڕوانینی هێگڵ و بارت لە تەواوی ئەم وتارەدا کە خرایە بەر باس، بەستراوەتەوە بە تێگەیشتنی ئەم حاڵەتە کە مەوزووعی هێگڵ نۆژەنکردنەوەی وجوودی مەعریفەتە بەڵام مەوزوعی بارت نوێکردنەوەی مەعریفەتی مانایە.



هەواڵنامەی کتێب

سەرچاوەکان

(چونکە سەرچاوەکان وەرنەگێڕدراونە سەر زمانی کوردی بۆیە بە زمانی خۆیان ڕەدیف کراون!)

- آلن، گراهام. ۱۳۸۹. بینامتنیت. پیام یزدانجو چاپ سوم. تهران: مرکز.
- آلن، گراهام. ۱۳۹۲. رولان بارت. پیام یزدانجو. چاپ دوم. تهران: مرکز.
- بارت، رولان. (۱۳۸۵). نقد و حقیقت. ترجمه شیرین دخت دقیقیان. چاپ سوم. تهران: مرکز.
- بارت، رولان. (۱۳۹۲). درآمدی بر تحلیل ساختاری روایتها. محمد راغب. چاپ دوم. تهران: رخدادنو.
- بارت، رولان. (۱۳۹٤). اس/زد. ترجمه سپیده شکری پور. چاپ اول. تهران: افراز.
- خانلری، زهرا. (۱۳۷۵). فرهنگ ادبیات جهان. چاپ اول. تهران: خوارزمی.
- ستیس. و. ت. (۱۳۹۰). فلسفه هگل. ترجمه حمید عنایت. چاپ دهم. تهران: امیرکبیر.
- کولیر، جاناتان. ۱۳۹۰. بارت. ترجمه‌ی حسین شیخ الاسلامی. چاپ اول. تهران: افق.
- مکاریک، ایرنا ریما .(۱۳۹۳). دانش نامه‌ی نظریه‌های ادبی معاصر. محمد نبوی و مهران مهاجر. چاپ پنجم. تهران: آگه.
- هایدگر، مارتین. (۱۳۹۲). سرآغاز کار هنر. ترجمه پرویز ضیاء شهابی. چاپ پنجم. تهران: هرمس.

- Barthes Roland. The Rustle of Language. Howard, Richard(Trans). New York: Hill and Wang, ۱۹۸٦.
- Barthes Roland. Image – Music – Text. Stephen Heath(Trans). Fontana, London, ۱۹۷۷.



قادر نیازی



ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵ ئۆتیسمی دیالێکتیک وئۆستووەپەرەستی ئێپیدیمیک





قادر نیازی/ شاعیر و ڕەخنەگر

شێعر یەکێ لەو فاکتۆرگەلەیە کە بە هۆی ماهییەتی زمانی خۆی و هەروەها زاوزێکردنی زمان، بۆی هەیە ئەو فەزا ڕەنگاوڕەنگەی شار کە نموودێکی جیهانیشی بە خۆیەوە گرتووە، ڕاگوێزی دنیای لایبرێنتی خۆی بکا.

جیهانی ئەورۆ، جیهانێکی فرەدەنگ و فرە فەزایە و ئاسایییە کە پێوەندیگرتن بەو بارودۆخەش هەر بەپێی هەلومەرجەکانی ئەو بارودۆخە، دەبێ سەر بگرێ.

شێعر یەکێ لەو فاکتۆرگەلەیە کە بە هۆی ماهییەتی زمانی خۆی و هەروەها زاوزێکردنی زمان، بۆی هەیە ئەو فەزا ڕەنگاوڕەنگەی شار کە نموودێکی جیهانیشی بە خۆیەوە گرتووە، ڕاگوێزی دنیای لایبرێنتی خۆی بکا.

هەر بۆیە لە وەها فەزایەکی پلۆڕاڵدا، زەروورەتی گەشەی زمانی پتر لە هەموو فاکتەرێک هەستی پێ دەکرێ کە ئەرکی ڕاگوێستنی ئەو فەزایەی پێ بسپێردرێ.

ئەوەی کە لە بەدیهێنانی ئەو فەزا شارییەدا و ڕاگوێزکردنی بەرەو بەستەر و پانتای شێعر، دەبێ چ مێتۆدگەلێک دەکار بکرێن، گرینگایەتییەکی ئەوتۆی هەیە. ئەوە سەرەڕای ئەوەیە کە ئەو فەزا فرە دەنگ و ڕەهەندە دەبێ بە چ شێوەیەک لە شێعری کوردیدا ڕەنگ بداتەوە؟ بەر لە هەموو شتێک دەبێ دان بەوە دابهێندرێ کە کورد هێشتا تەجروبەیەکی ئەوتۆی شوێن کاتی (تجربەزیستە) لە شاردا، یا نەبووە یا ئەگەر زۆر بە تەساموح و ئیغماژەوە سرنجی بدرێتێ، دەردەکەوێ کە بەدەگمەن لە فەزای نێوخۆی خۆیدا توانییەتی ئەو فەزایە بە شێوەیەکی کۆنکرێت لە نێو ئەدەب و وێژەدا، بەدی یا هەست پێبکا، بێشک بۆ ئەو مەبەستەش قەرزداری هەندێ ڕەچەڵەکی شێعری بووە (بەتایبەت شێعری بەرەی چوار) کە لەو بیست ساڵەی دواییدا و لە پانتای ئەدەبی کوردیدا، سەریان هەڵ داوە. جوودا لەوەش، لەو نێوەشدا ناکرێ باس لە ئەدەبی تاراوگە یا شێعری دیاسپۆڕا نەکرێ کە تا ڕادەیەک ئەو ئەرکەی ڕاپەڕاندووە.

هەر چەند باسی ئێمە لێرەدا ئەدەبی تاراوگە نییە بەڵام نکۆڵی لەوەش ناکرێ کە ئەدەبی تاراوگەی ئێمەش هێشتا بەو شێوەیەی پێویستە نەیتوانیوە خۆی لە بازنەی ناسیۆنالیزم و دڵداری و غوربەت و نۆستاڵۆژی دەربهاوێ. لە بەر ئەوەی کە خۆی خوڵقاوی ئەو فەزا سیاسی و ناسیۆنالیستی و نۆستاڵۆژیکە بووە کە باڵی بە سەردا کێشاوە.

بە هەر حاڵ پێویستە ئەوە بگوترێ کە ئەگەر لە لایەکەوە شار وەک مەکان و فەزا نەیتوانیوە ببێتە ئۆبژەیەک بۆ کورد ، لە لایەکی دیکەشەوە هەر ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە دیالکتیکی شار و شێعر بە دەگمەن بتوانێ بەو جۆرەی شیاوە، خۆ بخزێنێتە ژێر پێستی ئەدەبی کوردی و تۆخی پێبهاوێ. هەر بەو پێیە بەپێچەوانەی هەندێ بۆچوون کە لایەن وایە چەمکێک بە واتای ئەدەبی کوردی تا ئێستا دە ئارادا نەبووە. وا دەردەکەوێ کە لانیکەم ئەدەبی کلاسیکی ئێمە لەو بارەوە تەواو خاوەن شوناس و هۆوییەی کوردی بووە. لە بەر ئەوەی کە وێڕای کۆمەڵگای کوردی نەیتوانیوە چەمکی شار لە نێو خۆیدا جێگیر بکا نە وەک فەزا، نە وەک مەکان، نە تەنانەت وەک ئیمکان و شیمانەش. ئەو کێشەیە داوێنگری بەشێکی زۆریش لە شێعری نوێ بووە، دیارە لێرەدا مەبەست لەو شێعرانەیە کە تەنیا جەختیان لە سەر گۆڕینی ڕوالەت و فۆرماڵی شێعردا کردووە بێئەوەی هەڵگری ناوەڕۆک و فەزا و تێماتیکێکی شاری و پۆلی فۆنیک بن.

ئەوەی لە ماوەی ئەو دوو دەیەشدا، لە لایەن هەندێ بزاڤی ئەدەبی وەک داکار و بەرەی چوار و نوێترخوازەوە هاتووەتە ئاراوە، بێشک حاسڵاتی ئەو دیالکتیکە نەبووە کە کۆمەڵگای کورد و ئەدەبی کورد هەیان بووە، بەڵکوو هەر وەک پێشتر وترا بەرهەمی ئەو دیالۆگ و دیالکتیکە بووە کە خۆی لە گەڵ مێژووی شێعری مۆدێرن و ئەدەبی جیهانی و یۆنیڤێرسااڵ هەیبووە.

هەر بەو هۆیەوە دەکرێ بوترێ کە بۆ پێکهێنان و چێکردنی فەزای شار و دیاردەناسی شار لە شێعری کوردیدا، پتر لە ئارکیتایپ (کهن الگو) و ناخودئاگای



گشتی، زەروورەتی حزوور و پێناسەکردنی ئۆبژەی شار لە زێهنی کورددا، هەستی پێکراوە و لە لایەن شاعیرانی داهێنەر و نوێخوازەوە ئاراستە کراوە. هەر چەند ئەوە بە مانای پاکتاوکردن و سڕینەوە یا نکۆڵیکردن لە شوێندانەریی ئارکیتایپ و ناخودئاگای گشتی کورد نییە وەلی ناشکرێ ئۆبژەی شار لە شێعری کوردیدا، گرێدراوی ئەو فاکتەرانە بن کە شێعر بەرەو تاکرەهەندی و مۆنۆلۆگ پەلکێش دەکەن. لایەنی نمادناسی و ئۆستووڕەناسی کە خۆی یەکێ لە بەرهەمەکانی ڕووبکەردی ئارکیتایپە تا ئێستاش نەیتوانی خۆی لەو بازنە ئارکائیکە هاوێر بکا کە هەمیشە شێعری تووشی هەندێ چەمکی ناسیۆنالیستی کردووە. قوربانی هەرە گەورەی ئەو دۆخەش هەمیشە ئەو بواڕە ناسیۆنالیستییە بووە کە نە تەنیا شێعر کە خودی خوێنەریشی دەمارگرژ بارهێناوە، جۆرێک کە لە زۆر بواردا پێخۆری بە نوێخوازی و چەمکی نوێ کردووە و لێیان دوورەپەرێز بووە. ئەگەرچی ناسیۆنالیزم وەک یەکێ لە گرینگترین فاکتۆرەکانی سەرهەڵدانی ئەمری مۆدێرن و شوناسی کورد بووە، بەڵام بە ڕۆژ نەکرانەوەی ئەو قەرائەتگەلەی کە بۆ شرۆڤەی ناسیۆنالیزمی کوردی پێویستن، هەم ناسیۆنالیزم و هەم ئەدەبی کوردیشی تا ڕادەیەکی زۆر بنەڕەتخوازانە و تۆتالیتەر گۆش کردووە. کە باس لە شێعری شار دەکرێ بە واتای دامەزراندنی فەزایەکی پۆلیفۆنیک و چەند دەنگ و پلۆرااڵە کە تێیدا، نە ستاتیکای شێعر بە یەک تکنیک و ئیماژ دەبەستریتەوە نە حەقیقەتیش وەک فاکتەرێکی داڕووشاو خۆی بە سەر شێعردا دەسەپێنێ. ئەوەی گرینگە لە شێعری شاردا، بەرچاو بگیرێ کردەی ستاتیکی و کردەی حەقیقییە (امرحقیقی) کە بە نۆبەی خۆیان دەبنە هۆی نزیکبوونەوەی خوێنەر و بەردەنگ لە فیزیک و فۆرماڵی شار و خوڵقانی شار وەک ئۆبژە بە زێهنییەت و بەکگراوەندێکی مۆدێرنەوە کە خۆی حاسڵات و بەرهەمهاتووی سووژەی زمانییە. تەواوی ئەو فەزایە، پێویستی بە بیرۆکەیەکی مۆدێرن هەیە و لە کاناڵی تەوەهومێکی خێڵەکی و دەرەبەگی‌دا، مەحاڵە بەدی بکرێ، لە بەر ئەوەی زاتی هونەری مۆدێرن بەگشتی و شێعری شار بەتایبەتی وا ئیجاب دەکا کە وەها هەڵسوکەوتێکی لە گەڵ بکرێ.

شێعری شار، هیچ کات پاشکۆ و دەروەستی بارودۆخی مەوجوود نییە، هەر بەو هۆیەش ئەو بیرۆکەی کە پێی وایە شێعر دەبێ شان بە شانی کۆمەڵگا، ماهییەتی خۆی بەدی کا. پاساو ناکرێ نە بەپێی تیۆرییە نوێیەکان، نە بەپێی ئەو بارودۆخە ئانۆمیک و هەڵپەسێردراوەی کە کۆمەڵگای کورد تێی‌دا ڕایدەبڕێ. لە لایەک نە ئەو تێۆرگەلە زمانی و مۆدێرنە لە پانتای ئەدەبی کورددا بەتەواوی مسۆگەر کراون، لە لایەکی تریشەوە بارگراوەند و باڕستایی سوونەنەتی‌بوون بە سەر کۆمەڵگای کوردی‌دا، باڵی کێشاوە و لانی‌کەم تا ئێستا بەرۆکی بەر نەداوە. ئەوە سەرەڕای ئەو هەموو مانادۆزی و پێناسەکارییە چەواشانە بووە کە لە سوونەنەتیش کراوە.

ئەوەش وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا یانی ئەوەی کە شێعری شار ناچارە بە گوێرەی میژووی خۆی دە حەولی دیالکتیک و ئاخافتندا بێ، نەک بەپێی ئەو پاڕامێترگەلەی کە تا ئێستا سوونەنەتی شێعری کوردی پێ ڕاهاتووە. ئەوەی ڕاستی بێ، ئەوەیە شێعری شار لێورێژە لە لایبرێنتی نەناسراو کە ڕێگا لە هەر چەشنە فەزایەکی فەندامێنتاڵ و هەڵوێستی تۆتالیتەرانە دەبەستێ، هەر ئەوەش وا دەکا پێوەرەکانی دیاریکردنی ئەمری حەقیقی و ستاتیکی لە خوێنەرێک تا خوێنەرێکی تر جیاواز بن. ئەوە بەرجەستەترین دیاردە و نموودی دێمۆکڕاسی و ئۆتۆپیای وشە و زمانە کە دە شێعری شاردا بۆی هەیە بەدی بکرێن تا بەر لە هاتنە ئارای شار وەک ئۆبژەیەکی شوێندانەر، لە دامەزراندی بنەماکانی عەقڵانییەت و ئەندێشەدا، شێعر، نوێبوونەوەی خۆی ڕەنگە بەپێی



هەوالنامەی کتێب

هەندێ پارامێتری وەک گۆڕینی کێش و سەروا و هەڵکێش داکێشی میسرەع و بەیت و....پێناسە کردبێ، ئەوە لە شێعری کوردیدا بەرچاوترە تا شێعری فارسی و وێشدەچێ پتر لە ئەوەی کە وەک ڕەخنەیەک لە دەستپێکی شێعری نوێی کوردی لێی بڕواندرێ وەک لاوازیی ئەندێشە و عەقڵانییەتی مۆدێڕنی کوردی بێتە ئاراوە باشترە. هەر بەو هۆیەی کە پێشتر باسی لێ کرا، ئەویش نەبوونی دیالۆگی کۆمەڵگا و ئەدەبی کوردی و نەبوونی بیرۆکەی مۆدێرن بۆ سازدانی پڕەنسیپە مەعریفییەکانی نوێ ـــ شارخوازی بووە لە کۆمەڵگای کوردیدا کە خۆی لە خۆیدا سەرچاوەی لە غیابی عەقڵییەتی دەوڵەت ـ شاری وەرگرتووە.

حاشا هەڵنەگرە کە شێعری شار پێویستی بە سووژەی بیرکەرەوە و هزرمەند هەیە کە جەسارەتی تەعامول لە گەڵ هەر ئۆبژەیەک لە خۆیدا بەدی بکا.

بۆ کەشفی ئەو پوتانسییەلەش بەردەوام کەڵک لە زمان وەردەگرێ. زمان خۆی سووژەیەکی سەرکەش و جەسوورە کە ڕەنگە تا سنوورەکانی لە ناوچوون هەڵی خۆناسین و بلووغ و ئاراستەکردن بە خۆی بدا. دیارە تکنیکەکانی بەدیهێنانی ئەو فەزایە لە زۆر ڕەهەند و کانالّی مۆدێڕنی وەک ئایرۆنی و پارۆدی و پاڕادۆکس و چەند فەزایی و چەند زمانی و چەند زەمانی و چەند فۆرمی و فرەدەنگی....کەڵک وەردەگرێ کە زۆر بە ئاسانی دەکرێ نموودی فیزیکی ئەوانە لە بەستەری شاردا، دەستنیشان بکرێن.

هەڵبەت دەبێ بکوترێ کە کەڵکوەرگرتن لە ئێلێمانەکانی شار وەک تێرمینالّ و ئاسفالّت و پاس و تەلار بە بێ پشتیوانەیەکی تکنیکی، چەندە ڕەنگ و بۆی شار بە مەکانێک دەبەخشن، دەکارهێنانی کاراکتێرگەلی وەک ئوتووبان و مێترۆ و... و هەڵکێش داکێشی بەیت و میسرەع و دەست تێ گێڕان دە ڕێئاڵی فۆرم و نما بە بێ چێکردنی سووژەی هزرمەند (من اندیشنده) هەر ئەوەندە شێعری شار دەخوڵقێنێ.

شێعری شار پێویستی بە دیالکتیک لە گەڵ خودی شار هەیە وەک ئۆبژەیەکی زیندوو و سووژەی هزرمەند و ئەکتیو و عەقڵانییەتی مۆدێڕن وەک ئەندێشەی داهێنەر. ئەوەش وا دەکا کە خوڵقانی خۆی بە فەزای شار و ماهییەتێکی مەدەنی و دێمۆکڕاتیک ببەستێتەوە کە ئێلێمانەکانی شار بە عەقڵانییەتێکی پۆزەتیف و ئیجابی و مۆدێڕن پێناسە دەکا.



ئیدەئالیزمی هەڵڕشتن لە شێعردا بەگشتی جیاوازی هەیە لە گەڵ عەقڵانییەتی دارشتنی شێعری شار، بەو پێیە بەر لە هەموو چەمکێ بۆ دارشت و چێکردنی فۆرمۆڵی شێعری شار، نیاز بە خوشین و مۆتاسیۆنی سووژە، نیازێکی حاشا هەڵنەگر و زەروورییە، ئەویش بە واتای ئەوەی کە سووژە لەو حاڵەتە مەیو و مونفەعیل و ڕام کراوی و ئاڵقەبەگۆیی و مازۆخیستە بێتە دەر و خۆی فەرماندەر و فەرمانبەری خۆی بێ.

پێویستە ئاماژە بە ئەوەش بکرێ کە بۆ داهێنانی شێعری شار پتر لە زەینییەتی شاعیر، ڕادەی دەخۆڕادیتنی زمان بۆ دەرخستنی فەرایەند و پوتانسییەلە زمانییەکان وەک سووژە دێنە ئاراوە، ئیتر وێشدەچێ کە ڕاندوومانی ئەو دە زمان نووسانە دەگەڕێتەوە سەر ئەو شێوە ڕوانین

و مانۆرلێدانە کە شاعیر بە گوێرەی هەڵگۆستەکانی خۆی لە زمان وەک مەتریاڵ هەیەتی.

لەو بەستەرە بزۆز و کراوەیەدا، بایەخی شێعری شار بەر و پتر لە ئەوەی بپرژێتە سەر مانا و دەستەربەرکردنی شێعری لۆژیکی و تاکرەهەند و مۆنۆلۆگ، لە سەر ئەسڵی بەرامبەری و دابینکردنی ماقی ژیان بۆ گشت دەنگەکان لەنگەر دەگرێ، دەرکەوت و دەرئەنجامی ئەوەش پێکهاتنی فەزایەکی مەدەنییە لە شێعردا و دامەزراندنی ژێر ساختگەلێکی دێمۆکرات و پلۆرااڵ کە خوێنەر موجاب دەکا گشت دەنگەکان ببیسێ.

گرینگترین خسڵەتی شێعری شار ئەو لێک گرێدانەی خوێنەر و دەق و ڕەخنەگرە کە هەر کام بە نۆبەی خۆیان تەواوکەری ئەو پڕۆژە هزرییەن.

ئەگەر تا ئێستا لە شێعری نوێی کوردیدا، ڕووبەڕووی وەها فەزایەک نەبووین یا بە دەگمەن ئاوڕی لێ دراوەتەوە، بەو هۆیە بووە کە کورد نەیتوانیوە بە عەقڵانییەتێکی دەوڵەت ــ شاری هەڵسوکەوتی لە گەڵ چەمکە سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئایینییەکانیش هەبێ.

کێشەی مەوزووعی نەبوونی سووژە بەرۆکی گشت لایەن و تەوەرەکانی گرتووە، ئۆستووڕەپەرەستی و پێ هەڵگووتن بەردەوام خۆی چەسپاندووە و ئایدیا لە هەموو بوارەکاندا، عەرزی ئەندامی کردووە و چەندین هۆ و هۆکاری تر کە خوڵقێنەری ئەو بارودۆخە بوون.

شێعری شار لەو فەزا دوگمەدا، بەر لە هەموو شتێک، پێویستی بە دابڕان (گسست) لەو فەزایە هەیە، باس لە دابڕان کە دەکرێ مەبەست لە تێپەڕاندنی بە ناچاری ئەو فەزا تاکرەهەند و بێدیالکتیکەیە کە پێشتر ئاماژەی پێکرا.

ئەوەی کە بوارەکانی مۆتاسیۆن و خوشینی سووژەی بوێر و مەترسی ئافرێن و....بۆ سەرهەڵدان و نیهادینەبوونی شێعری شار چەندە دەڕەخسێ، دەبێ بڵێین کە تەنیا و تەنیا عەقڵانییەتی نوێ ــ شارخواز دەتوانێ دیاری بکا.

لایەنێکی دیکەی شێعری شار کە وەک زەروورەت دەبێ ئاوڕی لێبدرێ، خوێنەری چالاک و ئەکتیوە کە دە چێکردنی ئەو فەزایەدا ڕۆڵێکی گرینگی هەیە.

تاکتیکەکانی خوێندەوە ئەگەر هەر بەپێی ئەو بنەما سوونەتی و کلاسیکە بێ، کە تا ئێستا کورد و خوێنەری کورد بۆ خوێندنەوەی فاکتۆرە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان و....هەیبووە، لێرەشدا ڕێ ناباتە هیچ فەزایەکی تازە و جیاواز و یۆنیقێرسااڵ.

قورسترین زەبرێکی کە تا ئێستا بەدەنەی شێعری مۆدێرن و جیاوازی لە ڕۆژهەاڵتی کوردستاندا پێکاوە هەر ئەو دەمارگرژییە بووە لە خوێندنەوەدا کە ڕێگای ئیسبات و چەقبەستنی شێعری شاری کوردی لە پانتای ئەدەبی کوردیدا بەستووە.

پێشتریش باس کراوە کە چاپی چەندین و چەند جارەی کتێبی شێعری کلاسیک و چاپی لە ڕادەبەدەر نزمی کتێبی شێعری مۆدێرن سەلمێنەری ئەو ئیدعایەن کە خوێنەری کورد تووشی ئینفعالێکی بەهێز بووە و ڕێگای جموجۆڵی لە زێهنی خۆیشی بەستووە.

ئەگەرچی زۆر یەک لە بۆچوونەکان هەر بە هۆی ئەو چاپی دوو جار و چەندین جارەی ئەدەبی کلاسیک و سوونەتی کورد، تەئکید لەسەر گشتگیربوون و مەقبووڵبوونی ئەدەبی کلاسیک وەک تاکە ژانڕی ئەدەبی کوردی دەکەن وەلی گومانی تێدا نییە کە ئەو ئیستراتژییە یا سەرچاوەی لەو دەمارگرژی و ئۆستووڕەپەرەستییە گرتووە کە لە سەرەتای ئەو نووسراوەدا، ئاماژەی پێکرا یا پاڕادایمەکانی خوێندنەوە و ڕەخنە و شرۆڤەکاری شێعری شار، هەر بەپێی ئەو ڕەوااڵ و ڕەوەند و تکنیکە سوونەتییانە بووە و شێعری مۆدێرنیشی پێ هەڵسەنگێندراوە، کە ئەوەش بە نۆبەی خۆی کێشەیەکی تر و بەرۆکی شێعری شاری گرتووە.


بەهێزترین زەبرێک کە لێرەدا ڕەوتی نوێژەنبوونەوەی ئەدێشەی کۆمەڵگای کوردی پێکاوە، هاتنە ئارای ئەو عورفی و گشتگیربوونەیە وەک پرستیژ و پڕەنسیپ و ئایدۆلۆژی کە نە تەنیا شێعری شار، کە گشت بنەماکانی تریشی تووشی مەترسی کردووە.

حەمەی کەریمی



ئاوانگاردیسم

لە شێعری هاوچەرخی کوردیدا



فۆکۆ دەربارەی مێژووی هونەر و ئەدەب و ئەوەی کە هونەر و ئەدەب، جگە لەو کەیسە گشتییەی کە لە گەڵ بەستێنە کۆمەڵایەتی و مێژوویی‌یەکان‌دا هەیەتی، بۆ خۆیشی خاوەنی مێژوویی‌یەکی تایبەتە. ئاماژە بە بابەتێکی گرنگ دەدات. ئەویش مێژووی هونەر و ئەدەبە بە شێوەی سەربەخۆ، فۆکۆ دەڵێت: مێژووی هونەر و ئەدەب بە تەنیا بریتی نییە لەو مێژووەی کە مێژوویی کۆمەڵگایە، بەڵکوو لە هەمان کاتدا بریتییە لە میژووی خودی هونەر و ئەدەبیش.

حەمەی کەریمی

فۆکۆ دەربارەی مێژووی هونەر و ئەدەب و ئەوەی کە هونەر و ئەدەب، جگە لەو کەیسە گشتییەی کە لە گەڵ بەستێنە کۆمەڵایەتی و مێژوویی‌یەکان‌دا هەیەتی، بۆ خۆیشی خاوەنی مێژوویی‌یەکی تایبەتە. ئاماژە بە بابەتێکی گرنگ دەدات. ئەویش مێژووی هونەر و ئەدەبە بە شێوەی سەربەخۆ، فۆکۆ دەڵێت: مێژووی هونەر و ئەدەب بە تەنیا بریتی نییە لەو مێژووەی کە مێژوویی کۆمەڵگایە، بەڵکوو لە هەمان کاتدا بریتییە لە میژووی خودی هونەر و ئەدەبیش. بەو مانا، نووسەر و هونەرمەند بە تەنیا پەیوەست نییە بە مێژووی کۆمەڵگاوە، بەڵکوو لە هەمان کاتدا درێژەپێدەری مێژوویەکیشە بە ناو مێژووی هونەر و ئەدەب، بەمەوە هونەر و ئەدەب لە گەڵ ئەوەی لە دیالکتیکێکی هێگڵی‌دا لە پێوەندیی لە گەڵ کۆمەڵگا و بەستێنە فەرهەنگی، مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان‌دا خۆی دەبینێتەوە، لە هەمانکاتدا و هەندێ جار پشت لەو دیالکتیکە دەکات. بەو مانا، هونەر و ئەدەب بەگشتی و بزاڤ و ڕەوتە ئەدبییەکان بەتایبەتی بە نیسبەت بەستێنە کۆمەڵایەتی و مێژوویی‌یەکانەوە لە حاڵەتی دیالکتیک دان، بەمەوە زۆر جار هونەر و ئەدەبیات و ڕەوتە ئەدەبییەکان لە ژێر کاریگەریی بەستێنە کۆمەڵایەتی و مێژوویی و کەشوهەوای سیاسی و فەرهەنگی‌دا، تووشی ئاڵۆگۆڕ دەبن، وەک چۆن لە زۆر حاڵەتدا دەبینین هونەر و ئەدەب لە شێوەی قوتابخانە و ڕەوتە ئەدەبی و هونەرییەکان‌دا، بەرانبەر بەو بەستێنانەش پەرچەکردایان هەبووە. وەک چۆن ئەو بەستێنانە کاریگەرییان دەبێت لە سەر هونەر و ئەدەب بە هەمان شێوەیش هونەر و ئەدەبیات (بەوەی کە ڕەهەندە شاراوەکانی ژیان و مرۆڤ دەردەخەن و بەرجەستەی دەکەنەوە) بە شێوەی تایبەتی خۆیان کاریگەریی دادەنێن لە سەر بەستێنە مێژوویی، کۆمەڵایەتی و فکریی و فەرهەنگییەکان.



بەم دەسپێکەوە دەمەوێ بە پرسیارێکەوە تێکەڵ بە باسەکە ببم. پرسیارەکەش ئەوەیە، ئاخۆ شێعری هاوچەرخی ئێمە بەتەواوی نوێگەرییەکانییەوە، لە ڕووی فۆرم و زمان و دیکەی ئامراز و تکنیکە هونەرییەکان و هاوکات کەڵک وەرگرتن لە تەکنیکی نوێی ئەدەبی جیهانی تا چە ڕادەیەک توانیوییەتی خۆی تێکەڵ بە بزووتنەوەی هونەری پێشڕەو یان ئاوانگارد بکات، یان نەخێر ئەساسەن توانیوییەتی هەڵگری هەندێک لە ئایتم و پارامێترەکانی ئەدەبی پێشڕەو بێت؟

بۆ وڵامدانەوە بەم پرسیارانە دیارە پێویستمان بە هەندێک باسی تر دەربارەی هونەری پێشڕەو و پێناسە گشتییەکان و هاوکات تیۆرە ئەدەبییەکان سەبارەت بە هونەری ئاوانگارد. بەمەوە ئاماژە بە دوو بۆچوون یان


دوو تیۆریی ناتەبا و دژبەیەک دەکەم کە پەیوەستن بە (لۆکاچ و ئادۆرنۆ) وە، لە پێشدا ئەوە بڵێم کە دژایەتی نێوان دەقی ئۆرگانیک و ئاوانگارد بەشێکی هەرە گرنگ لە تیۆریی هونەری ئاوانگاردی « لۆکاچ و ئادۆرنۆ» پێکدێنێت، بەڵام شێوازی گرنگی پێدانیان بە هونەری ئاوانگارد لە گەڵ یەکدی زۆر جیاوازە، « لوکاچ» دەقی هونەری ئۆرگانیک بە پێوەری ستاتیکای هونەری دادنێت و لەم گۆشەنیگاوە دەقی ئاوانگارد ڕەفز دەکاتەوە، لە بەرانبەر « لوکاچ»دا « ئادۆرنۆ دەقی ئاوانگارد و نائۆرگانیک بە پێوەری ستاتیکای هونەریی دەزانێ و هەر چەشنە هەوڵێک لە ئێستادا بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ستاتیکای هونەری بە پێوەری دەقی ڕێئالیستی بەو جۆرەی کە لوکاچ باسی دەکات بە



دواکەوتنی ستاتیکای هونەریی دەزانێت، بێگومان هەر کام لە ئادۆرنۆ و لۆکاچ لە تیۆریی جوانیناسانەی «هێگل» ئێرتزاق ئەکەن، ئەوەندە هەیە پێوەری بایەخدانانی هەر کام لەم دوو نووسەرە، بە نیسبەت هونەری ئاوانگاردەوە جیاوازە، ئادۆرنۆ بە نیسبەت هونەر و ئەدەبی ئاوانگاردەوە بۆچوونی پۆزەتیڤی هەیە و پێی وایە هونەر و ئەدەبی ئاوانگارد دەکرێ تەنیا پێوەری جوانیناسی هونەریی بێت لە ئێستادا، ئادۆرنۆ هونەری ئاوانگارد بە پێشکەوتووترین قۆناخی هونەر دەزانێت، بەپێچەوانەی ئادۆرنۆ، «لوکاچ» هونەری ئاوانگارد وەک هونەری داڕماو (انحطاط) دەبینێت، ئەگەرچی لوکاچ بە نیسبەت خوێندنەوەی هونەرەکانەوە زیاتر پشت بە باگراوەندێکی مێژوویی دەبەستێت تاکوو جوانیناسانە و



هونەرێکی ئیعتراڕازی نەیتوانیوە هونەر وەک بنیات کە بوورژوازیی قۆڕخی کردووە، تێک بشکێنێ. لوکاچ کە بە نیسبەت هونەر و ئەدەبی «ئاوانگاردەوە» بۆچوونی نێگەتێڤی هەیە و پێی وایە کە هونەر و ئەدەبی ئۆرگانیک و دژە ئاوانگارد دەکرێ وەک پێوەری ستاتیکای هونەریی باس بکرێت، ئادۆرنۆ بەرهەمی هونەری پێشڕەو لە باسکردن و دەربڕینی دۆخی ئێستای جیهان بە سەرتر لە هەر چەشنە هونەرێکی تر دەزانێت و بەگشتی سیستەمی بایەخدانانی لوکاچ (گرنگیدان بە هونەری ڕۆمانتیک و ستایشی لە ڕادەبەدەری هونەر و ئەدەبی کلاسیک) دەباتە ژێر پرسیارەوە و ڕەفزی دەکاتەوە، ئادۆرنۆ هەوڵ دەدا ڕادیکاڵتر بۆ ئەو پرسە بڕوانێ و دەرئەنجامی باسەکەی هێگل (بە مێژوویی کردنەوەی فۆرمی هونەرە



جیاوازەکان) تەواو بکات، بۆیە دەتوانم بڵێم ئادۆرنۆ یەکەم کەس بوو کە پێگە و گرنگی هونەری ئاوانگاردی بۆ ئێمە بەدیار خست، ئادۆرنۆ پێی وایە هونەری ئاوانگارد هونەری ئیعترازییە، هونەری هەڵوێستگرتن و بەرپەرچدانەوەیە، و بەگشتی ئێعترازێکی ڕیشەیی هەیە، و لە گەڵ وەزعییەتی ئێستادا، قائیل بە هیچ جۆرە ئاشتی و ڕێکەوتنێک نییە، بەمەوە ئادۆرنۆ پێی وایە هونەری ئاوانگارد تەنیا فۆڕمی هونەریی مەشرووعی هاوچەرخی ئێمەیە، هەرچەند « لوکاچ» یش قائیل بە فۆڕمی ئێعترازی هونەری ئاوانگاردە وەک تایبەتمەندییەک، بەڵام بۆ خۆی ڕەفزی دەکاتەوە، لە بەر ئەوەی کە لوکاچ پێی وایە هەڵوێست و دژکردەوەی هونەری ئاوانگارد هەڵوێستێکی ڕووکەشیانە و ئابستراکتە و هیچ چەشنە نوێنگەیەکی مێژوویی نییە، بە هەرحاڵ بەو پێناسەوە کە لە هونەری ئاوانگارد (ئەڵبەت هونەری ئاوانگاردی مێژوویی) هەیە، (هێرشکردنە سەر هونەر وەک بنیات و داهێنانی دەقی هونەری نائۆرگانیک) بە مەبەستی ڕووخاندنەوەی زیاتری هونەر وەک بنیات، دەبێ بڵێم بزووتنەوەی ئاوانگارد بەگشتی و هونەری ئاوانگارد بەتایبەتی وەک بزووتنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی هونەر وەک بنیات، ئەوەی کە بوورژوازی هونەر دەکات بە کالایەکی مەسرەفی بازاڕیانە و وەک بنیاتێکی سوودبەخش، ئەڵبەت نە بە مانا «کانت»یەکەی، چوونکە هونەری لە خۆیدا سوودبەخشە، بەڵام سوودبەخشی هونەر لە چەشنێکی تر و زۆر جیاوازتر لە ئەوەی کە بوورژوازی وەک بنیاتێکی مەسرەفی سوودبەخش تەماشای دەکات، لێرە دایە کە هونەر و ئەدەبی ئاوانگارد بەدەر لەو تکنیک و پارامێترانەی کە لە ڕێگاوە زمانەوە دەیهێنێتە نێو دەقەوە، پێش هەموو شتێک ڕادیکاڵانە لە خودی هونەر وەک بنیات، ڕەخنە دەگرێ و هێرشی دەکاتە سەر، وەک نموونە دادئیستەکان کە وەکوو ڕادیکاڵترین بزووتنەوەی ئاوانگاردی ئوروپا ناسراون، ڕەخنە لە ڕێباز و ڕەوتە هونەرییەکانی پێش خۆیان ناگرن، بەڵکوو ڕەخنە لە هونەر و ڕەوتی بەرەو پێشچوونی هونەر وەک بنیات لە کۆمەڵگەی بوورژوازیدا دەگرن، هونەر وەک بنیات ئامازەیە بە دەزگای بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی هونەر و هاوکات پلانی دیاریکردنی بەرهەمی هونەری، هونەری ئاوانگارد لە واقعدا، لە بەرانبەر ئەم دوو چەمکەدا (هونەر وەک بنیات) و (پلانی دیارکردنی وەرگرتنی بەرهەمی هونەری) ئەوەی کە پێت دەڵێ ئەو چەشنە هونەرەی کە من دیاری دەکەم تۆ دەبێ ئەوە ببینی و بیخوێنیتەوە، هەڵوێست دەگرێ و ڕادیکاڵانە ڕەخنەی لێ دەگرێت.

« پاش داکاریيەکان و بیچمگرتنی وەزعییەتی دووەم »

بەدوای گۆڕانکاریيەکانی نیوەی دووەم و کۆتایی حەفتاکان لە ڕووی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەوە کە بە تێکڕا کۆمەڵگای ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە، دەرەتانێک دروست بوو، کە هەندێ شاعیر و نووسەر لە ژێر کاریگەریی ئەو بەستێنانەدا، بە نیسبەت هونەر و ئەدەبیاتەوە هەست بە گۆڕانێکی جیدی بکەن، بە مانا « بەدیۆ»ییەکی بەستێنێکی گونجاو بۆ (ایجاد امکانیت) یان هەمان وەزعییەتی دووەم کە « بەدیۆ» وەک (روخداد) ی سیاسی باسی دەکات، هاتە ئاراوە، لەم نێوانەدا ئێمە لە گەڵ دوو جۆر دەقی ئەدەبی بەرەوڕوو دەبینەوە، تاقمێک لەو نووسەرانەی کە پێشتر لە ژێر کاریگەریی ئەدەبیات و شێعری باشوور و شێعری تەرجەمە دەیاننووسی و ئاسۆی ڕوانینیان زیاتر گەیشتن بوو بە نووسەران و شاعیرانی دەرکەوتووی ئەو ئەدەبانە، دوابەدوای ئەو گۆڕانکاریانە و هەست بە تازەکردنەوەی شێعر و ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵات و هەوڵدان بۆ پێناسەدارکردنیان بە شێوەی سەربەخۆ و دەبازبوون لە ژێر سێبەری ئەدەبی باشوور و ئەدەبی فارسی، لە نیوەی دووەمی حەفتاکاندا (١٣٧٧) ی هەتاوی لە « مەریوان» کە لە سیروانەوە بڵاو کرایەوە لە بەیاننامەیەکی ٨ بڕگەییدا، بە واژۆی هەندێ لە نووسەران و شاعیرانی وەکوو کاک (عەتا نەهایی،حەمە سالّە سووزەنی، فەرەیدوون ئەرشەدی، ئیبراهیم ئەحمەدی نیا، بێهزاد کوردستانی، ئازاد ڕۆستەمی و هتد) مانیفێستێکی ئەدەبی و هونەریی لە ژێر ناوی « داکار» ڕاگەیەندرا. پڕۆژەی داکار لە سەرەتادا و بەپێی بەیاننامەکەی، پڕۆژەیەکی جیاوازی هونەری و ئەدەبی بوو، هاوکات هەڵگری مانیفێستێکی جیاوازیش بوو بە نیسبەت ئەدەبی پێش خۆی، بەڵام داکار بە هۆی قەتیسبوونی لە بازنەی ئەو ڕۆمانتیسیزمەی کە لە پاش سواروەوە تا سەر خۆیان بەردەوام بوو، کە دەکرێ وەکوو یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانیش ناوی ببەین، بە بن‌بست گەیشت. وە تا ڕادەیەک لەو وەزعییەتی دووەمە کە وەک (ایجاد امکانیت) بە نیسبەت فەزای هونەری و کولتووریيەوە ساز ببوو، نەیتوانی یان ئیمکانی ئەوەی نەبوو کە بەستەرێکی گونجاو بۆ چەسپاندنی وەزعییەتی دووەم و تێپەڕاندنی وەزعییەتی یەکەم بڕەخسێنێ و

دووەم و تێپەڕاندنی وەزعییەتی یەکەم بڕەخسێنێ و قەیرانێکی جیدی بۆ دروستکردنی ڕووداوێکی تازەی ئەدەبی بێنێتە ئاراوە، هەر چەند دواتر هەندێک لە نووسەران و شاعیرانی داکار وەک «سالّە سووزەنی» لە شێعرەساتدا کە تەجروبەیەکی نوێتر بوو بە نیسبەت زمان و فۆرم و هەڵوێستی جیدی بەرانبەر بە کەلانڕەوایەتە زمانی و واتاییەکان، «یونس ڕەزایی» بە هەندێ دەقی تازەوە کە دواتر وەک شێعری « شێت» ناوی لێبرا و هاوکات ئیبڕاهیم ئەحمەدی و بێهزاد کوردستانی بە چەند دەقێکی تازەوە کە لە سیروانی ئەو کاتدا بڵاو کرایەوە و هەندێ لە شاعیران و نووسەرانی تریش لە دەرەوەی بازنەی داکار وەکوو «ڕەووف مەحموود پوور» لە شێعری هەورامیدا، «ئەنوەر هوژەبری» و «مێهران ئەحمەدی» و هەندێکی تر تێکەڵ بەو فەزا تازە بوون . بەمەوە ئەو بەستەرە گونجاوە بۆ پێکهاتنی وەزعییەتی دووەم وەک (ڕوخداد) تا ڕادەیەک بیچمی گرتبوو، ئەمە لە لایەک.

◆ « دەقێکی جیاوازتر»

لە لایەکی ترەوە و لە دەرەوەی داکارییەکان و لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان، بەرەیەکی گەنجی تازە پێگەیشتوو دێتە نێو پانتای ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتەوە کە ڕوانین و پێناسەیەکی جیاوازتری هەیە بۆ شێعر و ئەدەبیات، ئەم شێعرە هەڵگری هەندێ تایبەتمەندی و پارامێتری ئاوانگاردیسمی ئەدەبییە بۆ ناو پانتای شێعری هاوچەرخی کوردی. هەندێ لە دەقەکانی «ڕەزا عەلی پوور»، « ئیبراهیم ئەحمەدی « ،»شەهاب شێخی»، «محەمەد موەفەقی» شاهۆ مەحموودی»، «کەماڵ ئەمینی» بەیان عەزیزی و دانا مەنووچەهری، تا ڕادەیەک ئەو تایبەتمەندیی و ئێلێمانانەیەن پێوە دیارە . چ وەک فۆرم و زمان و چ وەک هەڵوێستی جیدی بەرانبەر بە هونەر وەک بنیات.

هەر چەشنە ڕەوت و جەریانێکی ئەدەبی جیاواز بە مەبەستی پێناسەی خۆی وەک ڕەوتێکی ئەدەبی پێویستی بە کۆمەڵێک ئێلێمان و پارامێتری تایبەت بە خۆی هەیە (هاوکات ڕەنگە هەندێ پارامێتر و ئێلێمانی هاوبەشی لە گەڵ ڕەوت و شێعری پێش خۆیشی هەبێت) کە وەک پاکێجێک لە دەقدا، بە نواندنیان بخات. بەدەر لەمە، هەر جەریان و ڕەوتێک بە هەر عینوان و ناوێکەوە هەڵگری تایبەتمەندیی و پارمێتری تایبەت بە خۆی نەبێ،




ناکرێ وەک ڕەوت ناوی لێ ببرێت، دیارە ئێمە هیچ ڕەوت و جەریانێکی ئەدەبی نابینین کە هەڵگری هەندێ تایبەتمەندیی و پارامێتری تایبەت بە خۆی نەبێ ئەگەر چی ئاسایی‌یە هەندێ خاڵی هاوبەشی لە گەڵ ئەدەبی پێش خۆی و ڕەوتی پێش خۆیشی هەبێت، بەڵام دەرئەنجام ئەوە تایبەتمەندیی و پارامێترەکانن و هاوکات ئەو ڕوانین و زەینییەت و پێناسە جیاوازەیە بە نیسبەت شێعرەوە کە خەسڵەتێکی جیاواز و سەربەخۆ دەبەخشێت بە ڕەوتێکی ئەدەبی. دیارە کاتێک باس لە ڕەوتی چواری شێعری هاوچەرخی کوردی وەک دەقێکی جیاواز یان وەک ڕەوتێکی نوێ کە هەڵگری هەندێ تایبەتمەندیی و پارامێتری هونەری ئاوانگاردە بۆ ناو شێعری هاوچەرخی کوردی دەکەین، باس لە هەندێ ئایتم و ئێلێمان، پارامێتر و تایبەتمەندیی و دواجار هەندێ پێشنیاری تیۆری و شێعریی دەکەین کە ئەم ڕەوتە ئاراستەی شێعری هاوچەرخی کوردی کردووە .

پێم وایە خاڵێکی گرنگ و بەدیار کە بەرەی «چوار» ی شێعری ڕۆژهەڵات وەک جەریانێکی بێ مانیفێست لە ڕەوتە شێعرییەکانی پێش خۆی لە پاش سواریی‌یەکانەوە



تـا سـاتەوەختی دەرکەوتنـی ئـەو گۆڕانـە ئەساسـیەی کـە بـە ناوگەلـی جۆراوجـۆرەوە وەک (جیـاواز، ئاوانـگارد، نوێترخـواز، شـێعری زمـان و ناشـوێن و شـێعری شـار و دواتـر بـەرەی « چـوار») نـاوی لەسـەر دانـدرا و هەنـدێ دەقـی شـێعریی جیـاوازی لێکەوتـەوە، جگـە لـەو پارمێتـرە جیاوازانـەی کـە وەک پاکێجـێ لـە زۆربـەی دەقـە شـێعرەکانی ئـەم ڕەوتـە شـێعرییەدا بەدیـار دەکەوێـت، وەکـوو { تەکەسـووری فۆرمـی و زمانـی، داڕشـتنی تەسـویری ئایزنشـتاینی، کەڵـک وەرگرتـن لـە تکنیکـی ژانـرە هونەرییەکانـی تـر بەتایبـەت «سـینەما و فۆتۆگرافـی» ساختی فـەزای پچـڕ پچـڕ و کەتکـراو، ساختی نیوفـەزا و ڕەهاکردنـی زمـان لـە هـەر چەشـنە تێڕوانینێکـی ئامرازیانـە، داڕشـتنی تەسـویری ئایزنشـتاینی و بـە کار هێنانـی زمانـی محـاورە و ئەدەبـی زارەکـی و زمانـی پارۆدیـک و ئایرۆنـی و ئیرۆتیزمـی زبانـی» هـاوکات لێکتـرازان و خاپوورکردنـی دیسـکۆرس و کانتێکسـتی زاڵـی کەلانڕەوایەتـە زمانـی و واتایـی و دیسکۆرسـەکان، شکسـتی ڕەوایـەت، ئافراندنـی پرسـۆنا و دژە پرسـۆنای شـێعری، داگرتنـی تۆپوسـی شـێعر لـە گونـد و شـاخەوە بـۆ نـاو شـار و بەرجەسـتەکردنەوەی شـار بـە هەمـوو جومگـە و ترافیکەکانییـەوە}، جگـە لـە کـۆی ئـەم پاکێجـە کـە دەکـرێ هەندێکیـان وەک پارامێتـر و تایبەتمەندیـی شـێعری ڕەوتـی چـوار بـاس بکـرێ، وەک ئامـاژەم پـێدا خاڵـی جیـاواز و بەرچـاوی ئـەم شـێعرە کـە دەکـرێ بـە خاڵـی جیاکـەرەوش نـاوی ببەیـن، «ئـەو پێناسـە تایبـەت و جیاوازییـە کـە بـە نیسـبەت شـێعرەوە هەیەتـی و لـە ساتەوەختی دەرکەوتنییـەوە بـە خوێندنـەوەی ڕەخنەگرانـەی ئەدەبـی پێـش خـۆی و دواتـر دەسـتهەڵگرتن و لادان لـە فـۆرم و زمانـی شـێعری پێـش خـۆی وەکـوو هـەر ئەمرێکـی نوێخوازانـە (کـە بـە دوو چەمکـی « نەفـی و تەئییـد» کار دەکات، خـۆی بەدیـار خسـتووە، وەک ئامـاژەم پـێدا لـە سـەرهەڵدان و دەرکەوتنـی هـەر جەریـان و ڕەوتێکـی ئەدەبـی و هونەریـدا، کۆمەڵێـک هـۆکاری دەرەکـی و ناوەکـی دەخاڵەتـی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆیان هەیـە، بـە نیسـبەت « نەسـڵی چوار»ەمـی شـێعری هاوچەرخـی کوردیـش بـە هەمـان شـێوە کۆمەڵێـک هـۆکاری ناوەکـی و دەرەکـی لـە دەرکەوتـن و سـەرهەڵدانی ئـەم ڕەوتـە شـێعرییەدا دەخاڵەتیـان هەبـووە و هـۆکارە دەرەکییـەکان لـە سـەرەتاوە ئامـاژەم پـێکرد و ناچمـەوە سـەریان، بـەڵام وەک خـۆم پێـم وایـە یەکێـک لـە هـۆکارە سـەرەکی و گرنگـەکان پەیوەسـت بـە هـۆکاری ناوکییـەوە. ئـەو» زەینییـەت و ڕوانیـن و پێناسـە « جیـاواز و تایبەتەیـە کـە بـۆ شـێعر هەیەتـی، و تـا ڕادەیەکـی زۆر تەکلیفـی شـێعری ڕۆژهـەڵات و پێناسـەدارکردنی ئـەو شـێعرەی لـە شـێعری باشـوور کـە زیاتـر لـە دوو دەیەیـە بـاڵـی کێشـابوو بـە سـەر ئەدەبـی ڕۆژهـەڵاتدا، ڕۆشـن کردووەتـەوە. پێـش دەرکەوتنـی ئـەم جـۆرە شـێعرە لـە ڕۆژهـەڵاتدا، شـێعرێک لـە ئـارادا بـوو کـە لـە جـەلال مەلەکشـاوە تـا سـەر کۆچکردوو مـارف ئاغایـی و دواتریـش تـا سـەر داکارییـەکان لـە نێـوان ئەدەبـی فارسـی و شـێعری باشـووردا، لـە هاتوچـوودا بـوو، وەک پێشـتر باسـم کـرد، ئەدەبـی باشـوور و بەتایبـەت شـێعری شـێرکۆیی و شـێعری فارسـی سـێبەریان خسـتبووە سـەر شـێعری ڕۆژهـەڵات و ئاسـۆی ڕوانینـی هەندێ لـە نووسـەری دەقەکان بـە شـێوەیەکی ڕومانتیـک، گەیشـتن بـوو بـە شـاعیرانی دەرکەوتـووی ئەدەبـی فارسـی و شـێعری باشـوور، ئەمـەش جۆرێـک لـە پاشـکۆیەتی شـێعری ڕۆژهـەڵاتـی بـە نیسـبەت شـێعری باشـووردەوە دروسـت کردبـوو، ئەمـە لـە لایەکـەوە،، لـە لایەکـی تـرەوە ئـەم شـێعرە بەپێچەوانـەی ئـەوەی کـە

دەڵێن نەک بە هۆی (تێۆریی بردەیی)ییەوە، بەڵکوو بە زۆری لە ڕێگای خوێندنەوەی تێۆرە ئەدەبییەکان و ئەدەبی نوێی جیهانی دروست بووە، ئەم شێعرە لە گەڵ ئەوەی کە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی هەبووە بە نیسبەت ئەدەبی فارسی و شێعری باشوور، لە هەمان کاتدا لە هەوڵی دەستبەرکردنی ناسنامەیەکی تایبەتیشدا بووە بۆ شێعری کوردستانی ڕۆژهەڵات. ئەم ڕەوتە دواتر و لە ڕێگای دەقەکانییەوە بە هۆی دەرخستن و کەشفی زەرفییەت و ئیمکانە زمانییەکان و هەندێ پێشنیاری تازە بۆ شێعری نوێی کوردی، وەک ڕەوتێکی تازەی (بێ مانیفێست و شێعرێکی تا ڕادەیەک ئاوانگارد) خۆی وەدیار خست. لە گەڵ هەموو ئەمانەدا، ڕەوتی چوار وەک» ڕەوتێکی مەدەنی و تا ڕادەیەک ئاوانگاردیش « بۆ ئەوەی سەییال بێ و بەردەوام لە حاڵەتی سەیروورت و خۆ تازەکردنەوەدا بێ، پێویستە لە بوون بە کەلانڕەوایەت خۆی بپارێزێ و لە هەمان کاتدا هەوڵی زیاتر بدات بۆ نەگەیشتن بە خاڵە هاوبەشەکان و بەرجەستەکردنەوەی خاڵە جیاوازەکانی لە دەقدا. وەک خۆم پێم وایە ئەم شێعرە تا ئێستاش یەکێک لە چالاکترین و زۆر دەقترین ڕەوتە شێعرییەکانی ئەدەبی هاوچەرخی ئێمەیە، بەڵام پێویستە باش لەوە تێبگات بە مەبەستی گەیشتن بە حەقیقەتی شێعری، دەبێ سەییال بێ و سەییال بمێنێتەوە و بەردەوام لە حاڵەتی سەیروورەت « شدگی» دا بێت، بۆ ئەم مەبەستەش هاوکات دەبێ لە نێوان کەشف و داهێناندا، لە باڵانسدا بێ و بە دوو چەمکی « نەفی و تەئیید» کار بکات. لەو شوێنەدا کە خەریکە ڕەخنە لە بابەتێکی خۆی دەگرێ و دژ بە خۆی ئەوەستێتەوە، دەبێ گەرای ئەمرێکی نوێترخوازانە دابنێ و پێشنیاری تازەتری بۆ شێعر هەبێ و دژ بە ساختارە چەقبەستووەکان بوەستێ و تەنانەت پرسیار لە شتە بەڵگە نەویستەکانیش بکات، ئەمە ڕەنگە خەسڵەت و جەوهەری هەر چەشنە نوێخوازی و ئەدەبێکی ئاوانگارد بێ، کە دواتر و لە حاڵەتی سەییالبوونەدا، دژ بە ڕابردووی خۆی و بگرە ئێستاشی دەوەستێتەوە.



شێعری بەرەی چوار لە گەڵ خۆیدا، هەندێ پێشنیاری تازە و ئیمکاناتی زمانی و فۆرمیکی ئاراستەی شێعر کردووە تا ڕادەیەکی زۆر کاریگەریی هەبووە لە سەر جیلێکی تازە پێگەیشتوو. ئەوانەش کە هەر ئێستا لە پێشنیار و ئیمکاناتی زمانی و فۆرمی و پارامێترەکانی ئەم شێعرە ئیرتزاق ئەکەن و بگرە ڕەفزیشی دەکەنەوە.

◆◆◆ ئەو سەرچاوانەی بۆ ئەم وتارە سوودم لێ بینیون ◆◆◆

١ـآنارشیسم/ سیاست شاعرانه، هربرت ریدات. ترجمه « حسن چاوشیان» تهران، نشر اختران، چاپ اول ١٣٨٥

٢- فصلنامه « ارغنون» شماره ١٤ « دربارەی شعر» تهران ١٣٨٦

٣- نظریه هنر آوانگارد « پیتر بورگر. تهران ، چاپ دوم ١٣٩٤

٤- رخداد، سوژه و حقیقت» در اندیشه سیاسی « آلن بدیو» « پوریا پرندوش. با مقدمه « محمد رضا تاجیک . تهران انتشارات تیسا، چاپ یکم. ١٣٩٧

٥-گۆڤاری کولتووری هونەریی « هیچ» ژمارە ٦ فایلی « شێعری نوێ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات»




چنوور سەعیدی



خوێندنەوەیەکی ئێگزیستانسیالیستی

لە مەڕ بەشێک لە شێعرەکانی هێمنی موکریانی‌دا



گرینگی ئەم باسە لەوە دایە کە سەرەڕای خوێندنەوەی ئەدەبی و زمانناسەنە، پێویستە هەندێ خوێندنەوەی فەلسەفی . عەقڵانی بکرێ لە شاعیرە مەزنەکان، بەتایبەت مامۆستا هێمن کەوا کاریگەری بەرچاوی هەبووە لە پێشبردنی ڕەوتی زمانی یەکگرتوو و ڕەوتی ئەدەبیی کوردیدا.

چنوور سەعیدی[٥٣]

کورتە باس:

لەم وتارەدا خوێندنەوەیەکی ئێگزیستانسیالیستی دەکرێ لە سەر هەندێ لە شێعرەکانی مامۆستا هێمن، هەروەها بە تیشک خستنە سەر چەمکی ئیرادە و ئازادی، بەرپرسایەتی و بەڵێندارییەتی، ژن، ڕەنج و ئەنیایی و مانا و ڕەهەندەکانی، بەرهەمەکانی مامۆستا لە سۆنگەی ئەم قوتابخانەیەدا تاوتوێ دەکرێ.

گرینگی ئەم باسە لەوە دایە کە سەرەڕای خوێندنەوەی ئەدەبی و زمانناسەنە، پێویستە هەندێ خوێندنەوەی فەلسەفی ـ عەقڵانی بکرێ لە شاعیرە مەزنەکان، بەتایبەت مامۆستا هێمن کەوا کاریگەری بەرچاوی هەبووە لە پێشبردنی ڕەوتی زمانی یەکگرتوو و ڕەوتی ئەدەبیی کوردیدا. لەم وتارە لە شێوازی شیکاری ـ لێکدانەوەیی کەڵک وەرگیراوە، یەک لە دەرئەنجامەکانی ئەم بابەتە ئەوەیە کە مامۆستا هێمن وەک شاعیرێکی ئێگزیستانسیالیستی سیاسی کورد شیکاری لە سەر کراوە چوونکە دەورێکی بەرچاوی هەبووە لە بیچمگرتنی چەمکی «خەباتی بەرپرسانە» و داڕشتنی وێژەی بەڵێندارییەتی و بەرخۆدان لە بەستێنی ئەدەبی و ڕۆشنبیری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. هەر لەم بوارەشەوە دەکرێ هەست و ئەندێشەی مامۆستا هێمن و ڕەنگدانەوەی لە ژیانی سیاسی و وێژەییدا وەک دەق و بەرهەمێکی تۆکمە و بەپێز لە ئاستی وێژەی کەمایەتییەکان (ادبیات اقلیت) ئەژمار بکرێ.

وشە سەرەکییەکان:

ئازادی، وێژەی بەڵێندار (متعهد)، ڕەنج، ژن، شۆڕش.

پێشەکی

لەم بابەتە هەوڵ دەدرێ چەمکە گرینگەکانی ئێگزیستانسیالیسم و بوونخوازی یان هەمان ڕەسەنایەتی مرۆڤ شی بکرێتەوە، وەکوو هەڵبژاردنی ئازاد و بێدەربەست، ئازادی، شۆڕش، بەرپرسبوون لە بەرامبەر خود و ئەوی دی و جەماوەرەوە.

مامۆستا هێمن شاعیرێکی نەتەوەیی و مرۆڤدۆستی کورد بووە و هەوێنی ئەندێشەکانی خەون و ئازارەکانی مرۆڤ بووە، هەروەها لە بەر ئەوەی کەرەستە شێعرییەکانی ئەو شاعیرە پایەبەرزە سووژەگەلی بەرهەست و (انضمامی) بووە و بەردەوام لە هەوڵی گۆڕانکاری و چاکخوازی کۆمەڵگەکەیدا بووە وە خەونی ئازادی و سەربەستبوونی نەخشاندووە، دەتوانین بە شاعیری گەل، شاعیری خەونە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ، شاعیری بواری کرداری بیناسین، هەر لەو ڕەهەندەشەوە دەلوێت ئەم گریمانەیە بێنینە ئاراوە کە» ڕەگە گەلێکی ئێگزیستانسیالیستی لە شێعرەکانی هێمندا خۆ دەنوێنن، هەر بەو پێیەش دەکرێ بە پشتبەستن بە چەمکگەلی ئازادی، بەڵێندارییەتی، بەرپرسایەتی، هەڵبژاردن و چێکردنی چییەتی و چارەنووسی خۆ، وەک شاعیری ئێگزیستانسیالیستی کوردی پێناسە و خوێندنەوەی بۆ بکرێ».

١. ئێگزیستانسیالیزم یان بوونخوازی چییە؟

کرداری (Existo) یا (Existare) لە زمانی لاتینیدا بە مانای « چوونە دەرەوە»، «خوویا بوون» و «دەرکەوتن»ە، کە هاوتایە لە گەڵ «بوون و هەستی»دا، ئەم وشەیە بە جۆری تایبەتی مرۆڤ کە، بوونەوەرێکی وشیار و بە ئیرادەیە، ئاماژە دەکا.

(ex) یەعنی دەرەوە، لە کرداری (Stare)ی لاتینییەوە وەرگیراوە بە مانای وەستانە و پێکەوە دەبێتە لە دەرەوە وەستان، واتا لە دەرەوەی بوونەوە ڕاوەستان، سەرتر لە بوون.

هاوڵاتیانی کتێب

٥٣- ماستەری فەلسەفە لە زانکۆی عەلووم و تەحقیقاتی تاران



لەم مانایەدا، وجوودی حسوولی لە بەرامبەری، وجوودی حزووریدا ڕادەوەستێ، لە ڕاستیدا ئەم جۆرە لە بنچینە ناسییە، پێمان دەڵێ کە مرۆڤ خۆی لە (bing)کە تایبەت بە هەموو جۆرە بوونەوەرێکی گیاندار و بێگانەیە، ڕزگار دەکا و بەرەو (Become) هەنگاو دەنێ، واتا لە بوونەوەرەوە بۆ مرۆڤ دەچێ (نوالی، ۱۳۷۲: ۱۷).

بوونخوازی یا ڕەسەنایەتی مرۆڤ زۆرتر بە «سارتر»ەوە ناسراوە، کەچی لە دەقەکانی ئاگۆستین و کتێبی عەهدی عەتیقدا، ڕەگەگەلێکی بوونخوازیش بەدی دەکرێ بەڵام کەرکێگاردیان بە باوکی ئەم قوتابخانە فەلسەفییەیە ناوزەد کردووە، هەموو بوونخوازەکان خۆیان سەر بە ئەم قوتابخانەیە نازانن و لە هەر حاڵدا، دابەش دەکرێن بە دوو لقەوە؛ لقی ئێلحادی یان خودا ناباوەڕ کە سارتر و هایدگەر و نیچە و کامۆ نوێنەرین، لقی دووهەم؛ خودا باوەڕەکانن کە دەتوانین لە مارسێل و کەرکێگارد و یاسپێرس ناو ببەین .

ئێمە لەم وتارەدا، تیشک دەخەینە سەر بۆچوونەکانی سارتر و کامۆ لە دوای شەڕی جیهانی دووهەمدا و هەروەها کەرکێگارد.

۱.۱. هەندێ لە بنەماکانی ئێگزیستانسیالیزم

۱.۱.۱. بوون لە پێشەوەی چییەتییە


واتە مرۆڤ سەرەتا هەروەک تەختەیەکی سپییە کە وا هیچی لە سەر نەنووسراوە، بۆیە هەڵگری هیچ جۆرە پێش گریمانە و پێش پێناسەیەک نییە، مرۆڤ بوونی هەیە و سرنجی بوونی خۆی دەدا و ئینجا خۆی دەناسێ، بوونخوازی یان ڕەسەنایەتی مرۆڤ، فەلسەفەی کار و هەرمانە، فەلسەفەی خەبات و گۆڕانە و مرۆڤ بەو هەڵبژاردنانە وا دەیکا، چییەتی خۆی چێ دەکا. تەنیا لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازادانە و کردارەوە دەتوانێ بیچم و ڕێباز ببەخشێ بە زەینی گەڕۆکی و ببێ بە بکەرێکی ئاگا و نەهێڵێ هیچ جۆرە پێکهاتەیەکی زانستی و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری، لە پێشدا پێناسەی بە سەردا بسەپێنن (لاوین، ۱۳۷۸: ٤١٦).

۲.۱.۱. بەڵێن و بەرپرسایەتی و ئازادی

گەر بە ڕاستی بوون لە پێشەوەی چییەتی بێ، کەواتە مرۆڤ بەرپرسی خۆیەتی، خۆی و هەموو هەڵبژاردەکانی، خۆی و چارەنووسی، ئەم فەلسەفەیە هەوڵ دەدا مرۆڤ بکاتە خاوەنی بوونی خۆی، ئەم بەرپرسایەتییە نەک هەر تاکە کەسی بەڵکوو کۆمەڵایەتیشە، سارتر دەڵێ: ئەم دنیایە «نامۆییە»، بارودۆخ و هەلومەرجە، دەبێ بیستێنمەوە و بەرپرسایەتی قەبوڵ بکەم، دەبێ بیگۆڕم هەم بۆ خۆم و هەم بۆ خەڵک (سارتر، ۱۳٤۰: ۱۰٦).

۲.۱.۱. بەڵێن و بەرپرسایەتی و ئازادی

گەر بە ڕاستی بوون لە پێشەوەی چییەتی بێ، کەواتە مرۆڤ بەرپرسی خۆیەتی، خۆی و هەموو هەڵبژاردەکانی، خۆی و چارەنووسی، ئەم فەلسەفەیە هەوڵ دەدا مرۆڤ بکاتە خاوەنی بوونی خۆی، ئەم بەرپرسایەتییە نەک هەر تاکە کەسی بەڵکوو کۆمەڵایەتیشە، سارتر دەڵێ: ئەم دنیایە «نامۆییە»، بارودۆخ و هەلومەرجە، دەبێ بیستێنمەوە و بەرپرسایەتی قەبوڵ بکەم، دەبێ بیگۆڕم هەم بۆ خۆم و هەم بۆ خەڵک (سارتر، ۱۳٤۰: ۱۰٦).



۳.۱.۱. مرۆڤ باوەڕی

ئێگزیستانسیالیزم، فەلسەفەی مرۆڤتەوەرە، تیشک دەخاتە سەر ئیرادە و ئیختیاری مرۆڤ بۆ گۆڕانکاری و دروستکردنی کەسایەتی خۆی، فەلسەفەی گەڕان بە دوای مانایە (فلین، ۱۳۹۰ :۲۳).

۴.۱.۱. پووچی، دڵەڕاوکە

ئەم دڵەڕاوکەیە لە بەرامبەری دوو بابەتدا، خۆی دەنوێنێ؛ مەرگ و نەبوون، بەڵێن و بەرپرسایەتی ئێگزیستا نسیا لیستی .

بە ڕای هایدگەر، ئێمە بە بێئەوەی گەرەکمان بێ «فرێ دراوین» بە سەر ئەم جیهانەدا و لە گەڵ ئەم فرێدراوییە و هاوکات پێشبینی نەکراوەییە، مردن و ئاوابوونیش هەیە کە هەڵاتن لێ نەلواوە، وێناکردنی ئەم ڕاستییە کە بە مەرگەوە مرۆڤ چیدی تەواو دەبێ ترسێنەر و پڕ دڵەڕاوکەیە .

بەڵام ئەم دڵەڕاوکەیە لە ڕوانگەی سارترەوە مانایەکی جوانتر دەگرێتە خۆی، چوونکە گرێ دەدرێتە چەمکی کردارەوە . بە ڕای سارتر مرۆڤ هەمان دڵەڕاوکەیە، کاتێ مەجبوورە بە بێهیچ جۆرە پاڵپشتیەیەکی مێتافیزیکییەوە چارەنووسی خۆی و جەماوەرێک هەڵبژێرێ و بەرپرسی ژیانی هەمووانە، ئەم دڵەڕاوکەیە بەردەوام لە هەڵبژاردنەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە وە تا کاتی مردن لە کۆڵی نابێتەوە .

۲. سارتر و وێژەی بەڵێندار

ئاگری شەڕی جیهانی دووهەم کە لە ساڵی ۱۹٤٥دا کووژایەوە، بوو بە خاڵێکی وەرچەرخان لە بۆچوونەکانی سارتردا، ئەو کاتە سارتر لەو شەڕەدا بەشداری کرد و یەخسیر کرا و فەرانسە بە دەستی نازییەکان داگیر کرا، سارتر کە پێشتر بڕوای بە نیهلیزم و تاکخوازی بوو و چەمکی ئازادی لای ئەو لە بازنەیەکی بەرتەسکی تاکدا دەسووڕایەوە، کە بینی وڵاتەکەی بە دەستی دوژمن سووکایەتی پێدەکرێ، پیاچوونەوە لە ئەندێشەی کرد و کتێبی « ئێگزیستانسیالیزم و ڕەسەنایەتی مرۆڤ» و «وێژە چییە؟»ی نووسی.

ئەو هەمیشە حاشای لە کۆمۆنیستبوونی کردووە چوونکە هێشتا بڕوای بە تاکخوازی بوو بەڵام لە بەر هەڵوێستە دژە بورژوازییەکانی هەمیشە هۆگری سووسیالیزمی ڕادیکاڵ بوو (استراترن،۱۳۸۲ : ٥٦ تا ٦٥).

سارتر لە پەرتووکی «وێژە چییە؟»دا، مانیفێستی ئەدەبی خۆی دەردەبڕێ، ئەو کاتەی کە هۆگری ماڕکسیست بوو و لە ژێر ئەم وتە بە ناوبانگەی ماڕکسدا کە دەڵێ: «فیلسەفووف بە درێژایی مێژووەوە پێناسەی جیهانی کردووە و ئێستا کاتی گۆڕانییەتی»، ئەویش لە ژێر کاریگەری ئەم پەیڤەدا دەبێژێ: «نووسەر دەبێ بە نووسینەکانی کاریگەری لە سەر دنیای دەوروبەری دابنێ و بیگۆڕێ» .

بەگشتی ئەدەب لای سارتر لە پێش شەڕی جیهانیدا کە لە ڕۆمانی «تهوع» باسی دەکا، تەنیا چەمکێکە وا مرۆڤ لە پووچی و بێمانایی ژیان ڕزگار دەکا، لە دوای شەڕیش پێی وایە کە نەک هەر ڕزگارکەری تاکە بەڵکوو هی کۆمەڵگەشە، ڕاستە کە لەم کتێبە ئەو ئەرکی کۆمەڵایەتی و بەرپرسایەتی هونەرمەند سنووردار دەکات، ڕۆمان و پەخشان و شانۆنامە و شێعر بە هەڵگری ئەم ئەرکە نازانێ بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە دژایەتی لە گەڵ شێعر کردووە، دوایی بارەقەڵایی شێعری شاعیرانی ڕەشپێستی فەرانسی دەداتەوە و باسی بەڵێنداربوون و بەئەمەگبووی ئەو شاعیرانە دەکا لە بەرامبەر ڕەنج و نابەرابەرییەکانی گەلەکەیانەوە .

لە ڕوانگەی سارترەوە نێوان ئازادی و کردار، پێوەندی ڕاستەوخۆ هەیە، ئازادی هەمان کردارە و ئەو فەزیلەتە دەروونی نییە کە هۆگری بە هەلومەرجەکانمان لێ بستێنێتەوە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە، هێزی دەرگیربوونە

هەواڵنامەی کێبڕکێ

لـه گـەڵ کـرداردا لـه پێنـاوی سـازکردنی داهاتـوو، چوونکـه مـرۆڤ تەنیـا بوونەوەرێکـه وا ناتوانـێ بێهەڵوێسـت بـێ، واتـه بخرێتـه نـاو هەلومەرجـی نابەدڵخـوازەوە، ئـەوا بێگومـان دەیگـۆڕێ.

یـەک لـه پاڵەوانەکانـی سـارتر دەڵـێ: ئێمـه دەمێکـه مردووین، لەوەتـەی کـه چیـدی ناتوانیـن بـه سـوود بیـن (سـارتر، ۱۹ و ۲۹: ۱۳٤۰).

۳. مامۆستا هێمن و چەمکی بەڵێندار

لـەم وتـارەدا ناپرژێمـه سـەر ژیاننامـەی مامۆسـتا هێمـن، بەڵکـوو هـەوڵ دەدەم ئـەو چەمکـه ئێگزیستانسیالیسـتیانه وا لـه سـەرەوە باسـیان لـێ کـرا لـه شـێعرەکانیدا بخەمـه بـەر چـاو.

هێمـن شـاعیرێکی خەباتـکارە، خەبـات دژی سیسـتەمی ئاغاواتـی و کۆنەپەرەسـتی و دژە ژن و هەروەهـا داگیـرکاری کوردسـتان. هێمـن ناتوانـێ لـه بەرامبـەری هـەژاری و بێبەشـی گەلەکـەی بێدەنـگ بـێ، هێمـن دەنگـی ڕەسـەنی هەژارانـه، لـه شـێعری «ئـارەق و تیـن»دا بـه زمانێکـی سـاکاری جووتیارانـەوە باسـی نرخـی جووتیـار بـۆ کۆمـەڵ دەکا و هـاواری چەوسـانەوەی جووتیـار دەکا، بـۆ هێمـن، مرۆڤـی زەحمەتکێـش، خۆشەویسـتە:

من جووتیارم، من جووتیارم
من لەگەڵ هەتاو هاوکارم
من بە ئارەق و ئەو بە تین
دامان ڕشتووە بناغەی ژین
باسکی من و تیشکی ئەوی
دەستێنین بژیو لە زەوی
گەر جووتیار ئارەق نەڕێژێ
گەر هەتاو تیشک ناوێژێ
دانیشتووی ناو کۆشک و قەڵا
دەخۆن نانی گەڵا گەڵا؟ (هێمن، ۲۰۱۲: ۱۲).

هێمـن هەروەهـا بـڕوای بـه « وێـژەی بەڵێنـدار» هەیـه و قەبوولـی کـردووە کـه ئەرکـی شـێعری شـاعیری گەلـی چەوسـاوە، تەنیـا لێکدانـەوە و خسـتنه نـاو هۆنـراوەی سرووشـت و جوانـی نییـه، شـاعر لـه پێـشدا مرۆڤـه، مرۆڤێکـی هەسـت ناسـک بـەڵام بیـر تیـژ و بـه ئیـرادە، مرۆڤێـک کـه توانـای گۆڕانـی کۆمەڵگـەی هەیـه، بۆیـه بـۆ خۆیشـی سـەرەڕای شـاعیر، خەباتکارێکی کارایـه، هێمـن لـه شـێعرەکانیدا ستایشـی ئـازادی دەکا، خەونـه مەزنەکانـی گەلەکـەی دەنەخشـێنێ، پێناسـەی جـۆری ژیانـی ئازادانـه و دڵخوازێـک دەکا کـه هـەم بـۆ خـۆی دەیهـەوێ و هـەم بـۆ ئەوانـی دی.

لـه «پـەری شـێعر»دا باسـی ئـەوە دەکا کـه گویـا کچێـک داوای شـێعرێکی لـێ دەکا کـه هەڵگـری هەندێ تایبەتمەنـدی بـێ، ئـەو تایبەتمەندییانـه ڕێـک لـه هەمـوو شـێعرێکی مامۆسـتادا هەیـه و زۆربەشـیان دەچنـه خانـەی شـێعری بەڵێنـدار و کارکردییـەوە:

شێعرێک سروودی شادی بێ
شێعرێک دەنگی ئازادی بێ



شێعرێک ڕەق بێ، ڕق بێ، قین بێ
گڕ بێ، بڵێسە بێ، تین بێ
شێعرێک سەنگچنی سەنگەر بێ
شێعرێک بریقەی خەنجەر بێ (هێمن، ۲۰۱۲: ۲۰۷).

یان لە «بەهار هەر دێ»دا ستایشی ئازادی دەکا:

دەزانن زامی دیلی چەند بە ئێش و چەند بە ئازارە؟
دەبێ ڕابێین هەتا ئێمەش دەگەینە ڕێزی سەربەستان
خەتای خۆمانە تا ئێستا کە هەروا کۆیلە و دیلین
ئەوانەی شاد و ئازادن، کەمێ زووتر لە خەو هەستان
نەتاندیوە کە ڕووباری خورێن بەردی دەقەڵشێنێ؟
وەهاشە هەر کە زۆرداری دەسووتێنێ گڕی هەستان
سەهۆڵبەندانی بێدادی ئەگەرچی تووش و دژوارە
بەڵام لێم سوورە وەک ڕۆژێ بەهار هەر دێ لە دووی زستان (هێمن،۲۰۱۲: ۳٤۷).

لە شێعری « شەپۆلی تۆڵە» باسی مانای چەوسانەوە دەکا و خەڵک هان دەدا کە لە بەرامبەری ستەم و زۆرداری و داگیرکەردا ڕاوەستن و بە هەڵبژاردنی ژیانی سەربەستانە و دڵخواز، ببن بە سووژەی کارا:

کورە ئەی کوردی لە خۆشی بێبەش!
بەس نییە کۆیلەتی دێوزمەی ڕەش؟
باژوێ ئەسپی هەوەسی خۆی هەروا؟
بتگرێ، بتکوژێ وا بێ‌ڕەوا؟
زەجر و ئازار و شکەنجە تا چەند؟
وەختی وەی هاتووە خۆت ڕاپسێنی
تۆڵە وەرگرییەوە، هەق بستێنی
تاکو شۆڕش نەکرێ توند و تیژ
تاکوو سەنگەر نەگرێ لاو و کیژ
نادرێ مافی گەلی کوردی دلێر
هەر دەبێ وا لە قەفەزدا بێ، شێر(هێمن، ۲۰۱۲: ۲۲۲ تا ۲۲٤).

لە کۆتایی ئەم باسەدا با ئاماژە بکەین بەو خەونە جوانانە وا لە شێعری « ئاواتی بەرز»دا بۆ گەلی کورد دەینەخشێنێ، ئەم شێعرە پەسندی ژیانە، «پەسندی ژیان» تاقە یاسای ئاکاریی بەرزە مرۆڤی نیچە، فیلەسووفی بوونخوازە، پەسندی ژیانیش هەڵگری ئەم چەمکانەیە: بەهێز، ئەرێ بێژ بە ژیان، داهێنەر، شاد و ئازاد (لاوین، ۱۳۷۸: ٤۱۳).

ئەم شێعرە ئەو وەسفە وە بیر دێنێتەوە وا لە دوای ئازادی فەرانسە، هەندێ لە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە فەلسەفەی بوونخوازیان ناو نایە « ئومێدی». نائومێدان

هەر کە کەوتە دەستی کورد چارەنووس و کاری کورد
مەدرەسە و دانیشکەدە بۆ شار و لادێ دادەنێن
خەستە خانەشمان دەبێ، دوکتور و دەرمانیش فرە
ناکەوێ تازە لە کووچان خەستە و بیماری کورد
ئەو زمانە شیرنەی ئێمە پەرەی دەگرێتەوە
نادرێ چیدی کتێب و دەفتەر و ئەشعاری کورد
ڕەونەقێ پەیدا دەکا ئەو جارە کە بازاڕی کورد
دادەمەزرێنن لە گشت شاری وڵات کارخانەیەک
دەست لە ئەستۆی یەک دەکەن ئازاد و شاد و بەختەوەر
کێژ و کوڕ، لاو و گراوی دڵبەر و دڵداری کورد (هێمن، ۲۰۱۲: ۱۷۱ تا ۱۷۳).

۴. ڕەچەڵەکناسی چەمکی ڕەنج لە شێعری هێمن‌دا

چەمکگەلی وەکوو ڕەنج و حەسرەت و دەربەدەری و تەنیایی و ماندوویی لە شێعری هێمن‌دا، دەورێکی کاریگەر و سەرەکیان هەیە کە پێویستە خوێندنەوەیەکی بوونخوازانەی لە مەڕ بکرێت.

کیەرکێگۆر کە بە باوکی ئێگزیستانسیالیزم دەیناسن، بەم پەیڤەوە لە بیری زۆربەماندا ماوەتەوە کە دەبێژێ: «بە دوای ڕاستییەک دام کە تەنیا بۆ من ڕاستی بێ، بۆ ئەو ڕاستییە بژیم و لە پێناویشیدا بمرم».

باوکی بوونخوازی لە کتێبی «ترس و لرز»دا کە لە ڕاستیدا پەسنامەیەکە بۆ ئیبراهیمی نەبی، باسی جۆرە تەنیایی و نامۆیی و هەڵبژاردن و ئیمانێک دەکا کە لە ئازارەکانی مامۆستا هێمنەوە زۆر نزیکە. لە ڕوانگەی ئەم قوتابخانەیە ئەوەی وا مرۆڤ لە ئاژەڵ و شت و مەک و گژوگیا و سروشت جیا دەکاتەوە، دۆزینەوەی خۆی وەک تاک، وەک سووژەی شناسا و پەیڕەوی لە یاسای


هەوالنامەی کێبێ

خودموختـاری عەقڵانییـە، دڵەڕاوکـەش بەرهەمـی ئـازاری زانینـی ئـەم ڕاستیەیە کـە هەمـوو شـتێ لە ئەستۆی خۆمانە و کـەس نییـە بەرپرسـی کردەوەکانمـان بـێ (وارنـۆک، ١٣٨٦: ٦٠). بـە وتـەی هایدگـەر مـرۆڤ بوونەوەرێکـی تەنیـا و فـرێ دراوە بـە سـەر جیهـانـدا و بـە بێیارمەتـی خواستن لـە هێـزە مێتافیزیکییـەکان، دەبـێ چارەنووسـی خـۆی دابیـن بـکات.

٤.١.ئیبراهیمی نەبی و هێمنی شاعیر، هەر دوو شاسواریئیمانن

بـە هـۆی تاقیکارییەکـی ئیلاهییـەوە دەسـتوور بـە ئیبراهیـم دەدرێ کـە چەقـۆ لـە ملـی تاقـە کوڕەکـەی بنـێ و بیـکات بـە قوربانـی ئەمـری خـودا. ئـەو بـە بێدڕدۆنگـی فەرمانبـەرداری ئـەم ئەمـرە دەبـێ و لـە دوایـیدا، بـە هاتنـە خـوارەوەی مەڕێـک بـە جێـی کوڕەکـەی لـەم تاقیکارییـە سـەردەکەوێ. کیەرکێـگارد لـە «ترس و لرز»دا باسـی جـۆرە ئیمانێک دەکا کـە کۆڵەکـە و هەوێنی کەسـایەتی و خەباتـی ئیبراهیمە، «بـە هـۆی ئیمانـە وا ئیبراهیـم لـە نیشـتمانی خـۆی وەدەرکـەوت و بـوو بـە ڕێبـواری نامـۆی عـەرزی مەوعـوود، لـە غوربـەت و مەینەتـیدا هیـچ دڵخۆشـییەکی نەبـوو، وە هەمـوو شـتێ بـە لایـەوە دڵتەنـگ بـوو، بـەم حاڵـەوە ئـەو هەڵبـژاردەی خـودا بـوو و خـوا لێـی ڕازی بوو(کیەرکێگـۆر، ١٣٩٠ :٤٢)! یـان دواتـر دەڵـێ: شاسـواری ڕاسـتەقینەی ئیمـان، هەمیشـە لـە تەنیایـی ڕەهـا دایـە، تاکـە، ڕەنـج دەسـتەبەری دەکا بـۆ دڕووسـتبوونی ڕێگاکـەی (هەمـان: ١٠٧ و ١٠٨).

ئیبراهیـم بـە هـۆی تەحەمولـی ڕەنـج و سـەرکەوتن لـەو دۆخـە نالەبـارە، دەبێتـە شاسـواری ئیمـان، چوونکـە خـودا گەورەتریـن پاڵپشـتی ئـەو بـوو، بـەڵام مـام هێمـن بـە بێیارمەتـی خـودا و بێچاوەڕوانـی پێزانیـن و پشـتگیری و بارەقەڵایـی خەڵـک و کـەس و کار و بنەماڵـە و خـزم و کـەس و کار یـان سیسـتەمی دەسـەڵات، بـەڵام بـە هـۆی ئـەو ئیمانـە پتـەو و ڕەسـەنە کـە وا بـە خەبـات هەیبـوو، تووشـی ئـەو ئاوارەیـی و نامۆییـە بـوو وا بـەردەوام لـە شـێعرەکانیدا هـاواری دەکا، تەنانـەت غوربەتـی هێمـن گەلێـک تراژیکتـرە لـە غوربەتـی ئیبراهیمـی پشـتقورس بـە خـودا یـا کوردێکـی ئەورۆپـی وا لـە ئوروپایـە و لـە هەمـوو دەرفەتـە ئابـووری و باژێڕقانییەکانـی ئـەو ولاتانـە کەڵـک وەردەگـرێ و خەباتـی خـۆی سـنووردار کـردووە بـە تـۆڕە مەجازییـەکان. غوربەتـی مـام هێمـن لـە ڕاسـتیدا ڕۆیشـتن لـە بارودۆخێکـی نالەبـار بـۆ بارودۆخێکـی نالەبارتـر بـوو، ئیمانـی ئیبراهیـم ئاسـمانییە و



ئیمانـی هێمـن زەوینـی، ئیمانـی ئیبراهیم هەڵگری پاداشـێکی گەورەیـە و ئیمانـی هێمـن دیسـانەوە تەنیایـی و ڕەنجەڕۆیـی و خەفەتـە، هێمـن بـە هـۆی ئیمـان بـە گـۆڕانکاری، خەبـات، کـرداری سیاسـی، هەڵبـژاردن، بەرپرسبـوون لـە بەرامبـەر چارەنووسـی خەڵـکـە، وا دەبێـت بـە شاسـواری وێـژە و خەباتـی کـوردی و دەتوانیـن وەک شـاعیرێکی خەباتـکار و بوونخـوازی سیاسـی نـاوزەدی بکەیـن.

چۆن نەناڵێ ئەو دڵەی پڕ هەستی من؟
چۆن لە ئەژنۆ ببنەوە دوو دەستی من؟
چۆن نەناڵێ ئەو دڵە ئەنگاوتەیە؟
بەرد لە بەردی بێتەوە دەگی هەیە
ژانی ناسۆری جووداییم چێشتووە
هەرچێ خۆشم ویستووە جێم هێشتووە
هەڵبڕاوم من لە یاری نازەنین
دەرکراوم من لە خاکی دڵ نشین
بوومە ئاوارە و پەڕیوەی دوور وڵات
کەوتمە نێو وردە داوی ڕێی نەجات. (هەمان: ٢٨٣).

۴.۲. ئیمان و هەڵبژاردنی «یا ئەم/ یا ئەو»

ناوی یەک لە کتێبەکانی باوکی ئەم قوتابخانەیە، بەرهەمی «یا ئەم/ یا ئەو»ە کە باسی دوو قۆناغ لە بوونی تاک دەکا کە دەبێ یەکیان هەڵبژێرێ، بوونێکی عەقڵانی و بوونێکی هەستیاری و ئێستەتیک. ئێگزیستانسیالیزم لەم ئەندێشەوە چەکەرە دەدا، مرۆڤ ئازادە لە هەڵبژاردنی ئەم دوو جۆرە ژیانە، ئەوەی کە شێوازی ئێستەتیک هەڵدەبژێرێ، بە دوای ڕەزامەندی جەستەیی و جیسمانی و تێرکردنی حەز و چێژە تاکە کەسیەکانییەتی، ئەم جۆرە لە بوون ناپایەدار و خۆ وێرانگەرە، کەچی لەم سەردەمەدا و لە ژێر کاریگەرییەکانی نێئۆلیبرالیسم و دەروونناسی نوێ، کەم کەسێ هەیە ئەم جۆرە لە بوونەی هەڵنەبژارد بێ! بەڵام لە ژیانی عەقڵانی و ئاکاریدا، مرۆڤ چیدی لەم قۆناغە تێدەپەڕێ و بە دوای ئافراندنی «خودی ئارمانی» دایە (استراترن، ۱۳۷۸: ۳۲ تا ۳۷).

مامۆستا هێمنیش دەیتوانی بە بێهەست بە بەرپرسایەتی لە بەرابەری خود و ئارمانجەکان و گەل و نیشتمانی، مرۆڤێکی ئاسایی بێ و بەپێی مانۆ و سامانێ کە بۆی بەجێما بوو ژیانی ئێستەتیک هەڵبژێرێ، بەڵام ئەو بەپێی ئیرادە و ئیختیاری خۆی شێوازە بەرپرسانە و ئاکارییەکەی هەڵبژارد و لە پێناوی ئازادیدا هەنگاوی هەڵێنا، ئەو شاسواری خەبات بوو، ئیمانی بە شۆڕش و ئازادی کورد بوو، لە شێعری «ئامێزی ژن»دا بە جوانی ئەم هەڵبژاردە وشیارانە خۆی دەنوێنێ:

جاران پەناگەی شەوانم
ئامێزی ئاوەڵای ژن بوو
گەرمی و نەرمی ئەو ئامێزە
مایەی حەسانەوەی من بوو
دەردی ژیان، ڕەنجی خەبات
ماندوو بوونی ڕۆژی ناخۆش
بە شەو لە ئامێزی ئەودا
هەموو دەکردن فەرامۆش
بەڵێ سەختە، یەکجار سەختە
دووری لە ژن، نامرادی
بەڵام لە ژن خۆشەویستتر
لە لای من ئەتۆی، ئازادی! (هەمان: ۲۲۱).

۵.چەمکی شۆڕش لە لای مامۆستا هێمن و کامۆدا

«من شۆڕش دەکەم، کەواتە ئێمە هەین.» ئەمە وتەیەکی بە ناوبانگی کامۆیە و لە ساڵی ۱۹۵۱دا کتێبێکی لە چاپ درا بە ناوی « مرۆڤی شۆڕشگێڕ» .

بە ڕای کامۆ، مرۆڤ لە ڕێگای «شۆڕش» دایە کە دەگاتە ئازادی و ئاگایی، هەر بۆیە ئیتر مرۆڤی شۆڕشگێڕ نهیلیست نییە، چوونکە بەرەنگاری نادادپەروەری دەبێتەوە، شۆڕش پێویستە بۆ دادخوازی، چیتر ئارمانج پاساوی ئامێر ناکات و توند و تێژی لە «شۆڕش»دا تەنیا ئەو کاتە دێتە پەژراندن کە شۆڕشگێڕەکان مەرگی خۆیان بپەژرێنن (کامۆ، ۱۳۹٤ :۸۸ و ۸۷).

گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن
قەت لە دەست ئەم چەرخە سپڵە نابەزم، مەردم ئەمن
گەر لە برسان و لە بەر بێبەرگی ئیمرۆ ڕەق هەڵێم
نۆکەری بێگانە ناکەم تا لە سەر هەردم ئەمن
من لە زنجیر و تەناف و دار و بەند باکم نییە
لەت لەتم کەن، بمکوژن، هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن
(هەمان: ۹۵).

تاکە شتێک کە دەتوانێ مرۆڤ لە پووچی ڕزگار بکات و مانا ببەخشێ بە ژیان و هاوکات بەو مانایەوە بتوانێ ئەحەمولی ژیان بکات و درێژەی پێ بدات، لە ڕوانگەی کامۆدا شۆڕشە، شۆڕش ئەو چەمکەیە وا قورسایی بەردەکەی سەر شانی سیزیف، وا هەموو ڕۆژێ دەیباتە سەر لووتکەکە و بەردەبێیەوە، سووک دەکاتەوە، شۆڕش ئەو چەمکە مەزنەیە وا هێمنی موکریانی مەجبوور دەکا لە نێوان ژیانی ئێستەتیک و عەقڵانی، ژیانە عەقڵانییەکە هەڵبژێرێ و لە پێناوی‌دا نامۆیی و ئاوارەیی و ڕەنج و کۆڵ و ژان وەک چارەنووسی خۆی لە ئامێز بگرێت.

۶.ژن لە شێعرەکانی مامۆستا هێمن‌دا

دەرسی بنەمایی بوونخوازی ئەوەیە کە مرۆڤ، بوونەوەرێکی بکەر و ئازاد و مۆختارە و کەس بۆی نییە بە جێی ئەوی دیکە بڕیار بدا (وارنۆک، ۱۳۸٦: ۱۰٤) هەروەها ئاکاری بوونخوازی، لایەنگەری لەو قسە بە ناوبانگەی کانت دەکا کە دەبێژێ:» بەپێی نەریتێ هەڵسوکەوت بکە کە هاوکات بتهەوێ گشتی بێتەوە» واتا ئەوەی کە بۆ خۆت دەخوازی بۆ خەڵکیش بخوازە.

هەولێری کتێب

کاتێ بتوانین خوێندنەوەیەکی بوونخوازانە لە شێعرەکانی هێمن بکەین و بنەمای بوونخوازیش گرینگایەتی مرۆڤ بێ، وەک سووژەیەکی وشیار و خاوەن وزە و ئیرادە، خاوەن بوار و دەرەتان ئەوا چەمکی ژن لە شێعرەکانیدا، گرینگایەتی تایبەتی هەیە و پێویستە بە چەند خاڵی سەرنجڕاکێش ئاماژە بکرێ:

پێناسەی جوانیناسی ژنانە لە فۆلکلۆر و شێعرە کلاسیکە کوردییەکاندا لە ڕوانگەی پیاوی کوردی لادێیەوە بووە، ژن ئۆبژەیەکی بەرهەست و بێدەنگ بووە کە لە ژینگە (زیست ـ جیهانی) پیاودا بە توخمە سروشتییەکانەوە دێتە شووبهاندن، ژن دەشووبهێندرێ بە فریشتە و ئەهریمەن، بە هەموو جۆرە ئاژەڵ و باڵندە و میوەیەک جگە لە ژنی بەرهەست! تەنانەت ژنان گەر بیانهەوێ خۆیان وەسف بکەن، هەر کەڵک لەو چەمکە پیاو جەمسەرانەیە وەردەگرن و ناتوانن لە بازنەی ئەم ناسنامەیە بێنە دەرێ: مەمکی وەک هەنار، بەی، سێو، لیمۆ، هێلوو یان بە وتەی حەسەن زیرەک پەنیری کوردی!، لێوی وەک ئاڵباڵوو، گەردن زەرد، گەردن قاز و هتد.

ژن لە ڕوانگە و ژینگەبینی پیاوی کورددا، نەک بکەر بەڵکوو بەرکارە، پێناسەشی بەپێی جۆری پێوەندییەتی لە گەڵ پیاودا، نەک کەسایەتییەکی ئازاد و سەربەخۆ،



پێناسەگەلێ وەک: دایک، خوشک، بێوەژن، ژن، یار... لە باری خوو و ئاکاریشەوە هەر لە چوارچێوەی حەز و خواستی پیاو دایە و نەک کردارێکی بکەرانە و تایبەت بە جیهانبینی خۆی، بۆ نموونە زۆربەی کەسایەتییەکانی ژن لە شێعر و فۆلکلۆری کوردیدا بەم چەشنەیە:

الف) دایکێکی ڕەنجەڕۆ و فیداکار و جەرگسووتاو و بەستەزمان و چەوساوە لە لایەن پیاو، کۆمەڵگە، دەسەڵات و ئایین.

ب) یارێکی کەم تەمەن و جوانکیلە و بەرقەوڵ وەک بەرخ!

ج) کچە عەیارێکی بەفیز و خەمزە و نازفرۆش کە وردە وردە بە هەڵگووتن و پاڕانەوەی یارەکەی دەستەمۆ دەبێ.

د) یان شاجوانێکی خۆبایی و بەزەبر و قەڵسە و چوونکە قەت خۆ بە دەستەوە نادا، وردە وردە دەبێتە کۆژەری یارەکەی.

لە هەندێ شێعری مامۆستا هێمندا، کچی کورد هەڵگری هەمان پێناسەی جوانیناسانەی ناو شێعرە کوردییەکانە، بەتایبەت لە شێعرە عاشقانەکانی وا وەسفی کچی سرووشتی و لادێی دەکا.

بەڵام ئەو شتەی وا خاڵی گرینگی ئەم باسەیە، جۆرە ڕوانینی تایبەتی هێمنە بۆ ژن کە لە شاعیرانی تردا، بەتایبەت شاعیرە تازەکان وا لە ئوروپا و لە شارە گەورەکاندا دەژین و ئەوانەی کە وا وەک قوبادی جەلیزادە زۆرترین گرینگایەتیان بە چەمکی ژن داوە، بە دی ناکرێ. ئەوەی کە هێمن جیا دەکاتەوە لە شاعیرانی تر، ئەوەیە کە ژن وەک ئۆبژەیەکی بەرهەست و بێدەنگ، یان گرێدراوی جۆری حەز و ئاوات و پێوەندی تاکە کەسیی شاعیر لە گەڵیدا نییە، لە زۆربەی شێعرەکانیدا، ژن بوونەوەرێکی خاوەن وزە و توانایە کە نابێ خۆی بندەستی زەبر و چارەنووسی کۆمەڵگە بکات و شاعیر هانی دەدا بەرەو پێشکەوتن و خوێندەواری و زانایی.

کیژی خەڵکی بۆمی ئاتۆمی دروست کرد و ئەتۆش
هەر دەزانی ناوی «ئەستێولک و دەرخۆنە و پنە»
فێری زانست و هونەر بوو ئەو لە سایەی خوێندنی
تۆش تەشیمان بۆ دەڕێسی، یادگاری شیرنە.
ئەو بە ئاسمانا فڕی، دنیا گەڕا، چووە بن بەحر
دەک نەمێنم کاری ئێوەش هەر لە ژوور دانیشتنە.
(هێمن:۱۲۱).

۱.۶.دژایەتی هێمن لە گەڵ حیجابی زۆرەملەیی‌دا

خاڵیکی تر کە شایانی ئاماژە پێکردنە، بەرەنگاربوونەوەی شاعیرە لە گەڵ حیجابی زۆرەکی ژنان‌دا

بەرەنگاربوونەوەی مامۆستا هێمن لە گەڵ حیجابی زۆرەکی ژنان، لە پێناوی دژایەتی لە گەڵ ئازادی ژنە، دژایەتی لە گەڵ کۆنەپەرستی و بە کۆیلەزانینی ژنە، تێگەیشتن لە چەمکی ئازادی بە هەموو ماناکانییەتی، لە ڕاستی‌دا بە خاتری خودی ڕاستەقینەی ژنە.

ئەو پەچە و ڕووبەند و چارشیوەی نەدیوە نەنکی تۆ
ئەو شڕ و شاڵاتە دیاری دوژمنی دڵ چڵکنە

نایەڵێ گۆشەی برۆکەت دەرکەوێ، چارشێوەکەت
ئەی لە دەس ئەو چڵکە هەورە مانعی مانگ گرتنە
داڕزینە، مردنە، ئاخر هەتا کەی پێت بڵێن
نابێ بێیتە دەر لە ماڵ، ماقی ژیانی کوا؟ ژنە
لادە چارشێوی ڕەشت با دەرکەوێ کوڵمەی گەشت
چون لە قەڕنی بیستەما زۆر عەیبە ئەو ڕوو گرتنە

هەر چەند ئەم چەمکە لە شاعیرانی کۆن و تازە بە جۆرگەلێکی جیاواز بەدی دەکرێ، بەڵام جیاوازییەکەی ئەوەیە کە نەک زۆر جیدی بەڵکوو زیاتر جۆرە گلەییەکە لە دەست پێڕانەگەیشتنی پیاو بە جوانییە ڕواڵەتییەکانی ژن کە بووەتە کۆسپێک لە بەرامبەر چێژی غەریزی پیاودا! لە زۆر شوێنیشدا داکۆکی لە حیجاب و ڕووگرتن دەکرێ چوونکە نیشانەی ماقوولی و بە ئەخلاقبوونی ژنە و بگرە مانایەکی جوانی‌ناسانەشی پێ بەخشیبێ، بە هەر لایەکدا کە تماشای بکەین، تەنیا شتێک کە لە بەرچاو ناگیرێ، سوود و زیانی ژنە، بەڵام ژنی ناو شێعرەکانی مامۆستا هێمن، ژنە کوردێکی ئازاد و پێشکەوتووە کە بناغەدانەری ئازادیی گەلەکەیەتی.

ڕەزا خان لە سەردەمی مەشرووتەی ئێرانی‌دا، کاتێ ویستی ئێران بەرەو ڕەوتی مۆدێرنبوون و پێشکەوتن ببا، سەرەڕای پڕۆژە ئاوەدانی و زانستییەکانی، حیجابیشی لە سەر ژنان لابرد، ژنی ئێرانی بۆ ئەوەی وڵاتەکەی مۆدێرن بکاتەوە لەچک و چارشێوی بە زۆری لە سەر لابرا بەڵام بە جێی جلوبەرگی فارسی، کە یەک لە نیشانەکانی شۆناسی ئەو بوو، جلی بیانی لەبەر کرا و ئێستا دەبینن کە یەکێ لە هۆکارەکانی قەیرانی شۆناسی فارس، نەمانی ئەو مێژوویە و ئەو جلوبەرگە ڕەسەنە فارسییەیە، بەو چەشنەی کە ئەمڕۆکە « کۆت و داوێن و ماکسی و مینی ژووپ» بە جلی فارسی ناوزەد دەکرێ و ئیتر کەس ئەو جلە ڕەنگامە و چینچینییەی فارسی بیر نەماوە!

بەڵام ژنی ناو شێعرەکانی هێمن پێویست ناکا بۆ پێشکەوتن و مۆدێرنبوونەوە، خۆی هەڵواسێتە کەرەستە و ئێلیمانی مۆدێرنی بیانییەوە. مودێرنبوون لای هێمن بە مەرجە، مەرجی لە بەر چاوگرتنی نەریت و بەستێنی کوردی هاوکات بە زەینێکی ئازاد و بیرێکی کراوەوە.

لە شێعری «کیژی لادێ»دا دەڵێ:

کیژی لادێی نەشمیلی جوان چاک!
ئەتۆ هەر زگماگ وەها جوانی
«تەوالێت» چییە؟ ناوی نازانی
«پۆدر و کرێم و ماتیکت « نییە
هەر نەتبیستووە» ئۆدی کۆلۆن» چییە!
نەتکرد سووراو و سپیاو چۆن دووری
لە شاری کەچی هەر سپی و سووری
« فێڕ»ت لێ نەدا، بسکەکەت لووڵە
ڕێژیمت نەگرت بەژنت وەک تووڵە
کوڵمەکەت وەکوو گوڵاڵەی گەشە
بێ سوورمەش چاوە مەستەکەت گەشە
(هێمن:۱۱ و ۱۱۲).

۲.۶.مانای پێشکەوتنی ژن لە ڕوانگەی هێمن‌دا

پێشکەوتن لە لای هێمن نەک ڕواڵەتی و لاوەکی وە ئاوەکی بەڵکوو بنەمایی و هزری و دەروونییە، لە پێناوی گەشەکردنی کەسایەتی ژنە، لە پێناوی ئازادی ژنە بۆ چێکردنی کەسایەتی و چییەتییەکی سەربەخۆ کە ببێتە هۆی پچڕانی زنجیرەکانی و هەروەها بەرەو پێشبردنی ئاستی زانیاری گەلەکەی. چوونکە شاراوە نییە کە ژن، بنەما و پەروەردەگەری کۆمەڵگەیە، بۆ هێمن، ژن هەر بەو جلە کوردیانەیەوە، هەر ئەو کچە لادێیە، توانای جیهانی بوونەوەی هەیە و لە شێعری «کیژی لادێ»دا باسی لە سەر کراوە.

هەوالنامەی کتێب

۳.۶. ژن و شۆڕش و ئازادی لە شێعری هێمن‌دا

هەروا کە ئاماژەمان پێ کرد، ڕوانینی هێمن بۆ ژن، ئینسانییە و ژن بە هەموو بوارەکانی وجوودییەوە لای ئەو ژنە و نەک تەنیا جوانی و جەستە، کەواتە لە بەدیهاتنی خەونی ڕزگاری گەلەکەشی شان بە شان پیاو لە سەنگەری شەڕدا، چەک بە دەستەوە دەگرێ و سەرەڕای بیرکردنەوە لە پێشکەوتن و خوێندن و گەشەی لایەنە زانستییەکانی خۆی، دەیهەوێ لە بواری سیاسیشدا خەبات بکا و بکەر بێ.

ڕەنگە هێمن یەکەم شاعیر بێ، وا لە ساڵی ١٣٤٢دا، کاتێ کە خەباتی سیاسی ژنانی کورد هێشتا کرچ و کاڵ بوو، باسی ژنی شۆڕشگێڕی کرد و ئەو لایەنە وجوودییەی ژن بە جوانترین شێوە لە شێعری « گوڵی هیوا» دەستنیشان کرد.

دەڵێی مام هێمن پێشبینی حیماسەی کۆبانێ کردووە و تەسویری ژنی شەڕڤانی لەم شێعرەدا کێشاوەتەوە.

ئەختەر کچی کوردی چاومەست!
ئیلهام بەخشی شێعری پڕ هەست
ئەی پێشمەرگەی میللەت پەرەست
کە دیتمی تفەنگ بە دەست
زانیم گوڵی هیوا پشکووت
بەیانی ئازادی ئەنگووت
ئەختەر پێشمەرگەی کۆڵنەدەر!
نارێژی چاو، سوور ناکەی لێو
شانە ناکەی بسکی پەشێو
یەکجاری فڕێت دا چارشێو
ئەوە ڕووت کردە چڕ و کێو
دەبڕی جەرگی دوژمنی زۆڵ
بە سەرنەیزە، نەک بە مژۆڵ (هێمن: ١٩١).

دەرئەنجام:

ئێگزیستانسیالیزم و وێژە پێوەندییەکی توندوتۆڵیان پێکەوەیە، فیلسووفەکانی ئەم قوتابخانەیە لە ڕێگەی شانۆنامە و چیرۆک و ڕۆمانەکانیانەوە توانیان ئەو زمانە سەخت و ساردەی فەلسەفە بکەنە چێژێکی جوانی‌ناسانە و هاوکات هەوێنەکانی ئەو ئەندێشەیەیش بنوێننەوە، هەر بەو پێیەش لەم بابەتەدا، هەوڵ درا کە لایەنە بوونخوازەکانی بەشێک لە بەرهەمەکانی مامۆستا هێمن وەدیار بخرێت و چەمکگەلی وەکوو ئازادی، ئیختیار، بەڵێندارییەتی، هەڵبژاردن، ڕەنج.ڕاستە کە لە سەرەتاوە تەنیا لەو شێوازە ئەدەبیانە، بوونخوازی پەرەی پێدرا، بەڵام دوایی لە هەموو شێوازێکی هونەری‌دا هاتە بەر باس، لە شێعری ئێران‌دا نموونەی بەرهەستی وێژەی ئێگزیستانسیالیستی لە شێعرەکانی شاملوو و پەرویزی ناتێل خانلەری وەبەرچاو دەکەوێ.

لە شێعری کوردی‌دا، چەمکەکانی بوونخوازی بە ڕوونی لە لای مامۆستا هێمن بەدی دەکرێ، ئەم چەمکانە هێندە بە وزە و کاران، هێندە ڕاستەقینە و گرێدراوی ڕاستییەکانی ژیانی خەڵک و پرسی وجوودی کورد و بارودۆخی کۆمەڵگەی کوردەواریە کە کاتێ لە شێعری مامۆستا هێمن‌دا، کراسێکی جوانی‌ناسانە دەبەر دەکا، کاریگەرییەکانی دوو ئەوەندە دەبێتەوە.

بەردەنگی شێعرەکانی هێمنی خەباتکار، نە بەردەنگی تایبەتە و نە چینێکی دیاریکراو، تەنیا مرۆڤی چەوساوەیە، زمانی شێعرەکانی، زمانێکی ساکار و دەوڵەمەندە و هەمووان لێی تێدەگەن.

بوونخوازی باسی مرۆڤ دەکا و هەوێنی سەرەکی شێعرەکانی هێمن، مرۆڤە، بۆیە دەتوانین ئەم پیاوە مەزنە کە زمانی ئازارەکانی زەمانە و ئێستاشە، بە شاعیری بوونخوازی سیاسی کورد ناوزەد بکەین.


ژێدەر و سەرچاوەکان:

- استراترن، پل، آشنایی با سارتر، ترجمه‌ی زهرا آرین، تهران، نشر مرکز، چاپ دوم، ۱۳۸۲
- استراترن، پل، آشنایی با کرکگور، ترجمه‌ی علی جواد زاده، تهران، نشر مرکز، چاپ اول، ۱۳۷۸
- کرکگور، سورن، ترس و لرز، ترجمه‌ی عبدلکریم رشیدیان، تهران، نشر نی، چاپ نهم، ۱۳۹۰
- دیوانی هێمن، چاپی یەکەم، کوردستانی ئازاد، ۲۰۱۲
- کامو، آلبر، پرومته در جهنم- نقد رمان طاعون، ترجمه‌ی کامل روزدار، تهران، نشر اشاره، چاپ اول، ۱۳۹٤
- وارنوک، مری، اگزیستانسیالیسم و اخلاق، ترجمه‌ی مسعود علیا، تهران، ققنوس، چاپ اول، ۱۳۸٦
- لاوین، ت.ز، از سقراط تا سارتر، پرویز بابایی، تهران، نشر نگاه، چاپ چهارم، ۱۳۷۸
- فلین، توماس، اگزیستانسیالیسم، ترجمه‌ی حسین کیانی، تهران، نشر بصیرت، چاپ اول، ۱۳۹۰
- سارتر، ژان پل، ادبیات چیست؟، ابوالحسن نجفی و مصطفی رحیمی، تهران، کتاب زمان، چاپ اول، ۱۳٤۰
- نوالی، محمود، فلسفه‌های اگزیستانسیالیسم تطبیقی، تبریز، دانشگاه تبریز، چاپ اول، ۱۳۷۲

هەواڵنامەی کۆیە









ڕەزا عەلی‌پوور



خنکان له گۆمه‌شین

خوێندنه‌وه‌ی ڕۆمانی "ژیانه‌وه به کاتی سیروان ی مه‌نسوور ته‌یفووری"




ڕۆمانی «ژیانەوە بە کاتی سیروان» لە چەندین شوێندا مانیفستۆی خۆی دەکات: «لە کەسەکان گرنگتر، چیرۆکەکانیانە... کەسانێک هەن گرنگ ئەو حەکایەتەیە لە دوای خۆیان بە جێی دەهێڵن، بگرە تەنیا ئەوانە ژیاون و دەژین کە لە زماندا دەبنە حەکایەت و تۆمار دەکرێن، گرنگ حەکایەتی کەسەکانە نەک ئەوەی کردوویانە»

ڕەزا عەلی‌پوور







١ - سەبارەت بە ڕۆمانی «ژیانەوە بە کاتی سیروان»، دەکرێ بە خانەبەندییەوە دەست پێبکەین؛ (ڕۆمانی سیاسی و مێژوویی، ڕۆمانی تاراوگە، ڕۆمانی مۆدێرنیستی، دەقی زیندان و حەبسیات و...) پاشان بە قەتارەکردنی ڕیزێک تایبەتمەندیی هەر کامیان و هەڵدانی هەندێ تکنیک، باسی دەقەکە بکەین. ڕەنگە بە هەندێ شوێنیش بگەین، بەڵام بۆ خوێندنەوەیەکی بەرچ، ناکرێ لە کڵێشەی ساناسازدا قەتیس بین. وا باشترە نەک بە پۆلێنکردن، بەڵکوو لە جومگەبەندییەکانی خودی دەقەوە دەست پێبکەین. با بزانین خودی دەق چ پێشنیارێکمان پێدەدات و چ دەشارێتەوە.

ڕۆمانی «ژیانەوە بە کاتی سیروان» لە چەندین شوێندا مانیفستۆی خۆی دەکات: «لە کەسەکان گرنگتر، چیرۆکەکانیانە... کەسانێک هەن گرنگ ئەو حەکایەتەیە لە دوای خۆیان بە جێی دەهێڵن، بگرە تەنیا ئەوانە ژیاون و دەژین کە لە زماندا دەبنە حەکایەت و تۆمار دەکرێن، گرنگ حەکایەتی کەسەکانە نەک ئەوەی کردوویانە» ل٢٠٤. بەدەر لە دەربڕینە زێدەڕۆیانەکەی، دەکرێ ئەم ئایدیا نەدیوگیراو و کەونارایی‌یە وا مانا بکەینەوە؛ هەبوونی مرۆڤانە، شوناس و هەستی، لە پێگەی حەکایەت و چیرۆک دایە کە ئیمکانی هەیە. شوناس کاتێک دەلوێ کە گێڕانەوەگر بێت و بۆ بە داستانبوون بشێ. پەیجۆرییەکی بەرینی ناوێت تا بنجداربوونی ئەو ئایدیا هێشتا بەکار و لەبارە تا لای حەکایەتە ئوستووەرییەکان ببەینەوە.

گەر لە پێوازۆی نووسینەدا، دووانەی خوڵقاندن و کەشفکردن قەبووڵ بکەین، «ژیانەوە بە کاتی سیروان» بە دوای دۆزینەوە و کەشفەوەیە. ئەوکاتەی پێداگریی لە سەر گێڕانەوە دەکرێت لە پێناوی ئەوە دایە بزانرێ پێشتر چی قەوماوە: «بەڵکوو تۆ ڕۆژێک بێیتەوە زمان و بیگێڕیتەوە چیتان بە سەر هات و ئەوانەی دیکەتان کوان و لە کوێن» ل١٨٣. لێرەوە پاڕ بە پاژی ڕۆمان وەک قاوکردن و بانگهێشتی شایەتەکانە بۆ گێڕانەوە، یان باشتر بڵێین بۆ شایەتی دان. بەدەر لە پرسی سواوی ئیمکان و نائیمکانی گێڕانەوەی کارەسات، ئاستەنگێکی هەناوەقی وا گێڕانەوەی «ژیانەوە بە کاتی سیروان «ی تووشی تەنگژە و چڕژان کردووە ئەوەیە کە شایەتی یەکەم و سەرەکیی بۆ گێڕاندنەوە جێی متمانە نییە. ئەم بێ متمانەییە نەک لە بەر بابەتێکی ئەخلاقیی، بەڵکوو لە بەر باری دەروونی و دۆخی شێوێندراوی کەسایەتییەکەیە

کە بە کورتی، ئێگۆی خۆی دۆڕاندووە. بە زمانێکی کارگەیی، کەسێتی پەروەراندن دژ بە گێڕانەوە دەوەستێتەوە. لێرەوە ئێمە گێڕانەوە و ڤەگێڕێکی ناموعتەبەر Narrator Unreliable مان لە پێشە کە خوێنەر دەبێ وریاتر و بە پارێزەوە هەڵسوکەوتی لە گەڵدا بکات و دەربەسە پشتی پێنەبەستێت. ئەمەش لە کاتێکدا کە بۆ پەیبردن بە وردەکاریی هەندێ ڕووداو، نیاز بە گێڕانەوەی ئەوی هەیە. ئەم دۆخە ململانێدارە، جیا لە ئەوەی داینەمۆ و جوولێنەری لایەکی داستانە، لە مۆتیڤە سەرەکی و بەهێزەکانی ڕۆمانەکەشە.

لە مانای باودا، شایەتیدان بریتییە لە یارمەتیدان بە دادپەروەری. لە «ژیانەوە بە کاتی سیروان»دا هیوابڕاو لە دادئەستاندن، بەڕاشکاوی چەندین جار دەگوترێتەوە کە گێڕانەوە و گەڕان بۆ ئەوەیە بزانرێ چی ڕووی داوە. کەواتە ڕەنگە لایەنی ئەخلاقی و ماڤپەروەرانەی ئەو شایەتیدانە -کە ئەدەبی دەرگیر زۆر جار لەوێ دایە- هێند گرنگ نەبێت، بەڵام پرس ئەمەیە. چۆن و بە چ زمانێک دەگێڕدرێتەوە؟ با دیسان لە خودی ڕۆمانەکە ببیستین: «زمان فێری کایەیەکی دیکە بووە، فێر بووە گێڕانەوەی چەندین سەردەم و بەسەرهاتی چەندین کەسی تێکەڵ بکات و بیکاتە حەکایەتی خۆی» « ل ١١٤.



. «ژیانەوە بە کاتی سیروان» وا دەکات، چەندین گێڕانەوە تێکەڵ بە یەکتر دەکات. چەندین چەشنی نالێکچووی نووسین لێک دەئاڵێنێ؛ وەسف، گێڕانەوە، نوکتەی سیاسی و ئایینی، زمانی حەیران و کتێبی پیرۆز، وڕێنە و زمانی شاعیرانەی مەیلە و شێرکۆ بێکەسانە (بۆ نموونە پاژی النجات) هەموویان دەکاتە تانوپۆی یەکتر، یان باشتر بڵێین، هەموویان بە دەوری یەکتردا هەڵدەپێچێت. دەڵێی خەریکە شتانێکی ڕەقینەک شەتەک دەدات تا ڕەو نەکەن و ڕانەپسکێندرێن، ڕووداوگەلێکی کێشدار، بەڵام سرک و ڕەقۆک، مینا ماسی. «ژیانەوە بە کاتی سیروان « بۆ ئەم مەبەستە چەندین «کەس» و «کەش»ی جیاکار دەنگدار دەکات. هەر کام دەور و ئەرکێکیان پێ دەسپێردرێت. لێرەوە هاسانە تێبگەین ستراکتۆری ڕۆمانەکە، پارچە پارچە و فراگمێنتاڵە و بەرەو فۆرمێکی پازێڵی دەکشێت کە دەبێ خوێنەریش بۆ گەیشتن بە گشتییەتێک ـ وەک کەسایەتییەکان ـ لەتک و کەرتەکان پێکەوە بلکێنێت، گەرچی خودی ڕۆمان لە حەرەکەتێکی سەمەڕە و لە زەرەردا، بە پاژی «نامە سەرگەردانەکان» بەشێکی باش لە داپۆشراوی و



ئیبهامەکان پاڵاوتە و ڕوون دەکات.


شیاوە بپرسین ئەم فۆرمە پێچەڵپێچە لە پێناوی چیدا هەڵبژێردراوە؟ خێراترین وەڵام ئەمەیە «ڕووداو و ماجەراکان وا دەخوازن». لە دەقەکەدا نهێنی و بگرە مەتەڵ هەیە. وڵامێکی ڕاستەقانی لای شوێنێک و کەسێک نییە. مەتەڵ و گرێ بۆ هیچ لایەک بە تەنێ هەڵنایەت و ناکرێتەوە؛ واتە هەمان تەمسیلی «ئاوێنەی چل تیکە». لە بنەڕەتدا، ئەم ستراکتۆرە زیاتر لەو دەقانە دایە کە بڕوایان نییە حەقیقەت، بوون و شوناس و تەنانەت قەڵافەت، داڕشتە و یەکپارە بن؛ هەربۆیە بەپێی ئەو دۆخە، ڕووداو و گێڕانەوەی ڕووداویش ناتوانێ یەکپارە بێت. بە زمانێکی بێنیامینی، یەک داڕشتەیی و یەکپارەیی لە پاش سەردەمی حەکایەتخوێنییەوە، خەونێکە ڕۆمان دەیبینێ. لێرەوە پرسیار ئەوە نییە کە ئایا بۆچی ڕۆمان یەکپارە نییە، پرسیار ئەوەیە کۆکاریی ئەم پارچە و پشکانە چییان لێ دێت؟ چ پێوەندییەکیان پێکەوە چێ کردووە و چ مانایەک ڕۆدەنێن؟

لە «ژیانەوە بە کاتی سیروان»دا تاقە یەک ڕووداو و بەم پێیەش یەک گێڕانەوەی سەرەکی، بوونی نییە کە هەموو

پـاژەکان بـە دەوران‌دەوری‌دا وەسـووڕێن و لێـی بئاڵێـن. باش‌تـرە بـۆ وەهـا پنتێـک نەگەڕێیـن، چونکـوو لـە یـەک پشـکەردن‌دا، دەبـێ زۆر پـاژ و پـار فـڕێ بدەیـن. دەکـرێ بڵێیـن زیاتـر لـە کۆمەڵـە دووپرگەیـەک دەچـن، هەندێکیـان لێـک نزیکـن، بـە یـەکدا دەچن و هەندێکیـان دوور دەکەونەوە و جیـا لـە خۆیـان مـەودای نێوانیشـیان شـوناس دەگرێـت. بـەڵام ئاوێکـی هاوبـەش کـە زمـان و سـەودای گێڕانەوەیەکـی پۆسـتڕۆماتیکە، هەمووییـان پێکـەوە دەلکێنێتـەوە، ئاوێـک لـە گوێـن ئـاوی ژێـر گـۆڕەکان.

۲- بەپێـی دابەشـکارییەکانی گێڕانـەوەی داسـتانی، گـەر بمانهـەوێ بزانیـن داسـتانی «ژیانـەوە بـە کاتـی سـیروان» چۆنـە، دەکـرێ بڵێیـن بریتییـە لـە تێکـتەنرانی دوو هێڵـێ چیرۆکـی سـەرەکی)هاوپێچـی چەندیـن وردەهێڵـی دیکـە (، دوو پەرچەکـردار لـە هەمبـەر ترۆمـادا. یەکـەم، ترۆمایەکـی گشـتیی و بەربـڵاو لـە دوو سـێکانس‌دا (سـەرەتا چـوار خوێنـە ئەزەلییەکـە، پاشـان ڕووداوی سـیروان) دووەم، لـە پاشـهاتـی ترۆمـای یەکەمـەوە، ترۆمایەکـی تایبـەتـی و کەسـەکی تـر ڕۆ دەنـدرێ؛ ترۆمـای کوشـتن و نەکوشـتنی خوشـک لـە زینـدان کـە کەسـێتییەکی دۆڕاو و داڕووخـاوی لێدەکەوێتـەوە.

کارەسـات دەقەومـێ. بـەر و ئەنجامەکـەی تەرم و جەسـتەیە. ئامادەبوونـی تـەرم و گرنگـی‌دان بـە جەسـتە بـە چەشـنێکە، دەتوانیـن بانگەشـەی ئـەوە بکەیـن «ژیانـەوە بـە کاتـی سـیروان» نمایشـت و نووسـینی جەسـتەیە. جەسـتەکان و ئەندامـەکان پەڕانپـەڕی دەقیان داگیر کردووە. جەسـتەگەلێک یـان بـزرن، یـان کاتێـک دەدۆزرێنـەوە، شـوێنێک نییـە بیانێـژن، یـان نمایشـت دەکرێـن، یـان ژێراوژێـر و لـە بنـەوە بـۆ ناشـوێنەکان دوور دەخرێنـەوە. جەسـتەی شـێوێن‌دراو و ئالـوودەی مـادەی هۆشـبەر، جەسـتەی ئەشـکەنجەدراو و جەسـتەی شـاردراوەی نـاو باخچـە و گـۆڕە نافەرمییـەکان، هـەر هەمووییـان هەڵگـری ئاماژەگەلـی سـەرتر لـە بـوون و بـاری بایۆلۆژیکـن. تەنانـەت بـە جەسـتەی تەرمئاسـای کەسـێتییە گیرۆدەکەشـەوە ئاخنـراوی دەلالەتگەلـی تێکـدەر و سیاسـین. وەک تایبەتمەندییەکـی سـتایلیی «ژیانـەوە بـە کاتـی سـیروان» زۆربـەی وەسـفەکانی کەسـێتییەکان، پێـش ئـەوەی خووخـدە و بـاری دەروونـی بگرنـەوە، وەسـفی جەسـتەن. لـە چەندیـن شـوێن‌دا (وەک پـاژی تەختـە زمانان) باسـی ململانێـی ئەندامـەکان؛ چـاو، دەسـت، پـێ و زمـان دەکرێـت، ئەمـە جێـی سـرنجە لـە ڕێگـەی وەسـفی ململانـێ و باسـی ئەنـدام و جەسـتەوە، حاڵـەت و دۆخـی دەروونـی دەردەبڕدرێـت. سـەرتر و پێشـتـر لـە تەمـەن و نـاوی بزربـووەکان، لـە عەریـزەدا نیشـانەکانی جەسـتەیان بـۆ حاکم شـەرع دەنووسـرێت. جگـە لەمانـە لـە پـاش «شـوێن و کـەش» زۆربـەی سـەردێڕی پاژەکانـی ڕۆمانەکـە نـاوی



جەسـتە و ئەندامـن، وەک «کاسەسـەر، خوێـن، ڕەگ، پـێ، تـەرم و... «. بـە نووسـینەوەی خـاڵ، پشـت و پەنجـە، نینـۆک و قـژ، سـمێڵ و ڕیـش، بـەژن و ڕان و زمـان و پێسـتی بریندار، جوانیناسـییەکی تێکشـکاو و خوێناوڵیـن لـە جەسـتەگەلی دێفۆرمـە ڕۆدەنرێـت. گەرچـی ناسێکسـی کـراون، بـەڵام سـەرەتیی ئەوەیـە لـەو دەورە باوە پەراوێزیـی و خوازەییـەی جەسـتە لـە ئەدەبیـی کـوردی‌دا تێپەڕیـوە. لێـرەوە زێدەڕۆیـی نەکـراوە گـەر بگوتـرێ «ژیانـەوە بـە کاتی سـیروان» ڕۆمانـی تـەرم، ئەنـدام و جەسـتەیە لـە کـەش‌دا.

لـە پـاژی «پەیکەرشـکێنان»دا، ڕاکێشـانی چـوار جەسـتە بـە ماشـین، نمایشـت دەکـرێ. سـەرەتا لـە زمانـی جـادە و گـۆڕەپانـەوە دەگێڕدرێتـەوە، دوایـی کەسـانی دیکـەش، ، لـە بەشـەکانی دیکـەدا ناونـاوە لێـی دەدوێـن. فۆرمـی پارچەپارچـەی ڕۆمانەکـە، لـەم ئەکتـە داستانییەش‌دا ڕەنـگ دەداتـەوە. واتـە چـۆن هـەر قەگێڕێـک لایەکـی ڕۆمـان

هەوالنامەی کتێب

دەگێڕێتەوە؛ لێرەشدا هەر کامیان شتێک لە پاشماوەی جەستەکان کۆ دەکەنەوە، یەکێک نینۆک، یەکێک کوتەپشتوێن و چەند پەنجەیەک، هەندێ جلوبەرگ و یەکێک ئەنگوستیلە و قژ و... . لە «ژیانەوە بە کاتی سیروان»دا جەستەی بەردەستی دەسەڵات ڕێگەیەک دەپێوێ کە فۆکۆ لە کتێبی «چاودێری و سزا»دا، ئەو ڕێگەیەی لە سەردەمی کلاسیکەوە تا سەردەمی مۆدێرن بۆ کێشاوە. لە پاژی «پەیکەرشکێنان»دا جەستە، بوونێکی کلاسیکیی هەیە. زیاتر وەک ئۆبژە و مەبەستی کەشفکران دەبیندرێت، بۆیە بە سانایی دەتوانین پێوەندی بدەینەوە بە هەمان ڕسووماتی نمایشتکردنی ئازار و ئەشکەنجە و نیشاندانی سزا لە سەردەمی کلاسیکدا. ئەم نواندنە زیاتر وەک ئەکتێکی سیاسی خۆی دەردەخات و گرووپی مەبەست و بەردەنگانی خەڵکە. پەیامەکە بە خەڵک



دەگات. خەڵکانێک کە وەک ڕۆمانەکە ـ ئاگامبێنیانە ـ دەڵێ؛ دەبن بە دوو دەستە، یان «خۆمان»، یان «ئەوان». بۆ خۆمان ترۆمایە و بۆ ئەوان نمایشت. لە ڕۆمانی «ژیانەوە بە کاتی سیروان «دا، هەم ئەشکەنجەگەلی نوێندراو و سەردەمی کلاسیکی فۆکۆیی تێدایە، هەم تکنیکەکانی بەرزەفت و سزای مۆدێرن. سەبارەت بە کۆنترۆڵی مۆدێرن (بڕوانە پاژی شوێنگۆڕکێ)، ئەشکەنجە و ئازار ڕوحی تر و دەروونی تر دەبێتەوە. داکۆکی لەسەر چاودێری و کۆنترۆڵ دەکرێت. جەستە و ئازاردانی لە بەرچاوی خەڵک دەشاردرێتەوە. بەپێچەوانەی سەردەمی کلاسیک ئیدی نەک نمایشتکردن، بەڵکوو شاردنەوە دەبێتە بەربژار، بۆیە تەرمەکان شەوانە و دوور لە چاوی هەمووان دەنێژرێن.

۳- ڕۆمان بە زیندان (شوێن و کەش)ەوە دەست پێدەکات. زیندان سەرباشقەی ڤەگێڕەکانە. زیندان لە پێگەی ڤەگێڕێکدا دەیهەوێ بڵێ ئەز هەموو شت دەزانم. هەنەر و هەناوی هەموانم لە بەرچاوە. زمان و نازمان، منم. هەموو حەکایەتەکان لە منەوە دەست پێدەکەن و کۆتاییان پێدێت. ئەمەش واتە بەرهەمهێنانەوەی هەمان ڕستەی ناسراوی سەر دیواری سلوولی زیندانی «مێترێ» (خوا خەریکە سەیرتان دەکات)، شتێکی سەرتر لە ئایدیای زیندانی سەرانسەربینی جێرمی بێنتام. ڕێوڕاست، یانی خەونی هەڵکۆڵین و داچاندنی زیندان و زیندانبان لە هەناوی زیندانیدا. زیندان وەک ڤەگێڕێکی گشتزان خۆی دەردەخا و خوداوەندئاسا دەئاخڤێ. زیاتر وەک خودایەکی مەسیحییانە کە لە هەموو شوێن و شتێک مۆرکی خۆی دەدا و لە هەناوی هەموو دیاردەیەکدا، ئامادەیی خۆی کەشف دەکات. لە بەڕێکەوە بۆمان دەردەکەوێ ئەمیش بە باڕێکی دیکەدا بێهوورم و ناموعتەبەرە. تێدەگەین خەریکە تووشی جۆرێک ژاوەژاوی مەیلەو ژارگۆن دەبێت بۆیە هەرچی لەوێدا دەگوترێ، یەکجارەکی جێگەی متمانە نینە. لە «دیوار» و زیندانیدا گێڕانەوە هێندە مەبەست نییە کە لێکەوتەکەی مەبەستە، واتە گرنگ قەومانێکە کە لەوێ دەقەومێ. زیندان خەریکی شتێکی هەرە بنچینەییترە: چاندنی ترۆما.

دەقی مۆدێرنیستی تا پێی کرابێت و بۆی لوابێت بە تەنگی ترۆماوە چووە. لە پاش فرۆیدەوە (لە جۆیسەوە بۆ فاکنێر، بێکێت، ساراماگۆ و فیلیپ ڕاس)، ئەساسی گەلێک دەقی هاوچەرخ لە سەر ترۆما دامەزراوە: هەندێکیان ترۆمای کەسەکی (دەروونناسانە- هەڕەتی تازەلاوێتی و تافی منداڵی)، هەندێکیان کۆیی (سرووشتی، سیاسی و...). دێلۆز دژ بە ترۆماگەلی بنەماڵەیی و گرێ ئۆدیپییەکان-کە بە ڕازگەلی بچووکی چەپەڵ ناویان دەبات، گرنگی بە ترۆمای جۆری دووەم دەدات. گەرچی لە واقیعدا زۆرە، بەڵام لە ئەدەبیات و ئوستووڕەدا ـ جیا لە دەقگەلێکی دەگمەن وەک «شا لیر»ی شکسپێر و چیرۆکی کەم ناسراوی چنگاڵی سادق هیدایەت ـ ئاوڕێکی



ئەوتۆ لە خوشکەکوژی نەدراوەتەوە. «ژیانەوە بە کاتی سیروان» لە خوشکەکوژی دەدوێ. دەرگا بۆ ڕاڤە دەکرێتەوە؛ بۆ نموونە بە خوێندنەوەیەکی لادەرانەوە دەکرێ کوشتنی خوشک، لە ڕێگەی گرێی «ئۆرێستیس»ەوە، بکەین بە جێگرەوەی دایکەکوژی و دەمانچە بە ئەندامی نێرینە و فالیکی دابنێین و دیوار و زیندانبان و مەرج و یاریە کوشندەکەی، بە باوک و یاسای باوک وەربگرین و... وەک دەبینرێ هەموو چەژە و شمەکێک بۆ کەوتنە داوی خوێندنەوەی داشکێنەرانە تەیارە. بۆ پشتگیریش دەکرێ بڵێین دەق پێوەندییەکی سەرتر لە خوشک و برایی دەنەخشێنێت و بۆ ئاستی هاوڕێیەتی و تەنانەت دایک و کوڕ فراژیی دەکات، بۆیە تا ڕادەیەک دەرگا بۆ ئەو چەشنە خوێندنەوانەش دەکرێتەوە. سەرەڕای ئیمکانی هەڵخڕێنەر و پوتانسیەلداربوونی، ڕۆمانەکە، بەپێچەوانەی زۆر دەقی دیکە نەکەوتووەتە نێو داوی بنەماڵەبازی و ئەو شتەی کە بە ئەدەبیاتی فامیلی ناسراوە. لە هەڵبژاردنێکی بەجێدا، «ژیانەوە بە کاتی سیروان» هێزئاوێژی لە سەر ئەو ڕووبەرە ناکات و تروما کەسەکییەکە بۆ هەڵکەوتێکی سیاسی دەگوازێتەوە..

دیارە تروما چەمکێکی دەروونناسانەیە، بەڵام بۆ تروماکانی ناو «ژیانەوە بە کاتی سیروان»، دەروونشیکاریی هێندە فەڕدار نییە و بگرە وەک تەڵەشە. لای کەسێتییەکان ترۆمایەکی گشتگیر هەیە. شار، یان لانیکەم ئەندامانی شاری ڕۆمانەکە دەگرێتەوە. ماجەرای سیروان و چوار خوێنە ئەزەلییەکە، دەبنە ترۆما بۆ شارێک و زۆرێک پێوەی دەتلێنەوە. دەبێ بۆ خۆیان ڕایی بکەن. میکانیزمە سەرەکییەکانی پۆستترۆما ناسراون، یان دەبێ بیسپێرنە ئیرادەی سەر بە فەرامۆشی، یان دەبێ بە دەستکارییەوە بیگۆڕن و یاخۆ لە گەڵی ڕابێن. ئەمان دەیکەنە عەریزە و دەینووسن. دەیانهەوێ یەک بە یەک بە یادی بهێننەوە و بیخەنە سەر یەک، یان لە پاڵ یەکدا بیانچنن و بزانن چی و چۆن و لە کوێدا قەوماوە. هەر کەس عەرزی حاڵی خۆی دەڵێ. ڕەنگە بۆ ئەوەی پاش نووسین و بیرهێنانەوە، زیندوو ڕابگیرێن، یان فەرامۆش بکرێن، بەڵام وەک دەگوترێ ئەزەلین، قیسیچمەن و تەنانەت لە ناو سکی ماسییەکانیشدا دێن و گەڕا دەخەن. وەک گوترا کەسایەتیی سەرەکیش ترۆمایەکی تایبەت و تاکەکەسیی هەیە کە نەدەتوانێ یەکجێ فەرامۆشی بکات و نە دەشتوانێ بنبڕانە بیگێڕێتەوە «ناهێڵێت، هاتووەتە نێو سەرمەوە و ناهێڵێت بۆتی بگێڕمەوە، دەگێڕمەوە. « ل ١٥٧. بابەتی ڕاستۆکی و وەهمینە، زەین و عەین، ئاوێتەی یەکتر کراون. شوێن و یادەکان بە سەر یەکدا داپەستراون. ئەگەر بۆ ترۆما گشتییەکە مەیلێک و گوشارێکی زەوەندە لە پێناوی گێڕانەوە و پێکئانینی کۆدەنگییەکی یەکپارە دەدرێ، دووەمی و تاکەکەسیەکە ڕوو لە تێکەڵبوون و فەرامۆشییە، لێڵ و پریشپریشە. گەرچی لە هەر دوولادا هەموان لە وەبیرهێنانەوە ڕەنج دەبەن.


٤- با ئەو دابەشکاریەی ژێرار ژۆنێت سەبارەت بە «گێڕانەوەی چیرۆکیی» وەربگرین کە لە نێوان چیرۆک، دەق و گێڕانەوەدا پێکی دەهێنێ. ژۆنێت دەق بە بەرهەمی بەردەستە (وەک کتێب) دەزانێت. داستان بە شێوازی چنین و ڕێچکەبەندیی ڕووداوەکان و کەسێتییەکان دادەنێت. گێڕانەوەش بە لایەوە بریتییە لە کردە، یان پرۆسەی خوڵقاندن و شێوەی نووسینەوەی داستانەکان. بەگشتی سەبارەت بە «ژیانەوە بە کاتی سیروان» گەر گرفتێک هەبێ بەپێی لۆژیکی ترۆماتیکی خۆی، لە گێڕانەوە دایە، واتە هەمان شت کە خودی ڕۆمانیش وەک مۆتیف ئاماژەی پێدەکات. دەق لە بەردەستە و دەشزانین داستان چییە، کێشە چۆنیەتیی گێڕانەوەیەتی.

هەواڵنامەی کتێب

هەر پاژێکی «ژیانەوە بە کاتی سیروان» ڤەگێڕێکی هەیە. سەبارەت بە هەڵبژاردنی ڤەگێڕ، پرسیارێکی بۆتیقایی - گەرچی کلاسیکیشە - کە دەبێ وڵام بدرێتەوە ئەمەیە؛ ئایا چەندە بەشینەوەی قورسایی و بارستایی گێڕانەوە بە سەر لایەنانێکی جووداوازدا پێویستە؟ ئەگەر ڤەگێڕی یاریدەدەر نەبووایە، نەدەکرا هەمان داستان بە ڤەگێڕ، یان ڤەگێڕانی سەرەکیی بگێڕدرێتەوە؟ ئینجا گشتکۆی پێوەندییان چی زێدەمان پێدەدەن کە بە تەنێ نایدەن؟ لە ڕۆمانگەلێکی وەک «ناوی من سوور»ی ئۆرهان پاموک، جۆراوجۆرییەتی ڤەگێڕ ئەنجەتی ناو دەقی هەیە. پاساوەکە لە خودی تێمەکە دایە؛ واتە تاوانبارکردن و پاکانەکردن بۆ خۆیان لە بەردەم مەتەڵ و تاوانی کوشتندا. هەر ڤەگێڕێک لە گۆشەنیگایەکەوە، یان پاکانە بۆ خۆی دەکات، یان سۆ و گومانەکان پەرە پێدەدات. هەندێ ڕووداو و ماجەراش هەن کە تەنها خودی ئەو ڤەگێڕە دەتوانێ بیانگێڕێتەوە، وەک لە دایکبوون و ڕازی ڕەنگی سوور، یان سەفەری پووڵ و سککە. دەربارەی «ژیانەوە بە کاتی سیروان» وێدەچێ پێش ئەوەی زەروورەتی گێڕانەوەیی لەو جۆرە، چەشناوچەشنی ڤەگێڕی سەپاندبێ، پێویستیگەلی تکنیکاڵ و ڕێ خۆشکردن بۆ ئاشنایی‌سڕینەوەی فۆڕمیک و ئامادەکردنی بەستێن بۆ بە کارهێنان و نیشاندانی توانستگەلی زمانی و نەسری خاراو و زمانی پوختەی نووسەر، ئەمەی خواست بێ. پێگە و ڕۆڵی زمان، ڕاوێژ و نەسری «ژیانەوە بە کاتی سیروان»، بە تەنێ ئەوە هەڵدەگرێ لە دووتوێی وتارێکی سەربەخۆدا بپەڕژێینە سەری و شنوکەوی بە کارهێنانە بەجێ و نابەجێ و لایەنە جووداکانی بکەین، بەڵام وڵامی ئەم پرسیار و گومانە جێدەهێڵین بۆ خوێنەر کە چۆن و چەندە زمانی پتەوی «ژیانەوە بە کاتی سیروان» بۆ زمانی داستانی دەچەمێتەوە، واتە ڕادەی پلاستیسیتەی زمانی دەکارکراو بۆ گێڕانەوەی ڕووداو و داستانەکانی دەق چەندەیە؟ هەڵبەت بەم زانینەوە کە زمانزانی و پاراوبوونی زمان هەمیشە و ناچارەکی لە بەرژەوەندیی زمانی داستانیدا نییە. چونکوو لە دواجاردا ڕۆمان پانتایی نمایشت و خۆ دەرخستی زمان نییە، بەڵکوو گێڕانەوەیە بە زمان و لە زمان‌دا.

٥ - هەوڵی «ژیانەوە بە کاتی سیروان»، دەستەودامێنبوونە بە هەموو کەسێک و «شوێنێک»، تا بابەتی لە گێڕانەوەنەهاتوو بگێڕدرێتەوە. ئێمە داستان و دەقێکمان هەیە، هەندێ ڕووداوی چیرۆکگر، بەڵام لە گێڕانەوەنەهاتوو. ئەستەمییەکە ئەمەیە زیندان، ڕووبار، گۆم، گۆڕەپان، پێش ئەوەی داخواز و پێویستیی بۆتیقایی گێڕانەوە بن، نیشانەن لە سەر شکست و نەتوانایی لە گێڕانەوەی مرۆڤدا. ئەمەش ڕەنگە وەک ستراتیژیی دەق دەربکەوێ لە هەمبەر کارەسات و تێکشکاندا بەو جۆرەی وا «ژیانەوە بە کاتی سیروان»یش ڕۆمانی پاش کارەسات و تێکشکاوانە.

بەشێکی بەرچاوی «ژیانەوە بە کاتی سیروان»، لە سۆنگەی شوێن و کەش (فەزا)ەوە دەیهەوێ ڕووداوگەلێک بگێڕێتەوە کە داکوتراون بە میژووەوە و میژوویەک ساز دەکەن. گەرچی ئەستەمە شوێن و کاتدابڕاو لە یەکدی وێنا بکرێن، بەڵام ئەوەی کە شوێن و کەش دەبنە دەمراستی میژوو (زەمەن) نیشانەی دوو تێکشکانە: یەکەم میژوو. دووەم - وەک گوترا - گێڕانەوەی مرۆڤانە. بەتایبەت کاتێ بزانین گێڕانەوە لە دوو لاوە بە کاتدا داکوتراوە: زەمەنی دالی گێڕانەوە (کاتی خوێندنەوەی دەق) و زەمەنی مەدلوولی گێڕانەوە (باڕست و هاندی زەمەنی ڕووداوەکانی چیرۆک).



لە دابەشکارییەکدا، ژێرار ژۆنێت باسی سێ چەشنە پێوەندی زەمەنی داستانی و زەمەنی دەق دەکات:

١- ڕیزبەندی ٢- خایاندن ٣- فێرێکانس. سەبارەت بە ڕیزبەندیی ڕووداوەکان و گێڕانەوەی «ژیانەوە بە کاتی سیروان»، ئاشکرایە زەمەن لە بارێکی پرژوبڵاو دایە و سەرانسەری دەق وەک گەلێ دەقی مۆدێرن، تووشی

کایـرۆس و زەمەنچـرۆاوی هاتـووە. ئەمـە بـەدەر لـەوەی بارستایی پێکدەهێنێت. نیشاندەری قەیرانی زەمەنمەندیی دەقیشـە. سـەبارەت بـە خایاندن، دیـارە بەپێـی سـتراتیژیی دەق هەندێ سـاڵ و مانـگ لە چەند ڕستەدا کـورت دەبێتەوە و هەنـدێ چرکـەش ئـاوەڵا دەکرێتـەوە بارتەقـای چەندیـن لاپـەڕە. هەروەهـا لـە فێرێکانیسـشدا چەندیـن و چەنـد جـار لـە چەنـد گۆشـەنیگاوە یـەک شـت دەگێڕدرێتـەوە و چەنـد پاتـە دەبێتـەوە. ئـەم ڕێڕێ و میلمیـل نووسـینە لـە ئاسـتی ڕستەکانیشدا ئامادەیـە کـە وەک خسـڵەتێکی شـێوازەکیی لێهاتـووە و لـە هەنـدێ شـوێندا ڕەنگـە زمانێکـی ڕازێنـراو و تیفتیفـەدراو دەربکەوێـت و تەنانـەت زێدەبێژیشـی بـە دواوە بێـت.

لـە سـەر پێوەنـدی نێوان سـتۆری و هیسـتۆری، واتـە چیرۆک و مێـژوو، کـەم نەنووسـراوە. بـەدەر لـە ژۆنێـت، یـەک لـەو کەسـانەی بـە وردی باسـی حەکایـەت و زەمـەن و مێـژووی کـردووە، پـۆل ڕیکـۆرە. ڕیکـۆر کـۆی سـتراکتۆری مێـژوو بـە سـتراکتۆرێکی گێڕانەوەیـی دادەنێـت، بـەڵام مێـژووی ڕەوایـی بـە ڕەوا نازانـێ. گێڕانەوەمەندیـی، زەمەنمەنـد (زەمەنـی دیاردەناسانە) دەبینـێ. ڕیکـۆر پێوەنـدی نێـوان حەکایـەت و مێـژوو بـە پێوەندییەکـی ناڕاسـتەوخۆ دادەنێـت کـە لەسـەر بنگـەی لێکدابـڕان کار دەکـەن. بـەم پێیـە قەیـران، یـا خـۆ لـەرە لـە نووسـین و نەنووسـینی یەکیـاندا، لـەوی دیکـەشـدا بـە هـەر باریـکـدا، ڕەنگـە ناڕاستەوڕاسـت و بـەراوەژوو کارتێکـەر بێـت.

تونـدئاژۆیـی نەکـراوە گـەر بگوتـرێ لـە ڕۆژهـەڵاتدا وێژمانێکمـان بـە نـاوی مێژوونووسـی، خاسـما مێژوونووسـیی هاوچـەرخ نییـە. ئایـا ئـەو بـزری و هەژاریـیـەی مێژوونووسـی، لـە چیـرۆک و گێڕانـەوەدا چـۆن دەنوێندرێتـەوە؟ «ژیانـەوە بـە کاتـی سـیروان» پێـش ئـەوەی ئامـاژە و هەوڵێـک بێـت بـۆ نووسـینەوەی مێـژوو، یـان پرکردنـەوەی بۆشـایی، ئامـاژە بـە بۆشـایی نووسـینی ئـەو مێژووەیـە. هەڵبـەت نـەک ئامـاژەیـەک لـە دەرەوە، بەڵکـوو ناوەکیـی، هێنـدە ناوەکیـی کـە ئەزقـەزا خۆیشـی تێدەهـاوێ. ڕۆمانـی «ژیانـەوە بـە کاتـی سـیروان» بـە کەنارگرتـن لـە مێژوومەندیـی، ڕانەخستنی مێـژوو وەک ڕایەخـی داستانەکەی، نیشـان دەدا ئێمـە گرفتـی گێڕانـەوەی مێژوومـان هەیـە. بـە زمانێکـی دیکـە لـە ڕێگـەی بێدەنگیکـردن لێـی، گرفتـی زەمـەن و مێـژوو ناوەکیـی دەکاتـەوە چ لـە پێگـەی چیـرۆکدا، چ لـە پێگـەی مێژوونووسـیندا. لێـرەوە هێنـدەی شـوێن و کـەش بـۆی گرنگـە، باسـی مێـژوو ناکا. گـەر ئامـاژە بـە مێژوویەکی دیاریکـراو دەکـرێ (واتـە ١٣٦٦) دیسـان دەکەوێتـە پـاش شـوێنەوە (واتـە هەورامـان و کەنـاری سـیروان)، خوێنەریـش لـە ڕێگـەی ڕووداو و کارەسـاتەکانەوە (کـە زۆربـەی قەگێـرەکان هەقدڵانـە و نۆسـتالۆژیک لێـی دەدوێـن) مێژوو لە دەرەوەی دەق دەسـازێنێ؛ بەرفـرە و نیشـانداری دەکاتـەوە. ڕۆمانەکـە مێژوومەندانـە باسـی ڕووداوەکان نـاکات و خـۆ لـەو قەرەیـە نـادا. دەڵێـی «ژیانـەوە بـە کاتـی سـیروان» وەک لـە ناوەکەشـیدا دیـار دەکـەوێ «کات» تەنهـا بـە بەسـتران و هەڵبەسـتران بـە شـوێنەوە (سـیروان) بـۆی زەق و خۆیـا دەبێتـەوە، نـەک بەپێچەوانـەوە. بۆیـە ئاسـایییە شـوێن و فـەزا بـۆی لەبارتـر بێـت. ئـەم نەدیوگرتنـەی مێـژوو، ڕەنگـە بـۆ دەقێـک کـە نایشـارێتەوە سـەر بـە ئەدەبیاتێکی تایبەتـی سیاسـییە و دەبـێ مێـژووی بـۆ گرنگتـر بێـت، نامـۆ دەربکـەوێ، بـەڵام دەتوانیـن بـە یارمەتـی هانـری لوفێڤـر و وەرسـووڕانی کـەش، یـان فـەزا، باشـتر لـەم ناکۆکییـە تێبگەیـن.

لـە پـاش لوفێڤـر زانیومانـە، فـەزا هێنـدەی مێـژوو و بگـرە زیاتریـش سیاسـییە. بەپێچەوانـەی بـاوەڕی بەڕمێـن، وەک لوفێڤـر دەڵـێ؛ فـەزا خۆبەخـۆ بوونـی نییـە، بەڵکـوو بەرهـەم دێـت، شـوێنی ململانێـی سیاسـی و کۆمەڵایەتییـە. کـێ بەرهەمـی دەهێنـێ ڕیتمـی تایبەتـی خـۆی، زمـان و دەڵالەتـی تایبەتـی خۆیشـی تێدەهـاوێ. لوفێڤـر پێـی وایـە چالاکـی لـە فـەزادا سیسـتەمێک بینـا دەکات کـە لەگـەڵ سیسـتەمی وشـە و زمـاندا هاوسـان دەبـن، بۆیـە بەرهەمهێنـی فـەزا دەسەڵاتسـازی و هێزئاوێژیـی گوتاریـی خـۆی بەپێـی فـەزا ڕۆدەنـێ. جیـا لـە بەرهەمهێنـان، شـێوەی نواندنـەوەی فـەزاش بەدواهاتـی هەیـە بـۆ شـێوەی کەڵـک لێوەرگرتنـی. لـە «ژیانـەوە بـە کاتـی سـیروان»دا پرسـی فـەزا، بەتایبـەت لـە دەستاودەسـتکردنی جـادە و مەیدانـی شـاردا، بـە باسکـردن لـە زرمـەی پـێ، تانـک، ڕیتمـی هاتوچووکردنـەکان لـە پـاژی «پەیکەرشـکێنان» و «پێیـە دوو دڵـەکان» داکۆکیـی لێکـراوە.

فەزایەکـی پـڕ گرفـت و ڕووداوسـازی نـاو ڕۆمانەکـە بریتییـە لـە سـنوور. سـنوور جگـە لـە ئـەوەی لـە خـۆیدا، هەڵگـری ململانێیـە (بـۆ ئـەوەی گوتـاری «ناوەندخـواز» پێـی وایـە دەسـەڵات و بێدەسـەڵاتی نـەک لـە ناوەنـدەوە بەڵکـوو لـە سـنووەرەکانەوە دەسـت پێدەکـەن)، تۆپۆسـێکی یەکلاکەرەوە و هەسـتیاریشـە بـۆ وەبەرهێنـان و جیاکردنـەوەی شـوناس. نووسـەرێکی سـەر بـە کولتـووری بااڵدەسـت گوتبـووی «ئـەوەی بـە سـەر کـوردانـدا دێـت، لـە بـەر ئەوەیـە لـە

کەناری سنوورەکاندا نیشتەجێن»، سەرەڕای شەپۆلانی گەمژەیی لەو شێکردنەوەیەدا، ڕاستییەکی ساکاریشی تێدایە، سنوور بەپێی چییەتیی خۆی ـ هاوکات دابڕێنەر و گرێدەر ـ دایمە و دەرهەم گرفتساز و تژی گرژییە. لە «ژیانەوە بە کاتی سیروان»دا سنوور بە ناوانی جۆراوجۆر (باشماخ، سیروان، شاخ و...) لە چوارچێوەی فەزادا، دەورێکی ڕووداوساز دەگێڕێ. بۆیە شوێنی بەریەککەوتنە تونەدەکان و ململانێ قەدەرسازەکان بۆ نواندنەوەی فەزا و فەزای نواندنەوەیی (خودا، دەسەڵات، دەوڵەت، لۆگۆس)ە.




٦- لێنین دەیگوت ئەگەر هاتوو لە مابەینی تیۆری و واقیعدا، ناکۆکی سەری هەڵدا، ئەمە واقیعییەتە کە دەبێ بە خۆیدا بچێتەوە و بگۆڕدرێت. لەم تێزەدا کە ڕەنگە ئاوەزی باو، نەتوانی کۆی وردەکارییەکانی ببڕێ، ئەگەر لە جیاتی تیۆری، ئەدەبیات دابنێین، تەنگژەکە ڕایی دەبێ. لێرەوە بەڵگەنەویستە لە جیاتی سەپاندنی لۆژیکی واقیعی دەرەکی و مێژوویی بە سەر دەق‌دا، داوا بکەین لۆژیکی ناوخۆیی خودی دەق، واقیع و جیهانی خۆی وێنا و خوێا بکات. لە بنەڕەتدا جیهانی داستان جیهانێکی هەڵبەستراو و «هەڵسازراو»ە، تەنانەت گەر ڕووداو واقیعیش بێت، دەبێ ئەم واقیعییەتە وەک ئەدەبیات بئافرێندرێتەوە. ئەمە ڕێسایەکی زێڕینی ئەدەبیاتی داستانییە کە گوتراوە؛ «تەنانەت واقیعییەت ساختە و جەعلکراو دەردەکەوێ، گەر ئافراندنە ئەدەبییەکەی زەدەی هەبێت و عەیبدار بێت».

گەرچی وێدەچێ کرۆک و جەرگەی داستانی «ژیانەوە بە کاتی سیروان» ڕێئاڵ دەربکەوێ، بەڵام گێڕانەوە واقیعیانە نییە، چ لە هەڵبژاردنی ڤەگێڕەوە و چ لە چەشنی گێڕانەوە و وەسفەکان‌دا، هەوڵێکی بەجێ دراوە کە خەیاڵ و واقیع بگەنە بااڵنس. واقعییەت دەبێتە سەکۆیەک بۆ پەرینەوە و بازدان بە سەری‌دا بۆ شوێنی دیکە، بۆ خەونی ناو ڕۆمانەکە کە ژیانەوەیە. بەم بەسەکۆکردنە پرسیارێک دێتە گۆڕێ، چەندە تواندراوە واقعییەتی ناو ڕۆمانەکە بە تەنێ کیفایەت بکات؟ بە دەربڕینێکی دیکە، چەندە ڕۆمان وابەستەی ڕووداوی دەرە دەقە؟ ئایا کەسێک کە هەندێ زانیاریی سەرەکیی دەرەدەقانە دەربارەی کوردستان، زرێبار، کیمیاباران‌کردن، شوێنکاتی ڕووداوەکان و... نەزانێ دەتوانێ لە ڕێگەی خودی ڕۆمانەکەوە ئەو جیهانە کە ڕۆمان لە سەری وەستاوە بناسێت؟ جیهانی ناو ڕۆمانەکە ئۆتۆنۆمیکاڵە و داستانیانە سازێندراوە یاخۆ بە بێهەندێ زانیاریی نەهاتووی ناو ڕۆمان ناقیس دەبێت؟ دیارە دەق ناکارێت و ناتوانی بە شێوەی ڕەها لە واقیع و کۆمەڵێک لە زانیارییەکانی خوێنەری گریمان‌کراو سوود نەگرێت، بەڵام دواجار ناکرێ جیهانی دەق لە ئەستوون و جومگە سەرەکییەکانی‌دا پێبەستە و مشەخۆری ڕووداو و زانیارییانێکی دەرەدەقی بێت کە بە دەق نەکراون. مخابن گەلێک دەقی کوردی گیرۆدەی ئەوەن و ناتوانن جیهانی داستانیان لە دەق‌دا مەیلەو خۆبژیوانە چێ بکەن. «ژیانەوە بە کاتی سیروان» بە ستراتژیی پشتنەبەستن بە مێژوو و ڕووکردنە کەش، تا ئاستێکی پەسەندکراو توانیویە لەو تەڵەیە ڕابپسکێت.

بە هەر حاڵ وەک دەردەکەوێ «ژیانەوە بە کاتی سیروان» دەیهەوێ ژیان و بووژانەوە بە ڕووداوگەلێک، یان هێزگەلێکی نووستوو بدات. بە گەڕان و کەشفکردنی ڕاستیی، ڕابردوویەک ڕزگار و هاوکات لە کۆڵ بکاتەوە. دەیهەوێ تۆڕ بهاوێت تا تەرم بگرێتەوە و بینێژێت، ئینجا لێ ببێتەوە. ڕەنگە ئەم سیکلە بێهوودە دەربکەوێ،

بەڵام وەک ژاک لاکان دەڵێ؛ ئەرکی دەروونناسیش بە یارمەتی تیمارخواز هەر لەو چەشنەیە. بنکۆڵانە دەیهەوێ بیرەوەرییەک، نهێنییەک، یان بابەتێکی سەرکوتکراو بدۆزێتەوە، نەک لەبەر ئەوەی ڕابگیرێت بەڵکوو لە بەر ئەوەی فرێ بدرێت و لە بیر بچێتەوە. کێشەی دەروێشی عەریزەنووس ئەوەیە کە لە پێگەی دەروونشیکار و تیمارکەردا دەیهەوێ موعتادبوونی کەسێتی سەرەکی تەرک بدات تا بیرەوەرییەکانی وەبیر بهێنێتەوە و ڕایانبگرێت، بەڵام تیمارخواز دەیهەوێ لە کۆڵی بکرێتەوە و گەر شتێکیش دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەیە فەرامۆشی بکات.




۷- لە «ژیانەوە بە کاتی سیروان»دا بەدەر لەوەی شێلگیرانە باسی سرووشت دەکرێ، خودی سرووشتیش ڤەگێڕە. گۆم و ڕووبار و جادە و... دێنە قسە. ئێمە لای ئەوانەوە گوێمان لە هەندێ ڕووداو دەبێ، ئەوان ڤەگێڕ و شایەتن. زیاتر و سەرتر لە شایەت حەز دەکەن لایەنگر بن. ناتوانن، بۆیە ئازار دەبینن. با لە هەڵبژاردنی سرووشت لە پێگەی ڤەگێڕ و پرسینەوە لەوەی کە بە چ تۆن و زمانێک و چۆن دەدوێن واز بێنین. بۆ خوێندنەوەی دەوری سرووشت لە «ژیانەوە بە کاتی سیروان»دا پڕاوپڕ دەکرێ بە ڕەخنەی ژینگەییەوە Ecocriticism سەیری بکرێ. چێریل گلۆتفێلتی یەک لە تیۆریسیەنە ناسراوەکانی ئەم لقە نوێیەی ڕەخنەیە کە پێی وایە «ڕەخنەی ژینگەیی دەپەڕێتە سەر پێوەندی نێوان ئەدەبیات و ژینگە و لە چۆنییەتی نواندنەوەی پێوەندی نێوان مرۆڤ لە گەڵ دەوروبەری فیزیکیدا دەکۆڵێتەوە». لە سەرانسەری «ژیانەوە بە کاتی سیروان»دا سرووشت ئامادەییەکی ئەکتیڤی هەیە؛ لە پێگەی کارەکتەر و ڤەگێڕدا، وەک بەستێن و سێتینگ، هەندێ جاریش وەک خوازە و هێما (ماسی و ئاو). مانیفێستی ڕۆمان بۆ سرووشت لە پاژی چوارخوێنی ئەزەلی و لە باسی ماسی گرتندا دەردەکەوێت کە ڕاشکاوانە دیالۆگەکان لەبارە و لە بەرژەوەندیی سرووشت دەگوترێت: «ئەم سرووشتەش گیانداره و لەسەر خۆی دەکاتەوە، دەبێ تێبگەیت و قانوونەکەی تێک نەدەی»ل ۲۰. سرووشت لەوێدا ناوەستێ، هێڵێک لە مابەینی ئەوانەی خۆشی دەوێن و ئەوانەی دیکە کە دەستکاری دەکەن دەکێشێت.

ڕەنگە بەجێ بێت لە نێوان گۆمی «ژیانەوە بە کاتی سیروان» و گۆمی شێعری ناسراوی «گۆمەشین» وەک نموونەیەکی ئاوارتە لە ئەدەبیاتی کوردیدا سەبارەت بە سرووشت، بەراوردێک بکرێت. لەوێدا گۆم و یاخیبوونەکەی دەکرێت بە بەردەنگ و هەڕەشەی کۆنترۆڵکران و بەستنەوەی لێدەکرێت. تاکبێژی شێعری گۆمەشین نواندنی ئیرادە و زاڵبوونی مرۆڤە بە سەر سرووشتدا، بەتایبەت مرۆڤی جەنگاوەر و تێکۆشەر. بەو جۆرەی کە لە مۆدێرنیتەی یەکەمیندا هەیە. سرووشت وەک ئۆبژەیەک وێنا دەکرێ کە دەبێ دواجار بۆ مرۆڤ چۆک دابدات. کەوی بێت و شتی دیکەی لێ هەڵبهەنجێندرێت. لەوێدا هێشتا مرۆڤ سەنتەرە و هۆمانیزم گوتاری زاڵە. لە سرووشت و گۆمی «ژیانەوە بە کاتی سیروان»دا پێوەندییەکە پێچەوانە لە ئارادایە. گۆمی «ژیانەوە بە کاتی سیروان» مرۆڤەکان دەکات بە دوو دەستەوە، لایەنگری لایەنێکە: مرۆڤی جەنگاوەر. گەرچی دەسەڵاتێکی نییە بەڵام بە سۆزەوە لە بەرەی ئەوانە. جیا لەوە لە لایەن خەڵکە لۆکاڵەکەوە بە سانایی ڕووکردێکی دڵۆڤانانە و سرووشتدۆستانە دەبینین و بەرەبەرە لە گوتاری ئۆمانیستییەوە نزیکی ژینگەخوازی دەبینەوە. گەرچی خاڵی هاوبەش ئەوەیە لە هەر دوو دەقدا دووانەیەک لە نێوان ئورگانیزم و مکانیزم، سرووشت و کولتوور، هەڵدەبەسترێ. هەڵبەت ئەو ڕوانگە هەقدڵانە سەبارەت بە سرووشت، لێڕوانینی زاڵی ئەدەبی کوردییە. جگە لە گۆمەشین، وەرزی سەهۆڵبەندان (کە ڕوو تێکردنێکی دوو لایەنەی هەیە) و چەند دێڕ و دەقی دەگمەن کە تێیاندا تووک و گازندە لە هەندێ دیاردەی سرووشتی وەک هەڕەس و سەبوون کراوە، لە ئەدەبی نوێی کوردیدا، زۆربەی جار مێهرەبانانە لەگەڵ سرووشتدا دانوستان کراوە.

ئەدەبی کتێب

۸- به سووکه دەستکارییەکی پێناسە و دابەشکاری ژاک ڕانسیەر سەبارەت بە ئەدەبیاتی سیاسی، پۆلیسی و سیاسەتی ئەدەبی، دەکرێ بڵێین ڕۆمانێک هەیە بە ناوی ڕۆمانی پۆلیسی و ئایدیۆلۆژیک، ڕۆمانێکیش هەیە بە ناوی ڕۆمانی ئایدیایی. ڕۆمانی ئایدیۆلۆژیک بیری بۆ کراوەتەوە. لە دەرەوەی دەق ماکەکانی پەروەردە کراوە و جومگەکانی داڕێژراوە. خەت و خەریتەکەی دیارە. لێرەدا هونەری ڕۆمان مەبەست نییە، هەر لە بنەڕەتەوە ئەدەبیات گرنگ نییە، گەر لە خزمەتی ئایدیۆلۆژیای زاڵ و باودا نەبێ. پێویست ناکا ئەم ئایدیۆلۆژیایە بە حەتمین سیاسیی و حیزبی و... بێت، یاخۆ ڕاستەوڕاست هاتبێتە ناو دەقەوە، یان تەنانەت خودئاگایانە بێت. وەک نموونەیەکی سانا، ڕۆمانگەلی کات بەسەربەر و مەسرەفی کە دەڵێن «هیچ گرفتێکی چارەنەکراو لە گۆڕێدا نییە، هەموو کێشەکان بە خۆشی تەواو دەبن و...» لیپاولیپ پۆلیسین، چونکوو لە خزمەتی نەزمی سەپاو و هەبوو دان، یان باشتر بڵێین دەستەمۆی ئایدیۆلۆژیای





باڵادەستانن. یاخۆ ڕۆمانگەلێک کە سادەسازانە پێمان دەڵێن، هەژاری، داماوی و چارەڕەشی هەمیشە ڕوویەکی تاکی هەیە و کەسەکان بە وزەی پۆزەتیڤ، ڕاکێشان و تێکۆشان دەتوانن بەختەوەر بن، دیسان ئایدیۆلۆژیک و پۆلیسین.

«ژیانەوە بە کاتی سیروان» ڕیسک دەکات. بێلایەن نییە. لایەنی سیاسیی خۆی هەڵدەبژێرێ. نایشارێتەوە کە بخزێتە هەرێمی سیاسەت و تەتانەت لانی ئایدیۆلۆژیای قوربانیانەوە. لە گەڵیدا بین یان نا، کۆمەڵێک ئایدیا و فیکرەی هەیە. دەخوازێ بە ڕۆمان سەبارەت بە ستاتیکا و سیاسەت بیر بکاتەوە. ئەمە لە ناوەڕۆکدا ڕوونە، بەڵام گرنگتر لەوە زمانە. زمانێک کە گەرچی زمانی قوربانییە و مخابن کەمبێژیش نییە بەڵام زمانی کرووزانەوە نییە. زمانێک کە وەک پەڕەی ئاکاردیۆن توێتوێ و ڕێڕێیە، لە هەناوی خۆیدا زمانی سەردەست بێدەنگ و کپ دەکات. بە شێوەی خوازەییش ڕۆمان باسی کۆڵبوونی ئەوان دەکات و دەڵێ بێسیماکان لەو دوایانەدا ڕوخسار و زمان - کوردی - دەگرن. لێرەوە بە بەرهەمهێنانی زمان و بەرزکردنەوەی دەنگ لە جیهانێکی تۆقێندراو و کپکراودا، دەق دوو جار وزەی سیاسی دەگرێت؛ یەکەم بە ناوەڕۆکی سیاسییەوە، دووەم بە ڕەچاوکردنی ئەم چەشنە لە سیاسەتی ئەدەبیاتەوە.

«ژیانەوە بە کاتی سیروان» شوێنی پێک گەیشتنی هێزە دژبەرەکانە. مەیدانی لێکدران و تێکبەربوونی دوو ماشینی تکنیکاڵ و ماشینی مەیلە. ماشینێک کە نەزم، ڕێکوپێکی، پیلان و فێڵی هەیە، ماشینێک کە پەرتەوازەیە و ناڕێکوپێک و بێمەکر و ناهاوئاهەنگە. ماشین بە مانای خوازەیی نەگرین. لایەنی بەرانبەر، بێ دموچاوەکان، (ماشێنە بێئەندامەکان)، ماشێنیان، پیلانیان، مۆتۆڕی کارەبا، داونانەوە، زیل، ماشێنی ڕاکێشانی تەرم، نمایشتەکانی. تانک و بۆڵدزێری سەد هەڵبەستنیان، هەر هەموویان ڕێک وەک ئایدیای ماشێن، باش هەڵدەسووڕێن. ماشێنی لایەنی بەرامبەر، تکنیکاڵ نییە. باش کار ناکات. یادەوەری و گێڕانەوەی، جەستە و ئەندامەکانی، تەندروستی و... پەیتاپەیتا لە کار دەکەون. تەنانەت تکنیکاڵترین ماشێنەکانیان واتە تفەنگ و نارنجۆک و گوللەکانیان دەخووسێن و ناتەقێن. بێسیمەکان لە کاتی قەیراندا دەنگ ناگوازنەوە. هەر ڕادیۆ باش کار دەکات، ئەویش لە کار دەخرێت و دەکەوێتە لرخەلرخ. ماڵ بە ماڵ بۆی دەگەڕێن و کۆی دەکەنەوە. هەر

ئـەم ناکارامەییـە، ئـەم کایـرۆس و شـێواوییە وا دەکات دێلـۆز بڵـێ؛ ئـەو ماشـێنە داهێنەرتـرە، چونکـوو مکانیکـی و چەقبەسـتوو و چـازان نییـە. «ماشـێنێک باشترینـە کـە بـاش کار نـاکات». لێکدانێکـدا خەریکـی گـووران و گۆڕانـە و یـەک شـت فرەپـات و چەنـد بـارە ناکاتـەوە. «ماشـێنی»، «پێشـبینیکراو» و «یەکدەسـت» نییە. ڕۆمان نایشـارێتەوە لایەنگری ئـەم هێـز و ماشـێنە ناکارامەیـە.

لـە ڕووی سـتراکتۆرەوە هەوڵێکـی بەرچـاو دەدرێـت کـە چەند بنەمـا و چەنـد دەنگانـە بنوێندرێـت. هـەر پاژێـک، کەسـێک و لایەنێـک بیگێڕێتـەوە، بـۆ هـەر پاژێـک، دەنگێـک هەبـێ بیانڵـێ، بـەڵام ناکـرێ. کـەش و ئەتمسـفیەری ڕۆمـان، بـەو هەمـوو وێنـە کلـۆزەوە لـە جەسـتە و تەرمـەکان، دەرەتانـی نوانـدن بـە بێدەموچـاو و سـیما داپۆشـراوەکان نـادات.

بۆیـە سـەر ناگـرێ. زمـان و کەشـی ڕۆمـان دژ بـە سـتراکتۆر هەڵدەسـتێت و خەونـی چەنـد دەنگیـی تێـک دەشـکێت. بـەدەر لـە لایەنـی دیسکۆرسـیف و زمانەکـی، ئـەوەی لـە واقیعـی ئەدەبیـی کـوردیدا سـەبارەت بـە «چەند دەنگیـی» زیادتـر قـووت کراوەتـەوە لایەنـی دێمۆکراتیکبوونییەتـی، بـەم لۆژیکـەوە دەبـێ بڵێیـن؛ سـتراکتۆری دەرەکیـی ڕۆمـان گەرچـی دەیهـەوێ پۆلیفۆنیـک بێـت، بـەڵام ئـەوەی گێڕانەوەناسـان «ڕوحـی گێڕانـەوە»ی پـێ دەڵێـن ڕێگـەی پـێ نـادات و دەروویەکـی بـۆ ناهێڵێتـەوە. ئەزقـەزا مەیلـی سیاسـیانەی خـودی «ژیانـەوە بـە کاتـی سـیروان»یش نـەک بـە دوای سـازدانی دێمۆکراسـییەوە بەڵکـوو بـە دووی ڕزگاریـیەوەیـە، ڕزگاریـیـەک کـە لـەو پـەڕی دێمۆکراسـییەوە سـەر دەگـرێ.






هەوالنامەی کێبڕکێ

شێخ شیکار

گوێچکە بە نفلە!

(لاپەڕەی تەوسی گۆڤاری ئەدەبیی "شی" ژمارەی ٦)



عەجەب وشترگەلێکن ، ئەمانە لە ئەدەبیات و شێعر و ئەم بەرە پانە زەریفەی ئیما پەیا بووگن، خواوەکێڵ. ئەدەبیاتی ئیما تا ئیسە هەر ناوگەڵێزمی بووگە، ئیسە هێنگامێ کوعەیبیزمە ئیتر. ئیجازەش بە کەس نام لە موقابڵ ئەم مەکتەبە زەحمەت لە پایا کێشریاگەی منا، قەد عەلەم کا، لووتی ئەوڕم. ژنەفتگمە بەرخێ دانیشگن منیان مسڵێ تەهدیدێک بۆ ئەدەبیات و زمان کوردی بە حساب هاوردگە.

شێخ شیکار

هاهاهاهاها... دەی خاس، ئیتر هیچ مەیژن. بێ سەروسەدا دانیشنە جێی خۆتانا. ئاباتان هاتگە فەرمایش ئێژێ. وەقتێ ئاباتان هەس یەعنێ چە؟ یەعنێ ئەدەبیات تواو ئیتر، کەس حەق ئیزهار نەزەری نییە لە مەحدوودەی منا. مەحدوودەی من یەعنێ چە؟ یەعنێ ئەو فۆرمە لە ئەدەبیات کە نە سوارە دەرەقەتی هاتگە نە نەسڵێ مەلەکشا و چتە و نە ئەم منالّە وردەگەلە کە ئیسە پەیا بووگن ئیدعاگەلێ عەجیب ئەکەن، ناچێتە کەتما. عەجەب وشترگەلێکن ، ئەمانە لە ئەدەبیات و شێعر و ئەم بەرە پانە زەریفەی ئیما پەیا بووگن، خواوەکێڵ. ئەدەبیاتی ئیما تا ئیسە هەر ناوگەڵێزمی بووگە، ئیسە هێنگامێ کوعەیبیزمە ئیتر. ئیجازەش بە کەس نام لە موقابڵ ئەم مەکتەبە زەحمەت لە پایا کێشریاگەی منا، قەد عەلەم کا، لووتی ئەوڕم. ژنەفتگمە بەرخێ دانیشگن منیان مسڵێ تەهدیدێک بۆ ئەدەبیات و زمان کوردی بە حساب هاوردگە. تواشا تا پیتان بێژم: تازە ئەدەبیات هیچ مللەتێک و قاڕەیک، چتێ وەک من بە ڕوخساریەو ناوینێ. دقەتتان نییە، شعوورتان ها لە خوارەو ئەگینا زمانێ مسڵێ زمان من کە بە جورئەتەو ئەیژم زمانێ کاملّەن زیست شودەس و ئەتانم بێژم سالّگەلێ بسیار دانیشتگم لە پای ئیحیای ئەو زمانا، وەختم سەرف کردگە و لە سەر واژە بە واژەی حەساسەو بووگم و جوملە بە جوملەیم بە خوێن دڵ ئینتخاب کردگە کە خوانەخواست بۆی نەک هەر زمان فارسی، کە هیچ زمانێ تری لێ نەیێ؛ تا ئیسە کام شاعیر و ماعیرتان دیگە لەم جۆرە زمانە بەکار بگیرێ؟ گشت دنیای ئەدەبیاتتان کردووەتە بەرەبەنی و دەسەبازی، هەرچێ مۆهر خۆتانی پێوە نەبێ، ئەیژن ئەوە ئیتر هیچی نییە. دەی خوا وەکێڵ منیچ لەمە بەدوا دەسەبازیەک ئەخەمە ڕیگەو خۆتان کەیف کەن .مەیژن ئیسە ئەم دووسێ گەوجە چڵمنە هانە تەکما چە ئەزانم واسە لە چەکمەکان هیتلەر و سوێڵە تەقلیدگەرەکەی ئەو هەتیمە ئەردوغانە کە مودەتێکە بووەسە مود، گشتی وەک مسال ئەیتێرنەو، تەک چە ئەزانم سەگە کەرەکەی پینووشەی مالّ ڕمیاگ، خراوترن کەفتگنە شوێنما خەریکم نوچە جەمەو ئەکەمەو، نا خوا ئەیزانێ. من نیازێکم بەو چتگەلە نییە و تا ئیسە تەسمیمێ وامە نەگرگە کە دانیچم کارێ وا کەم. خۆتان ئەزانن من ئەوەندە سەرم قاڵە گ ڕۆژێ کتێبێ دوان موتالەعە ئەکەم، نۆتبەرداری خۆم ئەکەم، کار جددی فرەیک ها بە دەسمەو، ئیتر ئەو گشتە سەفەرە لە لایک بێسێ ئەمانمیان لێ بڕیگم گ ڕۆژێ شار و شار پەردە و مەردەم پێ لائان و پەتە و مەتەم تیا با ئان .هههههە ئەوە مەحزێ شوخی بوو، ئەگینا لە مادەر خۆی نەزادگە کەسێ گەرەکی بێکار وا تەک ئاباتانا بکا. بەحسێ سەگەکەی پینووشەم کرد لە خەمەتانا و تووم سەگێ کەر. جا با تا فەرامۆشم نەکرگە بێژمی هەر لەم ئەوەڵەو ئێعتراف کەمە خمەتانا کە لە تووڵ پانابیگەل زندەگیما، گەلێک حەیوانم دیتگە کە حەیوانێ تر بووگن خاس بزانن. مسڵێ :جار و بار تعدادێ سەگ کە چەنی کەر بووگن، یا فرەیک کەر کە چەنی گوێرەکە بووگن، یا ئەو گشتە گوێرەکە بۆچە نایژن کە چەنی مەیموون بووگن، یا خەیر، ئەو تعدادە مەیموونگەلە کە ئەم مودەتە پەیا بووگن و گشتی ئەزانن چەنی سەگ بووگن و هەرچێ کار خراوە ها لە ژێر سەر گشتیانا. لەم ئاخرانەشا ئەو هەزار و یەک وشترە ناهوشیارە کە ئیتر خۆتان ئەزانن چەنی خرس قەهوەیی بووگن ـ کە خۆتان موستەحزەر هەن ئەم ڕەنگ قەهوەییە هی منە، ئەوەڵ جار من لە شێعرا هاورتگمە- کەچی موڕاقب گشتی ئەو دەسە کەسیفانە هەم کە شەو و ڕۆژ مەشغووڵ دەسیسەبازین لە پشت سەر ئاباتانا کە نەیڵن قوللەی بڵندی ئەدەبیات خسووسەن لە شێعرا بە دەس منەو فەتح بکرێ. ئەچن بەو وشترگەلە کە عالەم ئەزانێ خرس قەهوەیی و بەعزێ وەقتگەلیش خرسێ پاندان، ئێژن ئەمانە کوعەیبن. دەی خوا خاستان بۆ نەکا تا ئیسە لە کوێنا منتان دیگە ڕوو کەمە ئەو گشتە

دووربین و مایکه که له چی خەبەرگوزاری و میدیایەکەو بۆ پەردەلادان لە سەر کارە تازەکەم کە ٦٦ نوسخەم لێ چاپ کردبوو ـ چونکە کورد هەر ئەونە خوێنەری هەس ـ ئیلتماس کەم لییان بێژم گیان دایکتان زوو زوو عەکسێ من بگرن و فیلمم لێ مونتەشر کەن با گشتی بووینن چەم بەسەر ئەدەبیات کوردیا دەرهاوردگە. بێژم ئەم تەرەف و ئەو تەرەفم گشتی بگرن، خسووسەن نۆچە



فەراموش مەکەن تا پەنچەرەو نەبووگن، دەی دڵم زیپەی کرد .خۆتان ئەزانن هەر ئەونە ئەو گشتە خەبەرنگارە مەیموونە، دەست ئەبەن بۆ شاتێری دووربینگەکەیان، ئێژی دەست ئا لە گون شاترحەماوای باوکی زڕەیدوونی هاوسای ماڵ باوام. ئەخم ئەکەم، ئەیچە چون ئەخم ناکەم؟ کە بێژن تەرەف فرەی حاڵییە و ئەونە کاری هەس، واسە هەواپەیما؛ نەفڕی، ئەتڕی وەقەور باوک ساحەو ئەو مێڵوورانەی هانە ڕیگای دانشگا کورسانا بۆ شرکەت لە سەمکوزیۆمی ئەدەبی کوردی. چە؟ سەم چە؟ سەمبۆزیۆم... چە چە؟ دەی خاس هەر ئەوە وا تو ئەیژی سەمپوزیۆمە هەرچێ... بەعزێ هاتگن ئیدعا ئەکەن ئەیژن ئەمە جۆرە چتگەلە ئیتفاقێ جەدیدە لە ئەدەبیات ئیما کەفتگە. ئەوەڵەن با هەر ئیسە بێژمی گشتی ئەو ئیتفاقگەلە لە ژێر قۆڵ منەو تێنە دەر. نیگایک بە گشت عەکس و ویدۆگەل ئەو مەراسماتا بکەن، ئەوینن ئەوە کیە ها لەو پشتەو کۆنترۆڵ وەزعەکە ئەکا. ئەیچە ئەسپاو! ئەوە تویی هیچێکت لێ حاڵی نییە و نافامی، بەدجۆرێ خەریکە وەقتمان ئەگیرێ ئەم بەچەگەلە نایڵن کار بکەین و داهێنان بکەین، بەدجۆرێ موزاحم ئاباتانن. هەرچێ من ئەیژمی چتێکی تی ئەکەن کە خراوە، خراو خراوە... بەعزێ شایەد گەرەکیان نەوێ ئیما واکونش نیشان بەین ئەویش چە: دەقێقەن واکونشێ بە وەزنی "گوو"، ئەڵبەتە ئێوە بوەخشن، مشتێ بێئەدەب گەل دێهاتی تڕوەقەوربواوک ساحەویانا باریاگ، منیچیان بێئەدەب کرگە. ئەگینا لەو ساوە کە بەهاران بووگەسە بەرتەرین شارەک خاوەرمیانە و مااڵ ئێمەیچ ـ خۆتان کە خاس ئەزانن ـ ها لێنە، بە گوو ئەیژین مەدفووع و بە گیان ئابرام ئەمە یەک ئەو ناوە بوگەنە بێتە سەر زمانما. بچینەو سەر بەحسەکەی خومان وەقتێ مەجڵس بەو جۆرە قسەگەلە نەگرین خاسترە. مەردم هاتگن چتێ فێر بن. ئەمێژا کە ئاباتان چ حەرەکەتگەلێ جددی لە ئەدەبیات کوردیا دروست کرگە کە گشتی ئیتفاق گەلێ بوون کە تازە ڕوخ نایەنەو. بچنە سەر شێعر و تواشا کەن گیان دااڵکتان خوتان قەزاوەت کەن بزانن چون ئەو گشتە بەرەبازیەم تواو کرد و بە کتێبێ کە چ ئیتفاقێ موهیم بوو لە ئەدەبیات بەرەی ئیما کە خوتان ئەزانن ناویچی "گێڕ" بوو، گشتیم هەڵگێڕاوە بەلای خوما و گشتیانم دەست خاڵی هێڵاوە. ناگوفتە نەمانەد من هەمیشە وتگمە ـ حەتا لەو کتێبا ـ و ئیسەش ئێژم: ئەگەر شێعر چە وتن بێ، ئەوە ئا کەیهان هاوسای مااڵ باوام کە چون لەوساوە باوام عومری داگە بە ئیوە، سایەی ها وەبان سەر مامۆ و عەممەکانمەوە و ڕۆژ تا ئیوارە ڕوو لە دەرگای ماڵی باوام ئەوێسیێ تا بزانێ کاریکیان هەس بۆ مەمان باوکمی ئەنجام با و هەر بە شیعر دێت و ئەڕێ کارەکان مااڵ باوام ئەنجام ئا؛ ئەتوانێ ئیدعا بکا کە چە؟ ئەری، کە شاعیرم و ڕاسیش ئەیژێ بەنەی خوا، شاعیرە. بەاڵم لە دەورەی ڕەزاو بۆ ئەمبەر... ئەوە چەس لە خووە گەرەکتە بمکەیتە نۆچەی ئەو هەر کەس و ناکەسێ لە پشت کێفەو هاتگە، مەنزوور من ڕەزا بەراهەنییە! ئاغا ڕشتەی بەحس لە دەسم خارج مەکە خواییشەن. وەڵاڵا... ئاخر ئەوەندە موتەهەممتان کرگە بە نوچەگی ئەم و ئەو، گ ڕایک مەجبووڕم ئەکەن بێژم مەنزوورم بەراهەنی بووگە واسە ئەو هەتیمە یەدە ڕۆئیاییە ئێژێ ئەم گوفتارە جددییە زیست شودەی خۆم کە خوێن دڵم لە پایا خوارگە، لەوم دزیگە. دەی ئابرا گیان یەکێ بێ ئەم تاریخچەی شێعر حەجمە موشەخەسەو کاتەو بۆ مەردم بەنەی خوا حەقیانە بزانن حەجم لە ئابرای خۆتانەو دەسی پێکرد و ئەم مەسەلەیشە حەرف و حەدیسێ فراوانی هەس کە ئەگەر ئیجازە بەن لە



سەرێ وەقتێکی خاسا ئێژمی بۆتان. وەلی ئەوەندە بێژم کە گشتی ڕەبتی هەس بە ئیمەو کە تەک ئابرا گەورەکەما ئەم چتمانە ڕێ خست. ئەوەختە کە تەک خۆما ئابرام ئەمبردە کافەکان و ئەموت لە دەم دەرگا بیسە هەرکە ڕەدی منیەو کرد میسڵێ شاعیرێ حەجم و شاعیرێ فرە ئاوانگاڕدی بان بەرەی خوار، بێ ژوورەو پۆسیان بقەنە. یا هەر کە وتی ئەو کتێبە قەشەنگە وا لە شەستوشەش نوسخا چاپم کرد لە کوڕەکانم دزیگە، بێ پەدریان دەربێرا کە دەفعەی تر فێر نەون هەر ئەم خوزەعبەلات گەل منە نسبەتەو بەن بە کەسێ ترەو کە هیچێ لە خوزەعبەلات حاڵی نابێ. بەڵێ خوزەعبەلاتیش فەننی هەس و ئاباتان تا ئیسە گشتی ئەو فەنن وفووتەی دەورەو کردگەسەو. بویە ئەیژم کەس حەق ئەوەیە نییە بێ دەست بنێتە سەر چت ئاباتان. مەنزوورم چتە هۆی... من ئەونە بێئەدەب نیم حاڵی بە. ئەو چتە وا من ئێژمی چتێکە وەرای گشت چتەکان و هەر لێنەو شێعر حەجم شروح ئەوێ... دەی ئیسە خوا قەزاتان خۆتان بێژن حەجم ئابرا یەدێ دروسی کرد یا ئیما و ئابرای عەزیزمان کە تەمامێ ئەم مودەت گەلە وەک کێفێ ویسیابوو لە پشتمانەو موڕاقبەتمانی ئەکرد کە ڕیگەکە خاس دروسەو بێ؟ بچینەو سەر مەوزوعە فرە فرە موهیممەکەی خۆمان. ئەری. ئەمئێژا. لێنا بووین کە ئەری. ئەگە شێعر ئەمما چۆن وتن بێ، ئەوە هەر من و ئابام شاعیرین و ئەو دووسێ مەشەنگە وا هەمیشە هانە شوێنمەو بەو کەواپانتوڵە دێهاتیانەو فرتەفرت خەریکن عەکسم تەکا ئەگرن کە بچن خۆیانی پێوە فش کەنەو بێژن ئەرێ ئیمە کەی تەک ئاکوعەیبا عەکسمان گرتگە و بێژن لەوساوە ئیمە هەر نووچەی بووگین و لە ڕکێفیا کەسبی فەیزمان کرگە؛ دەی خاس با ئەوانیچ شاعیر بن. ئەم ئیتفاقە قوربانی گەرەکە و ئەشێ کەسانێک بکەینە قوربانی ئەو چت... دوارە مەغز نەخوش ئیوە چوەو بۆ لای چت. نا ئابا. ئەو خەوەرانە نییە. دیتان ئیمە چەنێ خاستر و جددیتر ئەتانین لەو هەتیمگەلە کە خەریک بوون ئەدەبیاتیان کافەیی ئەکردەو، کافە ئەدەبیاتی کەینەو؟ ها لە یادتانا کەی بوو ئەمئێژا؟ ئیسەش ماگە ئەتانن بچن لە سایتەکانا بیوینن و بیخوێننەو. چتێکە ئەوسا لە ترس ئابام کە بە ڕۆژا لە بەردەستیا کارم ئەکرد تا مەردم پێم نەیژن بەرەڵڵا و لات و چتە؛ بە ناو موستەعارەو مونتەشرم کرد. وەلێ چەن واژەی فرەفرە کلیدیم تیا دانیاگە کە یەکیان تارانە، ئەها چەن دەفعە تکرارەو بوگەسەو. تاران هی منە لە شێعرا. کەس حەقی نییە بە کاری بوات، خوا ئەیزانێ ئابرامی بۆ بانگ ئەکەم شل شل کوتەکی بات و بە چەقو ,لە بان پیشانییەو بنووسێ "کوعە". ئەرێ. ئەمئێژا. هەر بەو تارانگەلا بزانن کە ئەو دەق وتارەی من کە لە وەختا بۆ ئەو مەسخەرەبازی گەلا کە ناوی نابوو خەڵات بوو جایزە بوو چە، مونتەشرم کرد و لێنا بە وزوح ئیشارەم بەم فەرهەنگە موزەخرەفەی کافەداریە کرد کە خەریکە ئەدەبیات ـ خسووسەن شێعر کە ئیتر خۆتان شیرفەهمەو بووگنەسەو کە مولکی کێنەس و خسووسەن بەرەی بان خوار کە ئیتر ئەشێ تواو تواو حاڵی بووبێتن کە تەنیا من حەقم هەست بێژم ساختە و پەرداختەی دەس خۆم و ئابام و ماڵ باوامە لە ئاغەزەمان و ئیتر باقیەکەی گشتی مشتێ موهمەلاتە و ـ مونحەرفی ئەکەن و عەمەلەن تەبدیلی ئەکەنە چتێک کافەیی کە وای بە حاڵمان بو دواڕۆژمان. دەی من هاتم چەم کرد؟ دەقیقەن لەو تەجاروبە زیست شوودەی خۆمە ئیستفادەی بەهینەم کرد و هینەکەم دەورێ پێداوە و کردم بە خۆما. ئحم ئحم ئحم... خراو حاڵی مەبە ئاغایێ موحتەرەمێ کە لەو گۆشەو دانیشتگی و خەریکی ڕێزە ڕێزە ئەکەنی پیم، وا ئەزانی حەواسم پێتەو نییە. مەنزوورم ئەوەسە کە هاتم کافەم بردە ناو ئەدەبیاتەو. هەر ئەم تەغییر و تەحەوولە بووە باعس ئەوەی کە گشت کوڕەکانی ڕۆمان و شێعر و داستان و موسیقی و سینما و عەتاومەتا و عەڕەبی سەتتا و ئەو جۆرە چتگەلە کە تا ئیستا مەردم ئەچوون بۆ کافەی پاڵ ڕەسەدیان ئەکرد، لیرە جەمەو ببنەوە و کارێ بکەن مەردم بچن لە سینما و ڕۆمان و شێعر و داستان و نەقاشی و ئەو جۆرە چتگەلا، کافەکان بویننەوەو بو نموونا لە ڕۆمانێ کافکا کە خەریکە قەسرێ کەشف ئەکا، یارۆ دانیشێ چتێ بخواتەو. یا مەردم هەس ئەزانی چەنێ حەزی لەوەسە بچێتە ناو فیلمێ ئامیر لەولاو


هەولێر

چایێ قاوەیک کاستاریکا نەقشێ هەرچەن موختەسەریشی بوێ. دەی ئێمە هاتین لە گۆشەیک لە فیلمەکان کاستاریکا و چتا جێگەی کافەکەمان کردەوە و یارۆمان بردە ئێنە لە حەین ئیتفاقێ زیرزەمینیا، خۆی دانیشێ پەنکەیک و هاتچاکلێت بخواتەو بەعدەنیچ بچێ بێژێ کە ئەرێ ئێمە لەو کافا کە جەدیدەن لە فیلمێ زیرزەمین کاستاریکا، یا لە قەسرێ کافکاا، تەئسیسەو بووگە، چتێ وامانە خواردگە .ئەویچ چ کافەیک. کافەکەی ئابرام کە لە دوو تەرەفەو ئات. ئحوئحوئحو... ئەوە چەتانە ئیوە؟ موتەئسفم بۆ زێهنێ مونحەرف کە هەستان. مەنزوور من دەقێقەن ئەوەسە کە کافەکەی ئابرام لە دوو تەرەفەو تەعمی ئەدەبیات و هونەر و چتە ئات. ئەویچ ئەدەبیاتێ بە تەجاروب زیست شودەو کە ئەگەر بتانن بیهێرنەو یادتان ئەو زەمانە بۆ بایکۆت کردنی جایزەگەل ئەدەبی کوردی، من بووم بۆ ئەوەلین دەفە ئەو چتمە مەترەح کرد و شار بە شار نامەم بە کەسگەل موهیم ئەدەبیات ئیمزا کرد کە ئەرێ ئیتر، تکرار موکەرەراتە هەر بێژمی تا سوو. ئەشێ زێهنێ تیز زوو ئەو چتگەلە بگرێ و خۆی دەریافتی کا ئێژم چە. ئاخر قەسەمتان ئام بە ئەو گشتە هەباسە هانە ئەم شارا کە بە گشتیانەوە هەباسێ ناهێنن، ئاوە کار بوو ئەو دەستە لەو وەختا بە دەسەبازیێ مەعموولْ خۆیانەو ئەنجامیان ئەدا؟ ئاخر جایزەی ئەدەبی هەیئەت علمی بۆچەس؟ یان کافە ئەدەبیاتی بۆچە گەرەک بێ؟ ڕاستتان ئەکرد بۆ ئەو گشتە هەیئەت عیلمییە کە چەن ڕۆژ پیش ئەز ئین لە دانشگاە کورسان دانەی مریخێ ئەرزش مادی و مەعنەوی زیست شودەی بوو، بۆچە جایزەیەک دانانین؟ یا خەیر و بۆ ئەو گشتە ئەدەبیات و چتە کافەیک بکەنەو بزانن مەردم چەنێ خۆشحاڵ ئەون. ئەها من. ئەوینن. جا بێسن بزانن چۆن پووزی کاورا ئەمالْمە خاکا. ئەوینن دوای سالْێ دێتە بەر دەس خۆم شاگردی ئەکا و دەسمالْم بۆ ئەکێشێ. منتان نەشناسیگە. من منالْ ئاغەزەمان بوگم و ئیسەش کە ئەچمەو بۆ مالْ خۆمان لە بەهاران، هەرچی سەگی وێلْگەرد ئەو مەنتەقەس گشتیان دێنە ئیستقبالْم ئێژن توخوا ئابا کوعە بوچە نامانویسی؟ گشتی بە باوەڕەو ئێژن: بە خوا هەزار و یەک هیدایەت ئەرزشو هەس. خوم ئەزانم چە ئێژن. مەنزووریان سایەق هیدایەتە. وەلێ خۆ خوەم ناکەمە ساحەبیان. قەرار بێ من تەک هەر بەرەلْلایکا سەروکەللە بەم ئیتر ناتانم بە ئەدەبیاتەکەما بگەیەم. ئەو چتگەلە زەعیفە بوچکە دائەنیم بۆ ئەو هەتیمگەلە هیدایەت و یەدێ و چتە با خویانی پێیەو سەرگەرم کەن گوناحیان هەس بەنەی خوا گەل. ئەوانیچ دلْیان هەس، خوا ئەزانێ چ پلەگەلێکی تەرەقی مونتەزر ئیمەس زوو بگەیین پێیان و لە ناو ئەم مەردمە نەفەهمە بچینە دەرەو بە خوا نەفەس گەل ئاخرم ئاکێشم گەرەکمە زوو دەرباز بم. ئەححو ئەحهووهوو... مەنزوورم ئێوەگەل نیە لە قسەکانم بەرداشتێ مەنفی مەکەن. وەلێ ئیتر بە تەنگەو هاتگم مەردم، ناتانم ئێرە فرە تەنگەو بوەسەوە بۆم. فەزایێ تا بێژی غەیرە پڕۆفێشنالْ کە پڕیە لە حاشیەسازی و داروودەسە بازی و گوفتمانێ فرە نانەجیبانە بەرزددێ ئەدەبیات دروست بووگە کە بە ڕاسی ئەیژم کار من نییە. من هەرگیز خۆم نایەمە قەو ئەو جۆرە کارانەو. لە حەددێ منا نین. من هامە شۆن کارێ جددی و پڕۆفێشنالْەو ئەو جۆرە گوفتماناگەلە پەڕاوێزسازیشە دائەنم بۆ کەسگەلێ کە سەواد ئەوەیانە نییە بکەونە دنیای دەقەو.



. کارێ من شناسینێ دەق و ساختەن شێعر حەجمە بو ئەم ئەدەبیاتە بێ نەوامانە کە هەر نەنەقەمەرێ هەلْسیاگە ئیدعای تێ و ئێژێ ئەوەلْ و ئاخر ئەدەبیات منم و دوای من ئەدەبیات تواو ئەوێ. ئەری. من چەم داگە لەو دەسەبازیگەلە. جا خوەشیەکەی ئەوەسە فکر ئەکەنەو من نازانم چە ئەگوزەریێ لە دەوروبەرما. تواشا ئەکەم چەن ڕۆژیک بەلەمە هەتیمێ هاتگە دەزگای ئیمە ئەگرێ نازانێ من کێم پێ ئێژن و ئابرام کییە و منالْ کوێنەین. خۆ ئەزانم گشتی لەو کافە پەسەی پالْ دەسمانەو

ئـاو ئەخواتـەو . قسـەکانی ئێتیکێـتدار بـوون و گشـتی حەرەکاتـی موهەندسـی شـودە بـوو .ئاخـر هـەر چـاوم کەفـت پـی هاتـم بێـژم هەتیمـە فرووجـە هاتگـی بـازی بـازی ئەویـچ بـە هەسـتە خورماکانـی ئاکوعەیـب بـازی؟ دەسـم ڕاهێـلا وتـم بێسـە تـا بزانـم قسـەی دڵـی چـەس بـا مەردمەکـە خـۆی گشـتێکی بـوی موشەخەسـەو بێتـەو. بـە گیـان ئێـوە نـا بـە گیـان ئابـرام ئەمـە قسـەی مـن بـوو. ئەونـە بـە شـعوور ئـەم مەردمـە ئێحتـرام دائەنـم کـە ئەزانـم چەنـێ مـەردم ئیسـە باسـەوادن خسووسـەن ئەوانـە وا لـەم کافـەی خۆمـان ڕوشـد و پەروەرشـیان کردگـە کـە خوتـان ئەوینـن دەسـە دەسـە لـە باشـوور و باکـوورەو تێنـە مولّاقـات ئاباتـان کـە چتـێ فێـر بـن. وتـم بیسـە بـا شـعوور مەردمـێ فەرهیختـەی ئێنـە کار خـۆی بـکا. هێـلّام گشـت قسـەکانی کـرد. نازانـم ئیمـە دێهاتیـن و سـنەیی بێکلاسـن و هیچێکمـان حاڵـی نییـە و ناتانیـن لـە بەیـن سـرە و ناسـرا لـە بەیـن بـەد و بەدتـەرا ئینتخابـێ مەعقـوڵ و مەنتقیمـان بێـت و چـە وچـە... یـەک لەحـزە قاتیـم کـرد. هـەر دیـم تەوهیـن بـە کەڵان شـارێ وەک سـنەی خوێنـاوی خۆمانـە ئـەکا، خوێـن بەرچاومـی گـرت. بـە گیـان گشـتمان دەسـێکم کـردە گارد چنـم، ئـەری... دەسـەکەی تـرم بـە عەلامـەت تەهدیـدەو بـەرزەو کـردەو وتـم گوێچکـە بـە نفلـە... ئەوەختـە سـنە کـەڵان شـار بـوو عەزیزخـان ڕەحمەتـی سـینی مسـی پـارە ئەکـرد و ئەیکـردە دوو شـەقەو لـە وەسـەت مەیـان ئـازادی تارانـا دای لـە شـەعبان بـی مـوخ، تـۆ و جـەد و عابادت لـە کوێنـە بـوون بوزمەچـە؟ هیـچ ئەزانـی جـە ئێـژی؟ هۆشـت هـا بـە خۆتـەو هەرچـێ نایجـاوی پەرتـی ئەکەیتـە دەرەو وا ئەزانـی ئـەم مەردمـەش وەک بـاوک و بـاوای خـۆت لـە پشـت کێفـەو هاتگـن و هیچێکیـان حاڵـی نییـە؟ ئـەم شـارە شناسـنامەی هـەس، خەفەخـون ئەگـری قسـە بکـەم - ئـەری دیـم خەریکبـوو لاشـی بـازی دەر ئەهـاورد و شـاخ و شـوونەی ئەکێشـا بـۆ منـێ کـە جـەد ئەندەر جـەدم خەڵـک ئەم شـارە بووین لـە بـاوای باوامانـەو خـاک و خـۆڵ ئەنجومەنـە مـەردم نەهادگەلـێ موخالـف جەرەیانـێ ئـاو شـنایان کرگـە، چوگـە قورگمانـا و ئـەوە کـە ئەبینـی سـەدامان ئاوەسـە دووڕەگـە بووەسـە و گشـتی هـی خـاک و خـۆڵ ئـەم کـەڵان شـارەو دوودێ ئێگـرۆز ماشـینەکانیە کـە ئەوەختـە لێنـە ئوتووبـوس دوو تەبەقـە بـوو، لـە دێهاتەکـەی ئێـوە ئەچـوون عەڵەفتـان لـە بـەر ماشـینا دائەنیـا واتـان ئەزانـی پـەزە گەرەکتـان بـوو بچـەڕێ. بێچارەگـەل ئیسـە واتانـە پـێ هاتگـە بەدوبیـڕا بـە مـەردم ئـەم شـارە بێـژن کـە نسـفێ لـە تاریـخ ئـەم ملەتـە هـا لـە زوان و فەرهەنـگ و نشەسـت و بەرخاسـت مەردمیـا و ئـەو گشـتە لیباسـە جۆراوجـۆرەی کـە هەریـەک بـە نەوبەی خـۆی خەریـک زینـدوو هێلّانـەوەی فەرهەنگـێ کوردیـن. ئـەری؟ ئیسـتە وامانـە پـێ هاتگـە تۆیـێ شـوالّ شـەش جیبی کـە مـن پارسـاڵ هیچـێ، پیرارسـاڵ ئەمکـردە پـام و قەسـەم ئەخـۆم تـوی عـەوەزی ئیستەیشـە نازانـی فەلسـەفەی ئـەو شـوالّە شـەش جیبـە چـەس کـە هاتگـی خراومان پـێ بکەیت و ئێمـە هیچـێ نەیژیـن. ئـەی مەزەبتـوو شـوکر خـوا گیـان. واتـە پێکردووین بـە نـاو ئـەدەب و فەرهەنـگ و ئێحترامـەو هـەر بـێ پـەدەر و مـادەرێ بـێ ئەسـڵ و نەسـەب هەڵئەسـتێ خـۆی بـە چتێـک ئەزانـێ و تـا لـە ژێـر بوتتـە دێتـە دەرەو گیـر ئـا بـە ئیمـە و دەسـت ئەخاتـە ئەعسـابمانەو. ئەزانـێ ئەعسـاب مەعسـابمان نییـە گەرەکیـە ئـاوا سـککەی یـەک پوولّمـان بـکات و ئابڕوومـان لای دۆس و دوژمـن بـوات. بێـژم چـە گیـان هـا لـە جێگەیـەک فـرە سـەختا، بویـە دەرناچـی. وەگەرنـە ئیمـا ئـەوە نیـن هـەر نەنەقەمـەرێ کـە هیـچ ڕەبتێکـی بـە فـەزای ئەدەبیـەو نییـە هەڵسـیاگەتە سـەرپا، چـاو ئەوڕێتـە نـاو چاوگەلـم بـی حورمەتیمـان پـی ئـەکا. وتـم گوێـت هـا لای منـەو پسـەرەی نابـوودەی گۆمووگـوڕ شـودە؟ ئەزانـی چـە ئێـژم مەرتیکـەی مەحـرووم؟ حاڵـی ئـەوی خاسـە، بەرخـوردت خـاس ئەکـەی، ئـاداب و ڕسـووم ئـەم کـەڵان شـارە فێـر ئـەوی، ئەچـی ئامـووزش نشەسـت و بەرخاسـتێ ڕەسـمی و بـاکلاس ئەوینـی، تـا دێـرەو نەوگـە خـوەت لـەم فـەزا کەسـیفە ئەکێشـیتە دەرو خاسـە، ئەگـەر نـا ڕەددت ئەگـری و گـۆڕت گـوم ئەکـەی ئیتـر نایەیتـەو بـەم شـارا یاڵـلا بـا نەیـژی فلّانـی ئیدعـای کـەڵان شـار



هەواڵنامەی کێبڕکێ

نشینی تێ و هیچێکی حاڵی نییە، فەرموو تەشریف بوە ئیسنەپ لە دەمێ دەر مونتەزرە یەکسەر بتوا تا فەیزاوا... چە؟ چە ئێژی؟ گوێچکەم لێ نەوو؟ حسابەکەی؟ قەهوە تورکەکە کە کوللەن میوان خۆمی چونکە منااڵ ئەم شارە نیی، مەرتیکەی هالوو. پوولێ ئیسنەپیش ئابرام ها لە بەر دەرگا لە خزمەتتا، هەر ئەو حساوی ئەکا. بێستە بێستە پێی ئێژم لە موشایەعەتتانا بێ تا فەیزاوا گەرەکی نییە دەست کەیتە جیبتا ئابام هەم دەسی هەس هەم جیبێ فرە گوندە کە پرپە لە چتگەلێ موهیم، فەقەت بێپپا خەت خەتی نەوی، مەرتیکەی لوخت و پاپەتی ئ... بەعد هەر ئەوەندە وتم "هووووشت" و دەستێکم بە تەکانێ کەمێ شەدید تا نزیک چتەکەی پەرتاب کرد، بە گیان ئێوە نا بە گیان ئابام، یەکسەر تواشا ئەکەم خەجاڵەتی ناکێشێ مەرتیکەی کەمەرەشلێ ماموسا خالەقی خۆمان ـ کە ئەحمەقێ وا نازانێ مامۆستا خالەقی منااڵ نافێ ئەم شارەس ـ خۆی تەڕ کردگە و دێ بێددۆ فەرار تا لا ئەکەمەو گۆڕ خۆی گوم کرگە، بەدجۆر. ئەیچە. ئێمە واینە. فکر نەکەنەو نازانم لە دەوروبەرما چی ئەقەومیێ، ئەونە زیرەک هەم موو لە ماستا بکێشمە دەرەو. عێرقێ میهەن پەرەستی و وەتەن دوستی وایە پێ کردگین لێنە بمێنینەوە و بە عێشقێ خزمەت دانیشین. هەر ئەمیچە بووەتە دەلیلێ قاتع لە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر و جدیتر لە فکرێ بونیانێ حەجما لە زندەگی ڕۆژانا بم کە بەر مەبنای تەجروبەیک زیست شووە بەنا بنرێ. ئەونە بزانن ئەم مەسیر حەجمیچە فرە زەحمەت و مەینەتی هەس بە گش کەسێ ناکرێ. ئەشێ لێ بووڕڕی. ئەشێ بەم گشتە نامولایمات و ناخۆشی گەلەو کە هەست، دانیشیتە شار و ماڵ خوتا موڕاقبەت لە فەرهەنگێ ئەم دیارە کەیتەو. ڕەحمەت لە باوای شاملوو چەنێ زەریف ئێژێ مەن چێراغەم دەر ئین خانێ میسووزەد. بە خوا ئابرا گیان واسە. بۆ منیچ دەقیق عەینەن جەرەیان ئیدامەی هەس. بویە هاتگم چەسپیاگم بەم کافەو شەو و ڕۆژ خەریکم تەک مەردمێ بێ سەوادا چانە ئام تا چتێکیان لە حەجم حاڵی بوێت و بەکار زندەگی ڕوتینیان بێ کە خویان نازانن و شعووریان نییە، دەور و بەریان پرپە لەو حەجمگەلە، وەلێ کەسێکی گەرەکە ڕۆشنیان کاتەو شیرفەهمیان کات کە ئاباتان ها لەخەمەتتانا... خواییش ئەکەم، شەرمەندە مەفەرموون، بوزورگوار تەشریفتان هەس، سوڵتان قەلب ئاباتانن، سەری تەعزیم دانەوینم بۆ موحەبەت گشتتان، بووچکتم بووچکتم بو...چک...تم...






عادڵ قادری



بەربەستەکانی بەردەم بیری ڕەخنەیی

(گوتاری ئەدەبی بەنموونە)



هەولێری کتێب

یەکێک لە کێشە جەوهەرییەکانی ڕەخنەی ئەدەبیی ئێمە، ئەوەیە کە لە هەمبەر دەقە لاوازەکان بێدەنگ دەبێت و دەقە ناوداڕەکان(ئەگەرچی گەورە و سەرکەوتووش نەبن) دەخاتە چەقی باس و شرۆڤەی خۆیەوە، کاتێک دەڵێم «باس و شرۆڤە» مەبەستم ئەوەیە کە چەندین چەمک و دەستەواژە لە هەناوی دەق دەردێنن و بە گۆشەنیگایەکی فەلسەفیی گشتییەوە هەڵیدەپێکن یان بەپێچەوانەوە چەندین چەمکی فیکری و فەلسەفی(کۆمەڵناسانە، دەروونناسانە، دەروونشیکارانە، جێندەری، سیاسی و کلتووری و...)

عادڵ قادری

زەق دەکەنەوە و بە دەرزی و دوورمان دەیدوورن بە باڵای دەقی کورتەباڵاوە و لە ئەنجامیشدا ستایش و چەپڵەلێدان دوا وێستگە و ئەنجامگیرییەتی. ئەمە دۆخێکی دروستکردووە کە ئێستا ڕادەی نووسەرانمان لە خوێنەرانمان زیاتر بێت، ڕادەی دەزگای چاپ و نەشرەکانمان لە ڕێکخراوە هونەری و کلتوورییەکانمان زیاتر بێت و ڕادەی قسەی بێ سەروبەر و بڕیاری پێشوەختە و ڕەها و موتڵەق لە ئەڵقە ڕەخنەگرەکان و چالاکیی ڕێکخراوە پرسیارسازەکان زۆر زۆرتر بێت. کاتێک دەڵێم ڕادەی نووسەرانمان لە خوێنەرانمان زیاترە زۆرتر ئاماژەدان بە وەهمێکە کە لە پانتای کلتووری هەژار و دەستکورتی ئێمەدا ئاوساوە، زیاتر ئەنگوستدانانە لە سەر دیاردەیەکی دروزنانە و قەڵب کە بە هۆی تاکڕەهەندی یان جووتڕەهەندی (دوالیزم) گەشەونەشەی جەمسەرەکانی کۆمەڵگا، «وەهم» وەها زەق دەبێتەوە و کلتوور بە واتا گشتییەکەی دەکات بە ڕووبەری تەڕاتێن و شەپۆلسواریی خۆی. جەمسەرێکی گرینگی ناو ئەم هاوکێشەیە «بەردەنگ»انن. بەردەنگان بەشێکی زۆری ئەم قەیرانە دەخەملێنن، ئەوان هەزارن هەزار کەسن لە یەک ئاستدا و بە لێشاویش دەق دەخوێننەوە و تێیناپەڕێنن و بۆ یەک مەبەستیش دەیخوێننەوە! حەسانەوە و حاوانەوە! بە زمانی میتافیزیک بیڵێین؛ گەیشتن بە کەناری ئارامی و هێوری لە ڕێگەی کەشف و پێڕەوکردنی حەقیقەتێکی وەهمییەوە! ئەمە لە کاتێک دایە هەم دەقێکی ئەدەبی و هەم ڕەخنەی ئەدەبی لێدانن لە دۆخ و فەزای باو، کوشتنی حەقیقەتی تاکڕەهەند و ڕەهان و گێڕەڕەوەی حەقیقەتە شیمانەیی و مومکینەکانن، دەق بەم واتایە شتێکی دژەباو دەگێڕێتەوە و «ڕەخنە»ش بە واقیعبینی و بوێری و مێژوومەندییەوە سەرکەوتوویی یان ژێرکەوتوویی ئەم جۆرە دەرکەوتن و گێڕانەوەیە هەڵدەسەنگێنێت. ئەو ڕوانگەیەی کە بەرگریی لە شەپۆلی زەریای بەردەنگانی زۆر و زەبەندی زەرد و ئاپۆرەی مێگەلی باڕەکەر دەکات ڕەنگە بۆ ماوەیەکی کورت وەکوو تیشکی ڕەش یان قاوەیی! خاڵی گەردن و سەر لێوی ئەکتەر و سیلیبێریتییەکان بدرەوشێتەوە بەڵام هیچ ڕەسەنایەتییەک لە ڕووی ناوەرۆک و فۆرم و هیچ تازەگەرییەک بەرهەم ناهێنێت، ئەم دەرکەوتانە لە «وەهم» و نووسین و بەردەنگ و بەگشتی لە پانتای کلتووردا بەر لەوەی واقیعێک بن لە ناو مێژوو یان دەرکەوتەیەکی ڕەسەنی ناو زمان و ئەدەبی کۆمەڵگایەک وەکوو ڕەنگ و برەندی سەردەمن، مۆڕک و مۆدەی ناو بازاڕن.

◆ لێرەدا بازاڕ لە دوو چەمکدا زەق دەبێتەوە.

ئەلف:

پارە واتە دەسەڵاتی دەرکەوتن و سەماکارانەبوون لە ناو بازاڕدا

ب:

سیما و ڕواڵەت واتە خەرمانە و هەیمەنەی درۆزنانەی دەوری نووسەران و خاوەندارانی کلتووریی.

با من پرسیارێک لە هەموومان بکەم، دەرکەوتن و بەرجەستەبوونی بەرهەمێک ئەنجامی چییە؟ واتە چی لە پشتەوەیە؟ ئایا بەرهەمێک دەتوانێت بە کەمترین ئاستی ڕەسەنایەتی و سەرکەوتووییی و تازەگەریی و بە بێلێدان لە دۆخی باو بێتە ناو جەماوەر و دەنگ داخات و ببێت بە لۆسە و پێوەر(اهرم) بۆ گۆڕانی بیرکردنەوە و زەق و جوانیناسیی کۆمەڵگا؟ بەڵێ بێگومان دەتوانێت! ئێستە بای ئارەزوو بە ئاڕاستەی

شـەقام و پۆپۆلیـزمدا هـەڵدەکات و هەڵـکـردووە و ئازادیـی سـەرەڕۆ و ڕەشـوداماڵـراوی تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان و تەختـەی شـانۆ و ئیسـتەیجەکانی نوانـدن و نومایشکردنیـش تـەواو ئـەم دۆخـەی گەیاندووەتـە تەشـقی ملهـوڕی و سـینگدەرپەڕاندن و دەسـەڵات و دیکتاتۆرییەتـی خـۆی. لـە هـەر کـوێ ئاپۆرەیـەک هەبـوو خەڵکێکـی زۆریـش لەوێـن، کـە مـەرج نییـە دوو پرسـیاری بنەمایـی بگرنـە دەق. لـە نـاو ئـەم دۆخـەدا و لێـرە چەنـد هـۆکاری ناڕەسـەن کـە دەقێـک دێننـە سـەرەوە و پێگـەی درۆزنانـەی دەدەنـێ دەژمێـرم و پێناسـەی دەکـەم؛



١ـ حیزب

٢ـ خێڵ

٣ـ ژنانەبوون

٤ـ پلەداربوون

٥ـ میدیا

٦ـ شارچێتی

١ - حیزب لە ڕێگەی پلان و پڕۆژەیەکی زیرەکانەوە ئەکتـە کلتـووری و ڕۆشـنبیریی و نووسـراوەییەکان دێنێتـە نـاو ڕەوتـی دابینکردنـی زیاتـری جەمـاوەر و کۆکردنـەوەی دەنـگ بـۆ خـۆی، حیـزب وەکـوو ڕوحـی سڕووشـتیی خـۆی، مامەڵـە لـە گـەڵ ئـەدەب و ڕۆشـنبیری دەکات و ئەمـە ئەرکـی ئـەدەب و ڕۆشـنبیر و ڕۆشـنبیرییە ئەکتـی بەرگـری و ڕەخنەکـردن بنوێنـێ. بـەڵام ئـەم حاڵەتـە بـە هـۆی ئـەم هاوکێشـەیەی سـەرەوە کـە باسـم کـرد تاکـوو ئێسـتە بـە زیانـی نووسـین و لـە قازانجـی ململانێـی سیاسـیدا تـەواو بـووە. کاریگـەری حیـزب وەکـوو جومگـەی سـەرەکیی دەسـەڵات و خـاوەن میدیـا و ڕۆژنامـە بـە سـەر هۆکارەکانـی دیکەشـەوە دیـارە و دەکرێـت بڵێـن حیـزب یەکێـک لـە جەمسـەرە هـەرە کاریگـەر و کەڵەگاکانـە لـە نـاو هاوکێشـەکەدا. حیـزب باوکـە!




٢ - خێـڵ؛ لـە وڵاتـی ئێمـەدا، خێـڵ نـەک هـەر بەشـێک لـە کـرۆک و کایـەی حیزبـی و گرووپـی پێـک دێنێـت بەڵکـوو لـە ڕووبـەری کۆمەڵایەتـی و بازاڕیـشدا دەسـەڵاتدار و ملهـوڕە، چەندیـن سـەرۆک خێڵمـان هەبـووە و هەیـە کـە هەڕەشـەیان لـە نووسـەر و ڕۆژنامەنووسـان کـردووە و تـا ئاسـتی ڕێگـری و کوشـتن و تۆقاندنیـش هەنگاویـان هەڵگرتـووە و هیـچ سڵێکیشـی لـە میدیایی‌بوونـەوەی ڕوخسـارە ناوەخـت و دواکەوتووەکـەی نەکـردووە. ئەمـە لایەنێکـە کـە بـە قازانجـی ئـەو نووسـەرانە دێتـەوە کـە ڕواڵەتیـان بـە مۆدێرنیتـە مەکیـاج کـراوە بـەڵام لـە دەرگای پشـتەوەی خێڵـەوە دێنـە ژوورەوە و دەبێـت بـە نووسـەری دیـار و نـاودار. خێـڵ، ڕۆحانەتـی مەکیاجکـراو و سـافـولووس‌کراوی حیزبـە و دیارتریـن ڕوخسـاری مۆدێرنیتـەی خواروخێچـی کۆمەڵـگای ئێمەیـە. ئەگـەر حیـزب بـاوک بێـت ئـەوا خێـڵ باپیـر و ڕوح و بتـی ئـەو باوکەیـە!

٣ - لـەم مۆدێرنیتـە دەڵەمـە و دەسـتکرد و ئامێرییـەدا، شـانۆیەکی ڕەنگیـن و وروژێنـەر بـۆ دەرکەوتنـی ڕەگـەزی مـێ و ژن ڕێـک خـراوە، شـانۆیەک کـە ژن نـەک وەکـوو سـووژە بەڵکـوو وەکـوو ئامـراز و ئامێـر لـە کۆمەڵگایـەک کـە سـەرەڕای پیاوسـالارانە- بـوون، بەڵکـوو نەریتپەرەسـتیش پێناسـە دەکات و ڕۆڵـی بـۆ دیاریـی دەکات. لـەم شـانۆیەدا ژنـان و کچانـی ئەکتـەر، گۆرانیبێـژ، نووسـەر، شـاعیر و نیگارکێـش و...

دەردەکەون و خۆ دەنوێنن و بە خێرایی دێنە سەرەوە و دەبن بە بڕەند بە بێئەوەی ئایدیا یان گۆشەنیگا یان چەمکێک یان دڵەڕاوکێیەک بخەنە ناو کۆمەڵگایەکی سڕ و خەوتووەوە. ژنان لێرەدا دەبن بە کاڵایەک بۆ سڕکردن و لە باربردنی خەونە گەورەکانی مرۆڤی ئێمە بەگشتی و ژنان خۆیان بەتایبەتی و ئەو ڕۆڵە ڕاستەقینە شارستانیسازەیان لە وەها پێکهاتێکدا لێ دەسێندرێتەوە و دەبن بە ماتۆڕ و مەیکینەی سامناک و کوشندەی لە باربردن و خەساندن و دوورکەوتنەوە لە ڕەسەنایەتی لە لایەن سیستەمی پیاوسالار و نەریتپەرەست و ڕوحی کاڵاخواز و چێژپەرەست و مەسرەفگەراوە. ئەم حاڵەتە بە پلەی یەکەم، زیاتر ژن قوربانی دەکات و سەپاندنی هەمان ڕوحی «بان و خوار» و چەسپاندنی فۆرمێک لە دیسپۆتیزم و ئاغا و کۆیلەییە لە ژینگەیەکی خێزانی و کۆمەڵایەتی و جێندەریدا. ئەم حاڵەتە لە گەڵ دۆخی نەکراوەیی و نەریتگەرێتی و ئایینیبوونی کۆمەڵگا و دۆخی تێپەڕ و هەڵپەسێردراوی کۆمەڵگا یەکانگیر دەبێت و ئەکتەناڕەسەنەکانی ژن زیاتر زەق دەکاتەوە.

کۆمەڵگایەکی هەڵپەسێردراو و تێپەڕ: ئایینی و مۆراڵێکی ڕادیکاڵی ئاسمانی هەیە و بناژۆخوازە بەڵام ئاڕەزووە جەستەییەکانی بۆ ڕاناگیرێت، درۆ دەکات کە باوەڕی بە مافی ژن و یەکسانی هەیە بەڵام تەنها لە دەرگای جەستەوە دێتە ژوورەوە و فۆرمی «سەر و ژێر» بە هاوتای هاوسانی دەزانێت، کۆمەڵگایەک کە: باوەڕی بە ڕوح و غەیبانییەت هەیە کەچی تا سەر ئێسقان مادیخواز و جەستەپەرست و مەسرەفگەرایە و... ئەم دۆخە گشتییە وا دەکات کۆمەڵگا چاوی سێهەمی نەبێت و تەنها بە دوو چاو، چاو لە شاشە و شانۆ و واقیع و جیهان و شوێنە تەرچک و تووردەکانی جەستە بکات و تەنها ڕووکار و تۆیژاڵی سەرەوەی ببینێت. ئەم حاڵەتەی سێهەم کە هاوکات بووە لە گەڵ بزاڤێکی فیمینیستی ناتەواو و دەستەبەربوونی هەندێ ئازادی بچووک بۆ ژنان و دانان بە هێزیان وەکوو قەوارەیەکی کۆمەڵگا، زیاتر مەجالی دەرکەوتنی بۆ ڕەخساوە و ڕوخسار و سیما دیارەکانی ژنانی ناهەڵکەتوو و بێئایدیا هەر دەم لە ژێر سێبەری ئەم لێشاوانەدا دەرکەوتوون و بە هەڵکەوتوو و ئایدیابەخش مانیفێست کراون، ئەمە گشتییەتی جیهان و ژینگەی سەربەخۆ و جیاوازی ژن دادەبەزێنێتە سەر ئاستی هەندێ وێنە و نیگار لە جەستە و لێو و قسەی عاتیفی و لەنجەولار و بەگشتی دەیانخاتە پڕۆسەی بە ئامرازبوونێک کە سیستەمێک لە ناو بازاڕ بەڕێوەی دەبات، نەک هێزێک لە عەقڵی خەمخۆری ژیان و چاکسازی کۆمەڵگا و بەم شێوەیە سایکۆلۆژی و جیهانبینی و ئاڕەزووەکانی ئێمە لە ڕێگەی بازاڕەوە دەستکاری دەبێت. و جیا لەمەش نەریتێکی مردوو و کۆنە بەرهەم دەهێنێت: « بە لەنجەولار هاتەوە یارم لە ڕێگەی کانی...» بەکاڵاکردن و بەکاڵابوونی ژن ئەو گورزە کوشندەیە لە دەق و کلتووری ئێمە دەدات کە سووژەی وەگێڕ و پرسیارسازی ژنمان لە ناو ئەو هەموو مانکەن و پەیکەرە سیکسی و نازکەدا بۆ نادۆزرێتەوە و ڕوحە ڕەسەنە دەگمەنەکان دەکات بە ژێر تۆز و گەردی دەرکەوتنی خۆیەوە. ئەگەر حیزب، باوک و خێڵ باپیر بێت ئەوا ژن بەم واتایە و لە ناو ئەم هاوکێشەیەی بازاڕدا دەبێت بە باوەژن و دایکێکی زێ کە نە گرێدراوەتی پێی گەورەمان دەکات و نە تێکەڵبوون لەگەڵی دەمانخاتە ناو هاوکێشەیەکی ئودیپووسی و فرۆیدیانە لە قەیرانی مانا و بوون بە نیسبەت دایک و ژنەوە!


٤- پلەداربوون، دەلالەتە بۆ پلە و پایەی ئیداری و پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری. بێگومان لە هەموو کۆمەڵگاکان و بەتایبەتی لە کۆمەڵگای ئێمەش، کەسێکی خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی (کوڕی مامۆستا فلانی یان کوڕی ئاغای فیسار یان نەوەی حاجی کێ و یان تر بنەماڵەی کێ بەگ و کێ و کێ...) یان خاوەن پێگەی ئیداری (سەرۆکی بانک یان فەرمانبەری ئیدارەیەکی کاریگەر لە کۆمەڵگا و...)



یان خاوەن کۆمپانیا و زەویندار و مولکدار یان سەر بە بنەماڵەیەکی سیاسی ناودار و خەباتگێڕ...هەموو ئەمانە ترس و مۆتەکەی ڕاستەقینە و کوشندەن لە سەر دەق و کلتوور و ئەدەبی ئێمە. کە ناکرێت تەنها ئەمانە وەکوو تاک و تەنانەت کلتوور و پێکهاتیش بە تاوانبار بزانین، بەڵکوو بەشێکی بنەمایی تاوان و کێشەکە لای ئەو کلتوورە مێگەل و گشتییەیە کە بوێرێی ڕەخنەگرتن یان توانستی ڕەخنەگرتن یان ئازادی و جوامێریی ڕەخنەگرتنی تێدا نییە و دەکەوێتە داوی هەڵپەڕەستی، بەرژەوەندیخوازی، شەرمنۆکی و ترسنۆکییەوە، ئەم حاڵەتە، مەندی و وەستاویی لە ناو کلتوور و دەقدا بەرهەم دەهێنێت و تەنانەت دەقی باش دەکوژێت و دەقی خراپ دەباتە سەرەوە. دەقی باش لە ڕەخنەکردن دەپارێزێت و پێگەیەکی نەمری دەداتێ و دەیکات بە پیرۆز و قودسی! شتێک کە لە گەڵ ڕوحی ئەدەب و ڕەخنە و گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا، تەواو دژایەتی هەیە. پێوەندی ئەم حاڵەتە لە گەڵ حاڵەتەکانی پێش، وەکوو دەسەڵات و هێزە کە باوک و خێڵ و ژنانییەتی بازاڕ دەترنجێنێتەوە ناو جیهانی نومایش و نواندنەوە: میدیا!

٥- دوای تێزی گوندی جیهانییەوە لە لایەن مارشال مەک لوهانەوە و دەربڕینی ڕستەی» میدیا پەیامە« تاکوو ئێستە ئێمە ئیدی لە گەڵ تێزێکدا، ململانێی زەینی ناکەین بەڵکوو ئێستە گوندی جیهانیی واقیعێکی بەرهەست و بینراوە و زەقە و میدیاش ئەم جیهانەی زۆر بچووک و لە هەمان کاتدا ئاڵۆز کردووەتەوە. هەموو چوار حاڵەتەکەی پێش لە ڕیگەی میدیا و لە ناو میدیا بەریەک دەکەون و ڕوحی ناڕەسەن و پاوانخواز و بوتپەرەست و کاڵامەند و چێژتەوەر و نەگۆڕخواز بەرهەم دێنن. میدیا وەکوو «جیهانی واقیعە!» بۆ ئەو هاوکێشەیەی کە ٤ حاڵەتی پێشووم تێدا باس کرد، لێرەدا ئێمە جیهانی واقیع دەدۆزێنین و دێینە ناو جیهانی ناواقیعی و مەجازی کە نە ڕەسەنایەتی هەیە و نە مێژوویەکی بەرهەست و نە خاوەنی ڕووداوانی ناو جیهانی واقیعە و نە گوزارشتێکی ڕاست و سادق لە جیهان دەکات. میدیا لە ناو ئەم هاوکێشەیەدا «گۆی جیهانێن» و شووشەی جادوویی و چاوبەستکاری فانتازییا سەرکوتکراوەکانی کۆمەڵگایە، میدیا بەم پلە و واتایە جگە لە فیچقە و تەقینەی ناوشیاریی لە غیابی عەقڵ و وشیاری، شتی دیکە نییە!

٦- شارچێتی فێڵبازترین و چڵکنترین دەمامکی شوناسێکی خێڵەکی و تاقمگەرە کە مەکیاجکردنەکەی خۆی لە ناو هۆڵێکی ئەمڕۆیی و قەرەباڵغ و بۆینباخ لە ملدا، ئەنجام دەدات. ئەو، گەورەترین و عیشوەکارترن و فریودەرترین ئەکتەری ناو ئەو شانۆیەیە کە «میدیا» وەکوو شۆینگەی فانتازییە سەرکوتکراوەکانی کۆمەڵگا نومایشی دەکات، ئەو لە قوواڵییەکانی ناوشیار و لە سەرکووتکراوە گەڕاوەکانە کە ئەوەندە وشیاریی هەیە کە فێڵ بکات، شارچێتی جەمسەری ناوشیارانە و مێژوویی پەراوێز و ترسنۆکی خێڵ و هۆزەکانە، یەک جیاوازیی دیار و جەوهەریی شارچێتی لە گەڵ خێڵ و هۆزەکان ئەوەیە کە خێڵەکان بەرهەمی واقیعی و ڕاستەقینەی مێژوون و لە جەوهەردا غەریب نییەن و درۆش ناکەن، ئەوان بە سمێڵ و جامانە و گۆچان و قرخە و باوکانەبوون و...دەردەکەون و پۆڵیان واقیعییە بەڵام شارچێتیگەراکان وەکوو هەتاوپەرستن (آفتاب پرست). لە گەڵ خێڵدا خێڵن و لە گەڵ باوکدا باوکن و لە گەڵ ژندا ژنن و لە گەڵ میدیادا دەبن بە خودی میدیا! ئەوان وەکوو فریودەرترین و جەستەناسکترین و نووکەکارترین ئەکتەری ناو ئەم هاوکێشە کلتووری و کۆمەڵایەتییە، تەواوی میدیا داگیر دەکەن! هەوڵیان ئەوەیە ئایدیای قارەمانێتی و تاکانەبوون بەرهەم بێننەوە.، بەڵام دەبێ گۆڕەپان یان ئەنجوومەن یان جووتسایدی گەڕەکەکەیان بڕیارەکان دەر بکات!




هەواڵنامەی کێبڕکێ

عومەر محەممەدی



ڕاڤەی چەند دیاردەیەکی نێوان دەقی

بەشێك لە شیعرەکانی مارفی کۆکەیی



◆ بەرایی و ئامانجی توێژینەوە:

گرینگترین مەبەستی ئەو لێکۆڵینەوەی ئەوەیە کە بتوانین بەشێوەیەکی زانستیانە هێندێک تێکست و بابەتی پەیوەندیدار بە باسی نێوانەدەقی لە شێعرەکانی مارف کۆکەیی بە سرنج دان بە بیرۆکە زانستنییەکان شی کەینەوە لەم وتارەدا هەوڵم داوە بە پشتبەستن بە هێندێک بەڵگەی شێعری هەم شێعری ئەو شاعیرەوە و هەم شێعری عیرانی پێش خۆی و دوای خۆی، تیشک بخەمە سەر چەند بابەتێکی تۆکمەدار دیارە لێکۆڵینەوەکە زیاتر بەڵگەمەندە هەتا بەراوەردکارانەی ئەو خاڵانەی دەخرێنە بەرباس، پتر پێکاندنی ئامانجی گشتییە. بۆیە دەڵێم ئامانجی گشتی چونکە ئەو جۆرە بابەت و دیاردانە لە شێعری شاعیرانی کورد بەگشتی و شێعرەکانی مارف کۆکەی دا بەتایبەتی دێتە بەرچاو. لە پێشدا بەکورتی باسێک لە چۆنیایەتی نێوانەدەقی دەکەین دواتر هێندێک دیاردەی بەرشیکاری هەڵدەبژێرین کە پێموایە بۆ شێعری کوردی لەم قۆناخەدا گرینگ بووە و مارف کۆکەییش وەکوو قۆناخێکی ناسراوی ئەو سەر دەمە دەوری گرینگ و بەرچاوی بۆ سەرەتای قۆناخێکی نوێ لە شێعری موکریاندا هەبووە. بۆیە مەبەستمانە لە درێژەی ئەو وتارەدا چەند خاڵێکی گرینگ بکەینە مژرای باسەکەمان .

وشە کلیلیەکانی بەرباس: نێوانەدەقی، هێمای قورئانی، بنەمای تەنز، شێوازی تەمسیلی

پێشینە:

ئەدەبیی نقیساری لە ئەدەبیاتی کوردیدا پێشینەیەکی زۆر کۆنی نییە هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی باردۆخێکی گونجاو و ناسەقامگیری بزاڤی ئەدەبیی کە لەژێر کارتێکەری ئۆتوریتە کلتووریکی زاڵ و هژموونی زمانێکی بالادەست لە لایەک و لە لایەکی تریش چاولێکەری و لاسایکردنەوە ئێزنی بواریکی ڕەخساوی بەگەشە و فراژۆ بوونی زمان لەو بەستێنەدا نەداوە هەر چەند بەپێی گۆڕانکارییەکانی جوغرافیایی و ناوچەیی هێندێک تەقەلای جیاواز دێتە بەرچاو واتە هێندێک بنەما و میراتی هاوبەش لە قۆناخێکەوە بۆ قۆناخێکی تر دەگوازرێتەوە. ئەوەمان لە بیر نەچێ لە ئاستی ئەدەبیی کلاسیکی کوردیدا فۆرم و ناوەرۆک گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی تێدا بەدی ناکرێ بەڵام زمان تا ڕادەیەک خۆی لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئەدەبیی و کلتووری و سیاسی ڕێک دەخات. ئیتر لێرەدا شێعر لە ئەدەبیی کوردیدا بە ستایلی جیاواز خۆی نیشان دەدا ئەو خۆ نیشاندانە لە شێعری شاعیرانی وەکوو سەیف و خاڵەمین و کۆکەیی لانیکەم لەو بەشەی موکریاندا ئامادەکارییەک بۆ قوناخی شێعری نوێ و نئۆکلاسیکی کوردی پێکدێنێ کە لەم وتارەدا هێندێک لە نموونە و بەڵگەکان لە ڕوانگە و شێوازی نێوانەدەقیدا دەخەینە ڕوو با لە پێشدا بزانین نێوانەدەقی چییە ؟

◆ ڕوانگەی نێوان دەقی :

بەپێی ڕوانگەی نێوانەدەقی هیچ دەقێک ناتوانێ سەربەخۆ و خۆشیاو بێ هەر دەقێک هەم بەرگرتووی دەقی پێش خۆیەتی و هەم شوێندانەری دەقی دوای خۆیەتی.

لە ڕابردوودا وابیر دەکراوە کە نووسەری دەق تەنیا یەک مانای لە بەرهەمەکەیدا دروست دەکا و خوێنەر کاتێ دەق دەخوێنێتەوە یەکجار مانا فام دەکا و چێژی لێ وەردەگرێ و تەواو. کەچی دواتر پێکهاتە خوازەکان و کەسانێکی دوای ئەوانیش ئەو سوننەتەیان شکاند و ئەو حەقەیان دا بە خوێنەر کە مێشک ئەو کاغەزی نەنووسراو نییە بەڵکوو بەرلەوەی دەق بخوێنێتەوە هێندێک ئامادەکاری پێشەکی لە زەینیدا هەیە کە بتوانێ لێکدانەوەی بۆ دەق هەبێ. هەر بۆیە لە بەشێکی زۆری ئەدەبیی کلاسیکی کوردیدا ئەو زەرفییەت و پتانسیلانە هەن کە بیروهزری خوێنەر لە خوێنەوەیەکی ڕووت و بێ تێفکرینەدا ناهێڵنەوە و خوێنەر بۆ خوێندنەوەی باش-تری دەق تووشی چالاکی و ماندووبوون دەکەن. شێعری کلاسیکی کوردی بەگشتی و شێعری مارف کۆکەیی بەشێوەیەکی بەرفرە لە دیاردە و پەیوەندییەکانی نێوانەدەق وەکوو: هەجو، تەمسیل، مەدح، سەرکۆنەکردن، کینایە و...

بەهرەمەندە کە لە هەموویان بەرچاوتر دیاردەکانی قورئانی و ئەو کۆنە ئۆلگوویانەن لە قالبی سەنعەتە ئەدەبییەکانی وەکوو، کینایە و داپۆشراو و کورت بێژی و خوازە و...جێگەی باسە.[٥٤]

٥٤ .زاراوەی نێوان دەقی بۆ یەکەم جار لە ئاخر و ئۆخری دەیەی ٦٠لە بەرهەمەکانی ژولیاکریستولە لێکۆڵینەوەهزرییەکانی میخایل باختین بەتایبەت لە باسی « خەیاڵی گوت وبێژی «دا خرایە بەرباس

شێوە تێکستەکانی نێوان دەقی لە شیعری مارف کۆکەییدا:

نێواندەقـی شـێعری بەشـێوەیەکی زۆرینـە لـە بەشـەکانی ئایینـی و کۆمەڵایەتـی و وەسـفی و مەدحـی و تەنـز و فۆلکلـۆری دێتـە بەرچـاو، ئـەو فرەچەشـنی و چەمکییـە ئـەوە دەگەیەنـێ کـە شـاعیر ئەزموون و شـارەزایی لـە بواری جیاجیاکانـی شـێعر و شـاعیرانی پێـش خـۆی هەبـووە . ئـەو پێـش زەینییەتـەش ئـەوە ناگەیەنـی کـە مـارف بـە چـاو لێکەرییەکـی کوێرانـە بـە ڕێچکەیـەکدا هەنـگاوی نابـێ و کۆپیـکاری کردبێـت. بـۆ سـەلماندنی ئـەم ڕاسـتییە چەنـد خاڵێکـی گرینـگ لـەو دیاردانـەی ئاماژەمـان پـێ کـردن، دەخەینـە ڕوو.

بەشی یەکەم:

پەیوەندی بنەماکانی تەنز لە گەڵ هێماکانی قورئانی:

ئـەو نێـوان دەقیانـە لـە شـێعری مـارف کۆکەیـیدا بـە چەنـد شـێوە کەڵکـی لێوەرگیـراوە :

یەکەم : وەبەر چاوگرتنی بنەمای تەنز:

لـەم بەشـەیاندا بە ڕیواتێکـی چەواشـەکارانە و پێچەوانەیی، بایەخەکانـی ئەخلاقـی و کەسـایەتی بـە شـێوەیەکی تەمسـیلی و بەڵگەمەنـد ئەداتـە بـەر تانـە و تەشـەر:

ئەی جەنابی شێخ دەزانم تۆ خەلیفەی بەرحەقی
وەک دەڵێن شەخسێکی ساحیب ئیحترام و ڕەونەقی
دەنگی زیکر و خەتم و تەهلیلت فەزای پڕ کردووە
زەلزەلەی خستۆتە خەیمەی بێستوونی ئەرزەقی
ئافەرین سەت ئافرین بۆ غیرەت و بۆ هیممەتت
تۆ کە مەحسووری لە چوارلاوە کە چەپڵەت لێ تەقی
...هەر لە وشتر تا دەگاتە کاوڕ و گیسک و فڕووج
دێتە بەردەستت هەموو ڕۆژێ بە مفتە و بێحەقی
تا کل مماتشتهـــی تلبیس ممـــا تشـــا
من حریر ناعم او سنـــدوس و استبرق[٥٥]

لـەو شـێوازە نێواندەقییـەدا چەنـد تکنیـک و سـەنعەتێکی ئەدەبیـی وێـڕای نـاوەڕۆک دێتـە بەرچـاو:

یەکـەم: مەدحێکـی داکۆیکارانـە لـە چەشـنی سـەرکۆنەکردن»ئافەرین سـەت ئافەریـن...»

دووهـەم: ڕەگێـک لـە جـۆری نێواندەقـی زێدەڕۆیـی حیماسـی، لە تێکسـتی شـێعردا:

« دەنگی زیکر و خەتم و تەهلیلت فەزای پڕ کردووە
زەلزەلەی خستۆتە خەیمەی بێستوونی ئەرزەقی

شێوازی وەسفی و تێکەڵاوە یان تەلفیقی:

لـەو شـێوازەدا لـە دیاردەکانـی نێواندەقـی دەبـن بـە دوو دەسـتە:

یەکەم: زمانی قورئانی وەکوو ئایەتەکان.

دووهـەم: دیـاردەکان نێواندەقـی بەشـێوەی گۆشـەنیگایی یـان تەلمیحـی

هـەر دووی ئـەو شـێوە زمانییـە لەگـەڵ یەکتـر دەکەونـە پەیوەنـدی، لـە شـێعری «عەسـای مووسـاوتووری سـینا» پێچەوانـەی نـاوەڕۆک کـە «وەسـفی عەبایە»دیاردەکانـی نێواندەقـی وەکـوو «تـووری سـینا» و «عەسـای دەسـتی مووسـا» و «یـەدی بەیـزا» هەروەهـا قـاروون» و»تەیـری عیسـا» و: باڵـی عەنقـا لـە گـەڵ عونسـوورە زمانەکانـی تـر پەیوەندییەکـی پێکهاتەیـی و تەناسـووبی مانایـی دروسـت دەکـەن، بـۆ نموونـە: «قلنااهبطوامینها» و»آتو»فلاتنهر»لـە گـەڵ نێواندەقییەکانـی گۆشـەنیگایی وەکوو»تـووری سـینا،یەدی بەیزا،عەسـای مووسـا، ئـەو پەیوەندییـە دەبەنـە ئاقـاری شـێوازێکی مەیلەوتەنـز بـا لـە چەنـد ڕسـتەیەکی بـژاردەی شـێعر باشـتر ورد بینـەوە :

«لـە سـەنعەتکاری شـام و سـورمەکاری تـووری «/»وەکـوو خێری خودا وابوو عەسـایی دەسـتی مووسـا بوو»/»بە بەفری غـەم هەمـوو گیانـی بـە وێنـەی یـەدی بەیزابوو»/»ئەگەرچـی کونـدە شـاخی بـوو شـەبیهی تەیـری عیسـا بـوو/ ئەگەرچـی قەیسـەر و دارا نەبـوو قـاروون و دارا بـوو

گشـتی ئـەو بەڵگـە و ئیشـارەتانە لەگـەڵ چەمـک و هێماکانـی وەکـوو: «بەخشـڵ وزێوەری(قلنااهبطوا منها)موحلابوو/»لـە ترسـی نـووری قـووەی بـەرق و ڕەعـدی ئایەتـی»اتـوا»/» لـە خۆفـی لەشـکری سـوڵتانی مەنسـووری»فلاتنهر» لـە پەیوەنـدی مانایـی دان .[٥٦]

٥٥. ١٥٦ ئاماژە بەئایەتـی ٥٣ی سـووڕەتی پێـڕۆزی دوخـان- دیوانـی مـەلا مـارف کۆکەیـی لاپـەڕە

٥٦. دیوانی مەلامارف کۆکەیی لاپەڕەکانی٧٦-٧٩

هـەر چەنـد ناوەرۆکـی ناوەکـی شـێعرەکە «عەسـای مووساوتووری سینا»یە بەڵام ئەو ناوەرۆکە پەیوەندییەکی زمانـی و مانایـی پێکدێنـێ. ئـەو پەیوەندییـە زمانـی و مانایییـە بەمەدحێکـی وێچـوو لـە زەم، ڕێـگا بـۆ هەجـو یـان شـێوازێک لـە تەنـز خـۆش دەکا.

بەشی دووهەم:

بەشـێکی تـر لـە دیاردەکانـی نێودەقـی لـە شـێعرەکانی مـارف کۆکەیـیدا ئەو شـێعرانەن درووشـمی میللـی و گەلیان پێـوە دیـارە، ئـەم چەشـنە شـێعرانە بـوار خـۆش دەکـەن بۆ ڕەخسـاندنی دەرفەتـی دوای خۆیـان، چ بـۆ قۆناخـی شـێعری نئۆکلاسـیکی وەکـوو شـێعرەکانی هێمـن، هـەژار، هێـدی، هەڵـۆ و... و چ قۆناخـی نـوێ لـە شـێعرەکانی سـوارە و چـاوە و هەتـا وەچـەی دوایـی ئەمانـەش. ئێستا بـا بزانیـن ئـەو تێکسـتانە چیـن و چـۆن ڕەگاوێـژ بوونـە، هـەروەک گووتمـان لـە مـژاری نێواندەقـی و ئـەو بیرۆکانـەی لەسـەر ئـەو شـێوازە هـەن وەکـوو کارکـردی نیشـانەکان، گوفتمانـی دەق، تەکدەنگـی و چەنددەنگـی بـوون لـە زۆربـەی دەقـە شـێعرییەکانی کلاسـیکی کـوردی دەبینـرێ. چەنددەنگـی دەکـرێ بڵێیـن لـەو شـێعرانەی بـە چەمکـی ئاڵـۆز و نەسـازاو دەنووسـرێن، بوونیـان هەیـە. لـەو جۆرە شـێعرانەدا سـەرەڕای بوونـی تێکسـتەکانی نێواندەقـی، تکنیکـی ئەدەبیـی زیاتـرە و ئاسـتی مانـا لەسـەرترە، هـەر بۆیـەش تێگەیشـتن لـەو شـێعرانەدا ئاسـتەمەترە وەکـوو بەشـێک لـە شـێعرەکانی «نالـی» و «مەحـوی». بـەڵام جۆری دووهـەم لـە شـێعر، ئـەو شـێعرانەن یەکـە مانایـان تـێدا گونجـاوە. خوێندنەوەیـان هاسـان و ئاسـتی تێگەیشـتنیان هاسـانترە، دەکەونـە بەشـی ڕەوان خوێندنـەوە. شـێعرەکانی مـارف کۆکەیـی و بەشـێک لـە شـێعرەکانی کلاسـیکی کـوردی دەکەونـە ئـەو بەسـتێنە.[٥٧]

هێندێـک لـەو دەقەشـێعریانەی کـە پەیامێکـی کۆمەڵایەتـی و ئەخلاقیـان تـێدا گونجـاوە، شـاعیر ناوەرۆکـی پەیـام لـە ڕێگـەی کەرەسـتەزمانییەکی سـاکار و پەیـڕەی دەنگـەوە بـە خوێنـەر دەگەیەنـێ یانـی خوێنـەر بـە یەکجـار خوێندنـەوە و مانـا تـێدەگا ئـەو بەشـە لـەم شـێعرانە دەکەونـە خانـەی ڕەوانخوێندنـەوە. دیـارە ئـەو ڕەگـە و ماکـە پێـش زەینیـی و نێوانـدەقییـە لـە شـێعری کلاسـیکی بـەر لـە مـارف کۆکەیـی و شـاعیرانی هاوچەرخـی ئـەو و دوای ئەویـشدا دێتـە بەرچـاو. سـرنج بدەینـە ئـەو دوو دەقـە لـە شـێعری ئەحمـەدی خانـی و مـەلا مـارف کۆکەیـی :

دەقـی١: مـەلا مـارف کۆکەیـی لـە غەزەلێـکدا نەسـحەت و پەنـدی نەتەوەکـەی خـۆی ئـەدا و دەڵـێ:

باعیس ئەمەیە بێ کەس و سەردار و ڕەییسن
هەر بۆیەشە ئەو ئیشە کە گەندیدە و گەندە
هـەر ئـەو پەیـام و مانـا چەمکییـە بـە زمـان و شـێوەیەکی تـر لـە شـێعری خانـیدا دەردەکـەوێ:

دەقی ٢

گەر دێ هەبوویا مە پادشاهەک
لائیق بدیا خودی کولاهەک
تەعیین ببوویا ژبۆ وی تەختەک
زاهیر قە دبوو ژبۆ مە بەختەک

هـەر ئـەو نێوەرۆکـە لـە شـێوازی گازنـدە و گلەیـی شـاعیرنەی مامۆسـتا قانعیـشدا هەیـە:

دەقی ٣

نە بوو ڕۆژێ لە کوردسـتان سەرۆکێ یاخۆ خـەمخوارێ
هەمێشـە بـۆ ئەبـێ کـوردان بـەڵا و ناسـۆری لـێ ببـارێ
ئەگەر مردم لە سەر قەبرم بنـووسن توخوا یـاران
شـە هیـدی عیشـقی میللـە ت بـووی کـە چـی نـە تـدی پـە لامـارێ

of Gawraju, a village of west Iran: Text, Grammar, and Lexicon. Wiesbaden: DR
.Ludwig Reichert Verlag
The Gorani of Zardeh, a village of west .(٢٠١٣) .Mahmoudveisi, P. Deins Bailey
.Iran: Text, Grammar, and Lexicon. Wiesbaden: DR Ludwig Reichert Verlag
.(١٠٣-٧٥) .The Guran. BSOAS XIII .(١٩٤٣) .Minorsky, V

هەولێرەی کتێب





شار

پـڕ لـه گریانـه لەمێـژه چـاوی پـڕ بارانـی شـار
کـون کونـه جەرگی لـه تـاوی کۆچـی سـەردارانی شـار

تـۆزی غوربـەت دادەپۆشـێ ڕواڵەتـی مانـدووی هەتـاو
ئاشـنا و بێگانـه سـڕ بـوون لـەو چلـەی زسـتانی شـار

لێـوی ژیـن هـاوار و پڕمـەی بـێ زمانـی سـەر دەکا
ژانـی بـێ دەنگـی دەچـۆڕێ لـه هەنێـی شـازانی شـار

مێشـک بەتاڵـی زگ زلـی نائەسـڵی بـێ داب و دزێـو
لەشکەری کوللون له دەشتی سەوزی وەک ئارانی شار

نـەو بەهـار دایکـی سرووشـتم شـەرمەزار کەوتـه فیغـان
چونکه سـەد جاری له بەر چوو بەرهەمی باخانی شـار

نایـه هیـچ دەنگێکـی لـه شـارم بێجگـه نـووزەی ژانـی دڵ
تەرمـی سـوارانم دەنێـژێ جـوان کچـی کۆڵانـی شـار

سـەد گەزیـزه کەوتـه ژێـر پێـی ئاسـەواری گۆنگـەڵان
بـێ فـڕ و فێـڵ بوون له حاندی شـای گوڵم یارانی شـار

وا دەبـێ ڕۆژێ پـڕی زاری شـەقام هـاوار بکـەم؟
هـەر لـه ناخـم مـاوه هـاواری چـڕی سـاڵانی شـار

هـەڵ دەبـێ ڕۆژێ چرایـێ، ڕوونـی کا چـاوی دڵان؟
شـادی بخزێتـه حەرێمـی کوچـه و ماڵانـی شـار؟

باخـەوان پەرژیـن لـه باخـم دابنـێ تاکـوو نەڵێـن
داپڕووسـکاوه لـه باخـم قامەتـی دارانـی شـار

بـا لـه ئاسـۆ بێتـه دەر خۆرێـک کـه تیشـکی خەنجـەرە
سـونبولا پێنووسـه نێـوی خەنجـەری کاڵانـی شـار

◆ سونبول مەهاباد ۹۷/۲/۱۰

◆ گەلاوێژ بەیگ نیا (خاتوونی خۆر)

(تا ئاوارەییم سەبر)
لە خۆمدا شێتم
لە زەردیمدا سوورن یادەکانم و
ئاوارەی تا تۆ نیگام....
دنیای شێتیت سارد تا ئاسمان / م و
ڕەوایەتی بەفر لە لووتکەدا سەگمەرگی،
چەند مەرگ تێپەڕ بووی تا وەرز / نووسینم
چەند ئەوین منـ و ڕازی پەنجەکانت / یان مرد تا تۆ
کە تا ئەییووبیم چارەنووست و
تا خوداش بێ تۆیی من بێ قەرار
منیش باڵندەیەکی بێ باڵ....تا تۆ بۆ فڕین
.....

١ ـ تا دونیای بیرەوەرییەکانت، وا دەشکێم
شوالیەیێک دوور لە شەڕ
ماندووی بێ دەنگیتم
٢ـ لە ڕوژهەڵاتی جیهان
تا تفەنگێک وەدەنگ نەیە ئەستێرەیەک لە دایک نابێ
.....

◆ تاهیر ئاهەنگەری

بە
ئاسۆی فرمێسکەکانت
دەبێ بە نیشتمانی گریان
شێعر...
نیگات
بە ئێوارە غەریبەکانی کام وەرزی هەستمدا
تێدەپەڕێ
ئامێزم
بۆ دڵتەنگیت ڕاخەم
تا
نهێنیترین شێعرم
لە چاوە غەمگینەکانتدا
بشەکێتەوە...
.....
هەندەسەی پەیڤم دەگۆڕێ
نیگات
دڵت
نیشتمانی ونبووم...

چەند
هەناسەی شکاوم پێ ماوە
تا
تۆ
سنووری نیگات مەگۆڕە
ئەم سەفەرە
شێعر
پڕە
لە باڵندە
و
دەستم ئاسمان...
.....
جۆغرافیای دڵتەنگیم
بەرینتر ئەکا
فرمێسکت
لە هەر بستێکی دڵم بتکێ
ژان
دەبارم...
.....

◆ مریەم ئاباریان (تەنیا)

دەتلێمەوە
بە دەم ئیلهامی باران
سامی کۆڵانە بێدەنگەکانی تەنیاییم
دەپێکێ
قەرەجێکی پێخواس
کە پاوانەی
دەز
رین
گێ
تەوە
دەنگی
دەلە
رێتەوە
بەختت دەگرمەوە
دەستی خۆر هەڵاتت دەناسێنم
بەختتتتت...
یا سۆزانییەکی مل بە کوێن
بێ چەتر ،خاوتر دەتلێتەوە
ب
س
ت
بە
بست خۆی دەپێوێ
قاقا دەفرۆشێ، باران هەڵداوە
و
ژین ناگرێتەوە!
من و دووڕگەم دووووووووور
لە خۆمدا، لە ئەژنۆمدا
کەس ڕێبازی هەنیسکم ناناسێ
بە باران تێکەڵ و تێگلاوم
کەمم هێناوی
کە هەی!!!
لە تۆدا ونم
کە هەم و نیم
ئێوارە هەینیەک پێدەزانم
سەری داربی شۆڕ نیە، بەرزا و بەرز
ژنێتیم سوێندت بۆ دادەدا
بێ مەگیرانی
خوێنت بۆ دەڕشێمەوە
تەغارێک شەممەی قەرەباڵغ
کەس پێ نەویستوون
وەرەوە کۆڵانی هەینییەکانم
هاودەنگم بی
ژوورێکت بۆ ڕادەخەم
بسکە خاوەکانت لە خەنە دەگرم
شانەیەکەت بە شان بۆ هەڵدەگرم
لە سەر پەنجەکانت
جۆغرافیات دەنەخشێنم
تینووت ناهێڵمەوە
نیشتمان!
.....

◆ ئارەزوو ئەحمەدی

ئێمە دوو قەڵای ڕووخاوین
لەسەر وێرانەکانی خۆمانەوە
دەنگۆی نامۆی شازی
واژۆ دەکەین
کەسایەتیی ئاوەدانییەکان دەخافڵێنین
ئێمە
دوو باڵندەی پەڕ کراوین
دوو مرۆڤی سەرقاڵ
دوو کەسی پێ بەستوو

هەواڵنامەی کێبڕکێ

له دوو دڵی
له ژیانێکی مردوو
ئێمە دوو قەقنەسی نێو ئاگری دڵەڕاوکێین
دوو بەدی هێنەری بێ بەدین
کە بزەکانمان بە شانی باویلکەکانەوە هەڵات
باوەشمان گرتە نێوقەدی تەنیایی و
چاوەکانمان بە چۆڵگەکان بەستەوە
ئێمە دوو لە خۆبایین
دوو لە یادکراو
دوو فرمێسکی سەر ڕوومەتێکن
دوو ئاڵای بێوڵات،
دوو سەری حەزیایەکی سەر لێ شێواو،
ئێمە
دوو عاشقی دۆڕاوین
دوو کەسی بێ کەسی
دوو سەربەخۆی بێ خۆ
دوو پێکەوەی دوورادوورین
قووڵایی تەریک بوونەوەیەکی دوو قۆڵین
ئێمە...دوو تاک
دوو من...
.....

پەخشان

◆ سولەیمان پیرۆتی

(دابڕان)

◆ کوڕ :

ئازیزەکەم، خۆشی لە گشت لایە هێقی داوە، بەزم و جێژنیانە، قاقا، تریقە، هەوریش بەشریقە لەگەڵیانە، تێکەڵاوی لەش و خوێنیانە، بە خەشخاشە سوورەی بەندەنێ بزەیانە، لە بەستێنی دەڕووباری ئەسرینمان شاییان بە قەنەوز و کوودەری دەگەڕێ، یەخسیرە جوانیت، نایە زڕەی دراوی سیخمەی دراولێدراوان، ونە و دمی جوانی، کووژەکەی بووزەڵە نادا لە چاوان. سەخڵەتێ ، سەهۆڵبەندانە، شەبەقی کوڵمت خنکاوە، کەویلکە ناخاتە کوێستانی سینگت، پساوەکەوانت بڕ ناکا، کولە برژانت، قەیرە دەنوێنی، کپە، پەپوو دەخوێنێ لە جێژوانت، سرتە، ورتەی شیرین بڕاوە، کاڵە وێنەی گوزەی خاراو، بەکران گڵەمارەیان لە گڵە دۆشاو داوە یاخۆ گڵەبەرانە لە کەژ و چیا قاتە نەماوە

◆ کچ :

شۆڕەلاو، گەر هەموو گڵەدۆشاوان، بەکران بەتیکان پەرژین کەن، بە خوێنی جەرگم گوزەت بۆ دەنەخشێنم، گەر تەواوی ساڵ کوێستانی سینگم بەفر و سەهۆڵبەندان بێ، بە تینی ئەوینم، فرمێسکێ دەوەرێنم، بۆ مەیدانەڕاوت سەخڵەتێ دەتارێنم، ناهێڵم کولبێ برژان، تیژی دەکەم بە هەسانی کوڵمان، بەڵام نامۆیە، نایە شەققەی ئاوزەنگی، حیلەی کحێلت، گوڵینگەی خەنجەری دەبانت، ژیلەمۆی جێژوان دەگەشێنمەوە، هەموو کونەکان دەڕەوێنمەوە

بەڵام :

هاواڕە هاواڕە لە من، نایە ڕمبەڕمبی ڕمبی ڕمبازێنت
ڕمبەڕمبی ڕمبی ڕمبازێنت
پەخشان
«» مەڵبەندی نەخشاو «»
هۆ وێنەکێش، کەوێ، لە منت کەوێ، مەڵبەندم بەکێشە،
کێشە بکێشە :
کاوەکاو، زنجکاو، کورکانی دڵ فێرە چۆماو

ژانە ژانە، بریندی بەژانە، کوا ڕەکێشە، کێشە بکێشە ڕەکێشە

سەری دوندانم هۆگری ئەستێرانە

کونبڕە خێوەتی زاڵم، فرزە بڕاوە

پشوو نەماوە، تاوەتاوە، کێشە بکێشە گزنگێ بێتە ڕەشانگێ

ها لەو کێوانە، بدە مزگێنی بەهار جوانە، بۆنی خۆشی ئۆخژنی دڵانە، دەنگدانەوەیە

قاسپەی کەو هەتوانە، پڕ بە دۆڵ و

تەلانە، داوەتی هەڵاڵە بەیبوون

گەزیزە دەسرۆکە لە دەست، سووڕە سووڕە، دەسووڕێ

چۆپی کێشی دیلانە، کزەکز، شایەر شالوورەی دڵ بە خوێنی شیلانە.

بریقەی دەگواران، بۆنی مێخەک و بەرموورانە، لە دەراو و بانان

کەرۆشکەی ڕەپستان، هۆنینەوەی پرچی کیفۆکان، باللۆرەی، پەشمین، نەرمین و نەخشین بۆ جلدانە، وەی خوایە

ئاواتیان بێتە جێ هەورین و هەمین و بەسێ، دەستەخوشکی، دەستەخوشکی ئاسێ و خاسێ

و خەجێ .

شریقەشریق، هەوری دڵڕڕ بە شریقە دەبارێنێ، بەندەن و لاپاڵ

گەوە، باسکە و چیا دەڕازێنێ

خەم دەتارێنێ، هەستانە، هەست دەبزوێنێ، سەرتۆپی هەموو شاران

مەهاباد دەنەخشێنێ

مەهاباد دەنەخشێنێ

چیرۆک

دەمامک

◆ مەنسوور مێهرجوویان

سیوشەش ڕۆژ لە دوایین دیدارمان تێدەپەڕێت و من هەروا لە ژووری خۆم لە بەرامبەر پەنجەرەی دیوەکەی خۆمەوە کە دەکەوێتە پشتی ئاپارتۆمانەکە لە نهۆمی شەشەوە لە نادیاری تۆ دەڕوانم. بەرامبەرم ئاپارتۆمانەکان شانیان وە شانی یەک داوە. دیمەنی کێوەکەی بەرامبەر بە پەنجەرەی دیوەکەی منیان نیوەبڕ کردووە و قرتاندوویانە. هەر چەند دەمهەوێ بڕوانمە چۆمەکە کە بووەتە پشتێندەی کێوەکە و لە داوێنی هاڵاوە، ناتوانم ببینم. جگە لەو ئاپارتۆمانە نەگریسانە هیچ نابینم. ئەگە ڕاستیت بوێ، ئێرەیان پێ دەبەم وەها یەکتریان لە ئامێز گرتووە، وا هەست دەکەم یەکتر ڕادەمۆسن. لە پاش ئەوەی کە ئەم ئازارە کەوتە گیانمانەوە، دە هێندەی تریش چڵێس بووم. حەز دەکەم گەر ئەم جارە دیتمی بابڕ غار دەم و ئامێزت پێداکەم و گوێ بە هیچ داب و نەریتێک نەدەم. لە سەر شەقامی قەرەباڵغی شار، پڕ بە دڵی خۆم کارنەقاڵێکت بۆ بگێڕم. شەقەی ماچمان بگاتە پەڕەی ئاسمان و لە کەشکەڵانیش دەربچێ. ئەم پەنجەرە نەگبەتییە پەیتا پەیتا بیرەوەریم بە سەردا دەڕشێتەوە. لە هەرچی دەڕوانم لەم پەنجەرەوە یا جووتن یا بەکۆمەڵن. ئاپارتۆمانەکان، درەختەکان، کۆترەباریکەی سەربانەکان، تەنانەت شەقامەکانیش بەو باخچەی نێوانیانەوە بوون بە دوو. ئەو بەیانییە کە لە خەو هەستام، سەرم بە پەنجەرەکە داکرد و پڕی سییەکانم هەناسەم هەڵکێشا. بۆنی بەهار هەموو جەستەی ئاخنیم. سەگە گەڕۆڵەکان لە دەوری ئەو ستڵە زبڵە ئاسنە دەگەڕان و جارجار بە حەپە و دان دەچیرەوە بردن هەستی شەڕئەنگێزیان ڕادەگۆستە هەموو جەستەمەوە. ئەو ڕۆژانە زۆر زوو بێ تاقەت دەبم. حەز دەکەم وەک ئەو گوڵە سەگە کە لاقێکی بە زبڵدانەکەوە هەڵپەساردبوو و بە شەقامەکە هەڵدەمیست بە هەموو ژیانی نگبەتی ئەو مرۆڤە مەراق پیسانە هەڵمیزم. گەر بمانتوانیبایە بە هەزار فێڵ و درۆ خۆمان دزیبایەوە دیسان دەبوو دەستەوانەی جیر و دەمامکی پەڕۆ تێکەین. بەڵام چار نەبوو لەمە پتر نەماندەتوانی ئەم کارەساتە جەرگبڕە درێژە پێ بدەین.

هەواڵنامەی کێبڕکێ

دە قـژی یەکـتـری داگیـر دەکـرد. بـە دەیـان بەڵگـەم هـەر ئـەو ڕۆژە بـوو کۆتـرەباریکـەکان بـە دەنـووک و چڕنـووک یەکـتـریـان دەپشـکـنی و لـە دوای یەکـتـر سـەمایان دەکـرد و بـە قـنەقـن هەمـوو لێـواری بانەکانیـان دەپێـوا. درەختـەکان چڵوپڕپیـان دەرکردبـوو، دەسـتیان دەدیـت لـەم پەنجـەرەوە کـە پێـی دەسـەلماندم هیـچ مەترسیم لـە سـەر نەمـاوە. لـە ئاپارتۆمانـەکان دەڕوانـم و دەمدوانـدن گـەر مەزەنـدەی ئـەم ئەوینـە گیانێکـە، بەختـی دەکـەم چـی تـر ناتوانـم لێتـان بڕوانـم و ئێـوەی زەبـەلاح بـە فیـزەوە لێـم بڕوانـن و گەمـەم پـێ بگێـڕن. خـۆم تەیـار کـرد و خـۆم ڕازاندەوە تیـن و تەوژمێـک دەجەستەمدا بـوو. هەراوزەنایـەک دەمێشـکمدا. دووڵ بـووم دەمامـک بخەمـە سـەر دم و لووتـم یـا نـا . ترسـم هەبـوو بـەم دەمامکـە خراپـم لـێ تـێ بـگات. دەمامکەکـەم دە باخەڵـم نـا و چوومـە دەرەوە، کـۆڵان چـۆڵ، شـەقام چـۆڵ، دوکانـەکان یەکسـەر داخرابـوون، ئـەی هـاوار کەسـێ بێـت و ڕاڤـەی ئـەم حاڵـەم بـۆ بـکات ئـەوە ڕەشـەبای کام کاول بـوو سـێبەری خسـتۆتە سـەر ئەم شارە؟ ئەمە مەرگەساتی کام پێغەمبـەرە و عەزابی کام خوایـە و وەعـدەی کام حەشـرە؟ دەتکـووت شـار بـە هەمـوو هـەرا و چرپەیەکـەوە مـردووە، لـە مشـتومڕی سـەگە گەڕۆڵـەکان بـەدەر، سـریوەی هیـچ زیندەوارێـک نەدەهاتـە گـوێ. خۆرەتـاو بـە نێـو جەرگـی ئاسـمانەوە لەنگـەری بەردابـۆوە. سـریوەی بـا لـە هیـچ کـوێ هەسـت پـێ نەدەکـرا. بەسـەر ئـەم شـەقامە چۆڵـەدا وردە وردە بـەرەو ژوانگـە بوومـەوە. وڵات هێنـدە چـۆڵ بـوو، سـامم لـە ماڵـەکان دەکـرد . نازانـم چـۆن تێپـەڕی و گەیشـتمە نێوشـار. بـەر لـە مـن، لـە مەیدانـی شـارەداری شـار لـە ژێـر تابڵۆیـی شـەقام یـەک لایەنەیـە وەسـتابوو. دووراودوور یەکـترمـان دیـت. ڕامـان کـرد و ئامێزمـان بـە یـەکدا کـرد وەک دواجـار بێـت کەسـێک خۆشەویسـتەکەی ڕامۆسـێ و ماچـی بـکات. نـە دەسـتەوانە مـا و نـە دەمامک، دم بـە دمـی یەکـەوە زێـروو ئاسـا یەکـترمـان دەمـژت. بـە باوەشـمەوە بـوو، ترپـەی دڵـی دەهاتـە گوێـم وەک دەهۆڵێـک لـە ماڕشـێکی نیزامـی دا تـا پتـرم بـە خۆمـەوە دەگووشـی ترپـەی دڵـی زەبرتـر دەبـوو. کات و سـاتێکی ئەفسـووناوی بـوو. هەمـان کارنەڤاڵـی بەڵێنـم دابـوو لـە سـەر قەرەبالّغتریـن شـەقامی شـار پـۆل پـۆل ئەویـن لـە دەورەمـان دە ڕسـکا، چـەن خولەکێکـی خایانـد هەتـا هـەر دووکمـان هێـور بووینـەوە. دەسـتی یەکـترمـان گـرت و بـە ورد و درشـتی شـەقامەکانی شـاردا پیاسـەمان کـرد، کاتـی تاوپەڕینـێ سـەر لـە نـوێ تێرتێـر ماچمان بـە یـەک بەخشـی و ماڵاواییمـان کـرد.

ئەوشـەوە وەک شـەوانی تـر بـێ ئۆقرەییـم نەدەکـرد، نـە برسـیم بـوو نـە تینـوو، چوومـە ژوورەکـەی خـۆم لـە پەنجەرەکـەوە لـە دەرەوەم دەڕوانـی، هیچـم لـێ دیـار نەبـوو. خـۆ ئـەم ماڵـە بەردینانـە نـاڕۆن.

چـوار کـەس جلوبەرگی شـین لەبەر و دەسـتەوانەی سـبەی چێـژی ئەمڕۆیـان بـۆ دەگێڕمـەوە. حـەز دەکـەم بیـر لـە هیـچ نەکەمـەوە. پـاڵ دەکـەوم و لـە چـاوی پەنجەرەکـەوە دەڕوانمـە ئەسـتێرەکان. دەم سـۆنگەیەدا ئەسـتێرەیەک دەبینـم کـز و کـز و کزۆڵـە دەبێـت. لەپـڕ دێتـەوە بیـرم کـە خڕۆکـە سـوورەکانی خوێنـی کەمـن و پتـر لـە هـەر کەسـێک دەکەوێتـە مەترسـی تووشبوونـی ئـەم نەخۆشـیەوە. لەبـەردەم پەنجەرەکـەوە چـاوم لـە کوێرەڕێـگای پشـت مـاڵان بـوو کـە دەکەوتـە ئاسـۆگی ڕوانینـی مـن لـە پەنجەرەکـەوە. جیـر و دەمامکی پـەڕۆ و کڵاو و چاویلکـەی تایبـەت، دارەمەیتێکیـان پێیـە و ڕێگـەی قەبـران دەبـڕن. لـە ڕاسـت پەنجەرەکـەی دیـوی مـن لەنگەریـان گـرت و تێکـڕا دەسـتیان لـێ ڕاوەشـاندم. (نانا هەرگیـز ئـەم ڕووداوە ڕوو نـادا) بـە شـوێنیاندا دەچـم تـا مـن دەگەمـە سـەر کوێرەڕێیەکـە، ئـەوان لـە چـاوان ون دەبـن. بـەڵام هەمـوو ڕێگاکـە کێـم و زوون و خوێـن بـوو وەک مەیتەکـە زیـواڵ زیـواڵ و ئەنجـن ئەنجـن کرابـێ، نەمدۆزینـەوە. هاتمـەوە ژوورەکـەی خـۆم لـە سـەربانی ئاپارتۆمانەکانـی ڕوو بـە پەنجـەرەی دیوەکـەم بـە ڕیـز قەڵەباچکـە ڕیـز ببـوون و دەیانقیڕانـد. بـە دەیـان خەرتەلیـش لـە سـەر ژوورەکـەی مـن دەسـووڕانەوە و لەنگەریـان خسـتبوو. لـە پەنجەرەکـەوە تیشـکی خـۆر ئۆقـرەی لـێ هەڵگرتبـووم. بەیانـی بـوو لـە خـەو هەسـتام و قاقـا دەتریقامـەوە. ئەمـە تەنیـا بەهـرەی ئـەم پەنجەرەیـە بـوو لـەو خـەوە ناخۆشـە ڕزگاری کـردم. پەنجەرەکـەم کـردەوە و پـڕ بـە گـەروومم کووتـم قەڵـە باچکەکان، خەرتەلەکان، ئاپارتۆمانـە بەردینـەکان، سـەگە گەڕۆڵـەکان باش بزانـن نـە ڕەشـەبا و نـە گەردەلـوول و نـە گـەرداو و نـە ڤایـرۆس و نـە دەمامـک نەیانتوانـی پێـش بـە مـاچ بگـرن .

چیرۆک

بەرزەخێک لە نێو خولەکدا

سارا سادق‌زادە

مستی خووسابوو، بەڵام ئەوەی نەیدەهێشت چاوی یا وا باشترە بڵێم دووربینەکەی لە سەر لابەم ئەوەی نێو مستی بوو.

لە مێژ بوو چاوی بڕیبووە شەقامەکەی بەرامبەری کە لە نێو ئاپۆرەی جەماوەر و ماشێندا، ون ببوو. دەستم لە سەر دوگمەی هۆشیاری ویشک ببوو، دەمزانی دەبێ لێی دەم و پێش ئەوەی کێشەیەک ساز بێ دەمانچەکەی لێ بستێنم.

نازانم چاوەڕێی چی بووم؟ بۆ پێم وابوو دایدەنێ، یا هەروا تا ئەبەد دەمێنێتەوە و منیش چاوی لێدەکەم! دەبوایە خۆم یەکلا کەمەوە. چی دەکا؟

بە تەمای خۆ کوشتنە یا کەسێکی دەستنیشان کردووە تا بیکووژێ؟

بۆ ناجوولێ؟ چی لە مێشکی دایە؟

بریا ڕوو بە چاویشی دووربینێک دەبوو.

شانسی من ئەمڕۆ هاوکارەکەم نەهاتبوو، تەنیا نێو خولەکەم بەس بوو، خۆم دەگەیاندە نهۆمی سەرەوە و بە هەر شێوەیەک بووایە ڕزگارم دەکرد.

بریا کەسێک بووایە، کەسێکی وەک خۆم، کەسێکی کە بم توانیبایە حاڵی کەم و لێرە داینێم تا ئەگەر لەو ماوەیەدا ویستی کارێک بکا، دوگمەی هۆشیاریەکەی لێبدایە.

دەستم دەلەرزێ، هێشتا جوولەی نەکردووە و هەر لە سەر تەنیا سەندڵی ژوورەکە، بەرامبەری پەنجەرەکە و شەقامی سەرەکی، دانیشتووە.

کە لەم گۆشەیەوە چاوی لێدەکەم و دووربینەکەی لە سەر زووم دەکەم، چاوی ناتروکێنێ، دەڵێی هەناسەش هەڵناکێشێ، ئەسڵەن هەر دەڵێی نەشماوە! نەکا بە ڕاستی مردبێ؟

چەن کەڕەت بە بەڕێوبەرم کووت ئەم ئامێرانە کۆن و وەدوا کەوتوون و بۆ چاوەدێری ئەمڕۆی ئەم کۆمەڵگایەی ئێمە نابێ. وەڵا لەو بینایەی ئەو بەری شەقام، هاوکارێکم کامێراوانی دەزگایەکە، مێشوولە باڵ لێدا لە مێژە بە ڕەنگ و بە دەنگ وای هەڵ دەگرێتەوە کە وا دەزانی ئەوە لە بەر دەستت دایە و دەتوانی لە قولی مستتی خەی!

نازانم ئێستا ئەم بینینە چ کەڵکێکی هەیە؟ کاتێ نازانم دەبێ چی بکەم؟

نیو خولەکم مۆڵەتە، دەبێ خۆم یەکلا کەمەوە!

میلەی کاتژمێرەکە هەڵچەقیوەتە چاومەوە و بە دەنگ دەڵێ؛ دوو و نیوە... دوو و نیوە ...نیوە... نی...

ئەرێ ئەوە من دەڵێم چی؟ کەسێک دەیهەوێ خۆی بکووژێ یا یەکێک بکووژێ؟ دەبێ دوگمەکە لێدەم، لێی دەم؟ لێدانی دوگمەکە... لێی دەم؟؟؟...

لەو بەری شووشەکە، ژوورەکە ئارامە و کەسەکە هێدی دانیشتووە و دەمانچەکە هەر لە قولی مستی دایە.

هەر چاوم دەتروکێنم، دەستم دەخزێ و دەنگێک بیناکە دەلەرزێنێ...

هەڵدێم بەرەو دەرگاکە، قوفڵە، شێتانە دەسکەکەی لە سەر یەک، لە سەر یەک لێدەدەم، ناکرێتەوە. هەرا دەکەم، دەقیژێنم؛ ئەم دەرگایە بکەنەوە... کەسی لێ نییە؟

دادەچڵەکێم، مستم شەڵاڵی ئارەقەیە، نازانم چۆن خەوم لێ کەوتووە، دڵم دادەخورپێ، قامکم کەمێک لەو لای دوگمەکە کەوتووە بە سەر مێزەکەدا، بەرچاوم تاریکە و نەمایشگەرەکەی بەردەم کووژاوەتەوە....

بە ئاتاگی کراسەکەم ئارەقی سەروچاوم ویشک دەکەمەوە، بڵێی چی بووبێ؟

هەڵدێم بەرەو دەرگاکە، داخراوە...

دەڵێی ئەم سەحنەیەم پێشتر دیتووە، دەنەڕێنم پڕ بە گەروومە: بیکەنەوە...

چەن مست و پێلاقە ئەو دەرگا پۆلایە کە دژە گوللە و ئاگر و شتی تر، هیچ لێ ناکا، لە قامکمەوە هەتا جومگەکانی سمتم ژان دەکا، دێم بڕۆم لاقم لە دووم نایا، دەڵێی لە جەستەم دابڕاوە!

تاریکە و بۆنێکی تیژ هەناسەم سوار دەکا...

چیم وەبیر هاتۆتەوە، فیلمی هێرش بۆ سەر کۆشکی سەرۆک کۆمار! بەو فکرە پێکەنینم دێ و پێدەکەنەم و بۆن دەکەم، بۆنەکە لە ژێر دەرگاکەوە دێتە ژوورێ، چاوم پێی دەکزێتەوە و دەکەومە کۆخە.

خۆ بەڕاستی بۆنی گازی فرمیسکڕێژە؟!

دوای ئەوانە هەناسەم سوار دەبێ و بە حاڵە حاڵیش

هەواڵنامەی ڕێبەر

دەور و بەری خۆم دەبینم...
بە تەپەتپ و کوێرەکوێر دەست دەگێڕم، دەشەلێم و هەناسەم سواردە[لە فیلمەکەشدا هەر وایە]
دەزانم دەبێ شتێک تەڕ کەم و بینێم بە بەر دەم و لووتمەوە، کەشەوی مێزەکەم خاولییەکی تێدایە، چاییەکەی بەیانیشم هێشتا نەخواردۆتەوە، چاییەکە قڵم دەکەمەوە بە سەر خاولیەکەدا و...
دڵم لە ژێڵڵا دێت، ناتوانم لە سەر پێ ڕاوەستم، کەوتووم بە سەر عەرزدا پڕش و بڵاو...
***
دەزانم مردووم، بەوەدا کە چاوم دەکەمەوە، نە لە ژووری چاوەدێری دام، نە لە نەخۆشخانە و نە لە ماڵی خۆم و لە کۆشکی سەرۆک کۆمار!
ئێرە دەبێ دونیای بەرزەخ بێ، وەک دەڵێن ئێرە لە مابەینی عەرز و ئاسمان، بەهەشت و جەهەننەم دایە و تەکلیفی کەس تێیدا مەعلووم نییە!
ژوورەکە و کەسەکە و دووایین ساتەکانی پێش مردنم وەبیر دێتەوە؛ بڵێی چی کردبێ؟ من دوگمەکەم لێدا یا ئەو تەقەی کرد؟
پێم وانەبوو بەرزەخیش سەندەڵی لێبێ، لە سەر سەندەڵییەک دانیشتووم، نێو مستم ئارەقی لێدەتکێ و لە ژوورێکدا بەرامبەری شەقامێکی قەرەباڵغ، چاو لە هاموشۆی خەڵک دەکەم.
نازانم ئەم دەمانچەیەیان بۆ داوەتە دەستم؟ خۆم بکووژم؟ بمکووژن؟ کەسێکی تر بکووژم؟ نەهێڵم بکووژن؟



چنوور سەعیدی
مەنسوور میهرجویان

دیمانە



هەواڵنامەی کتێب

◆◆◆

باسی ڕۆمان و چیرۆکی کوردی کە دەکرێ، بە ناچار بەرەوڕووی هەندێ پرسیاری ڕەنگە نەخوازراویش ببینەوە. بۆیە دەڵێین نەخوازراو چونکە بەشێک لە نووسەرانی ئێمە(بێ ئەوەی بڕوایان بە خۆ سەرقاڵ کردن بەو چەشنە پرسیارانە هەبێ) تەنیا خەریکی نووسینن، ئەویش نووسینی ڕۆمان کە ئێمەی کورد هێشتا بەو جۆرەی کە شیاوە، ڕووبەڕووی فەزا و دۆخی خولقانیشی نەبووینەتەوە.

باسی ڕۆمان و چیرۆکی کوردی کە دەکرێ، بە ناچار بەرەوڕووی هەندێ پرسیاری ڕەنگە نەخوازراویش ببینەوە. بۆیە دەڵێین نەخوازراو چونکە بەشێک لە نووسەرانی ئێمە (بێ ئەوەی بڕوایان بە خۆ سەرقاڵ کردن بەو چەشنە پرسیارانە هەبێ) تەنیا خەریکی نووسینن، ئەویش نووسینی ڕۆمان کە ئێمەی کورد هێشتا بەو جۆرەی کە شیاوە، ڕووبەڕووی فەزا و دۆخی خولقانیشی نەبووینەتەوە. لە بەر ئەوەی کە لانیکەم بۆ نووسینی ڕۆمان پێویستیمان بە هەندێ فاکتۆر و تەنانەت لۆکێیشێنیش هەیە کە هەستی بە زەرووری زانینی، خولقاندنی ڕۆمانمان، دەبێ بۆ نهادینە کەن. لە لایەکی تریشەوە لە گەڵ هەندێ پرس و پڕەنسیپ ڕووبەڕووین کە ئەدەبیاتی کوردی ناچارە بۆ سازدانی فەرایەندی داهێنان و هەموارکردنی فەزای دیالکتیکی، خۆیان لە قەرە بدا.. ژانری ڕۆمان بەگشتی و ڕۆمانی کوردی بەتایبەت دەو باسە تیۆریکانەدا بەداخەوە تووشی هەندێ بەرهەڵستی قورسی فکرییە. ئەو پرسیارانەی لێرەدا ئاراستە کراون ڕەنگە دەرئەنجامی چیرۆک و ڕۆمانی کوردی بە شوێن ـ کاتێکی تایبەتی و ئیجابی نەگەیێنن، بەڵام ئەوەی کە بەشێک لە چیرۆک و ڕۆماننووسانی ئێمە لە ناوچەدا خۆیان لە وڵامدانەوە پاراست (بە هەر هۆیەک)، بەر و پتر لە هەموو شتێک ئیدعای بەرهەم دەسەلمێنێ کە لە سەرەتای ئەو ئاماژە کورتەدا باسی لێ کرا. بەرهەم نە دەیهەوێ هیچ چەشنە قەزاوەت و پێش داوەرییەک بکا لەو بارەوە، نە مەرجیشە هاوڕای لێپرسراوەکان بێ، بەڵام بە هۆی دەروەستی خۆی، ئەو پرسیارانەی کردوون. لە خوارەوە پوختەی ئەو وتووێژانە دەخوێننەوە؛

۱- ئەگەر قایل بە ڕەگەزێک بین بۆ ڕۆمان و چیرۆک بەگشتی، ئێوە دە ڕۆمان و چیرۆکی کوردیدا قایل بە چ ڕەگەزێکن؟ مەبەست لە ڕەگەز هەم شاری بوون و گوندی بوونە و هەم پێمان خۆشە تۆزێک لە سەر ئەدەبی ئەندڕۆژێنی بۆمان بدوێن....

◆ چنوور سەعیدی: سەرەتا باشتر وایە هەڵوێست و دەرکی خۆمان لە حاند هەندێک تێرم و ڕێکەوەندی ناودڵی پرسیارەکە یەک لا کەینەوە. ڕەگەز لە ئەدەبی گێڕانەوەدا، دەگەڕێتەوە سەر بنج و بناوان و سەرینچاوەی دەقی گێڕانەوە. بیرمەندان لەسەر ئەو ڕایە کۆکن کە گێڕانەوە دە نەستی بەشەردا، هەر لەو دەمەوئێوارانەی لە ڕاو و نێچیران دەگەڕاوە قەراغ گوێی ئاوردانی ئەشکەوت و بە زمانی تەن و هێما و ئاماژە و، تەڕح و نیگارکێشان لەسەر سینگ و بەرۆکی دیواری ئەشکەوتان، حەقایەتی بگرە و بەردەی ڕاو و نێچیری دەگێڕاوە و، ئینجا هەم ئەوانی دی لە ئەزموونەکەی خۆ بەشدار دەکرد و، هەمیش باوەڕی وابوو بەو نەقش و نیگار و حەقایەتانە، ڕوحی سەرەڕۆ و ڕەوەکی نێچیران دەستەمۆ دەکات و بۆ جاری دی سەرکەوتووتر لە ڕاو دەبیتەوە، هەر هەبووە. جا ئەوە دێت تا دەگاتە ئەفسانە و حەقایەت و ڕۆمانس و ئەدەبی دراماتیک و شانۆ، ئینجا لە قۆناغی مۆدێرن بوون‌دا، دەبیتە ڕۆمان و کورتەچیرۆک. ئەوەش وەک ئارکی‌تایپێک لە نەستی بەکۆمەڵی هەموو قەوم و قەبیلە و بەرەو تۆرەمەیەکدا ئامادەیە و، هەموو مرۆڤان لە کۆنەوە تا هەنووکە لە یەک دەبەستێتەوە. کوردیش لەو بابەتە بەدەر نییە. هەر چەند کورد، لە بەر زۆر هۆ، گەلێ درەنگتر دەستی دایە ڕۆمان و چیرۆک، بەڵام گێڕانەوە لە ناو شادەمارەکانی نەست و هۆش و ڕوحی کورددا، لە قالبی بەیت و حەیرانان، زۆر زووتر لە زۆر یەک لە گەلانی دەوروبەری، بە خوڕ لە گەڕیان‌دا بووە و سینگ بە سینگ هاتووە تا پاڵی وەپاڵی شێوازە مۆدێرنەکانی گێڕانەوە داوە. ئەوەی تریان، ڕێکەوەندی ڕۆمان و چیرۆکی کوردی، یان بەگشتی ئەدەبی گێڕانەوەی کوردییە. مەبەستمان لە ڕۆمان و چیرۆکی کوردی دەبێ چی بیت؟ هەر دەقێکی گێڕانەوەی ئەدەبی بە زمانی کوردی، دەکەوێتە دەو خانەیەوە؟ یان هەر ئەوەندەی باسی مرۆڤی کورد بکات تەواوە؟ یان دەبێ جگە لە زمان، جیهان‌بینی و ڕوانین و هەزر و مەعریفە و ئەزموونی ئەو مرۆڤەش

ڕاگوێزیت؟ وەڵام لە ڕستە پرسیارییەکەی سێیەم دایە. دەق جگە لە زمان، دەبێ بۆن و بەرامەی سەر بەو مرۆڤەش بدات. گێڕانەوەکانی نووسەرانی ئامریکای باشوور، بۆنوبەرامەی سیحر و ئەفسوون و ئەفسانە و خەیاڵی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤی ئەو دەڤەرەی پێوەیە. هی یابانییەکان، پرییەتی لە عەتر و عەبیری زێن و هایکۆ و مەعریفەی سامۆرایی. هی ئامریکای باکوور، تژییە لە دەرد و کەسەر و خەفەتی تەنیایی مرۆڤی حەیران و سەرگەردانی دونیای بێ بەزەی سەرمایەداری. ئی عرووسان، وێڕای ڕەنگ و ڕۆخساری حەماسی و سوارچاکی، لێوڕێژە لە قرمەقرمی داڕمانی کۆشک و تەلاری دەرەبەگایەتی و ئەزموونی مرۆڤی سەرەڕۆی سۆشیالیزمخواز. جا ئەگەرکوو دەقێکی گێڕانەوەمان هەبێت بە زمان و گوتاری کوردی و خاوەن بۆنوبەرامەی ئەزموونی دوور و درێژ و تاڵ و سوێری بێ کەسی و بێ دەرەتانی کورد، حەتم ئەوە دەقێکی ئەدەبیی کوردییە. ئەوجار، بە حوکمی ئەوەی کۆمەڵی کوردەواری، هێشتا وێڕای هەندێک نیشانە و هێمای مۆدێرنخوازی، هەر سوونەتییە و ئەوپەڕی لە قۆناغی تێپەڕین دایە، بۆیەش سەیر نییە بەگشتی پێکهاتەی زمان و گوتاری مەعریفی و هەروەها دەقی ئەدەبی تۆختر لە زۆربەی گەلانی تر، پیاوسالارانە یان بە قەول پرسیارەکە، ئەندرۆژێنیکە. هەڵبەت لە هەناوی ئەو گوتارە زاڵەدا، هەوڵی تاک و تەرای دەربازبوون لەو ئاستەنگە دەدرێت، کەچی زۆری ماوە ببێت بە پڕۆسە و جوواڵە. ڕۆمان و چیرۆک، هەر لە بنەڕەتدا دەرکەوتەی مۆدێرنیتەن، هەل و ئیمکان و دەرفەتێکی مۆدێرنن بۆ وەدەنگ هاتنی مرۆڤی ئەورۆ و گێڕانەوەی ئەزموونە ژیاوەکانی تاک و کۆمەڵ. ئینجا ئەوەی کە کەشوهەوا و کەسایەتی و ڕووداوەکان سەر بە شار بن یان دێ، گرینگ نییە. گرینگ گێڕانەوەیە بەو فۆرم و زمانە مۆدێرنە، چ سەبارەت بە شار و چ لە حاند لادێ.

◆ مەنسوور مێهرجوویان: ئێمە وەکوو کورد ڕەنگە لە شار بژین بەڵام بێ گومان هێشتا ناتوانین خۆ لە هۆز و عەشیرە بدزینەوە. شارستانییەت ڕەنگە هێندێک ئێلێمانی تایبەت بە خۆی هەبێ کە ئێمە بەشی زۆریمان ئەزموون نەکردووە. ئەمن پێموایە ڕۆمانی کوردی لە باری تکنیکەوە ڕەنگە قۆناغێکی بڕیبێت بەڵام لە باری نێوەرۆکەوە هێشتا ڕۆمانی گوندییە. پرسیارەکە چونکە چەند کەرت بوو ناچارم پچڕ پچڕ وڵام بدەمەوە. وەک ڕەگەز بە دڵنیاییەوە بێ گومان لە هەموو چیرۆک و ڕۆمانەکانماندا ڕەگەزی نێر دەنگی زاڵە، ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر هێندێک سوونەتی ئائینی و عەشیرەتی لە کوردستاندا. بەپێی ئەوەی کە ئێمە ئەندرۆژێن وەک پێکهاتەیەکی ژێنی لەبەر چاو ناگرین، پێموایە ئەدەبیاتی ئێمە سەبارەت بەو بەشە زۆر لاوازە. وا باشە ڕوونکردنەوەیەکمان سەبارەت بە ئەندرۆژێن هەبێ. بۆ هەوەڵ جار لە ساڵی ١٩٣٦ گرینگی پێدرا و دۆزرایەوە. ئەندرۆژێن تێکەڵاوێکە لە تایبەتمەندییەکانی نێرینە و مێینە لە مرۆڤێکدا. هەڵبەت جیاوازی هەیە دەگەڵ هێرمافرۆدیت دوو ڕەگەزەوە. ئەندرۆژێن هەم کرداریە و هەم جەستەیی. بەڵام هێرمافرۆدیت هەر جەستەییە و دوو ڕەگەزە هەر کرداری. لە تەراجێنسیدا تەنیا یەک کردار دەبیندرێ و ئەویش کرداری پێچەوانەی ئەندامی ڕەگەزەکانی لە دایک بوونە، بەڵام ئەندرۆژێن تێکەڵاوێک لە کرداری هەر دووک ڕەگەزەکەیە. فرۆید دەڵێ ؛ مرۆڤ (پیاو)ی تەواو یان (ژن)ی تەواو نییە بەڵکوو هەر پیاوێک ژنێکی و هەر ژنێک پیاوێکی دە دەڕوون دایە. هەر بۆیەش ئاکاری نێرینە و مێینە دەیەک مرۆڤدا دەبیندرێ. یونگیش دەڵێ؛ ژنێک کە پێداگرە لە سەر مێینەبوون ڕووحی نێرینەیە و بە پێچەوانەش. من پێم باشە ئەو باسە بسپێرین بە پسپۆڕانی ئەم بوارە بەڵام بەگشتی ئەم بابەتانە جێگایان لە ئەدەبیی کوردیدا بۆشە. ژان ژاک ڕۆسۆ لە کتێبێکدا وەک (اعترافات) بەڕاشکاوی دەڵێ دەستدرێژی سێکسیم کراوەتە سەر و جەماوەرەکە زۆر ئاسایی وەک کێشەیەکی دەروونی کە پێویستە بگوترێ هەڵسوکەوتی دەگەڵدا دەکەن بەڵام ئێمە تەنانەت لە ڕۆماندا بە دەستی ئاوالاوە ناتوانین باسێکی ئیرۆتیکی بکەین نەخوازە بە باسی ئەندرۆژێنی و نێر نەمۆکی و ئەدەبیاتی پۆپن و سێکسوالیتە کە پێموایە ئێمە باوەڕمان بە (مرگ مؤلف) نییە پێمان وایە کەسێک کە چیرۆک یان ڕۆمان دەنووسێ ژیانی



هەواڵنامەی ڕێبین

خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە، هەروەک ڕەخنەی کلاسیک کە سەبارەت بە دەقەکان دەکرا .

۲. لە سەر بازنمایی و داڕشتنی ڕۆمانی کوردی وەک پێکهاتەیەک تکایە لێدوانێکتان هەبێ. هەڵبەت باس لە بازنمایی کە دەکەین پتر مەبەستمان لە خۆ تێهەڵقووتاندنی ڕاستەوخۆ و زمنی ڕاوییە لە سەر ڕووداوەکان، دە چیرۆک و ڕۆمانی کوردیدا ئەو هەڵوێستە چۆن دەبینن و چ قسەیەکتان لە سەری هەیە؟

◆ چنوور سەعیدی: ئەدەب بەگشتی و، ئەدەبی گێڕانەوە بەتایبەت، دووبارەنواندنەوە و داڕشتنەوەی ژیان و جیهانی مرۆڤە، بە پەرجۆی کەلام و بە یاریدەی خەیاڵ و داهێنەرایەتی ئەدەبی، بە جۆرێک کە ئەوەندەی گێڕانەوەی ئەزموونەکانی بەسەرکراوی مرۆڤە، ئەوەندەش داڕشتن و داهێنانی دونیایەکی سەربەخۆ و بێ وێنەیە، ئەگەرچی یەک یەکی یەکەکانی ناو جیهانی دەق، نموونە و وێنەیان لە جیهانی واقیعیشدا دەستنیشان بکرێت. یەک لە دیاردە سەرکییەکانی گێڕانەوەش، گۆشەنیگای کەسی گێڕانەوەیە. ئەگەر قۆناغی کلاسیکی ئەدەب، قۆناغی باڵادەست بوون و سەروەری نووسەر بوو بە گێڕەڕوەی هەموو شتزانی گشتی و گۆشەنیگای سێهەم کەس، سەروبەندی بەرەوی نوێخوازی و مۆدێرنیزم، سەردەمی پاشایەتی تاکە و گۆشەنیگای یەکەم کەس و کەڵکەڵە دەروونی و ئەزموونەکانی تاک. کەچی قۆناغی دوامۆدێرن، کە لە ڕاستیدا بە خۆداهاتنەوەیەکی ڕەخنەخوازانەی مرۆڤی مۆدێرن بوو بە خۆ و ئەزموون و دەستکەوتەکانی سەردەمی مۆدێرنیزاسیۆنی، نووسەر/ گێڕەڕەوە، ڕاستەوخۆ و بێ فرت و فێڵ و فریودان و خۆشاردنەوە لە پشت تەمهیدە ئەدەبییەکان، بە زمانێکی ڕەخنەگرانە و ئایرۆنیکەوە، لەگەڵمان دەدوێت و هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی تانوپۆ تێکچنراوەکانی قۆناغی پێشوو، بە ئاوڕدانەوە لە دیاردەکانی جیهانی کلاسیک دەدات.

جا ئەو هەوڵە تاک و تەرا، نەک سیستێماتیک، لە ئەدەبیی کوردی سەردەمیشدا دەبینرێت، جار خاو و جار سەرکەوتوو.

◆ مەنسوور مێهرجوویان: پێشینەی سوونەتی بازنەمایی لە ئەدەبیاتی داستانیدا دەگەڕێتەوە سەر بلاوبوونەوەی (هونەری ڕۆمان)ی هێنری جێمز لە ساڵی ۱۸۸۱دا بەڵام ڕەنگە ئەدەبیاتی داستانی ئێمە لەوە ساواتر بێت. بەگشتی لایەنەکانی بازنەمایی بە چەند شێوەیە: ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ سەیالی زەین و خۆدگویی لە شێوەی سوونەتییەکەیدا لە ئورووپا لە نێوان ساڵانی ۱۹۲۰ تا ۱۹۳۰ بوو کە پێموایە لایەنەکانی ڕۆمانی فۆرستر ۱۹۲۷ بەرچاوترینیانە. شێوەی دووهەم کە هاوکات بوو دەگەڵ فۆرماڵیسمی ڕووسی و سوونەتی ڕۆمانناسی لە ئورووپا و ساختارگەرایی لە فەرانسە. بە شێوەیەکی گشتی بمهەوێ باسی بکەم بازنەمایی بەستراوەتەوە بە شێوە ڕوانین و بازنەمایی نەنووسراوە. ئێمە وەک کورد بەداخەوە هێشتا باوەڕمان بەوە نییە کەسایەتی خۆی دەتوانێ لە ڕۆمان و چیرۆکدا بدوێ . ئێمە هێشتا فێری دیالۆگ نەبووین و پێمان وایە وەک سیستمێکی کەیخودایی، تاکێک کە ئەویش ڕاوی بێ، دەتوانێ دەست بە سەر هەموو بەشەکانی ڕۆماندا بگرێ و هەر ئەوەش دەبێتە هۆی دیکتاتۆڕی ڕاوی لە ڕۆمانی کوردیدا .

۳. باسی ڕۆمانی پۆستمۆدێڕن ماوەیەکی زۆرە دە ئارا دایە. پێتان وایە سۆبژێکتیویتەی کورد تا ئێستا بە چ لەونێک خۆی دە چوارچێوەی پۆستمۆدێڕنیسم دە ڕۆماندا دۆزیوەتەوە؟ وێڕای ئەوە ئەگەر دەکرێ بەشێک لە قسەکانتان تەرخان بکەن بە پۆستمۆدێڕنیسم وەک ئاریشە (مەxل)نەک وەک دۆخ یا وەزعییەتێک کە کۆمەڵگای کوردی هێشتا ئەزموونی نەکردووە. بە واتایەکی تر بفەرموون ئایا ئیلزامەن بۆ کارکردن لە سەر ئەدەبی پۆستمۆدێڕن، پێویستە کۆمەڵگای پۆستمۆدێڕنیش هەبێ؟



◆ چـوور سـەعیدی: جیهانـی سـوونەتی و مۆدێـرن و پۆسـتمۆدێرن و پەسـا پۆسـتمۆدێرن و...، بەگشـتی زنجیـرە ئەزموونێکـی بەشـەرین، کـە هەمـوو ڕیشـەیان دەپـاڵ یـەک دایـە و دانەبـڕاوەن. واتـە کـە دەڵێیـن قۆناغـی مۆدێـرن، خەریکیـن باسـی ئەزموونێـک دەکەیـن لـە دەوام و بەرامبـەر بـە قۆناغـی سـوونەتی و بـە خۆداهاتنـەوەی فکـری مەعریفـی جوانیناسـانەی بەشـەر، بـە تەجرەبەکانـی خـۆی، بەپێـی ئـەو ئاڵوگـۆڕە ئابـووری و تکنیکـی و مەعریفییـەی بـە سـەریدا هاتـووە. پۆسـتمۆدێرنیزمیش چ نییـە، جگـە لـە دەوامـی مۆدێرنیـزم، بـە ڕوانگـە و ئاخێزگەیەکـی ڕەخنەگرانـەوە سـەبارەت بـە دەسـتکەوتەکانی بـەر لـە قۆناغـی ئێسـتا. هیچییـان لێـک جـوودا و بوونەوەرێکـی سـەربەخۆ نیـن. کەڵەکـە بوونـەوەی ئەزموونەکانـن بەپێـی تێپەڕینـی کات و ئاڵوگـۆڕە فکـری و مەعریفییەکانـی بەشـەری. بـەڵام جووداوازییەکـی بەرچـاو و مێژوویـی هەیـە لـە نێـوان بەسـەرکردنەوەی ئەزموونـەکان بەدرێژایـی کات و عەسـر و عەسـر و زەمـان، لـە نێـوان مرۆڤـی ڕۆژاوایـی و ڕۆژهەڵاتـی، بەتایبـەت مرۆڤـی کـورددا.

◆ مەنسـوور مێهرجوویـان: بـە ڕای جیهانـی ئەدەبیـات بەگشـتی و ڕۆمـان و چیـرۆک بەتایبەتـی جیهانێکـی بەربـڵاوە و پێویسـتی بـە ئەزموون هەیە ، سـۆبژێکتیویتیسم لـە زەمانـی دێکارتـەوە هاتـە بـەر باسـی سـێ لایەنـی مەعریفەتناسـی ، هەسـتیناسـی و دیـن و ئەخـلاق باسـی لـە سـەر کـراوە . لـە بەشـی مەعریفەتناسـیدا تەنیـا فامکردنـی مرۆڤـە کـە گرینگـی پـێدەدرێ .

هەستیناسی ؛ مـرۆڤ ناوەنـدە و جیهـان دەبازنـەی دەوری مـرۆڤ دایـە .

دیـن ؛ شـێوە ڕوانینـی مـرۆڤ و ڕادەی پێداویسـتی ئـەو بـە دیـن دەتوانـێ چەنـد و چوونـی دیـن دیـاری بـکات . سـوبژێکتیویتە دەگـەڵ مۆدێرنیتـە لـە چەنـد بەسـتێن هاوشـانن، بـۆ وێنـە هـەر دووک گۆڕینـی جێگـە و پێگـەی مـرۆڤ سـەبارەت بـە جیهانـی هەسـتی و خـودا بـە پێـش فـەرز دەزانـن .

عەقڵانییەتـی مـرۆڤ دادەڕێژێتـەوە . دێـکارت، کانـت، نیچـە و سـارتر لێدوانێکـی زانسـتی باشـیان سـەبارەت بـە مـرۆڤ وەک خاڵـی سـەرەکییە کـە جیهـان و خـودا لـە دەوری ئـەم مێحـوەرەن. لـە سـەدەکانی نێوڕاسـتدا مێحوەرییـەت بـە خـودا بـوو کـە عەقـڵ و مـرۆڤ توانـای فـام کردنیـان نەبـوو. هەبوونـی کتێـب یـان سـوونەتێک پێویسـت بـوو. لـە ڕوانگـەی سوبژێکتیویتیسـم هەمـوو ڕووداوەکان لـە سـەر عەقڵانییەتـی مـرۆڤ دادەڕێژێتـەوە . دێـکارت، کانـت، نیچـە و سـارتر لێدوانێکـی زانسـتی باشـیان سـەبارەت بـە مێحوەرییەتـی مـرۆڤ هەیـە . بـە ڕای مـن مرۆڤـی کـورد لـەم بەشـەدا زۆر سـەرکەوتوو نییـە . ئەگـە سـۆبژێکتیویتە وەک زێهنییـەت یانـی خاڵـی بەرانبـەری ئابجێکتیویتـە باسـی بکەیـن بـێ گوومـان ڕۆمانـی پۆسـتمۆدێرن و مۆدێـرن پێداویسـتییەکی لـە ڕادەبـەدەری بـە سـازدانی فەزایەکـی فانتێـزی و خەیاڵـی هەیـە ئـەوەش لـە هـەر سـووچێکی گـۆی زەوی دەتوانیـن ببینیـن و هیـچ پێداویسـتی بـە تێپەڕ کردنـی قۆناغەکانـی وەک مۆدێرنیتـە نییـە چونکـوو ئەگـە وابێـت بـە دڵنیاییـەوە ڕۆمـان بەرهەمی دۆخـی مۆدێرنیتەیە. ئێمـەی کـورد هێشـتا مۆدێرنیتەشـمان ئەزمـوون نەکـردووە کەوابـێ نابێـت ڕۆمـان بنووسـین و بخوێنینـەوە .

٤. ئەگەر دە ڕەوەندی ئەدەبیات دا بە گشتی و دە ڕەوتـی ڕۆمـان دا بەتایبەتـی قایـل بـە دوو ڕەوتـی تەکامـول ودابڕان (گسسـت)بین، ئێـوە ڕۆمانـی کـوردی لـە کام ڕەوت دا دەبینـنەوە؟پێتـان وایـە بـەو شـێوەیە کـە ڕۆمانـی کـوردی خەریکـە ئەزموونـی دەکا خـۆی لـە چ شـێودیالکتیکێ داوە لـە گـەڵ کۆمەڵـگا؟

◆ چـوور سـەعیدی: وەک لـە وڵامەکانـی بەرلەمـەش هاتـە بەربـاس، دابـڕان خسـڵەتی سـەرەکی کۆمەڵـگای پاشـکەوتووی لـە گوێـن کوردەوارییـە . ئەزموونـی بـەرەکان، بـەرە دوای بـەرە کەڵەکـە نابنـە سـەر یـەک و یەکتـر قەبـە ناکـەن، بەڵکـوو پتـر یەکتـر ڕەت دەکەنـەوە و دەسـڕنەوە . لـە بـەر ئـەوەی ئەگـەری گەشـەی هاوهەنـگاوی قۆناغـە جووداکانـی فکـری، پێشـەیی، زانسـتی، تکنیکـی، کۆمەڵناسـی، ئابـووری، ڕامیـاری، جوانیناسـی و...، لـە نـاو ئـەو گەلانـەدا بەدەگمـەن بـواری ڕەخسـانی هەبـووە . هـەر بۆیـەش بـەرە دوای بـەرە قەڵشـتی نێـوان چینـی ڕووناکبیـر و نووسـەر، لەگـەڵ جەمـاوەر قوولْتـر بۆتـەوە . وەختایـەک هەبـوو ئـەدەب، کـە پتـر لـە شـێعردا خـۆی نیشـان دەدا، تریبوونێـک بـوو بـۆ زانسـت و مەعریفـە و فەلسـەفە و ڕاهێنـان و کۆمەڵناسـی و دەروونناسـی و ئایینـی و... دیکـەی بوارەکانـی ئینسـانی کـە دەروویەکـی دیکەیـان نەبـوو بـۆ دەربـاز بـوون. بۆیـەش ئەژمـاری خوێنەرانـی ئـەو دەقانـە لـە ئەژمـار نەهاتـوو بـوون. بـەڵام لەگـەڵ تێپەڕبوونـی قۆناغـی سـوونەتی و داسـەپانی نوێخـوازی و مۆدێرنیتـە، پڕۆفێشنالیزم (پسـۆڕایەتی) هەمـوو ئـەو بوارانـەی داگـرت

هەواڵنامەی کتێب


و ئەدەبیش مالّی خۆی لەوانی دی کرد و پتر پڕژایە سەر ئەدەبیات. هەر بەو ڕادەیەش خوێنەران و پێوەندی گرانی دەقی ئەدەبی بەرتەسک بۆوە. دیاردەی ڕۆمانیش کە نەوە و نەتیجەی ڕۆمانسی قۆناغی کۆنە، دەستکەوتی ئالّوگۆڕە فکرییەکانی مۆدێرنیتە و ئەنجامی گێڕانەوەی مرۆڤی پرابلێماتیکی سەردەمە. ئەو دیاردەیە نەک بە شێوەی ڕەوتێکی سروشتی و سیستماتیک، بەڵکوو بە شێوەی پەراکەندە و لە سەر دەستی هەندێک نووسەر و ڕووناکبیری هەڵکەوتەی سەردەم، هاوترپە لە تەک ڕەوتی گشتی مرۆڤی سەردەم، لە پانتای ئەدەبی کوردیشدا، سالّانێکە خەریکە بەرهەم دێت. لە ئاکامدا دەتوانین بڵێین ڕەوتی مەعریفی و ڕووناکبیری ئەدەبی وڵات، حوکم نییە خالّ بە خالّ هاوتەریب بیت لەگەڵ ڕەوتی گشتی گەشەی کۆمەڵگا. بەڵام ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە بە هەر زمان و مێدیایەک، ئەو ئەدەبە نەمر و هەرمانە کە ئەزموونەکانی مرۆڤی کورد، جا چ سوێر و چ تاڵ و چ شیرن، جیهانی کاتەوە. وەک ئەو کارەی کەسانێکی وەک مارکێز، لەگەڵ ئەدەبی وڵاتی خۆیان کردیان. واتا ڕوانین بەرەو دونیای بەشەری، لە سۆنگەی ئەزموون و جیهانبینی مرۆڤی ئامریکای لاتین. لە سەر ئەو باوەڕەین کە ئەدەب و بەتایبەت ڕۆمانی کوردیش ئەو هەنگاوانەی، هەر چەندە سەرەتایی، بەرەو ئاسۆیەکی هاوشێوە هەڵگرتووە.

◆ مەنسوور مێهرجوویان: دە ڕاستیدا ئەمن پێموایە کاتێک باس لە دابڕان دەکەین دەبێت پێشینەیەکی نووسیاری پتەومان هەبێت کە نووسەری کورد وەبەر چاوی نەگرتووە و یەکسەر پازدی داوەتە سەر ئەدەبیاتی مۆدێڕن و پۆستمۆدێڕن. بەڵام وانییە ئێمە ئەدەبیاتێکی نووسیاری ساوامان هەبێت گەنجی سەر بە مۆری ئێمە ئەدەبیاتی زارەکییە. ئێمە لە دۆخی گوزاردایین نەوەک دابڕان. ئەم بەرەیە دەتوانن ببنە پردی پێوەندی نێوان ئەدەبیاتی شەفاهی و نووسراوە کە وابوو من پێموایە دەورەی تەکامول تێپەڕ دەکەین نە گوسستە و دابڕان .

لە سادەترین تاریفی دیالکتیکدا دەتوانین بڵێین کاتێک دوو ڕوانگەی فەلسەفی دژ بە یەک بن، ڕووداوێک کە بنەماکەی هزر و ئەندێشەیە ئەو دوو شێوە ڕوانینە لە سەر بابەتێک کۆک دەکات یا باشترە بڵێم کاتێک سووژەی ناسێنەر دەگەڵ ئۆبژەی ڕاستەقینە بەرەوڕوو دەبێتەوە، دیالکتیک سەر هەڵدەدا .

گەر بمانهەوێ نووسەر و کۆمەڵگای کوردی بە یەکێک لە دیالکتیکەکانی سوقڕات، ئەفلاتوون یان هێگێلەوە ببەستینەوە پێموایە تووشی خەسار دەبین. کۆمەڵگای ئێمە لە نووسەرەکەی دابڕاوە یان ڕەنگە پێچەوانە بێت. ئێمە پێشتر پێداویستیمان بە هێرمۆنتیک هەیە نەک دیالکتیک چونکوو کاتێک نووسەر نەتوانێ دەگەڵ خوێنەر پێوەندی ساز بکات بە ڕای من بە هیچ شێوەیەک دیالکتیک ڕوو نادا جا چ وەک سووژە لە کۆمەڵگا بڕوانێ چ وەک ئۆبژە.

حەسەن محەممەدی (پیرمام)



خزمایەتی زمان و پێناسە



◆◆◆

زمان کەرەسەیەکە بۆ دەربڕینی ئازادانەی بیر و کاردانەوەی شیاو لە بەرانبەر هەلومەرجە نوێیەکان‌دا و بەو پێیەش هیچ گوتارێک پێوەندی بە هاندەرە دەرەکییەکان یان بارودۆخی کۆئەندامەوە نییە. بەڵکوو تەنیا بوونی نادەورانی خۆی، هەلی ناسین و ناساندنی بۆ دەڕەخسێنێت، چونکە وەک دەڵێن زمان تەنیا ئەزموون نییە.

کورتە

حەسەن محەممەدی (پیرمام)

لە باسی زمان‌دا دەمێکە بیرمەندانی زمان‌ناسیی بەو ئاکامە گەیشتوون کە مرۆڤ بریتییە لە زمان، کەواتە لە زمان‌دا دەژی، تەنانەت دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەینێشی هەر بەندە بە زمان. هەروەکی لە ڕاستی‌دا زمانیش نیشاندەر و وەدیهێنەری شوناس و تاکییەتی مرۆڤە، بەڵام ئەوەی لەم کورتە نووسراوەدا شایانی باسە ئەوەیە کە ئاخۆ ڕادەی پێوەندی چەمکی زمان لەگەڵ پێناسەدا چ کاریگەرییەکیان لەمەڕ سەرخستنی ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ بەگشتی و تاکی سەربزێوی نەتەوەخواز بەتایبەت هەبووە و هەیە؟ ئایا زمان خاڵی سەرەکی پێناسەی مرۆڤە بۆ ناسیاری؟ ئەگەر وا بێت، لە دنیای مۆدێرنی ئەمڕۆدا ڕەوتی بێهەوساری بە جیهانی‌بوون و کۆمەڵگای زمانی چەندە تەنگیان بە زمانی ڕەسەنی دایکی نەتەوەکانی بێدەوڵەت هەڵچنیوە لە پێناو تواندنەوەی پێناسەیان‌دا؟! ڕەنگە ئەم نووسراوە کەمەجالە بە گوێرەی پێویست و بە چڕی‌وپڕی لێکدانەوەی بۆ ئەم باسە پێ نەکرابێ و ولامی پرسیارەکانیشی بەوردی و لە ئاستی چاوەڕوانی خوێنەری وشیاردا نەپێکابێت، بەڵام لە کرانەوەی دەلاقەیەک بۆ چوونە نێو باسەکە ئەرکی خۆی ڕاپەراندووە و دریغی پێوە دیار نییە.

◆ شرۆڤە

زمان کەرەسەیەکە بۆ دەربڕینی ئازادانەی بیر و کاردانەوەی شیاو لە بەرانبەر هەلومەرجە نوێیەکان‌دا و بەو پێیەش هیچ گوتارێک پێوەندی بە هاندەرە دەرەکییەکان یان بارودۆخی کۆئەندامەوە نییە. بەڵکوو تەنیا بوونی نادەورانی خۆی، هەلی ناسین و ناساندنی بۆ دەڕەخسێنێت، چونکە وەک دەڵێن زمان تەنیا ئەزموون نییە.

هەر چەند پێش ئەوەی کەرەسە یان ئامرازی پێوەندی بێت بۆ ناساندنی پێناسە، خۆی پێناسەیە، کردەی سیاسییە، زەینە، واتایە، چەمکە، زانیارییە، تەنانەت فەرهەنگە، فەرهەنگێک کە تاک، هەروەها کۆمەڵیشی پێوە بەندە. چونکە لە بەرانبەر خەڵکانی تردا خۆی وەبیر دێتەوە و دەوروبەری خۆی دەناسێتەوە کە ئەوە خاڵی سەرەکی پێناسەکانە بۆ مانەوەیان. هەروەها لە باری زمان‌ناسییەوە پێکهاتەیەکە لە نیشانەکان کە خۆی لە خۆی‌دا بایەخی کۆمەڵایەتییان هەیە؛ هەر بۆیەش پێناسەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییە. دیارە لە توێژینەوەی زمانیش‌دا وێکخستنی دوو توێژی فەرهەنگ، واتە توێژی کۆمەڵایەتی (هاوکاتی) و توێژی مێژوویی (لە کاتی‌دا) بە زۆر پێکهاتەی کۆمەڵایەتیِ فەرهەنگی پێ دەگووترێ. لەگەڵ ئەوەشدا توێژێکی بنەڕەتی نێوەندگیر وەک توێژی سێهەم لە فەرهەنگدا خۆی نواندووە بە نێوی خەیاڵ کە کۆمەڵگا وێژمانییەکان سەرەڕای ڕاستەقینە و دەستکار و سازکراوییان، بە خەونە هاوبەشە وەدیهاتوو و نەهاتووەکانیانەوە دیاری دەکرێن. لە بەر ئەوەی خەیاڵەکانیش بە زمانەوە وەدی هاتوون، ئەو زمانەی بەدرێژایی ژیانی کۆمەڵگا ژیاوەتەوە و شکڵی گرتووە و بووە بە نمادی فەرهەنگی هەر کۆمەڵگایەک. هەر چەندە بە تێپەڕینی ڕۆژگار نیشانەکان نە تەنیا شێوازی سروشتی بە خۆیانەوە دەگرن بەڵکوو دەبنە باو؛ هەروەها بە دووربوونەوەیان لە پێکهاتەی مێژوویی و کۆمەڵایەتییان دەتوانن لە کۆی واتای خۆیان کلۆر بن و وەکوو ڕواڵەتی کورتکراوەی نمادین بەکار بێن. سەرقاڵبوون بە زمان، بەتایبەت زمانی دایکی یەکێ لەو چەمکە گرینگانەیە کە تاک وەکوو تاکییەت دەناسێنێ و هەروەها دەیکاتە سووژەیەکی خۆبنیاتنەر بۆ ناسینی کەسانی تر. کەواتە زمانی دایکی تەنیا زمانێکە مرۆڤ شوناسی کۆمەڵایەتی و دەروونناسانەی خۆی پێ وەدەست دێنێ و پەیوەستی ڕەگ و ڕیشەی بنەماڵە و کلتووری خۆی دەبێتەوە؛ چونکە ئەرکی سەرەکی زمانی دایکی لە لایەک وەبیرهێنانەوەی پێکهێنانی پێوەندییە و لە لایەکی تریشەوە وەدیهێنانی پێناسە و دیاریکردنی و وەفاداری تاکەکانە. لە سەرەتاکانی ژیانەوە، تاک زمانی دایکی فێر دەبێ و پێناسەی خۆی پێ ڕێک دەخا و بەوپەڕی هەست و سۆز و ئەندێشە و

بایەخـەوە دەبێـت بـە هەڵگـری کلتـوور و ڕاگوێـزەری بـۆ نەوەکانـی داهاتـووی کـە ئـەم شـێوەیە تەنیـا لـە زمانـی دایکـی دەوەشـێتەوە.

ئەگەرچـی پێناسـە بریتییـە لـە هاوشـێوەیی و وەکخۆیـی یـان یەکانگیریـی سرشـت و گەوهـەری سرووشـتی کـە تاکیش بـەو هەسـتەوە خـۆی لـە کۆمەڵگادا دەبینێتـەوە و ڕووحـی پـێ وەبـەر دێنێتـەوە.

زمـان وێسـتی دەروونـی مـرۆڤ و پێشویسـتی ژیانـی کۆمەڵایەتییـە بـۆ جیـاوازی لـە یەکتـر، لـە لایەکـی دیکـەوە پەیوەندی نێـوان تاکـەکان و واتادارکردنـی ژیانیانـە. چونکە کۆمەڵـگا مرۆییـەکان کاتـێ وەک کۆمەڵگایەکـی سـەربەخۆ دەناسـرێن کـە لەگـەڵ کۆمەڵگاکانـی تـر جیاوازیـان هەبێـت. دیـارە بـەو داکۆکییـەی کـە ئەگـەر پێمـان وایـە یەکێـک لـە چەمکـە گرینگەکانـی ئـەم جیاوازییـە زمانـە، نـرخ و بایەخـی زمانـی دایکـی زۆرتـر دەردەکـەوێ. چونکـە مرۆڤـی ئاقـڵ بـە یارمەتـی زمانـی تایبـەت بـە خـۆی، بـە سـەر جیهـاندا زاڵ بـووە.

ئـەوەش ئـەم ڕاسـتییە دەردەخـا کـە لـە ڕۆژگاری ئەمـڕۆدا ئـەم بـڕە جیاوازییـە بەسـە بـۆ هـاوکاری و مۆڕاڵـی ئایدۆلۆژییانـە و ئایینـی، بـۆ ئـەوەی تافمێـک یـان نەتەوەیـەک، نەتەوەیەکـی تـر داپڵۆسـێ و لـە نـاوی ببـا. لەگـەڵ ئـەوەشدا بـۆ ناسـاندنی پێناسـە سـێ خاڵـی گرینگـی وەک: چییەتـی یـان مایـەی پێوەنـدی، جـۆری زانیـاری سـەبارەت بـە خـۆ و تاقـم و کۆمەڵـگا و کلتـوور و مێـژووش کـە تـاک دە مێشکـی خـۆی دەخـا، هەروەهـا پێناسـە وەک توخمێکـی بـزۆز و گـەڕۆک کـە لەوپـەڕی خـۆیدا هەسـت بـە بایـەخ پێـک دێنـێ، شـایانی ئاماژەن. کەواتـە پێناسـە ولامێکـە بـە کێیەتـی و چییەتـی مرۆڤـەوە؛ ئـەوەی کـە ئـەم کەسـە کێیـە، چییـە. هەڵبەتـە پێوەندیگەلێکیشـی بـە زمـان و کۆمەڵـگا و کلتـوور و جوغرافیـا و هەروەهـا مێـژوو و شارستانییەتیشـەوە هەیـە کـە هەموویـان دەتوانـن دیارخـەری پێناسـە بـن. وادیـارە لـەو دواییانـەشدا پێناسـەی بـەرەو زاڵـی مۆدێـرن یـان بـە واتایەکـی تـر پێناسـەی جیهانییشـی پێـوە لـکاوە کـە دەکـرێ بگوتـرێ مرۆڤـی ئەمـڕۆ لـە قەیرانـی پێناسـە دایـە و ئیتـر پێناسـە ناتوانـێ جێـگا متمانـەی کـۆی بایەخـە نەگـۆڕەکان بێـت.

لـە ڕۆژگاری مۆدێرنـی ئەمـڕۆدا پێناسـە ڕێگایەکـە بـۆ ئەوەی تـاک خـۆی پـێ بناسـێنێ. بـەو واتایـەی کـە بەشـێکە لـەو پێکهاتـە دیاریکـراوەی زانیـاری؛ هـەر بۆیـەش دەروەسـتە بـە ناسـاندنی دیاردەناسـانەی خـۆی. بـەو پێیـە پێناسـەی مۆدێـرن چەنـد تایبەتمەنـدی لەخـۆ دەگـرێ، وەک ئـەوەی کـە: پێناسـەی مۆدێـرن کراوەیـە، جیـا کراوەیـە، خـاوەن ئەندێشـە و وەدیهێنـەری تاکیەتییـە. کەواتـە وا وێدەچـێ مرۆڤـی مۆدێرنـی ئەمڕۆیـی مەحکوومـی جموجۆڵـی بەردەوامـی خۆبینینـەوە بێـت. بۆیـە هەسـتی خۆنامۆیـی و قەیرانـی پێناسـەی تـێدا بەرچـاوە، بەتایبـەت لـە نێـو کۆمەڵـی لاوانـدا بەرچاوتـرە و پێویسـتی بـە خۆنواندنـەوەی دووبـارە هەیـە لـەو نەهـادە کۆمەڵایەتییانـەی کـە چیتـر جـێ دانـەی باوەڕپێکـراوی ئـەوان نیـن. ئەوەتـا بـە جیهانیبـوون مزگێنـی هاوشیوەسـازی گەلانـی دا، بـەڵام ئەوەنـدەی شـوناس و کلتـووری نەتـەوە بێدەوڵەتەکانـی خسـتە مەترسـی لێـک دابـڕان، ئەوەنـدە نەیتوانـی لـە هێـز و هێژمۆنـی دەوڵـەت- نەتـەوە ناوەندخـوازەکان کـەم بکاتـەوە.

ڕەنگـە لێـرەدا گێڕانـەوەی چیرۆکـی ئەدمـۆد لافۆرسـت نووسـەری بەناوبانگی هاییتـی لـە حاڵێکدا کـە وشـەدانی فەڕانسـەوی لاڕووسـی کردبـووە ئەسـتۆی، لـە سـەر بـەرزە پردێکـەوە خـۆی هەڵداشـت بـۆ ئـەوەی پێوەنـدی ڕووخێنـەری زمانـی فەڕانسـەوی لەگـەڵ زمانـی خـۆیدا بەپـەند بـەرێ، لـە جێـی خـۆیدا بێـت.

چونکـە دیکارتیـش وەک فەیلەسـووفێکی خولقێنـەر و خۆشباوەڕی جیهانـی مۆدێـرن بـە زەقکردنـەوەی ڕستـەی» مـن بیـر دەکەمـەوە کەواتـە مـن هـەم» بـە جارێـک دیوارێکی ئەسـتووری لـە نێـوان زەیـن و بـووندا کێشـا و ڕێـگای خـۆش کـرد بـۆ داسـەپاندنی دەسـەڵاتی مرۆڤـی مۆدێـرن و سۆبژێکتیویسـمی نەبـڕاوە. هەروەهـا کانـت لـە سـەر ئـەو باوەڕەیـە، ئەگەرچـی تێکتەنـراوی نێـوان سـووژە و ئۆبـژەی لا پەسـندە و پێـی وایـە دەبـێ تێڕوانیـن و ئەقڵانییەتـی بانسرووشـتی دنیـای مۆدێـرن سـنووردار بکرێـت، بـەڵام ئەویـش وەک دیـکارت هـەروا پێبەنـدی سۆبژێکتیویسـم و دەسـەڵاتی زاڵ و بەتوانـای ئەقڵـی مۆدێرنـە. هـەر چەنـد بـە باوەڕی فرەبیـری و جیـاوازی نێـوان فنۆمەن (دیـاردە) و نۆمەن (زەینـی ڕەهـا) دانـی نـاوە بـە دنیـای مۆدێـرندا. هەروەکـی هێگێلیـش بـە گەڵاڵـەی ڕووحـی ڕەهـا لـە پێکهاتـەی تێفکرینـی خـۆیدا سوبژێکتیویسـمی گەیانـدە لووتکـە. لـەو بـارەوە گیدنـز دەڵـێ: لە مێـژووی مرۆڤایەتیدا ئـەوە یەکـەم جـارە تـاک و کۆمـەڵ بـە بنەمـای بـاوەڕ پێککـردن لـە ژینگەیەکـی جیهانـیدا لەگـەڵ یەکتـر لـە هـاوکاری و کارلێکـیدان کـە هـەر دووکیشـیان پیشـەیان لـە ڕابـردوو دایـە، یانـی ڕابـردوو بـە شـێوەی تاکـی وەک بیـرەوەری و بـە شـێوەی کۆمەڵێـش وەک مێـژوو!

دیارە لە بابەتی زمان و پێناسەدا کە باسی کۆمەڵ یان کۆمەڵگا دەکرێ، مەبەست سەرەداوەکانی نەتەوەیە بەو تایبەتمەندییە گرینگانە: بابوباپیرانی هاوبەشی ڕاستەقینە یان ئوستووریی، بوونی ناوی هاوبەش، خاک و وڵاتی هاوبەش، زمانی هاوبەش، کەش و ئاقاری هاوبەشی ژینگەیی، داب و ڕەسمی هاوبەش، بایەخەکانی هاوبەش و هەستی پێوەندی بە تاقمێکی تاک کە ئەوەش خۆی لایەنی جۆراوجۆری پێناسەی وەک: زانیاری لەمەڕ تاقمێکی نەتەوەیی، خۆ بە ئەندامزانین لە تاقمدا، ناسینی مەڵبەندی جوغرافیای نەتەوەیی، ناسینی کلتوور و نەهاد و نماد و نیشانەکانی نەتەوەیی، باوەڕ بە ڕەگەز و خزمایەتی هاوبەش، هەروەتر باوەڕی گشتی سەبارەت بە چەشنی دانان بە نەتەوەی وڵاتانی تر لە خۆ دەگرێ. بەگشتی ئەگەر بڕیار وایە مرۆڤایەتی بە واتای کارکردن بێت لە بەستێنی لێک تێنەگەیشتوویی دوو لایەنە لە نێوان زمانەکانی دژ بە یەک، ئەوە زمان نە تەنیا پێوەندی بە پێناسەی فەرهەنگی تاکەوە هەیە بەڵکوو بەشی لێکدانەبڕاوی بوونی مرۆڤە کە ڕەخنە دەکاتە جۆری تێفکرین و تێڕوانینیان سەبارەت بە جیهان، هەروەها پێوەندی و وەفاداری سیاسی و کلتووری لە بەرانبەر یەکتر ڕادەگرێ..

کاتێک ئەو تایبەتمەندی و بارودۆخ و خووخدانە لە هەڵگەڕان بە داری هیوادا بەر یەک دەکەون و ڕێچکەکان لەمەڕ سەرخستنی هەست و سۆزی هاوڕەگەزی و هاوزمانی هتد...لێک جیا دەبنەوە، گرینگایەتی پێناسەی نەتەوەیی خۆی دەردەخا کە زمان وەک سەرەکیترین ئامراز و کەرەسەی ئەم دیاردەیە کاڵای پڕ بە باڵایەتی. چونکە بە قەدەر هەموو سەرزەوییەکان، زمانی جیاواز هەن کە جیاوازی و دابەشکاری جوغرافیایش یەکێکە لە گشتیترین هۆکاری جۆراوجۆری زمانییە. هەر بۆیەش پێناسەی نەتەوەیی و زمان دوو چەمکی بەرانبەر یەکن تا یەکییەتی نەتەوەیی بەس بێت بۆ ڕەوایی‌دان بە کۆمەڵگایەکی خاوەن زمانی خۆیان یان زمانی کۆمەڵگاکەیان.

کۆبەندی وتە

ڕەوتە شۆڕشگێڕانەرەکانی پرسی پێناسە زۆر نوێ و لە هەمان کاتیشدا زۆر گرینگن. لە سەت ساڵی ڕابردوودا، ئەم باسە یانی پرسی پێناسە خەم و هەزری سەرەکی ڕووناکبیران و زانایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بووە. لە بەر ئەوەی لەم دەورانەدا بە هۆی ڕەوتی بە جیهانی‌بوون لەگەڵ قەیرانی پێناسە بەرەوڕوویین. دیارە ئەم وتەیەش تا ڕادەیەک ڕاستە کە دەڵێن: پێناسە تەنیا ئەم کاتەی کە لە قەیران دایە دەبێتە بابەتێکی بەرباس! هەڵبەتە ئەمە ڕاستەوخۆ بارودۆخی گەلانی سەربەخۆ و دەوڵەت- نەتەوەش دەگرێتەوە، بەڵام نەتەوە بێدەوڵەت و ژێردەستەکان بەردەوام لەژێر هەڕەشە و مەترسی توانەوەی پێناسەیان دان؛ بەتایبەت زمانەکەیان کە بە پێناسەی نەتەوەیی ناخەملێ. بەپێچەوانەوە لە قاموسی گەلانی خاوەن کیانی سەربەخۆدا، چەمکی زمانی دایکی ئاماژەیە بە زمانی نەتەوەیی نەک زمانی تاکەکەسی. کەواتە لە ناو ئەواندا، چەمکی زمانی دایکی پێویست ناکات واتای زمانێک بێت کە دایک بەو زمانە قسە دەکات. بەڵکوو پێناسەی نەتەوەیی ئەوان لە ڕێگای زمانی پێوەرەوە کە پێک هاتووە لە زاراوەگەلی جۆراوجۆر، خۆی دادەسەپێنێ. هەروەها سنووری خۆیی و دژە خۆیی لە ڕێگای ئاخاوتنی جۆری زمانی باڵادەست دیاری دەکرێ و ئاخێوەرانی جیاواز وەک بێگانە وەبەرچاو دێن؛ بەو جۆرەی کە لە یۆنانی کۆن‌دا بە بەربەر دەناسران. خاڵی جێی سەرسوورمان ڕەفتارە شۆڤێنییەکانی ئەم جۆرە سیستمانەیە کە لەوپەڕی بەزەیی‌دا ئیزنی خۆێندن بە زمانی دایکی دەدەن نەک خۆێندنی زمانی دایکی! ئەویش بە شوعاری «ئی خۆمان ئی خۆمانە و ئی خۆشتان هەر ئی خۆمان»...!

سەرچاوەکان

تودوروف، تزوتان.(۱۳۹۳). منطق گفتگویی میخائیل باختین. داریوش کریمی. تهران: نشر مرکز، سوم.

کرامش، کلر.(۱۳۹۰). زبان و فرهنگ. راحله قاسمی. تهران: امیر کبیر، اول.


میری، جواد.(۱۳۹۷). زبان مادری. تهران: نقد فرهنگ، اول.

چامسکی، نوآم.(۱۳۹۲). زبان شناسی دکارتی. احمد طاهریان. تهران: هرمس، چهارم.

فوکویاما، فرانسیس.(۱۳۹۸). هویت. رحمن قهرمانپور. تهران: روزنه، اول.

دوسوسور، فردینان.(۱۳۹۵). دوره زبان شناسی عمومی. کورش صفوی. تهران: هرمس، پنجم.





هەوالنامەی کتێب

بەشێک لە چالاکییە فەرهەنگی، هونەری و ئەدەبییەکانی بنکەی فەرهەنگی هونەری ئەدەبی موکریانی مەهاباد (ئەنجومەن ئەدەبی)

سالّی ۱۳۹۹ ـ ۱۳۹۸ ی هەتاوی

ـ «ئێـوارە غـەزەل» بـە بەشـداری شـاعیرانی غەزەلنووسـی ناوچـەی موکریـان و هەروەهـا بەرێوەچوونـی پەنلێکـی زانسـتی لەژێـر سـەردێڕی؛ ڕەوتـی شـێعری کلاسـیکی کـوردی لـە ڕۆژهەلّاتـی کۆردسـتان ـ ۱۲ی گوڵانـی ۹۸ی هەتـاوی

ـ کۆنفڕانسی عەبدوڵلّا گوڵابی ـ ٥ی خەرمانانی ۱۳۹۸ی هەتاوی

ـ کۆنفڕانس لە سەر ڕۆمانی ٤۷، لە دوو بەشدا

وتاربێژ؛ چالاک کوردە ـ ۸ی جۆزەردانی ۱۳۹۸ی هەتاوی

وتاربێژ؛ شەویار گوڵابیئازەر وە مەنسوور میهرجوویان ـ ۲۹ی جۆزەردانی ۱۳۹۸ی هەتاوی

ـ ئێوارە کۆڕێک بۆ شاعیرە نوێترخواز ؛ حەمە سالّح سووزەنی ـ ۲۸ی سەرماوەزی ۱۳۹۸ی هەتاوی

ـ کۆنفڕانس لەژێر ناوی؛ شێعری نالی، شێوە و ناوەرۆک ـ وتاربێژ؛ عەزیز ئالی ـ ٢٤ی ڕێبەندانی ۱۳۹۸ی هەتاوی

ـ کۆنفڕانس بە تەوەری واسازی لە دواپێکهاتەخوازیدا؛ جەلال پوورحەسەن ـ ۱۱ی بەفرانباری ۱۳۹۸ی هەتاوی


ـ کۆنفڕانـس لەژێـر نـاوی تایبەتمەندییەکانـی شـێعری نوێترخواز(فـرا سـپید) ـ وتاربێـژ؛ ڕەسـوولّ ئامادەپـوور ـ ٥ی بەفرانبـاری ۱۳۹۸ی هەتـاوی

ـ ئێوارەکۆڕیک بۆ ڕێزگرتن لە نووسەری کتێبی « از خاکستر خود برمی‌خیزیم» لە نووسینی ئەسرین مەئرووفی

ـ پـەردەلادان لەسـەر کۆمەلّەچیرۆکـی هەلّەیەکـی مێژوویـی لـە نووسـینی مەنسـوور مێهرجوویـان ـ ۲۹ی ڕەزبـەری ۱۳۹۸ی هەتاوی

ـ پەردەلادان لە سەر ڕۆمانی ٤۷ لە نووسینی مەحموود حوسێنزادە «ئاوارە»ـ ۱۲ی گوڵانی ۱۳۹۸ی هەتاوی







هەواڵنامەی کتێب







بنکەی فەرهەنگی هونەری موکریانی مەهاباد
(ئەنجومەنی ئەدەبی) بە هاوکاری ئیدارەی
فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی بەڕێوە دەبات

ئێوارە غەزەل

بە بەشداری شاعیرانی ناوچە

پێنج‌شەممە ١٢ی گوڵانی ٩٨ی هەتاوی
کاتژمێر ٥ی ئێوارە

شوێن: سالۆنی نامەی تەئاتری ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی

هاتن بۆ هەموانە



